غەفوور مەخمووری

# لەپێناو کوردستان




هەولێر کوردستان 2020

# لەپێناو کوردستان

غەفوور مەخمووری

هەولێر   کوردستان   2020




لەپێناو کوردستان

■

نووسینی: غەفوور مەخمووری

■

گرافیك و دیزاین: لوقمان رەشیدی

■

چاپی یەکەم ٢٠٢٠

■

چاپخانە: تاران

■

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٥٩٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە.

# پێڕست


پێشەکی ٩

غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی دووەمی YNDK دا:

پێویستە بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەردەمییانە بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاوبنێین ١٣

غەفوور مەخمووری لە دووەمساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

YNDK بۆ ئەوە دامەزراوە ببێتە بەشێك لەو رەوتە دیموکراتییەی لە کوردستان هەیە ١٧

غەفوور مەخمووری لە کۆبونەوەی فراوانی حزبەکان بۆ گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی ئاشتی:

بۆ سەرخستنی پرۆژەی ئاشتی پێویستە هەموو لایەک هاوکارو پشتیوانی یەکتربین ٢٣

غەفوور مەخمووری لە سێیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

پێوێستە کێشە و گرفتەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن ٢٧

غەفوور مەخمووری بۆ کۆنگرەی (دیالۆگی کوردی - عەرەبی):

کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە خاوەن خاک و مێژوو و... هاوبەشی مێژوویی خۆیەتی ٣٣

غەفوور مەخمووری لە چوارەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

YNDK بەهەموو توانایەکەوە لە پشت سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی دەبێت ٣٩

غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی دوانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان:

پێویستە کاربکەین بۆ دارشتنی دەستوورێك بۆ باشووری کوردستان ٤٥

غەفوور مەخمووری لە پێنجەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

دەبێ نێوماڵی کورد رێکبخرێتەوەو ئاشتییەکی سەرتاسەری لە کوردستاندا سەقاگیربێت ٥١

غەفوور مەخمووری لە رێورەسمی چلەی شەهید (سەربەست مەحموود)دا:

تیرۆرکردنی شەهید سەربەست زیانێکی گەورە بوو بۆ YNDK و بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ٦١

غەفوور مەخمووری بۆ کۆری چلەی ماتەمینی شەهید سەربەست لە (لەندەن):

شەهید سەربەست هەموو ژیانی خۆی وەقفی خزمەتی نەتەوەکەی کردبوو ٦٧

غەفوور مەخمووری لە ڕێوڕەسمی یەکەم ساڵیادی شەهید (سەربەست مەحموود)دا:
شەهید سەربەست مەحموود سیاسەتکارێکی لێزان و قەڵەمێکی بوێرو هەقگۆ بوو ٧٣
غەفوور مەخمووری لە دەیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:
کورد و عەرەب ناتوانن چیتر لە چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراقدا پێکەوە بژین ٨١
غەفوور مەخمووری لە نۆیەم جڤاتی گشتیی KNK :
داڕشتنی ستراتیژێکی یەکگرتووی نەتەوەیی ئەرکی بەپەلەی ئەمڕۆمانە ٨٧
غەفوور مەخمووری بۆ رەڤەندی کورد لە لەندەن:
رەوەندی کورد پێویستە پارێزگاری لە کلتورو ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکات ٩٣
غەفوور مەخمووری لە یانزەهەم جڤاتی گشتیی KNK :
بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست پێویستییەکی بابەتی و دیرۆکییە بۆ پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە ٩٧
غەفوور مەخمووری لە پەرلەمانی فەرەنسا:
فەرەنسا قەرزاری کوردە بۆدانەوەی ئەو قەرزە پێویستە هاوکاربێت بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان ١٠٣
غەفوور مەخمووری لە پرێس کۆنفرانسێکدا :
کەرکووك تەنیا بەشەڕ دەگەڕێتەوە سەر کوردستان ١٠٩
غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی دووەمی پارتی سەربەستیی کوردستان:
پێویستە هێزو لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کارنامەیەکی هاوبەش بۆ کارو خەباتی داهاتوویان دابڕێژن ١١٧
غەفوور مەخمووری لە ڕێوڕەسمی هەژدەهەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDKدا:
ستراتیژییەتی ئێمە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە ١٢٣
غەفوور مەخمووری بۆ سیانزەهەمین جڤاتی گشتیی KNK:
بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی پێویستە تورکیا بەزووترین کات بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئازاد بکات ١٢٩
غەفوور مەخمووری لە کۆبوونەوەی ئامادەکاری (کۆنگرەی نەتەوەیی کورد)دا:
پێویستە هەموو لایەکمان ململانێی سیاسی بخەینە لاوەو لەجیاتی حزبایەتی کوردایەتی بکەین ١٣٥

غەفوور مەخمووری  لە ئاهەنگی نەورۆزی دۆرتمۆند لە ئەڵمانیا:

پێویستە هەموو کورد هاوکاری و پشتیوانی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن ١٣٩

غەفوور مەخمووری لە سەنتەری (ID ENTITY) بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی:

تەنها سەربەخۆیی کوردستان زامنی دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکانە ١٤٣

غەفوور مەخمووری بۆ چواردەهەم جڤاتی گشتیی KNK:

داوا دەکەین کێشەو گرژی نێوان لایەنە کوردستانییەکان لەسەر بنەمای دیالۆگ چارەسەربکرێن ١٤٧

غەفوور مەخمووری لە سەردانی کۆنسەی سەرۆکایەتی KCK دا:

پیلانێکی مەزن لەسەر گەلی کوردستان هەیە پێویستە حزبەکان یەکدەنگبن ١٥١

غەفوور مەخمووری لە خۆپیشاندانی جەماوەری بۆ پشتیوانی کۆبانێ:

بەرخودانی کۆبانێ بەرخودانێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە ١٥٥

غەفوور مەخمووری لە ڕێوڕەسمی (36)ەمینساڵیادی دامەزراندنی PKK دا:

پێویستە PKK لەپێناو یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی تێبکۆشێت ١٥٩

غەفوور مەخمووری لە پرێس کۆنفرانسێکدا:

هاوکاریکردنی داعش واتە دژایەتیکردنی گەلی کوردستان ١٦٣

غەفوور مەخمووری لە کۆبوونەوەی فراوانی حیزبەکانی کوردستانی مەزن:

ئێمەی گەلی کوردستان پێویستیمان بە یەکێتی نەتەوەیی هەیە ١٦٩

غەفوور مەخمووری لە کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ لە ئامەد:

پێویستە هەموو کورد هاوکاری و پشتیوانی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ بکەن ١٨١

غەفوور مەخمووری لە سەردانی ڕۆژئاوای کوردستان دا:

پاراستن و سەرکەوتنی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان بەندە بە یەکڕیزی و... لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا ١٨٧

غەفوور مەخمووری لە کۆڕبەندی ڕۆشنبیری کەرەک لە ئوردەن:

پێویستە ڕۆشنبیرانی عەرەب خوێندنەوەی دروستیان بۆ پرسی کورد هەبێت و... ١٩٣

غەفوور مەخمووری لە پانزەهەم جڤاتی گشتیی KNK:

پێویستە بەیەکدەنگی کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکەین ١٩٧

غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی ASMAL لە لاهای:

چارەسەری پرسی کورد سەربەخۆیی کوردستانە ٢٠٥

غەفوور مەخمووری بۆ کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

پشتیوانی تەواوی خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین ٢٠٩

غەفووور مەخمووری لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان:

فاکتەری سەرەکی بۆ گەیشتنمان بە دوارۆژێکی گەش یەکڕیزی و یەکدەنگیمانە ٢١٣

غەفوور مەخمووری لە کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردانی ئوردەن:

پێویستە هەموو لایەك هاوکارو پشتیوانی کورد بن بۆ سەربەخۆیی کوردستان ٢١٧

غەفوور مەخمووری لە کۆبوونەوەی فراوانی حیزبە کوردستانییەکاندا:

کارکردنمان بۆ یەکێتی نەتەوەیی و یەکڕیزی نیشتمانی زامنی سەرکەوتنمانە ٢٢١

غەفوور مەخمووری لە کۆبوونەوەی راوێژی نەتەوەیی لەسەر بارودۆخی باشووری کوردستان:

پێویستە لایەنە ناکۆکەکان بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو بگرن ٢٢٥

غەفوور مەخمووری لە شانزەمین جڤاتی گشتیی KNK:

سەرکەوتنمان لە یەکێتی نەتەوەیی و یەکڕێزی نیشتمانیماندایە ٢٣١

غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی حەوتەمی بزووتنەوەی (فەتح):

چارەسەری پرسی گەلی کوردستان و گەلی فەلەستین تەنها سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتە ٢٣٧

غەفوور مەخمووری لە سەردانی کوردانی فەلەستین دا:

کوردانی فەلەستین کەسوکاری ئێمەن و مایەی شانازیمانن ٢٤٣

غەفوور مەخمووری لە رێورەسمی یەکگرتنی سێ پارتی رۆژئاوای کوردستان:

داوا لە هێزو لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکەین کارنامەیەکی هاوبەش بۆ کارو خەباتی داهاتوویان دابڕێژن ٢٤٧

غەفوور مەخمووری لە یەکێتی نووسەرانی کورد:

کورد بەهۆی فۆڵکلۆری رەسەنی خۆیەوە شارستانێتی و داب و نەریت و کلتورو مێژووی خۆی پاراستووە ۲٥۱

غەفوور مەخمووری بۆ رۆشنبیرانی رۆژئاوای کوردستان:

فۆلکلۆر بەردی بناغەی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکە ۲٥٥

غەفوور مەخمووری لە بیست و دووەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

پشتیوانی هەموو هەولێك دەبین بۆ سەربەخۆیی کوردستان ۲٥۹

غەفوور مەخمووری لە پانێڵی (کوردستان و هەڵبژاردنەکانی ئێران)دا:

پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی گرنگی ئەم قۆناخەی خەباتە ۲٦۳

غەفوور مەخمووری لە (کۆڕبەندی جیهانی ئاوەدانکردنەوەو دوارۆژی بنیاتنانەوەی وڵاتانی ململانێ):

لە ۲۰۱۷/۹/۲٥ دا، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدەدرێت و ... ۲٦۷

غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی یەکێتی دیموکرات PYD دا:

پێویستە باشوورو رۆژئاوای کوردستان لەیەکتر نزیکببنەوە هاوکاری یەکتر بن ۲۷۹

غەفوور مەخمووری لە کۆبوونەوەی KNK لە دوکان:

پێویستە لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و هاوهەڵوێست بن ۲۸۳

غەفوور مەخمووری بۆ ماڵباتی شەهیدانی کەمپی مەخموور:

شەهیدانی کەمپی مەخموور بە تەنیا شەهیدی کەمپی مەخموور نین بەڵکو شەهیدی تەواوی کوردستانن ۲۹۱

غەفوور مەخمووری لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان:

چارەسەری بنەڕەتی پرسی گەلی کوردستان تەنها سەربەخۆیی کوردستانە ۲۹٥

غەفوور مەخمووری لە بانگهێشتی حزبە کوردستانییەکان:

هێرش بۆ سەر عفرین و رۆژئاوا هێرشە بۆ سەر تەواوی کوردستان ۲۹۹

غەفوور مەخمووری لە هەژدەمین جڤاتی گشتیی KNK:

پەرتەوازەییمان وایکردووە لە هەموو لایەکەوە بە لاوازی سەیر بکرێین ۳۰۷

غەفوور مەخمووری لە رۆژنامەی (الدستور)ی ئوردەنی:
سەرۆك مەسعود بارزانی رێبەرو مەرجەعی باڵای گەلی کوردستانە ٣١٣
غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی گشتیی پارتی پارێزگارانی کریستیانی نەرویج:
تاکە چارەسەری پرسی گەلی کوردستان سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتە ٣٢٣
غەفوور مەخمووری لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان:
پێویستیمان بە بەخۆداچوونەوە هەیە و پێویستە رەخنە لە شێوازی کاری رابردوومان بگرین ٣٣١
غەفوور مەخمووری لە دەزگای رۆشنبیری عەبدولحەمید شومان لە ئوردەن:
کورد رەسەنترین نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن ٣٣٥
غەفوور مەخمووری بۆ نۆزدەمین جڤاتی گشتیی KNK:
رەوشی کوردستان لەهەموو لایەکمان دەخوازێ هاوکارو پشتیوانی یەکدی بین ٣٣٩
غەفوور مەخمووری لە مەراسیمی سەدساڵەی پەیماننامەی (سیڤەر) دا:
سەربەخۆیی کوردستان فاکتەری چەسپاندنی ئارامییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ٣٤٥

# پێشەکی

لەمـــاوەی چارەکـــە ســـەدەیەکی کارو خەبـــاتی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکـــراتی کوردســـتان YNDK لـــە نێـــوان ســـاڵانی (١٩٩٥ - ٢٠٢٠)، هەوڵمانـــداوە بەجۆرەهـــا شـــێواز کارو خەبـــاتی خۆمـــان بـــەردەوام بکەیـــن و روانیـــن و سیاســـەتی کوردانـــە و کوردســـتانییانەی خۆمـــان بـــە هەمـــوو لایـــەک رابگەیەنیـــن.

لـە کاری رێکخراوەییـدا ؛ لـە بـوارەکانی رێکخسـتن و راگەیانـدن و کاری جەمـاوەری

و پەروەردەکـردنی ئەندامـان و کادیرانمـان بـە فکـری نەتەوەیـی و نیشـتمانی کاری گرنگـمان ئەنجامـداوە، لەهەمـان کاتـدا لـە بـواری پێشـمەرگایەتی بـۆ بەرگریکـردن لـە خـاک و خەڵکـی کوردسـتان هەمیشـە لـە سـەنگەری پێشـەوەی بەرخـودان دابوویـن.

رووێکـی دیکـەی کارو خەبـاتی ئێمـە پتەوکـردنی پەیوەنـدی دیبلۆمـاسی YNDK بـووە لەگـەڵ کۆمەڵـێ ناوەنـد و حـزب و هێـزە ئازادیخـوازەکان و کەسـایەتی و رۆشـنبیرانی بەشـێک لـە وڵاتـانی کیشـوەرەکانی ئاسـیا و ئەوروپـا و ئەفریقیـا، لـەم بـوارەدا توانیومانــە دۆســتایەتییەکی بــاش بنیــات بنێیــن و راســتی و رەوایــی پـرسی گـەلی کوردسـتان بـەو ناوەنـدو هێـزو کەسـایەتییانە بگەیەنیـن، ئەمـەش وایکـردووە ئـەم ناوەنـد و حیـزب و لایەنانـە هاوسـۆزبن لەگـەڵ گـەلی کوردسـتان و خوێندنەوەیەکـی سـەردەمییانەیان بـۆ تـەواوی پـرسی گـەلی کوردسـتان هەبێـت، ئێمـە لێـرەوە سـوپاسی هەمـوو لایەکیـان دەکەیـن و بەڕێـزەوە لـە هەوڵـی زیاتـر پێشخسـتنی ئـەو پەیوەندییانەدایـن.

لــەو ماوەیــەی کارو خەباتمانــدا بانگهێشــتی دەیــان کۆنگــرەو کۆبوونــەوەو کۆنفرانــسی کوردســتانی و ناوچەیــی و نێودەوڵــەتی کراویــن و، زۆر جاریــش ســمیناری تایبەتمــان بــۆ رێکخــراوەو ســەبارەت بــە پــرسی رەوای گــەلی کوردســتان و ســەربەخۆیی کوردســتان روانینــی کوردســتانییانەی خۆمــان خســتۆتەڕوو، لــە تـەواوی ئـەو کۆنگـرە و کۆنفرانـس و سـمینارانەدا هەوڵمانـداوە دوو پرسـیار (ئێمـە کێیــن ؟ و چیــمان دەوێ ؟) بخەینــەڕوو، لەهەمــان کاتــدا راشــکاوانە وەڵامــی ئــەو دوو پرسیارەشــمان داوەتــەوە، کــەوا ئێمــە (کوردیــن و وەک هــەر نەتەوەیەکــی دیکـەی جیهـان مـافی خۆمانـە سـەربەخۆ بیـن و ببینـە خـاوەن دەوڵـەتی خۆمـان)، بــە هەمــوو لایەکــمان راگەیانــدووە (ئێمــە کوردیــن و ســەربەخۆییمان دەوێــت).

بەشــداریکردنی ئێمــە لــە کۆنگــرەو کۆنفرانــس و کۆبوونــەوە گشــتییەکاندا بــۆ

ئـەوە بـووە کـە سیاسـەت و دڕندەیـی داگیرکـەرانی کوردسـتان (تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـوریا) دژ بـە گـەلی کوردسـتان ریسـواو شـەرمەزاربکەین و، مەزلوومییـەتی گەلەکەمـان بـە هەمـوو لایـەک بگەیەنیـن و، لەهەمـان کاتـدا هەوڵمانـداوە پەیـام و خواسـتی گـەلی کوردسـتان بـۆ سـەربەخۆیی و دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کوردسـتان بـە هەمـوو لایـەک رابگەیەنیـن، لەوانەیـە خوێنـەر لـە هەنـدێ شـوێن وا هەسـت بـکات کـەوا هەنـدێ شـت دووبـارەن، بێگومـان شـوێن و کاتی کۆنگـرە و کۆنفرانـس و کۆبوونـەوەکان جیـان، ئێمـەش خـاوەنی پەیامێکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانین هەوڵمانـداوە ئـەو پەیامـە بەپێـی کات و شـوێنەکان نوێبکەینـەوەو بیگەیەنیـن.

ئـەم کتێبـەی بەردەسـتتان گوڵبژێرێکـە لـەو پەیـام و وتارانـەی کـەوا لـە چەنـد کۆنگـرە و کۆنفرانـس و کۆبوونەوەیەکـی کوردسـتانی و ناوچەیـی و نێودەوڵەتیـدا پیشکەشـمان کـردووە، هەروەهـا لـەم کتێبـەدا چەنـد راپۆرتـە هەواڵیـک هـەن کـەوا تایبەتـن بـە بەشـێک لـە کـۆڕو سـمیناره تایبەتەکانمـان کـە لـە کوردسـتان و دەرەوەدا ئەنجاممانـداون، ئـەو راپۆرتـە هەواڵانـە کورتەیەکـی ئـەو بابەتانـەن کـەوا پێشکەشـمان کـردوون، بـە پێویسـتمان زانی ئـەو وتـار و راپۆرتـە هەواڵانـە لێـرەدا بڵاوبکەینـەوە بۆئـەوەی خوێنـەری ئازیـز زیاتـر بـە سیاسـەت و بۆچوونەکانمـان ئاشـنا بکەیـن، لەهەمـان کاتـدا ئـەم کارەمـان هەوڵێکـە بۆئـەوەی کـەوا ئـەو پەیـام و وتـارو راپۆرتـە هەواڵانـە بـە ئەرشـیف بکەیـن و لـە فەوتـان رزگاریـان بکەیـن.

ئـەو ماوەیـەی کـەوا بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی ڤایـرۆسی کۆرۆنـا لـە ماڵـەوە ماینـەوەو خۆمـان کەرەنتینەکـرد، زۆربـەی کاتـەکان خۆمـان بـە نووسـین و خوێندنـەوە خەریـک کـرد، هەرچەنـدە کەرەنتینـە و خۆپاراسـتن لـە بڵاوبوونـەوەی ڤایـرۆسی کۆرۆنـا لـە ئازیـزان و زۆر شـتی دابڕیـن، بـەڵام دەرفەتێکـی بـاشی پێدایـن بـۆ بیرکردنـەوەو نووسـین و خوێندنـەوە، ئـەم کتێبـەش یەکێکـە لـەو کارانـەی

کـەوا لـە زەمـەنی کۆرۆنـا و لـە کەرەنتینـەدا ئامادەکـراوە، ئومێـد دەکەیـن ئـەم کارەمـان جێـی ڕەزامەنـدی هەمـوو لایەکتـان بێـت.

**غەفوور مەخمووری**

**١٨ - ٨ - ٢٠٢٠**




**غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی دووەمی YNDK دا:**

# پێویستە بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەردەمییانە بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاوبنێیین

***غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتی YNDK لـە ڕێوڕەسـمی کردنـــەوەی کۆنگـــرەی دووەمـــی YNDKدا، کـــە ڕۆژانـــی ٥ و ٦ و ١٩٩٦/٥/٧ لـــە شـــارۆچکەی (شـــەقڵاوە)ی ســـەر بـــە پارێـــزگای هەولێـر بەڕێوەچـوو، وتارێکـی پێشکەشـکرد و، رایگەیانـد کـەوا پێویسـتە بـە کارنامەیەکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانیی سـەردەمییانە بـەرەو ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان هەنـگاو بنێیـن. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:***

بەڕێـــزان هەڤـــاڵانی خۆشەویســـت ئەندامـــانی کۆنگـــرەی دووەمـــی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکـــراتی کوردســـتان YNDK

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

ســـڵاوو ڕێـــزو خۆشەویســـتیم بـــۆ ئێـــوەی تێکۆشـــەرو وڵاتپارێـــز هەیـــە و، بەگەرمـــی بەخێرهاتنـــی هەمـــوو لایەکتـــان دەکـــەم و، هیـــوای ســـەرکەوتن بـــۆ کۆنگـــرەی دووەمـــی YNDK و، ئێـــوەی بەڕێـــزو خۆشەویســـت دەخـــوازم.

کۆنگـــرەی دووەمـــمان لەژێـــر دروشـــمی (لەپێنـــاو چەســـپاندنی فیدرالیـــزم و هەنگاونـــان بـــەرەو کوردســـتانێکی ســـەربەخۆو ئـــازادو یەکگرتـــوو و دیموکـــرات)دا دەبەســـتین، بێگومـــان ســـەردەم ســـەردەمی رزگاری و ئـــازادی نەتـــەوە چەوســـاوەکانە لەژێردەســـتی و دکتاتۆرییـــەت، لـــە ســـەدەدەی رابـــردوودا هەڵوەشـــانەوەی یەکێتـــی ســـۆڤیەتی پێشـــوو هەلـــی بـــۆ کۆمەڵـــێ نەتـــەوەی ژێردەســـت رەخســـاند کـــە ئـــازاد بـــن و ســـەربەخۆیی خۆیـــان رابگەیەنـــن و ببنـــە خـــودان دەوڵەتـــی نەتەوەیـــی خۆیـــان، لـــەم سەددەیەشـــدا شـــۆڕش و راپەڕینەکانـــی نەتـــەوە چەوســـاوەکان دژی زوڵـــم و نایەکســـانی و دکتاتۆرییـــەت بەردەوامـــە، ئەمـــەش کاریگـــەری خـــۆی دەبێـــت

بـۆ سـەر کاروانـی خەباتـی نەتـەوە ژێردەسـتەکان لـە تـەواوی جیهانـدا، بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن دەتوانێـت سـوود لـەم هـەڵ و گۆڕانکارییانـە وەربگرێـت و، بـە کارنامەیەکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانیی سـەردەمییانە بـەرەو رزگاری و ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان هەنـگاو بنێـت.

خوشکان ... برایان ...

هیڤیـدارم لـەم کۆنگرەیـەدا بەڕاشـکاوی و گیانێکـی هەڤاڵبەندانـە لـە رۆژانـی کۆنگـرەدا گفتوگـۆ لەسـەر تـەواوی تـەوەرو بابەتەکانـی نێـو کۆنگـرەدا بکەیـن، بـا هەمـوو لایەکـمان کار بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە ئـەم کۆنگرەیەمـان، کۆنگـرەی بنیاتنانـەوەی YNDK بێـت بەشـێوەیەکی مۆدێـرن و سـەردەمییانە، هەروەهـا لەسـەر هەمـوو لایەکـمان پێویسـتە زۆر راشـکاوانە کاروخەباتـی مـاوەی رابـردووی YNDK هەڵبسـەنگێنین و خاڵـە پۆزەتیـڤ و نێگەتیڤـەکان بخەینـە بەرچـاو و، بوێرانـەش پەنجـە بخەینـە سـەر ئـەو گرفـت و کۆسـپ و لەمپەرانـەی هاتوونەتـە رێـی کارو خەباتـی YNDK و، پێویسـتە بەهەمـوو لایەکـمان چارەسـەری دروسـت و گونجـاو بدۆزینـەوە بـۆ هەڵگرتنـی کۆسـپ و لەمپـەرەکان و دەربازبـوون لـە گرفتـەکان، بـۆ ئەمـەش دەبێـت لـەم کۆنگرەیـەدا کارنامەیەکـی نـوێ و سـەردەمییانە بـۆ کارو خەباتـی داهاتـووی YNDK دابڕێژیـن کـە لـە ئاسـت خواسـتی ئێمـەو هەڤاڵانمانـدا بێـت و، ببێتـە هـۆی زیاتـر پێشـڤەبردنی YNDK لـە هەمـوو رووێکـەوە.

خوشکانی خۆشەویست ... برایانی بەڕێزم:

لەمـاوەی نێـوان کۆنگـرەی یەکـەم و دووەممانـدا ؛ کۆمەڵـێ بویـەرو گۆڕانـکاری سیاسـی مـەزن لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان و ئێـراق و ناوچەکـە و جیهـان روویانـداوە، بـۆ ئێمـە زۆرگرنگـە لەسـەریان بوەسـتین و لـە دیـدگای YNDK

ەوە شـیبانبکەینەوەو هەڵیانبسـەنگێنین، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە راپـۆرتی سـیاسی کۆنگـرەدا بەکورتـی و بەچـڕی لەسـەر ئـەم بویـەرو گۆڕانکارییانـە وەسـتاوین و دیـدو بۆچوونـی YNDK مـان لەبارەیـان خسـتۆتەڕوو، کـەوا دواتـر پێشکەشـتانی دەکـەم، هیـوادارم بـە سـەرنج و پێشـنیارو تێبینییەکانتـان دەوڵەمەندتـری بکـەن.

هەڤاڵانی خۆشەویست ...

لێـرەدا دەمەوێـت سـوپاسی هـەر هەمـوو لایەکتـان بکـەم کـەوا لـە دوای هەوڵـی تیرۆرکردنـم و برینداربوونـم، ئێـوەی ئازیـز لـە کارو خەباتـدا سـارد نەبوونـەوەو دڵسـۆزانە و خۆڕاگرانـە درێژەتـان بـە کاروانی خەبـاتی YNDK دا و، سـەلماندتان کـەوا هەرەشـەو تیـرۆرو تۆقانـدن لـە کارو خەباتـدا ساردتان ناکاتـەوە و بگـرە دەبێتـە هاندەرتـان بـۆ بەردەوامبـوون، شـانازی بـە هەڵوێسـت و خۆڕاگریتـان دەکـەم، وەک دەزانـن دوای برینداربوونـم ماوەیەکـی زۆرە مـن لـە نەخۆشـخانەم و چارەسـەری وەردەگـرم، لەوانەیـە زیاتریـش لـە نەخۆشـخانە بمێنمـەوەو چارەسـەرییەکەم درێـژە بکێشـێت، هیـوادارم وەک هەمیشـە درێـژە بـە کاروانی خەبـاتی YNDK بـدەن، دڵنیـام کـەوا ئێـوەی ئازیـز رۆڵـەی رۆژانی تەنگانـەن و وەک هەمیشـە لـە سـەنگەری خەبـات و تێکۆشـاندا دەمێننـەوە، نامـەوێ کاتتـان زۆرتـر بگـرم لەبەرئـەوەی راپـۆرتی سیاسـیتان پێشـکەش دەکـەم و کاتێکـی زیاتـری دەوێـت.

چـاوی یەکـە یەکەتـان مـاچ دەکـەم و هیـوای بەردەوامـی و سـەرکەوتنتان بـۆ دەخـوازم.

بژی کورد بژی کوردستان.



غەفوور مەخمووری لە دووەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

# YNDK بۆ ئەوە دامەزراوە ببێتە بەشێك لەو ڕەوتە دیموکراتییەی لە کوردستان هەیە

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتی YNDK رۆژی ١٩٩٧/٣/١٩ لـە رێورەسـمی نەتەوەیـی دووەم ساڵیادی دامەزراندنـی YNDKدا، کـــە لـــە شـــاری (هەولێـــر)ی پایتەختـــی کوردســـتان بەڕێوەچـــوو، وتارێکـــی پێشکەشـــکرد و، رایگەیانـــد کـــەوا YNDK بـۆ ئـەوە دامـەزراوە ببێتـە بەشـێك لـەو رەوتـە دیموکراتییـەی کـە لـە کوردسـتاندا هەیـە، نـەك بـۆ دژایەتیکردنـی ئـەم لایـەن و ئـەو لایـەن. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:***

بەڕێز نوێنەری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەڕێز نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێزان نوێنەری پارت و رێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

بەڕێـــزان نوێنـــەری کـــۆرو کۆمەڵـــەو رێکخـــراوە جەمـــاوەری و پیشـــەییەکانی کوردســـتان

خوشکان ... برایان ... ئامادەبووانی بەڕێز ...

سڵاوتان لێبێت ...

لـــەدووەم ســـاڵیادی دامەزراندنـــی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDKدا بەگەرمـــی بەخێرهاتنـــی هـــەر هەمـــوو لایەکتـــان دەکەیـــن بەخێربێـــن ســـەر ســـەرو ســـەرچاو، ئێمـــە ئەمـــڕۆ دوو ســـاڵ لـــە تەمـــەنی کارو خەبـــاتی YNDK تـــەواو دەکەیـــن و پێدەنێینـــە ســـێیەمین ســـاڵی دامەزراندنـــی یەکێتییەکەمـــان YNDK، YNDK لـە نـەورۆزی سـاڵی ١٩٩٥ هاتـە دامەزرانـدن ؛ هەمـوو لایـەک دەزانـــن کـــەوا لـــەو کاتـــدا کوردســـتان بـــە بارودۆخێکـــی زۆر ناســـکدا تێدەپـــەڕی، بەتایبـــەت دوای ئـــەوەی کـــەوا شـــەڕی ناوخـــۆ هەڵگیرســـا و، ئـــەم شـــەڕە رەوشـــێکی

ئالـۆزی هێنایـە پێشـەوە، لەهەمـان کاتـدا دەتوانیـن بڵێیـن کەلێنێکـی فکـری و سیاسـی دروسـتکرد، ئـەوە وایکـرد کـەوا ئێمـە لـەو کاتـەدا هەوڵـی ئـەوە بدەیـن و کاربکەیـن بەشـێك لـەم کەلێنـە سـیاسی و فکرییـە پڕبکەینـەوە و ئەرکـی نەتەوەیـی خۆمـان بەئەنجـام بگەیەنیـن، بۆیـە لەگـەڵ کۆمەڵێـك لـە هاوبیـرو هەڤـاڵان دوای راوێــژو بیــروڕا گۆڕینــەوە هەڵســاین بــە دامەزراندنــی YNDK، دیــارە YNDK لەســەرەتایی دامەزراندنییــەوە بــۆ ئــەوە دامــەزرا کــە ببێتــە بەشــێك لــەو رەوتــە دیموکراتییــەی کــە ئێســتا لــە کوردســتاندا هەیــە، نــەك بــۆ دژایەتیکردنــی ئــەم لایـەن و ئـەو لایـەن، بـەڵام بەداخـەوە هـەر لەسـەرەتاوە هەوڵـی بـە لاڕێ دابردنـی YNDK درا، هەرچەنــدە ئێمــە وەکــو تــەواوی لیژنــەی بــاڵا و ئامــادەکار هەوڵــی ئەوەمانــدا ئــەو کەســانەی ئــەو هەوڵــە دەدەن بــۆ بــەلاڕێ دابردنــی YNDK بتوانیــن قەناعەتیــان پــێ بێنیــن کــە ئــەوە کارێکــی هەڵەیــە، بێگومــان شــێوازی کارکردنـی ئێمـە لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدا شـێوازی گرتنەبـەری گفتوگـۆ بـوو، دواتـر بەرەسـمی بڕیـار و هەڵوێسـتی خۆمـان وەرگـرت و ریزەکانـی خۆمـان لـەو کەسـانە پـاك کـردەوە، بـەڵام بەداخـەوە هـەر لەسـەرەتای هەڵوێسـت وەرگرتنەکەمـان ئـەو کەســانەوە وەك پیشــەی هەمیشــەییان کەوتنــە هەرەشــە و گوڕەشــە و هەوڵــی تیرۆرکردنـی هەڤاڵانـی ئێمەیانـدا بەخـودی خۆشـمەوە، دیـارە هیـچ کامێـك لـەم هەوڵانـە ئێمەیـان لـەکار و خەبـات سـارد نەکـردەوە.

ئێمــە بــەردەوام بوویــن لــە کارو خەباتــی خۆمــان، ئــەوەی شــایەنی باســە ئــەو هەمــوو زەحمــەتی و گرفتانــەی کــە بــۆ ئێمەیــان دروســتکرد و کــە ئێمــە بینیـمان تـا گەیشـتینە ئەمـڕۆ دەتوانـم بڵێـم کـەم کـەس بـەم قۆناغـەدا تێپەڕیـوە، بـەڵام بەخۆڕاگـری و بەگیانـی کارکردنـی هەڤـاڵان توانیـمان خۆمـان رابگریـن و ئـەو قۆناغــە دەربــاز بکەیــن و پــەرە بــە کارو خەبــاتی خۆمــان بدەیــن.



خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

ئێستا کە دەبینین ئەوە YNDK و، ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێ دەبێ ئێمە وەکو YNDK و شەخصی خۆشم زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین لەبەرئەوەی لەو هەموو زەحمەتیانەی ئێمەدا هاوخەم و دۆست و هاوهەڵوێستی ئێمە بوون و، ئێمەش ئەو هەڵوێستانەی ئەوانمان لەبەرچاوە و لە زۆر بواردا هاوهەڵوێستی ئەوان بووین، دەتوانین بڵێین تاکە لایەن بوون لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان کە وەك ئەرکێکی نەتەوەیی بەدەنگمانەوە هاتوون و هەوڵیانداوە لەو زەحمەتیانەدا هاوکارمان بن، لەوانەیە زۆر لایەن بەشێوەیەکی دیکە سەیری ئەو پەیوەندییە بکات، بەڵام ئێمە ئەوە دەڵێین کە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندییەکی برایانە و هاوخەباتانەیە و لەو کاتە



ناخۆشـانەی کـە لایـەن هەبـوو هەوڵـی لەناوبردنـی ئێمـەی دەداو لەگـەڵ لایەنـی دیکـە لەهەوڵـی تەسـفیە کردنـی ئێمەدابـوو، ئـا لـەو کاتـەدا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك لایەنێکـی سیاسـی وەکـو لایەنێکـی بـرا بـە کەڵـك ئێمـە هـات و بەپیـر ئێمـەوە هـات و لـە دەربازکـردنی ئـەو ناخۆشـیانەدا هاوکارمـان بـوون، زۆر سوپاسـی ئـەم هەڵوێسـتەیان دەکەیـن.

لـەم کاتـەدا کـە ئێمـە یـادی دامەزراندنـی یەکێتییەکەمـان YNDK دەکەینـەوە، کوردسـتان بەبارودۆخێکـی ناسـکدا تێدەپەڕێـت، ئەویـش بـەردەوام بوونـی ڕەوشی نەشـەڕ و نـە ئاشـتییە، ئێمـە وەکـو YNDK هەمیشـە تەئکیـد دەکەینـەوە سـەر ئـەوەی کـە سـەقامگیرکردنی ئاشـتییەکی سەرتاسـەری تاکـە زامنـی چارەسـەرییەکانە و، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بەهەمـوو لایەکەمـان هەوڵـی ئـەوە بدەیـن ئـەو بارودۆخـە هێمـن بێتـەوە دەبـێ بـە ئەرکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی خۆمـان هەڵسـین و،

ئــەوەی لەتوانامانــدا بێــت بیکەیــن بــۆ ئــەوەی بارودۆخەکــە هێمــن بکەینــەوە.

هــەر لــەم یــادەدا بەپێویســتی دەزانیــن تەئکیــد بکەینــەوە ســەر ئــەوەی کــە ئێمــە وەك YNDK هەمــوو کاتێــك خۆمــان بەپێشــمەرگەیەکی پاراســتنی دەســتکەوتەکانی گەلەکەمــان پەرلەمــان و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان دانــاوەو دادەنێیــن و، ئــەوە یەکێکــە لــە ئەرکــە هەمیشــەییەکانی ئێمــە، بەتایبــەت ئێســتا دوای دروســتبوونی کابینــەی ســێیەمی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان پێویســتە هەمــوو لایەکــمان هــاوکارو پشــتیوان بیــن، ئێمــە لێــرەدا جەخــت دەکەینــەوە ســەر ئــەو خاڵــە و بەئەرکێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی دەزانیــن و دەتوانیــن بڵێیــن ئەرکــی تــەواوی ئــەو رێکخــراو و گرووپــە سیاســییانەیە کــە ئێســتا لــە کاردان پشــتگیری حکومــەت و پەرلەمــان بکــەن بــۆ ئــەوەی بەهەمــوو لایەکــمان بتوانیــن دەســتکەوتەکانی راپەڕیــن کــە دەســکەوتی چەندیــن ســاڵەی خەباتــی نەتەوەییمانــن بپارێزیــن وبچەســپێنین و پێشــیانخەین.

ئازیزان ... خۆشەویستان ...

هــەر لــەم بۆنەیــەدا کــە هەماهەنگــە لەگــەڵ یــادی جەژنــی نەتەوەییــمان (جەژنــی نــەورۆز)، نــەورۆزی هەمــوو لایەکتــان پیــرۆز بێــت و هەمــوو رۆژێکتــان نــەورۆز بێــت، لێــرەوە ســڵاو دەنێریــن بــۆ تــەواوی نەتەوەکەمــان لەهــەر چــوار پارچــەی کوردســتاندا و، بەڵێــن بــە شــەهیدانی رێــی ســەرخۆبوون و ئــازادی کوردســتان و شــەهیدانی راپەریــن و کەســو کاری ئەنفالکــراوەکان و کارەســاتی هەلەبجــە دەدەیــن کــە هەمیشــە رێبــواری رێــی ئــەوان بیــن و بــەردەوام بیــن لەســەر خەبــات و تێکۆشــانی خۆمــان تــا بەدەســتهێنانی کوردســتانێکی ســەربەخۆ و ئــازاد و یەکگرتــوو دیموکــرات.

زۆر سوپاس ... بەخێر بێن.



غەفوور مەخمووری

لە کۆبونەوەی فراوانی حزبەکان بۆ گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی ئاشتی:

# بۆ سەرخستنی پرۆژەی ئاشتی پێویستە هەموو لایەک هاوکارو پشتیوانی یەکتربین

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتی YNDK ڕۆژی ١٩٩٨/١/١٨، لەســـەر بانگهێشـــتی ســـەرۆک مەســـعود بـــارزانی ســـەرۆکی پـــارتی دیموکـــراتی کوردســـتان، ئامـــادەی کۆبونـــەوەی فراوانـــی حزبـــەکانی کوردســـتان بـــوو بـــۆ گفتوگۆکـــردن لەســـەر پـــرۆژەی ئاشـــتی بەڕێـــز کاك مەســـعود بارزانـــی کـــە پێشکەشـــی بەڕێـــز جـــەلال تاڵەبانـــی ســـکرتێری YNK ی کردبـــووە، کۆبوونەوەکـــە لـــە شـــارۆچکەی (پیرمـــام)ی نزیـــک شـــاری (هەولێـــر)ی پایتەختـــی کوردســـتان بەڕێوەچـــوو، لـــە وتارێکـــی کورتـــدا روانینـــی خـــۆی خســـتەڕوو، رایگەیانـــد کـــەوا پێویســـتە بـــۆ سەرخســـتنی پـــرۆژەی ئاشـــتی پێویســـتە هەمـــوو لایـــەک هـــاوکارو پشـــتیوانی یەکتربیـــن. ئەمـــەش دەقـــی وتارەکەیـــە:***

برای بەڕێزمان جەنابی کاک مەسعود بارزانی

بەڕێزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.

ســڵاوتان لێبێــت، ســەرەتا سوپاســی بــرای بەڕێزمــان جەنــابی کاك مەســعود بارزانــی دەکــەم بــۆ ئــەو بانگهێشــت و روونکردنەوانــەی ســەبارەت بــە پــرۆژەی ئاشــتی پێشکەشــیکردن، ئــەو پرۆژەیــەی کــە ئێســتا لەلایــەن بــرای بەڕێزمــان کاك مەســعود بارزانــی پێشکەشــی یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان کــراوە، پرۆژەیەکــی هەمــە لایەنــە و ئێمــە لەســەرکردایەتی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDKەوە پشــتگیری تــەواوی پرۆژەکــە دەکەیــن و بەشــتێکی زۆر ئیجابــی دادەنێیــن، لەهەمــان کاتــدا لــە پرۆژەکــەدا ئــەوەی کــە بــەلای ئێمــەوە زۆر گرنگــە ئــەو دابەشــکردنەیە کــە بــۆ ســێ قۆنــاغ دابەشــکراوە، بــۆ ئــەوەی ئاشــتی لــە کوردســتاندا زەمینــەی بــۆ خــۆش بکــرێ دەبــێ بــەو قۆناغانــەدا بــڕوات،

قۆنـاغ بـە قۆنـاغ تـا دەگەینـە ئاشـتییەکی یەکجارەکـی، بێگومـان هەموومـان دەزانیـن پێشـتریش لـە ١٩٩٤ەوە تـا ئێسـتا چەندیـن هەوڵـدراوە، چەندیـن جـار ئاگربەسـت راگەیەنـراوە، چەندیـن جـار دانیشـتن بـووەو هـەوڵ هەبـووە بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـەکان، بـەڵام بەداخـەوە بەهیـچ چارەسـەرێك نەگەیشـتووین، بۆیـە بـۆ ئـەم جـارە هـەر هەولێـك بـدرێ دەبـێ زەمانەتێـك هەبێـت بۆئـەوەی هەوڵەکـە سـەربگرێت، وەك هەمـوو لایەکـمان ئاگاداریـن پێشـتریش لـە سـاڵرۆژی دامەزراندنـی پەرلەمـانی کوردسـتان و، ئێسـتا لەلایـەن شەخسـی کاك مەسـعوود بارزانـی و لەلایـەن سـەرکردایەتی PDKەوە چەندیـن جـار دەستپێشـخەری بـۆ ئاشـتی کـراوە و هەبـووە، هەروەهـا لـە سـاڵرۆژی پێکهێنـانی حکومەتـدا تەئکیـد لـە دەستپێشـخەرییەکە کراوەتـەوە، لـە ١٦ی ئـاب سـاڵڕۆژی دامەزرانـدنی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان جارێکـی دیکـە تەئکیـد لەسـەر دەستپێشـخەری ئاشـتی کراوەتـەوە، بـۆ ئـەم مەسـەلەیە لـە ٣١ی ئابـدا خـودی بەڕێـز جـەلال تاڵەبانـی بـۆ پەرلەمـان بانگهێشـت کـرا، بـەڵام هیـچ وەڵامێـك نەبـوو، لـە ١١ی ئەیلـول جارێکـی دیکـە دەستپێشـخەری هەبـوو تەئکیـد کرایـەوە سـەر ئـەوەی کێشـەکان بـە ئاشـتییانە چارەسـەر بکرێـن، بـەڵام بەداخـەوە هیـچ وەڵام نەبـوو، بۆیـە ئێسـتا مـرۆڤ دەتوانـێ لەناوەڕۆکـی ئـەو نامەیـەی کـە ئەمجـارە لەلایـەن بەڕێـز جـەلال تاڵەبانـی یـەوە هاتـووە شـت بخوێنێتـەوە، شـتی پشـت پـەردەش، مـن زۆر راشـکاوانە قسـە دەکـەم پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان لەگـەڵ یەکـدا راسـتگۆبین، لەبەرئـەوەی ئـەو راسـتگۆییە نەمـاوە و میللەتیـش وەکـو جـاران بـاوەڕی نەمـاوە، ئایـا زەمـان چییـە بـۆ ئـەوەی کـە بەهـەر شـێوەیەك بێـت جارێکـی دیکـە شـەڕ نابێتـەوە، بۆیـە پێویسـتە هەڵوەسـتەی جـددی لەسـەر ئـەو مەسـەلانە بکەیـن کـە پێشـتر باسـی لێـوە کـراوە.

لـەو پـرۆژەی ئەوجارەشـدا بـاس لەپـرۆژەی ئەنقـەرە دەکـرێ، باوەڕدەکـەم

پــرۆژەی ئەنقــەرە تــا ئێســتاش نەبۆتــە پرۆژەیەكــی تــەواو، پێویســتە لەناوخــۆی كوردســتان هەوڵــەكان چڕبكەینــەوە ئەگــەر نەگەیشــتینە ئەنجــام، ئــەو كات دەكــرێ بیــر لــەوە بكرێتــەوە دانیشــتنەكان لــە شــوێنی دیكــە بەڕێوەبچــن، ئــەوەش خــۆی لەخۆیــدا دەبێتــە شــێوازی زەمانەتێكــی نێودەوڵــەتی بــۆ جێبەجێكردنــی ئــەو پــرۆژەی ئاشــتی و كۆتایــی هێنــان بــە كێشــەكان، ئێمــە لەگــەڵ ئاشــتیداین و هەمــوو كات جەختــمان لەســەر ئــەوە كردۆتــەوە كــە دەبــێ ئاشــتی لەكوردســتاندا بەرقــەرار بێــت و لەپرۆگرامــی خۆشــماندا وەكــو خاڵێــك ئەمەمــان جێگیــر كــردووە و دەڵێیــن: هــەر كێشــەیەكی سیاســی دەبــێ لەرێــی دیالــۆگ و گفتوگــۆوە یەكلایــی بكرێتــەوە نــەك لەرێگــەی پەنابردنــە بــەر چــەك و زەبروزەنــگ، بــەڵام كــە شــەڕ فــەرز كــرا وەك جەنابــی كاك مەســعوود بارزانــی ئامــاژەی پێكــرد دیســان واقیعێكــی تــر دێتــە پێشــەوە ودەبــێ تەعامولــی تــر بكرێــت.

بــۆ ئــەوەی ئــەو جــارە پرۆســەی ئاشــتی جێگیــر بێــت دەبــێ هەمــوو هێــزو لایەنــە سیاســییەكانی كوردســتانیش هەوڵــی ئــەوە بــدەن كــە پڕۆژەكــە دەوڵەمەندتــر بكــەن بــەرەو پێشــەوەی ببــەن، بــۆ ئــەوەی ئاشــتییەكی سەرتاســەری لــە كوردســتاندا بەرقــەرار بێــت، پێویســتە هەمــوو لایــەک هــاوكارو پشــتیوانی یەكتربیــن ... لەگــەڵ رێزمانــدا، زۆر ســوپاس بــۆ هەمــوو لایــەک.




غەفوور مەخمووری لە سێیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

# پێویستە کێشە و گرفتەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK ڕۆژی ١٩٩٨/٣/٢٨ لە ڕێورەسمی نەتەوەیی سێیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDKدا، کە لە شاری (هەولێر)ی پایتەختی کوردستان بەڕێوەچوو، وتارێکی پێشکەشکرد و، رایگەیاند کەوا ئێمە لە YNDK هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا بووین ئەو گرفتانەی کە هەبوون بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن . ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێز نوێنەری پەرلەمانی کوردستان

بەڕێز نوێنەری حکومەتی کوردستان

بەڕێزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکان

بەڕێزان نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان

بەڕێزان میوانانی ئازیز و خۆشەویست..

سەرەتا لەئاهەنگی سێیەم ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیمان YNDK دا بەخێرهاتنی گەرمی هەر هەموو لایەکتان دەکەین و بەخێربێن سەرسەرو سەرچاو، لە نەورۆزی ئەمساڵدا YNDK سێ ساڵەی تەمەنی دامەزراندنی خۆی تێپەڕکرد و پێی نایە ساڵی چوارەمەوە، دیارە YNDK لەساتەوەختی دامەزراندنیدا کە لە نەورۆزی ١٩٩٥ دامەزرا شەڕی ناوەخۆ لە گەرمەی دابوو، دەتوانین بڵێین خەڵك بەرەو بێئومێدی و بەرەو رەشبینی دەرۆیشت بۆ دەربازکردنی ئەم رەوشە و بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەی سیاسییەی کە بەهۆی شەڕەوە لەئارادابوو ئیمە کۆمەڵی کەسایەتیی نەتەوەیی وڵاتپارێز لە سەرتاسەری شارەکانی باشووری کوردستان کەوتینە خۆ بۆ ئەوەی بتوانین بەهەمووو لایەکمان ئەو بۆشاییەی کە لەئارادایە پڕی بکەینەوە و بەشێك

لـەو مەسـئولیەتە بخەینـە سـەر شـانی خۆمـان و هەوڵـی ئـەوە بدەیـن کـە ئـەو دەسـکەوتانەی راپەریـن و دەسـکەوتی چەندیـن سـاڵەی بـەری رەنجـی خەباتـی شـەهیدانمان بەفیـرۆ نـەڕوات و بتوانیـن هیوایـەک بـە خەڵـك ببەخشـین و رێکیانبخەینـەوە و لەسـەر رێرەوێکـی نەتەوەییانـە ئاراسـتەی کارو خەباتیـان بکەیـن، ئەوەبـوو دوای هـەوڵ و تێکۆشـانێکی زۆر لـە نـەورۆزی ١٩٩٥ دا ئێمـە وەک YNDK بەفەرمـی دامەزرانـدنی خۆمـان راگەیانـد، بێگومـان هـەر رێکخراوێکـی سیاسـی سـەرەتادا کـە لەدایـك دەبێـت و دێتـە کـۆڕی خەباتـەوە تووشـی کۆمەڵـێ گرفـت و ناخۆشـی دەبێـت، YNDK یـش لـەم گرفتانـە بـەدەر نەبـوو هـەر لەسـەرەتاوە چەنـد کەسـێک هەوڵـی ئەوەیانـدا بیکەنـە پاشـکۆی ئـەم و ئـەو، هەوڵـی ئـەوە درا YNDK بـەلارێ دابـبردرێ، بـەڵام بەهـەوڵ و تێکۆشـانی هەمـوو لایـەك و هەڤاڵانـی دڵسـۆز، ئـەو هەڤاڵانـەی کـە بەهـەق هەڤـاڵ و ئەندامـی YNDK بـوون توانـرا ئـەو دەسـتانە لـە ریزەکانـی YNDK دوور بخرێنـەوە، توانـرا لـە ١ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٩٥ هەڵوێسـتی خۆمـان رابگەیەنیـن و ریزەکانـی خۆمـان لـەو کەسـانە پـاك بکەینـەوە، ئەوەبـوو وەکـو خۆتـان دەزانیـن زۆر هەڕەشـە و گوڕەشـە لـە هەڤاڵانـی ئێمـە کـراو هەوڵـی لێدانـی YNDK درا هەتـا کار گەیشـتە ئـەوەی لـە هەوڵـی تەسـفییەی جەسـەدی هـەر هەمـوو هەڤاڵانـی ئێمـە دابـوون، بـەڵام هەمـوو ئـەو هەڕەشـە و گوڕەشـانە ئێمەیـان لـە کارو خەباتـدا سـارد نەکـردەوە و ئێمـە بـەردەوام بوویـن لەسـەر کارو خەباتـی خۆمـان، وەك ئەمـڕۆ دەبینـن ئـەوە یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتانە، تـا ئێسـتا رۆژ بـەرۆژ گەشـە دەکات و بـەرەو پێشـەوە دەچێـت و بەردەوامـە لەسـەر کارو خەباتـی خـۆی، ئێمـە لـە YNDK لـە سـێیەم سـاڵیادی دامەزراندنیـدا و لـەم بۆنەیـەدا جەخـت دەکەینـەوە سـەر پتەوکـردنی پەیوەنـدی برایانەمـان لەگـەڵ لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان و، رایدەگەیەنیـن کـە پەیوەنـدی ئێمـە لەگـەڵ هـەر لایەنێکـی سیاسـی

لەهــەر چــوار پارچــەی كوردســتان و بەتایبــەت لــە باشــووری كوردســتان لەســەر بنچینــەی رێزگرتنــی بەرانبــەر و بەرژەوەنــدی هاوبەشــە، ئێمــە كــە دۆســتایەتی هــەر لایەنێكــی سیاســی بكەیــن نایشــارینەوەو زۆر بــە ئاشــكرا ئــەو دۆســتایەتییە دەكەیــن.

خوشــك و برایانــی بەڕێــز: ئێمــە ئەمــڕۆ كــە یــادی ســێیەم ســاڵیادی دامەزراندنــی یەكێتیــمان YNDK دەكەینــەوە پرۆســەی ئاشــتی لــە گۆڕێدایــە و ئــەم پرۆســەیە رۆژ بــە رۆژ بەرەوپێــش دەچێــت و هەنــگاوی جــددی بــۆ دەهاوێژرێــت، دیــارە سەرخســتنی ئــەو پرۆســەیەش ئەركــی هەمــوو هێــزو لایەنێكــی وڵاتپارێــزی كوردســتانە كــە لەخەمــی سەرخســتنی پرۆســەكەدا بێــت، بــۆ ئــەوەی ئێمــە بتوانیــن ئــەو دەســكەوتانەی كــە چەندیــن ســاڵە خەباتــی بــۆ كــراوە و بــە خوێنــی شــەهیدان بەدەســت هاتــووە بپارێزیــن و، لــەو گرفتانــەی ئێســتاكە دەربــازی بكەیــن، ئێمــە هــەر لەســەرەتاوە لەگــەڵ ئــەوەدا بوویــن ئــەو گرفتانــەی كــە هەبــوون بەشــێوەیەكی ئاشــتیانە چارەســەر بكرێــن، هەمیشــە لــە ئەدەبیاتــی خۆمــان دا لەهەڵوێســت و لــە بەیاننامەكانــی خۆمانــدا جەختــمان كردۆتــەوە ســەر ئــەو خاڵــە، دیــارە چەنــد پرۆژەیەكیــش لــە ئارادایــە بــۆ بەرەوپێشــبردنی پرۆســەی ئاشــتی بــۆ چەســپاندنكردنی ئاشــتی لــە كوردســتاندا، ئــەو پرۆژانــەی كــە پێشــكەش كــراون بــۆ ئــەو پرۆســەیە، لەلایــەن ئێمــەوە باســی لــێ كــراوەو گفتوگــۆی لەســەر كــراوە، پــرۆژەی بــرای بەرێزمــان كاك مەســعود بارزانــی بەپرۆژەیەكــی تێــرو تەســەڵ و هەمەلایــەن دەزانیــن بــۆ ئــەوەی بتوانیــن لــە كوردســتان بارودۆخەكــە بەهەموولایــەك ئاســایی بكەینــەوە و ئــەو بەرنامەیــە ببێتــە خشــتەی كاری ئێمــە لەداهاتــوودا.

لێــرەدا دەمانــەوێ ئامــاژە بــەوە بكەیــن كــە لــە مــاوەی رابــردوودا حكومەتــی هەرێمــی كوردســتان (كابینــەی ســێیەم) لــەكارو خزمەتگوزارییەكانــی خۆیــدا



بــەردەوام بــووەو پێشــڤەچوونێکی باشــی بەخۆیــەوە بینیــوە، چ لەبــواری ئەمنــی دا کــە ئاسایشــی تــەواوی ئــەو ناوچانــەی ژێــر دەســەڵاتی حکومەتــی هەرێمــی کوردســـتانی زامنـــە، ئێســـتاکە دەتوانیـــن بڵێیـــن لـــە پرۆســـەی بیناکردنـــەوەی کوردســتان بەتایبــەت ئــەو ناوچانــەی کوردســتان کــە بــەرەو تێکچــوون و کاول بــوون رۆیشــتبوون، ئێســتاکە لەســەر دەســتی کابینــەی ســێیەم ئــاوەدان دەکرێتــەوەو پرۆســەکە بــەرەو پێــش دەچێــت.

تەماشــا دەکەیــن پــرۆژەی قیرتاوکردنــی رێگاوبانــەکان و گەیاندنــی کارەبــا بــۆ گونــدەکان و گەیاندنــی ئــاوو جۆرەهــا پــرۆژەی تــر رۆژانــە لەپێشــڤەچووندان، ئــەوەش مایــەی خۆشــحاڵی هەمــوو لایەکمانــە و، لەســەر هەمــوو هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی کوردستانیشــە بــە YNDKیشــەوە کــە هەمیشــە پشــتیوانی ئــەو هەوڵانــە بێــت و هەمیشــە خــۆی بەداکۆکیــکارو بەخەمخــۆری ئــەو دوو دەزگا

نەتەوەییە بزانێت کە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستانن، ئێمە لەم رۆژەدا کە دەکرا پێشتر بیکەین بەراستی نەمانویست تێکەڵی ئاهەنگەکانی نەورۆزی بکەین لەبەرئەوەی دەبوا ئێمە رۆژی ٢١ی ئادار ئەنجامی بدەین نەك ئەمڕۆ کە ٢٨ی ئادارە، بەڵام ئێمە نەمانویست کاتی ئێوەی خۆشەویست بگرین و رۆژی نەورۆز ئیستغلال بکەین، بۆیە یادەکەمان خستە ئەمرۆژەوە، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزیشەوە پیرۆزبایی گەرمی سەرکردایەتی YNDK بە ئێوەی بەڕێز رادەگەیەنم، لەهەمان کاتدا سڵاو دەنێرین بۆ کەسوکاری تەواوی شەهیدانی رێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان و شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە کە کارەساتی هەلەبجەش هەر لەم مانگەدایە، هەر لێرەوە سڵاو دەنێرین بۆ تەواوی ئازادیخوازی کوردستان لە زیندانەکانی داگیرکەرانی کوردستان (عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا).

جارێکی دیکە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەین وزۆر سوپاستان دەکەین، بەخێربێن سەرسەرو سەرچاو.



غەفوور مەخمووری بۆ کۆنگرەی (دیالۆگی کوردی – عەرەبی):

# کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە خاوەن خاک و مێژوو و زمان و کلتورو داب و نەریت و هەستی هاوبەشی مێژوویی خۆیەتی

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK لە رۆژانی ۲۸ و ۱۹۹۸/۵/۲۹ ئامادەی یەکەم کۆنگرەی (دیالۆگی کوردی - عەرەبی) بوو، کە لە شاری (قاهیرە)ی پایتەختی میسر بەسترا، غەفوور مەخمووری لە پەیامێکیدا وێرای هیوای سەرکەوتن خواستن بۆ کۆنگرەکە، داوای کرد کەوا حکومەتە عەرەبییەکان و سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی عەرەب دان بەپرسی کورد دا بنێن کە پرسی نەتەوەیەکی خاك داگیرکراو و ماف زەوتکراوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:***

بەڕێز ئەحمەد حەمروش سەرۆکی لیژنەی هاوکاری میسری و سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دیالۆگی کوردی - عەرەبی

بەڕێزان ئەندامانی لێژنەی ئامادەکاری دیالۆگ

بەڕێزان نوێنەرانی حکومەت و پەرلەمان و حزب و لایەنە سیاسییەکانی میسر

خوشکان ... برایان ... ئامادەبووانی بەڕێز

رۆژتان باش و سڵاوێکی گەرمتان لێبێت ...

بەڕێزان ؛ وەك هەموو لایەکتان دەزانن بەدرێژایی مێژوو پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوان کورد و عەرەبدا هەیە، ئەم پەیوەندییە بنچینەیەکی پتەو بووە بۆ خەباتێکی هاوبەش و مێژوویی، پەیوەندی ئاین و لێکنزیکی رۆشنبیری وایکردووە پەیوەندییەکان بەهێزتر بن، کورد لەرێی زاناکانیانەوە خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەبی عەرەبی کردووە، هەروەها زانایەکی ئایینی کورد خزمەتێکی زۆری هزرو لێکۆڵینەوەی ئاینی ئیسلامیان کردووە، لەهەمان کاتدا

نابــێ ئەوەشــمان لەبیــر بچێــت کــەوا کوردێکــی وەك (ســەلاحەددین ئەیوبــی) عـــەرەب و ئیســـلامی گواســـتەوە بـــۆ ســـەردەمێکی پرشـــنگدارو پێشـــکەوتوو، لەســەردەمی نوێشــدا پشــتیوانی کــورد لەخەباتــی رزگاریخوازانــەی گەلــی عــەرەب خاڵێکــی دیــار و گەشــاوەیە لــە مێــژووی کــورددا، بەڵگەشــمان هــاوکاری و پشــتیوانی کــورد لەخەباتــی رەوای گەلــی فەلەســتین، کــە بەشــێوەیەکی ســەربازی و کردارەکــی بەشـــدارییەکی کاریگەرانـــە بـــووە، لەهەمـــان کاتـــدا نووســـەرو هۆزانڤانانـــی کـــورد بــە بەرهەمەکانیــان پشــتیوانی خەباتــی گەلــی فەلەســتینیان کــردووە، ئەمــەش لــە بەرهەمەکانیانــدا رەنگیداوەتــەوەو بۆتــە ســەرەتای داهێنانەکانیــان.

بەڕێــزان ؛ لــەم رۆژانەشــدا کــە ئێمــە لێــرەدا لــە قاهیــرە ئــەو پایتەختــەی کــە یەکــەم رۆژنامــەی کــوردی بەنــاوی (کوردســتان) لــە ١٨٩٨/٤/٢٢ تێــدا چاپکــرا، دیالۆگــی (کــوردی – عەرەبــی) دەبەســتین، ئــەم دیالۆگــە خاڵێکــی هیوابەخــش و مژدەبەخــش و ئومێدێکــی گەورەیــە بــۆ کــورد، بەهــەوڵ و تێکۆشــانی دڵســۆزانی پەیوەنـــدی (کـــوردی - عەرەبـــی) دەبێتـــە هەنگاوێکـــی گرنـــگ بـــۆ پێشخســـتنی پەیوەنــدی نێــوان نەتــەوەی کــورد و نەتــەوەی عــەرەب، ئــەم هــەوڵ و هەنــگاوە شارســـتانییەی میـــسر جێگـــەی رێـــزو پێزانینـــی تـــەواوی گەلـــی کوردســـتان و ئازادیخوازانـــی جیهانـــە و، ئـــەم هەوڵـــە یارمەتیـــدەرە بـــۆ داتەکاندنـــی ئـــەو تـــۆزو غوبــارەی کــە لەلایــەن هەنــدێ لایەنــەوە خراوەتــە ســەر پەیوەنــدی نێــوان هــەردوو نەتــەوە، کــە لــە بەخەباتــی هاوبەشــدا مێژوویەکیــان لەســەرکەوتن نەخشــاندووە، لێــرەدا دەمــەوێ هەڵوێســتی مێژوویــی هــاوکاری و پشــتیوانی شۆرشــی کوردســتان بەرێبەرایەتـــی ژەنـــەرال (مســـتەفا بارزانـــی نەمـــر) لەکاتـــی شـــەڕی ئیسرائیـــل و عــەرەب لــە ١٩٦٧و لەشــەڕی ٦ی ئۆکتۆبــەری ١٩٧٣ بەبیــر هەموولایەکتــان بێنمــەوە کـــەوا چـــۆن هـــاوکارو پشـــتیوانی عـــەرەب بـــوون، بەڵـــێ کـــورد بـــەم شـــێوەیە پشــتیوانی عــەرەب بــووە.

بۆیە پێویستە دیالۆگی (کوردی - عەرەبی) ئەم هەنگاوە گرنگە بکەینە سەرەتایەك بۆ بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکی برایانەی نوێ لەنێوان هەردوو نەتەوەدا، پەیوەندییەک بێت کە لەگەڵ گیانی سەردەم بگونجێت، لەهەمانکاتدا پێویستە برایانی عەرەب ئەم دیالۆگە بکەنە هۆکارێك بۆ هاوکاری و پشتیوانیەکی فراوان و راستەقینەی نەتەوەی عەرەب لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان، لەهەمان کاتدا زۆر بەپێویستی دەزانین کە وڵاتانی عەرەبی دان بەپرسی کورد دابنێن و مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵدا بکەن، لەبەرژەوەندی وڵاتانی عەرەبیدایە کە دەستپێشخەری دیموکراتی و سەردەمیانەیان بۆ چارەسەری پرسی گەلی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسی و کلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کورد هەبێت.

هەروەها پێویستە حکومەتە عەرەبییەکان و سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی عەرەب دان بەپرسی کورد دا بنێن کە پرسی نەتەوەیەکی خاك داگیرکراو و ماف زەوتکراوە، ئێمە ئومێدمان زۆرە کەوا رۆشنبیرانی عەرەب هاوکارمان بن و هەوڵبدەن بۆ رەواندنەوەی ئەو تەمومژەی کەوا ناوەندی شەقامی عەرەبی گرتۆتەوە بۆ شێواندنی راستی و دروستی پرسی کورد و، هەوڵدەدرێ لەم رێگەیەوە کەلێنێك بخەنە دۆستایەتی کورد و عەرەب.

بەرێزان ؛ وەك لای هەموو لایەکتان روونە بەپێی بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژوویی و ئارکیۆلۆژی و دیمۆگرافییەکان کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە خاوەن تایبەمەندییە نەتەوەییەکانی خۆیەتی، خاوەن خاك و مێژوو و زمان و کلتوورو داب و نەریت و هەستی هاوبەشی تایبەت بەخۆیەتی، بەر لەهەزاران ساڵ لەسەر خاکی خۆی دەژی و رۆژێ لە رۆژان بستێ لە خاکی کەسێکی دیکەی داگیرنەکردووە، بگرە خاکەکەی خۆی (کوردستان) پارچە پارچە کراوەو داگیر کراوەو وەك نەتەوەش چەوسێنراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا



سیاسەتی چەوساندنەوە و جینۆسایدکردنی نەتەوەکەمان نەیانتوانیوە راستییە مێژووییەکان بگۆڕن.

بەرێزان ؛ بەباوەڕی ئێمە پشتیوانی نەتەوەی عەرەب لە پرسی نەتەوەیی کورد پێگەی نەتەوەی عەرەب بەهێز دەکات و دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی و ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، بۆیە چاومان لەوەیە برایانی عەرەب بەشێوەیەکی واقیعی و تەندروست و سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد بکەن و بەدڵێکی فراوان و چاوێکی کراوە سەیری پرسی کورد بکەن.

وەك ئاماژەمان پێدا ئەم دیالۆگە هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب، لەبەردەوام بوونیدا ئەنجامی گرنگ دروێنە دەکەین، پڕ بەدڵ هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم دیالۆگە

دەخوازیــن و بەهیوایــن هەموولایــەك بگەیــن بــە ئەنجامــی بــاش.

بــا هەوڵبدەیــن ئــەم دیالۆگــە بکەینــە ســەرەتایەکی بــاش بــۆ لێکتێگەیشــتنی راســتەقینە و چارەســەری پرســی کــورد لەســەر بنەمــای فیدرالــی لــەم قۆناغــەی ئێســتادا.

بەهێزتر بێت پەیوەندی برایانەی کورد و عەرەب .

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

١٩٩٨/٥/٢٨ قاهیرە - میسر




غەفوور مەخمووری لە چوارەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

# YNDK بەهەموو توانایەکەوە لە پشت سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی دەبێت

***غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتی YNDK ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٢٥ لــە ڕێوڕەســمی نەتەوەیــی چــوارەم ســاڵیادی دامەزراندنــی YNDK دا، کــە لــە شــاری (هەولێــر)ی پایتەختــی کوردســتان بەڕێوەچــوو، وتارێکــی پێشکەشــکرد و، ڕایگەیانــد کــەوا YNDK بەهەمــوو هێــزو توانایەکــی خۆیــەوە لــە پشــت سەرخســتنی پرۆســەی ئاشــتی دەبێــت و یەکێــك لــە ئامانجەکانــی دامەزراندنــی YNDK سەرخســتنی پرۆســەی ئاشــتی و بڕانــەوەی شــەڕی ناوخــۆ بــووە . ئەمــەش دەقــی وتارەکەیــە:***

بەڕێـز نوێنـەری جەنابـی کاك مەسعود بارزانـی - ڕێبـەری بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان

بەڕێز نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان

بەڕێز پارێزگاری هەولێر

بەڕێزان وەزیران و پەرلەمانتاران

بەڕێزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

بەڕێزان نوێنەرانی لایەنە تورکمانی و ئاشوورییەکانی کوردستان

ئامادەبووانی بەڕێز..

هەڤاڵانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

ســـەرەتا بەنـــاوی خـــۆم و بەنـــاوی مەکتەبـــی سیاســـی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDK بەخێرهاتنـــی هـــەر هەمـــوو لایەکتـــان دەکـــەم بەخێربێـــن ســـەر سەروســـەر چـــاوان گەورەتـــان کردیـــن.

یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك ڕێکخراوێکـی سیاسـی و نەتەوەیی

کـە لەگۆڕەپانـی خەباتـی سیاسـی ئەمـرۆی کوردسـتاندا لـە کارو خەباتدایـە لەمـاوەی ئـەو چـوار سـاڵەی تەمەنیـدا توانیویەتـی زۆر هـەورازو نشـێو ببڕێـت و کاروانـی خەبـاتی بـەردەوام لەرێگــە دابێــت، بێگومــان یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان لەســەرەتای دامەزراندنــەوە تائێســتا پابەنــد بــووە بــە بەئایدۆلۆژیــا و هەمــوو بنەمـا نەتەوەییەکانـی خـۆی، کـە بیـری نەتەوەیـی کوردایەتییـە، یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان لەسـاتە وەختێکـدا هاتـە مەیـدان کـە کوردسـتان لەناسـکترین بارودۆخـدا بـوو، شـەڕی ناوەخـۆ لـە گەرمـەی دابـوو، خەڵـك لەبـێ ئومێدییەکـی زۆردا بوو،لەهەمـان کاتـدا کەسـانێکی زۆری نەتەوەیـی کـە خۆیـان لەهیــچ رێکخراوێکــی سیاســیدا نەدۆزیبــۆوە پــەرت پــەرەوازە بــوون، یەکێتــی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان ئـا لەوکاتـەدا بـۆ ئـەوە لەدایکبـوو کـە بتوانـێ وەکـو رێکخراوێکـی نەتەوەیـی ئـەو خەڵکانـە لەچوارچێـوەی خۆیـدا کۆبکاتـەوەو بەبیـرو بۆچوونێکـی نەتەوەیـی ئاراسـتەی کاروخەباتیـان بـکات.

خۆشـبەختانە لەمـاوەی کارو خەباتـی خۆمانـدا لەکۆنگـرەی یەکەممانـەوە کـە لـە نـەورۆزی ١٩٩٥دا لەعەنـکاوە بەسـترا، لـەو کاتـەوە تائێسـتا سـەرەڕای هەمـوو ئـەو ئاسـتەنگ و گرفتانـەی کـە لەبـەردەم YNDK دروسـت کـران بـۆ بـە لاریێ دابردنـی YNDK و سـاردکردنەوەی YNDK لەکاروانـی خەباتـی خۆیـدا، توانیـمان درێـژە بـەکارو خەباتـی خۆمـان بدەیـن، لەهەمـان کاتـدا خۆشـبەختانە بەهـاوکاری دڵسـۆزان و سـەرجەم هەڤالانـی YNDK و دۆسـتانی دڵسـۆزی، YNDK بـەردەوام بـوو لەسـەر کارو خەباتـی خـۆی تـا ئێسـتاکەش ئـەو بەردەوامییـە درێـژە پێـدەدات.

ئێمـە لەکاتێکـدا کـە یـادی چـوارەم سـاڵەی دامەزراندنـی YNDK دەکەینـەوە ئـا لـەو کاتـەدا بارودۆخـی کوردسـتان تارادەیـەك هێمنـە کـە شـەڕ وەسـتاوە و ئاگربەسـت لـە ئارادایـە و لیژنـەی بـاڵای تەنسـیقی ئاشـتی نێـوان هـەردوو حیـزب PDK و PUK بەردەوامـن لـە کۆبوونەوەکانـی خۆیانـدا.



YNDK بەهەموو هێزو توانایەکی خۆیەوە لە پشت سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی دەبێت و یەکێك لە ئامانجەکانی دامەزراندنی YNDK سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی و بڕانەوەی شەڕی ناوخۆ بووە، YNDK کە لە زەمەنی شەڕدا لەدایکبوو بۆ رەتکردنەوەو بەگژداچوونەوەی شەڕی ناوەخۆ بوو، ئێستاش لە قۆناغی ئەمڕۆماندا تەنها بە ئاشتی دەتوانین ماڵی خۆمان رێکبخەینەوە و سەر لەنوێ کوردستان ئاوەدان بکەینەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستان زامەکانی کورد سارێژ دەکات، لەهەمان کاتدا نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئێستا بارودۆخی کوردستان بە گشتی و بارودۆخە سیاسییەکەی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ساڵانی پێشووتر، بەتایبەتی دوای ئەو سەردانە سەرکەوتووەی وەفدی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات بە سەرۆکایەتی برای بەڕێزمان کاك مەسعود بارزانی رێبەری بزاڤی رزگاریخوازی



نیشتمانی کوردستان، کە گەڕایەوە مژدەی ئەوەی بە خەڵکی کوردستاندا کە کێشەی کورد لە کێشەی ئینسانی بووە بە کێشەیەکی سیاسی، هەروەها نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە ئەمڕۆ کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی تارادەیەکی زۆر باش و بەرچاو کوردستان ئاوەدانبکاتەوە و ئەو هێمنی و ئاسایشەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرقەرارە ئەوە بەرهەمی کارەکانی حکومەتی کوردستانە، حکومەت وەك دەزگایەکی نەتەوەیی کە لە کارو خزمەتدایە بێ گوێدانە بارودۆخی حزبی رەچاوی بەرژەوەندی بالای نەتەوەییمان دەکات و وەکو دەزگایەکی نەتەوەیی پەیامی نەتەوەیی خۆی دەگەیەنێت.

YNDK هەر لە سەرەتای دامەزراندنیدا خۆی بە پاڵپشت و بەرگریکارێکی بەردەوامی هەردوو دەزگای نەتەوەییمان پەرلەمان و حکومەتی کوردستان

زانیـوە، بۆیـە ئێمـە لـە YNDK دا پاراسـتنی ئـەم دوو دەزگا نەتەوەییـە بـە ئەرکـی هـەرە لەپێـشی خۆمـان و تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان دەزانیـن.

لەکۆتاییـــدا ســـڵاوو رێـــز دەنێریـــن بـــۆ ســـەرجەم بنەماڵـــەی شـــەهیدانی بزاڤـــی رزگاریخـــوازی نیشـــتمانی کوردســـتان و، ســـڵاو دەنێریـــن بـــۆ کەســـوکاری ئەنفالکـــراوەکان و کـــەس و کاری ٨ هـــەزار بارزانـــی بێســـەرو شـــوێن و شـــەهیدانی کارەســـاتی هەڵەبجـــە و، ســـڵاوو رێـــز دەنێریـــن بـــۆ ئازادیخـــوازانی کوردســـتان لـــە زیندانـــەکانی داگیرکـــەرانی کوردســـتان (عێـــراق و ئێـــران و تورکیـــا و ســـوریا)، جارێکـــی تـــر بەخێربێـــن و هـــەر ســـەرفراز بـــن.

بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات.



**غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی دوانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# پێویستە کاربکەین بۆ دارشتنی دەستوورێك بۆ باشووری کوردستان

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK ڕۆژی ٧/١٠/١٩٩٩ لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی دوانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان دا، کە لە شاری (هەولێر)ی پایتەختی کوردستان بەڕێوەچوو، وتارێکی پێشکەشکرد و، رایگەیاند کەوا پێویستە کاربکەین بۆ دارشتنی دەستوورێك بۆ باشووری کوردستان. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

برای بەڕێزو خۆشەویستمان کاك مەسعود بارزانی - رێبەری بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی دوانزەهەمی پارتی دیموکراتی کوردستان-ی برا

میوانانی بەڕێز ... خوشکان ... برایان

سڵاوی سەرخۆبوون و ئازادیتان لێبێت...

سەرەتا بەناوی خۆمان و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی هەڤاڵانمان لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی دوانزەهەمی پارتە تێکۆشەرەکەتان پارتی دیموکراتی کوردستان جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین و هیواداریین کە ئەم کۆنگرەیەتان خاڵی وەرچەرخان بێت لە کاروانی خەباتی پڕ سەروەری PDK و دیرۆکی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان.

بەڕێزان ؛ هەروەك ئاشکرایە کۆنگرەی دوانزەی PDK لە کاتێکدا دەبەسترێت کە گەلی کوردستان و ئەزموونە دیموکراتییەکەی بە قۆناغێکی زۆر ناسك و هەستیاردا تێپەڕدەبێت و زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستی بە هەوڵی دڵسۆزانە و نەتەوەییانەی کەسانی وڵاتپارێزی کوردستانە، هەرچەندە

کــە پەرلەمــان و حکومەتــی کوردســتان وەك دوو دەزگاو دەســکەوتی مەزنــی ئەزموونــە دیموکراتییەکەمــان تارادەیەکــی بــاش توانیویانــە رۆلــی بەرچــاوی خۆیــان ببینــن و لــەرووی سیاســی و مرۆییــەوە دۆســتایەتی و ســۆز و پشــتیوانی گــەلان و سیاســەتمەدارانی دەرەوە بــۆ لای ئەزموونەکەمــان رابکێشــن و لەئاســتی ناوخۆیشــدا پشــتگیری و ســۆزێکی بەرفراوانــی جەمــاوەری بــۆ پەرلەمــان و حکومەتــی کوردســتان لــە ئارادایــە، لەراســتیدا ئــەم هەمــوو دەســکەوتە مــەزن و پیرۆزانــە لەســایەتی سیاســەتی حەکیمانــە و واقیعبینانــەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دا هاتوونەتــە بەرهــەم و پارێــزراون، بۆیــە ســەروەرییەکی مــەزن بــە ســەرجەم ئەندامانــی کۆنگــرەی دوانــزە دەبرێــت کــە ئەندامــی کۆنگــرەی پارتێکــن ســەرەرای ئــەوەی کــە خــودان مێــژووی زیاتــر لــە نیــو ســەدە خەبــات و قوربانیــدان و بەرخۆدانــی نەتەوەییــە و دامەزرێنەرەکــەی بارزانــی نەمــرەو ئێســتاش رابەرایەتــی شــەرعیترین و بالآتریــن دەســکەوتی نەتەوەکەمــان دەکات کــە خــۆی لــە پەرلەمــان و حکومەتــی کوردســتاندا دەبینێتــەوە.

ئێمــە ئومێدمــان زۆرە کــە کۆنگــرەی دوازدە ببێتــە کۆنگــرەی چارەســەرکردنی ســەرجەم ئــەو رەخنــە و کێماســییانەی کــە پێشــتر بــرای بەرێزمــان کاك مەســعود بارزانــی رێبــەری بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان لــە دەزگاکانــی راگەیاندنــەوە زۆر راشــکاوانە بــۆ جەمــاوەری کوردســتانی روونکــردەوە.

هەروەهـا هیواداریـن کـە کۆنگـرە بـە وردی لەسـەر پرۆسـەی ئاشـتی بوەسـتێت و بڕیـاری گونجـاوی لەبـارەوە بـدات لەبـەر ئـەوەی گەلـی کوردسـتان و دۆسـتانی دەرەوەمـان بـە ئومێدێکـی زۆرەوە چاوەروانـی ئەنجامـی ئـەم کۆنگرەیـە دەکـەن، لــەم رووەوە دیــارە چەســپاندنی ئاشــتیش بەتایبــەت رێکەوتنامــەی واشــنتۆن پێویســتی بــە کارو خەبــات و مــاوەی زیاتــر هەیــە بــۆ جێبەجێکردنــی، دڵنیاشــین کــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــەم بارەیــەوە کــەم تەرخــەم نابێــت و کارو

خەباتــی خــۆی بــەم ئاراســتەیەدا دەبــات، لەبەرئــەوەی چــوار ســاڵ شــەڕی ناوخــۆ ســەلماندوویەتی کــە PDK زۆر بــە ســەبرە و تەحەمولــی زۆر زوڵــم و غــەدری کــردووە کــە دەرهــەق بــە ئەزموونەکەمــان و PDK کــراوە، کــە زۆرجــار هێــزی وڵاتانــی ئیقلیمیــش لــەو غــەدرو زوڵمانــەدا بەشــداربوون و دژی بەرژەوەنــدی و هەڵوێســتە نەتەوەییەکانــی ئەزموونەکەمــان و PDK بــوون، بــەڵام PDK لەگــەڵ ئەمانەشــدا بــەردەوام رێگــە چــارەی ئاشــتی هەڵبــژاردووە و چەندیــن پــرۆژەی لــەم بارەیــەوە پێشــکەش کــردووە.

بەرێــزان: بەپێویســتی دەزانیــن کــە کۆنگــرە لەســەر ئــەم چەنــد خاڵــە بوەســتێت و بڕیــاری خــۆی بــۆ هــەر یەکێکیــان هەبێــت:

- کارکردن بۆ دارشتنی دەستوورێك بۆ باشووری کوردستان.
- زیندووکردنــەوەی بــەرەی کوردســتان و فراوانکردنــی بنکەکــەی، یــا کارکــردن بــۆ پێکهێنانــی بەرەیەکــی سیاســی کــە بتوانــێ زۆربــەی هــەرە زۆری هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان لەژێــر چەتــری خۆیــدا کۆبکاتــەوە و ببێتــە پاڵپشــتییەکی بەهێــز بــۆ پەرلەمــان و حکومەتــی کوردســتان، لەبەرئــەوەی ئــەم پــەرش و بڵاوییــەی ئێســتای گۆڕەپانــی سیاســی کوردســتان لــە خزمەتــی بزاڤەکەمانــدا نییــە و دەبــێ ئــەو بزاڤــە رێکبخــرێ.
- فراوانکردنــی بنکــەی حکومەتــی کوردســتان وچاوخشــاندنەوە بــەو ئیئتیلافــەی ئێســتای حکومــەت، لەبەرئــەوەی چەنــد بنکــەی حکومەتەکەمــان فراوانــتر بێــت ئەوەنــدە پرۆســەکە دیموکراســیانە تــر دەبێــت و، لەهەمــان کاتــدا دەبێتــە هــۆی ئــەوەی کــە ســەنگەری بەرەڤانیکــردن لــە ئەزموونــەکان قایمــتر ببێــت.

- گۆڕیـن و بـە کـوردی کردنـی پرۆگرامـی خوێنـدن لـە تێکـرای قۆناغەکانـی خوێندنـدا (سـەرەتایی تـا زانکـۆ) و دانانـی پرۆگرامێکـی وا کـە تەعبیـر لـە کۆمەڵـگای کوردسـتان و دیـرۆك و جوگرافیـا و کلتـوور و خەبـات و قوربانیدانـی گەلـی کوردسـتان بـکات، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن نـەوەی داهاتوومـان بـە پێـی پرۆگرامێکـی گونجـاو و کوردسـتانیانە پـەروەردە بکەیـن.
- دارشـتنی سیسـتمێك بـۆ شـێوازی پەیوەنـدی حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لەگـەڵ وڵاتانـی دەوروبـەر و دەرەوەدا و، ئەگـەر بکـرێ پەیوەندییـەکان تەنهـا لـە رێگـەی پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتان بـن باشـترە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو شـێوازە پەیوەندییـەی ئێسـتای حزبـەکان لەگـەڵ وڵاتـانی ئیقلیمـی و دەرەوەدا زیانێکـی زۆری دەبێـت بـۆ ئاسایشـی نەتەوەیـی و بەرژەوەنـدی بـاڵای گەلـی کوردسـتان، بۆیـە پێویسـتە کۆنگـرە ئـەم خاڵـە بـە گرنـگ وەربگـرێ و بڕیـاری خـۆی هەبێـت بـۆ رێکخسـتنی پەیوەنـدی حزبـەکان لەگـەڵ دەرەوەدا.
- دامەزراندنـی دەزگایەکـی تایبـەت بـە کەلەپـووری بارزانـی نەمـر بـۆ کۆکردنـەوەی تێکـرای وتـار و دەسـتنووس و نامـە تایبەتیـەکان و چاوپێکەوتنەکانـی و چاپکردنەوەیـان بـۆ ئـەوەی نـەوەی ئێسـتا و داهاتـووی نەتەوەکەمـان سـوودی لێوەربگـرن.

لـە کۆتاییـدا جەخـت دەکەینـەوە سـەر پتەوکردنـی پەیوەنـدی برایانـە و هاوپەیمانانـەی نێـوان هـەردوو لامـان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و YNDK لەپێنـاو پاراسـتن و سەرخسـتن و چەسـپاندنی ئەزموونـی دیموکراتـی باشـووری کوردسـتاندا کـە ئەمـەش ئەرکـی هـەر هەمـوو لایەکمانـە.

جارێکـی تـر هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخوازیـن و هیواداریـن کۆنگـرەی خێـرو خۆشـی بێـت بـۆ هەمـوو لایەکـمان.

لەگەڵ رێزی دووبارەماندا.

هەر بژین بۆ کورد و کوردستان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

١٩٩٩/١٠/٦ هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری لە پێنجەمساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

# دەبێ نێوماڵی کورد ڕێکبخرێتەوەو ئاشتییەکی سەرتاسەری لە کوردستاندا سەقاگیربێت

***غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتی YNDK ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/٢٨ لــە ڕێوڕەســمی نەتەوەیــی پێنجــەم ســاڵیادی دامەزراندنــی YNDK دا، کــە لــە شــاری (هەولێــر)ی پایتەختــی کوردســتان بەڕێوەچــوو، وتارێکــی پێشکەشــکرد و، رایگەیانــد کــەوا دەبــێ ئێوماڵــی کــورد ڕێکبخرێتــەوە و ئاشــتییەکی سەرتاســەری لــە کوردســتاندا ســەقاگیر ببێــت. ئەمــەش دەقــی وتارەکەیــە:***

بەڕێــز کاک فرانســۆ هەریــری نوێنــەری بــرای بەڕێزمــان کاك مەســعود بارزانــی ڕێبــەری بزاڤــی ڕزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان

بەڕێزان نوێنەرانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان

بەڕێزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکان و وڵاتپارێزانی کوردستان

بەڕێزان نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی کوردستان

بەڕێزان کەسایەتییە ناسراوو پیاوماقوڵەکانی کوردستان

خوشکان.. برایان... ئامادەبووانی بەڕێز.

ســەرەتا بەبۆنــەی جەژنەکانــی ئــادارو نــەورۆزەوە و، بەتایبــەت ســاڵیادی ڕاپەرینــی نەتەوەکەمــان لــەدژی ڕژێمــی داگیرکــەرو فاشــی عێــراق و جەژنــی نەتەوەکەمــان (نــەورۆز)و پێنجــەم ســاڵیادی دامەزراندنــی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK پیرۆزباییەکــی گــەرم ئاراســتەی ئێــوەی بەڕێــزو گەلــی کوردســتان و هەڤاڵانــی YNDK دەکــەم و هیــوادارم هەمــوو ڕۆژێکتــان جــەژن و نــەورۆزو خۆشــی بێــت، زۆر بەخێربێــن بــۆ ئاهەنگەکەمــان سەرســەرو ســەرچاو.

بەڕێــزان ؛ کــە یــادی پێنجــەم ســاڵیادی دامەزراندنــی YNDK دەکەینــەوە بەکورتیــش بێــت دەبێــت ئامــاژە بەســەردەمی دامەزراندنەکــەی بکەیــن YNDK

لەکاتێکی وادامـەزرا کـە دەبـوو وەکـو پێویسـتییەکی مێژوویـی وبابەتـی دابمـەزرێ، لەبەرئـــەوەی کوردســـتان لەگەرمـــەی شـــەڕی ناوخۆیـــدا بـــوو، ئەزموونەکەمـــان لـــە زۆر لاوە کەوتبـــووە بـــەر هەرەشـــە، هەڵگرانـــی پەیامـــی بیـــری نەتەوەیـــی ســـەربەخۆخوازی لەباشـــووری کوردســـتادا بەشـــێکی زۆریـــان بێئومێـــد ببـــوون لەبارودۆخەکـــە، داگیرکەرانـــی کوردســـتان هەریەکـــەو لـــە پیلانگێرانـــدا بـــوون بـــۆ لەناوبردنـــی ئەزموونـــی دیموکراتـــی باشـــووری کوردســـتان، ئـــەم ڕەوشـــە وایکردبـــوو بۆشـــاییەکی سیاســـی و هـــزری دروســـت ببـــێ، بۆیـــە ئێمـــە کۆمەڵـــێ لـــە هاوبیـــر و هەڤاڵانـــی هەڵگـــری بیـــری نەتەوەیـــی و ســـەربەخۆخوازی دوای بیروڕاگۆڕینـــەوە کەوتینـــە خـــۆ بـــۆ دەربازبوونـــی ئـــەم ڕەوشـــە نالەبـــارەی کوردســـتان و، دوای زنجیرەیـــەك كۆبوونـــەوە گەیشـــتینە ئـــەو بـــاوەڕەی کـــە دەبـــێ وەك پێویســـتییەك ڕێکخراوێکـــی نەتەوەیـــی دابمەزرێـــت بـــۆ کۆکردنـــەوەی کەســـانی نەتەوەیـــی لـــە چوارچێـــوەی خۆیـــداو بـــۆ ڕووبەڕووبوونـــەوەی ڕەوشـــی ئالـــۆزو نالەبـــاری کوردســـتان و بەرگرتـــن لـــەو هەڕەشـــانەی لـــە نەتەوەکەمـــان و ئەزموونەکەمـــان دەکـــرێ، لەرۆژانـــی ١٧و١٨و١٩/٣/١٩٩٥ لەشـــارۆچکەی عەنـــکاوە کۆنگرەیەکـــمان بەســـت بـــۆ لێکۆڵینـــەوەی بارودۆخەکـــە و دامەزراندنـــی ڕێکخراوێکـــی نەتەوەیـــی ئەوەبـــوو لـــە ئەنجامـــی کۆنگرەکـــەدا YNDK لەدایکبـــوو.

لـــەرۆژی نـــەورۆزی جەژنـــی کـــوردان لـــە ٢١-٣-١٩٩٥ بەرەســـمی مـــژدەی لەدایکبوونـــی YNDKمـــان بەهەڵگرانـــی پەیامـــی نەتەوەیـــی و ســـەربەخۆخوازی و گەلـــی کوردســـتان دا.

YNDK هـــەر لەســـەرەتای لەدایکبوونیـــدا کۆمەڵێکـــی زۆری لـــە خەباتگێرانـــی کوردســـتان لەریزەکانـــی خـــۆی ڕێکخســـتووە بـــۆ کارو خەبـــات و ڕووبەڕووبوونـــەوەی ئـــەو هەڕەشـــانەی لـــە ئەزموونەکەمـــان دەکرێـــت، دەســـپێکی کارەکانـــی YNDK کارکـــردن بـــووە لەپێنـــاو کۆتاییهێنـــان بـــە شـــەڕی ناوخـــۆ و ســـەقامگیرکردنی



ئاشـتییەکی سەرتاسـەری لـەو پێناوەشـدا YNDK باجێکـی زۆری داوە بـەڵام کارتـی ئاشـتی خـۆی هـەرزان فـرۆش نەکـردووە و سـوور بـووە لەسـەر بیروڕاکانـی و بەتـەواوی شـەڕەکانی ناوخـۆی گووتـووە نـا (نـا بـۆ شـەڕ بەڵـێ بـۆ ئاشـتی) هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە چەندیـن دەستپێشـخەریمان هەبـووەو بـە دەیـان کۆبوونـەوە لـە بارەگاکانـی YNDK ئەنجامـدراون و هەمیشـە بارەگاکانـی YNDK شـوێنی کۆبوونـەوەی فراوانـی حزبەکانـی کوردسـتان بـووە بـۆ هەڵوێسـت وەرگرتـن لەهەمبـەر ئـەو شـەڕەدا، شـانازییەکی گەورەیـە بـۆ YNDK کـە تاکـە لایەنـی سیاسـییە بـە بوێرییـەوە بەسـپی دەڵـێ سـپی و بـە رەش دەڵـێ ڕەش.

خوشك و برایانی بەڕێز ...

لەپێنجـەم ساڵیادی دامەزراندنـی YNDK جارێکـی تـر جەختدەکەینـەوە سـەر ئـەوەی کـە دەبـێ نێـو ماڵـی کـورد رێکبخرێتـەوە و ئاشـتییەکی سەرتاسـەری لـە

کوردستان دا سەقاگیر ببێت هەر بەم بۆنەیەوە ئەگەر بە کورتیش بێت پێم باشە ئاماژە بە کارو خەباتی YNDK بکەم لەچەند روویەکەوە، YNDK وەك رێکخراوێکی سیاسی بەردەوام لە گەشەکردن و پێشڤەچوون و خۆنوێکردنەوە دایە، لە تەمەنی پێنج ساڵی خۆیدا سێ کۆنگرەی گرێداوە.

- لە ١٧-١٨-١٩٩٥/٣/١٩ لە عەنکاوە
- لە ٥-٦-١٩٩٦/٥/٧ لە شەقڵاوە
- لە ١٠-١١-١٩٩٩/١/١٢ لە هەولێر

لەرووی رێکخستن و جەماوەرییەوە: بەڕوونی هەست بەوە دەکرێ کە YNDK لە رووی رێکخستن و جەماوەرییەوە لە زۆربەی هەرەزۆری شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان دا جەماوەری خۆی هەیە، هەروەها کۆمەڵێ هەڤاڵ و ئەندام و لایەنگری لەپارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا هەیە، مایەی خۆشحاڵییە کە بەم شێوەیە جەماوەر لە دەوری YNDK دا کۆدەبێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی دروست و راستگۆیی لە هەلوێستە سیاسییەکانی YNDK دا، ئێمە وای دەبینین کە YNDK هی جەماوەرەو بۆ جەماوەریشە لەبەر ئەوەی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەواندا لەدایکبووە.

لەرووی راگەیاندنەوە: ئەمڕۆ YNDK گەشەیەکی بەرچاوی کردووە و زۆر بایەخ بەم لایەنە دەدات لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە کە دەبێ وشیارییەکی نەتەوەیی لەناو نەتەوەکەماندا بڵاو بکەینەوە، لەم پێناوەشدا کۆمەڵێ هەنگاومان ناوە جگە لە رۆژنامەی (میدیا) کە ئۆرگانی ناوەندیمانە تائێستا کۆمەڵێ کتێب وناملیکەمان بۆ نووسەرانی بەڕێز چاپ کردووە، هەروەها گۆڤارێکی هزری بەناوی (سەرخۆبوون) دەردەکەین، گۆڤاری قەرەچووغیش لەلایەن هەرێمی قەرەچووغی YNDK دەردەچێت بۆ ڕیسواکردن و ناساندنی

سیاسەتی گڵاوی تەعریبکردنی کوردستان لەلایەن رژێمی فاشی عێراق و دژ بە کورد، ئەمەش شەرەفێکی گەورەیە بۆ YNDK کە بەم شێوەیە لە دژی تەعریبکردنی کوردستان دەوەستێت.

هەروەها ناوچەی رواندوزی YNDK نەورۆز و ناوچەی رۆژهەڵاتی سەر بە هەرێمی هەولێری YNDK (رۆژهەڵات) دەردەکەن، YNDK توانیویەتی بڵاوکراوەکانی خۆی بگەیەنێتە پارچەکانی دیکەی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ نووسەران و رۆشنبیرانی ئەو پارچانەشدا ببەستێ، هەندێ لە بەڕێزان نووسەرانی ئەو پارچانەش نووسین و بەرهەمی خۆیان بۆ بڵاوکراوەکانی YNDK ناردووە و بەسوپاسەوە بۆیان بڵاوکراوەتەوە، ئێمە ئەو پەیوەندییە کلتوورییە زۆر بە پێویست دەزانین لەنێوان رۆشنبیرانی نەتەوەکەمان، بۆ بەرەوپێشبردنی راگەیاندنی YNDK و لەپێناو بلاوکردنەوەی هۆشیارییەکی نەتەوەیی لەنێو رۆڵەکانی نەتەوەکەماندا بانگ لە بەڕێزان نووسەران و رۆشنبیرانی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی بەهەموو لایەکمان بتوانین رۆڵێك ببینین لە وشیارکردنەوەی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان.

لەرووی پەیوەندییەوە: YNDK هەمیشە باوەڕی بە پلورالیزم و گیانی یەکتر قبوڵکردن هەبووەو هەیە لەسەر ئەم بنچینەیەش لەسەر بنەمای رێزگرتنی وەك یەك و بەرژەوەندی هاوبەش (لەم قۆناغەدا بەرژەوەندی هەموو لایەکمان پاراستنی ئەزموونی دیموکراتی باشووری کوردستانە) پەیوەندییەکی دۆستانە و برایانە و هاوخەباتانەی لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری حزبەکانی کوردستاندا هەیە، جگە لەو حزبانە نەبێت کە هەڕەشە لە ئەزموونی دیموکراتی باشووری کوردستان دەکەن و دژی ئاواتی نەتەوەکەمان وەستاونەتەوە.

هەروەها YNDK پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکانی



پارچەکانــی دیکــەی کوردســتاندا هەیــە و ڕۆژ بــەڕۆژ ئــەو پەیوەندییانــەی خــۆی بەرەوپێــش دەبــات YNDK لــە پەیوەنــدی خــۆی لەگــەڵ حــزب و لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتاندا زۆر ڕاســتگۆ بــووە و بەراســتگۆییش دەمێنێتــەوە، لەبەرئــەوەی ڕاســتگۆیی نێــوان حزبــە سیاســییەکان متمانەیەکــی بــاش لای جەماوەریــش دروســتدەکات ئێمــە لــە YNDKدا باوەڕمــان وایــە کــە دەبــێ هێــزو لایەنــە سیاســییەکان زوو زوو یەکــتر ببینــن بــۆ گفتوگــۆ و بیروڕاگۆڕینــەوە لەســەر ڕەوشــی وڵات و وەرگرتنــی هەڵوێســتی هاوبــەش بەرامبــەر کارە بــاش و خراپــەکان، یــەك دەنگــی و یــەك هەڵوێســتی لــەم قۆناغــەدا زۆر بــە پێویســت دەبینیــن.

پەیوەندیشــمان لەگــەڵ وڵاتانــی دەوروبــەر جگــە لــە داگیرکــەران و ئۆپۆزســیۆنی وڵاتانــی داگیرکــەری کوردســتان لەســەر بنەمــای بەرژەوەنــدی هاوبــەش و ڕێزگرتنــی وەك یــەك و دانــان بــە مافــە نەتەوەییەکانمــان دەبێــت و، هــەر جــۆرە

پەیوەندییەکـی بـەدەر لەمـە ڕەتدەکەینـەوە.

بەڕێـزان ؛ ئێمـە وای دەبینیـن کـە ئەمـڕۆ پـەرش و بڵاوییەکـی زۆر لـە نێـو گۆڕەپانـی سیاسـی کوردسـتاندا هەیـە بۆیـە زیندووکردنـەوەی (بـەرەی کوردسـتانی) یـا بەرەیەکـی نیشـتمانی بـۆ کۆکردنـەوەی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بـە پێویسـتییەکی هەنوکەیـی دەزانیـن.

هـەر لـەم پێنـاوەدا ئێمـە لـە کۆنگـرەی سـێیەمی خۆمانـدا کـە لـە ١٠-١١-١٩٩٩/١/١٢ بەسـترا، بـرای بەڕێزمـان کاك (مەسـعود بارزانی)مـان بـە ڕێبـەری بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان هەڵبـژارد بـۆ ئـەوەی هەمـوو لایەکـمان لـەو پـەرش و بڵاوییـە ڕزگارمـان بێـت و بزاڤەکەمـان یەکبخەیـن، بـۆ دروسـتکردنی ئـەم بەرەیـە داوا لـە بـرای بەڕێزمـان کاك مەسـعود بارزانـی ڕێبـەری بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان دەکەیـن کـە لـەم بـوارەدا ڕۆڵـی بەرچـاوی خـۆی ببینـێ، لـە هەمـان کاتـدا هیواداریـن کـە حزبـە وڵاتپارێزەکانـی کوردسـتان بـە وردی لەسـەر ئـەم خاڵـە بوەسـتن، هەروەهـا دەکـرێ بـۆ ئـەم مەبەسـتە کۆنگرەیەکـی نیشـتمانی ببەسـترێ و لـەوێ بڕیـار لەسـەر چەترێکـی لـەم جـۆرە بـدرێ.

هەڵوێستمان بەرامبەر ئەزموونی دیموکراتی باشووری کوردستان:

پاراســتن و چەســپاندن و بەرەوپێشــبردن و دەوڵەمەندکردنــی ئەزموونــی دیموکراتـی باشـووری کوردسـتان کـە خـۆی لـە پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتاندا دەبینێتـەوە بەئەرکـی هـەرە لەپێشـی خۆمـان و تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردســتان و جەمــاوەری وڵاتپارێــز دەزانیــن، لەبەرئــەوەی چارەنووســی هــەر هەمــوو لایەکــمان بــەم ئەزموونــەوە گرێــدراوە هــەر هەرەشــەیەك بــۆ ســەر ئەزموونەکەمــان هەرەشــەیە بــۆ ســەرهەموو لایەکــمان.

هەروەهـا ئەزموونەکەمـان بـەری ڕەنجـی خەبـات و قوربانیدانـی چەنـدان سـاڵەی نەتەوەکەمانـەو لەسـەر ئێسـك و پروسـکی شـەهیدانمان بنیـات نـراوەو

دەریایەك خوێنـی بـۆ رژاوە، بۆیـە دەبـێ بـە هەمـوو لایەکـمان بەرەڤانـی لێبکەیـن و ئــەو دەســتانە ببڕیــن کــە دەیانــەوێ بــەرەو هەڵدێــری ببــەن و بەخەڵکیــان بناسـێنین و روورەشــی مێژوویــان بکەیــن.

خوشك و برایانی ئازیز...

لــە کۆتاییــدا ؛ لــە پێنجــەم ســاڵیادی دامەزراندنــی YNDKدا سـڵاو دەنێریــن بــۆ کەســوکارو بنەماڵــەی ســەربەرزی شــەهیدانی کارەســاتی شــوونبزرکردنی ٨ هــەزار بارزانــی و کارەســاتی کیمیابارانکردنــی هەڵەبجــەو شــوێنەکانی تــری کوردســتان و کارەســاتی ئەنفــال و شــەهیدانی راپەریــن و ســەرجەم شــەهیدانی رێــی ســەرخۆبوون و ئــازادی کوردســتان و بەڵێنیــان پێدەدەیــن کــە هەمیشــە دڵسـۆزی رێبـازی شـەهیدان دەبیـن و پارێـزگاری لـەو دەسـتکەوتانە دەکەیـن کـە ئــەوان خوێنیــان بــۆ رشــتووە.

ســڵاو دەنێریــن بــۆ زیندانییــە سیاســییەکانی نێــو زیندانــە تاریکەکانــی داگیرکەرانــی هــەر چــوار پارچــەی کوردســتان و ئــازادی و ســەرفرازییان بــۆ بــە ئومێــد دەخوازیــن.

سـڵاو دەنێریـن بـۆ خەلکـی خۆڕاگـرو وڵاتپارێـزی ناوچـە تەعریبکراوەکانـی کەرکـوك و مەخمـوور و قـەراج و کەندێنـاوەو گوێـڕ و خانەقیـن و مەندەلـی و بــەدرەو جەســان و شــارەبان و شــێخان و ســنجار و زەمــارو شــوێنەکانی دیکــە، دڵنیایـان دەکەینـەوە کـە ئـەو زوڵـم و زۆرە تاسـەر نابێـت، سـڵاو دەنێریـن بـۆ هەمـوو ئـەو بیرمەنـد و هزرڤـان و رۆشـنبیرە بەڕێزانـەی کـە چەندیـن سـاڵە لـە تاراوگــەدا دەژیــن و خزمەتــی نەتەوەکەشــمان دەکــەن.

ســڵاو دەنێریــن بــۆ هەمــوو ئەنــدام و دۆســت و لایەنگرانــی YNDK و رۆڵەکانـی نەتەوەکەمـان کـە لـە دەرەوەی وڵات دەژیـن و، داواکاریـن لێیـان لـە زیاتـر ناسـاندن و گەیاندنـی کێشـەی رەوای نەتەوەکەمـان بەگەلانـی جیهـان رۆڵـی

خۆیــان ببینــن.

- نەمری بۆ شەهیدانی ڕێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان
- مردن و ڕوورەشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان
- ببێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازادو ویەکگرتوو و دیموکرات.

بژی کورد.. بژی کوردستان

ئێوەش هەر شادو سەرکەوتووبن

زۆر سوپاس

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠٠٠/٣/٢٨



غەفوور مەخمووری

لە ڕێوڕەسمی چلەی شەهید (سەربەست مەحموود)دا:

# تیرۆرکردنی شەهید سەربەست زیانێکی گەورە بوو بۆ YNDK و بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان

***غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتی YNDK رۆژی ٩/٧/٢٠٠٠ لـە ڕێورەسـمی چلـەی شـەهید (سەربەسـت مەحمـوود)دا، کـە لـە شـاری (هەولێـر)ی پایتەختـی کوردسـتان بەڕێوەچـوو، وتارێکـی پێشکەشـکرد و، رایگەیانـد کـەوا تیرۆرکردنـی شـەهید سەربەسـت زیانێکـی گـەورە بـوو بـەر یەکێتیـمان YNDK و سـەرجەم بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان و، دەبـێ هەمـوو لایـەک ئـەوە بزانـن کـە هەرگیـزاو هەرگیـز خوێنـی شـەهید سەربەسـت بەفیـرۆ نـاڕوات و درەنـگ یـا زوو دەبـێ تیرۆریسـتان بـە سـزای خۆیـان بگـەن. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:***

بەڕێـز کاك ئـازاد بـەرواری نوێنـەری بـرای بەڕێزمـان کاك مەسـعود بارزانـی ڕێبـەری بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان

بەڕێز نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان-ی برا

بەڕێز نوێنەری حکومەتی کوردستان

بەڕێز نوێنەری پەرلەمانی کوردستان

بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و وڵاتپارێزەکانی کوردستان

بەڕێزان نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان

بنەماڵەی سەربەزی شەهید سەربەست مەحموود

ئامادەبووانی خۆشەویست.. خوشکان.. برایان

سـەرەتا بەنـاوی خـۆم و کۆمیتـەی سـەرکردایەتی و مەکتەبـی سیاسـی YNDK بەخێرهاتنێکـی گەرمـی هـەر هەموولایەکتـان دەکـەم و سوپاسـی ئـەو ئامادەبوونەتـان دەکـەم و پێـی سـەربڵندین، بەخێـر بێـن سەرسـەرو سـەرچاومان.

بەڕێزان:

ئێمــە ئەمــڕۆ لــەم هوڵــەدا کۆبووینەتــەوە چــل ڕۆژ بەســەر تیرۆرکردنــی هەڤاڵــی ئازیــز و خۆشەویســتمان ڕۆڵــەی بەئەمــەك و بەهەڵوێســتی نەتەوەکەمــان سیاســەتکاری لێهاتــوو، ڕۆژنامەنووســی بوێــر و هەقگــۆ شــەهید سەربەســت مەحمــوود ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی و بەرپرســی مەکتــەبی ناوەنــدی ڕێکخســتنی یەکێتیــمان YNDK و سەرنووســەری ڕۆژنامــەی (میدیــا) ئۆرگانــی ناوەنــدی YNDK و خــاوەن ئیمتیــازی گۆڤــاری ســەرخۆبوون تێدەپەڕێــت.

تیرۆرکردنــی شــەهید سەربەســت زیانێکــی گــەورە بــوو بــەر یەکێتیــمان YNDK و ســەرجەم بزاڤــی ڕزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان کــەوت، دوژمنــانی ڕێبــازی کوردایەتــی و ســەرخۆبوونی کوردســتان لێکداونەوەیەکــی وردیــان بــۆ بۆچــوون و ڕوانینەکانــی شــەهید سەربەســت کردبــوو، دەیانزانــی مانــەوەی شــەهید سەربەســت لەژیانــدا هەڕەشــەیە بــۆ ســەر پیلانــە گڵاوەکانیــان دژ بــە نەتەوەکەمــان، بــاش درکیــان بەوەکردبــوو کــە شــەهید سەربەســت بەنووســین و بــە کــۆڕو ســیمینارەکانی ڕێگایەکــی ڕوونــاك بــۆ نــەوەی ئێســتا و داهاتوومــان زامــن دەکات، بۆیــە ئەوانــەی چاویــان بــە ڕووناکــی هەڵنایــەت، شەمشــەمە کوێرەکانــی جەهالــەت هەوڵــی تیرۆرکردنیانــداو تیرۆریــان کــرد و، چرایەکــی گــەش و پرشــنگداری ڕێبــازی کوردایەتــی و ســەرخۆبوونی کوردســتانیان کوژانــدەوە، بــەڵام دەبــێ ئــەوە بــاش بزانــن کــە خوێنــی بەناهــەق ڕژاوی شــەهید سەربەســت دەبێتــە هاندەرێکــی گــەورە بــۆ خەباتکــردن لەپێنــاو ئــەو پەیامــەی کــە شــەهید سەربەســت لەگــەڵ هەڤــاڵان لــە YNDK دا بــەرزی کردبــۆوە، دەبــێ ئــەوەش بزانــن کــە هەرگیــزو هەرگیــز خوێنــی شــەهید بەفیــڕۆ نــاڕوات و درەنــگ یــا زوو دەبــێ تیرۆریســتان بــە ســزای خۆیــان بگــەن.

بەڕێــزان: ناحەزانــی ئەزموونــی دیموکراتــی باشــووری کوردســتان هــەر لــەدوای هەڵبژاردنــی پەرلەمــان و دامەزراندنــی حکومەتــی کوردســتان کەوتوونەتــە خــۆ بــۆ

لەکەدارکــردن و لەناوبردنــی ئەزموونەکەمــان و یەکێــك لــەو کارە دزێوانــەی کــە پەناشــی بــۆ دەبــەن تیــرۆری سیاســییە، لــەو ڕێگایــەوە دەیانــەوێ کەســە دیــارو کاریگەرەکانــی پاراســتنی ئەزموونەکەمــان تیــرۆر بکــەن، شــەهید سەربەســت مەحمــوود یەکێــك بــوو کــە بەتــەواوی بــاوەڕەوە بــە قەڵەمەکــەی داکۆکــی و بەرەڤانــی لــە ئەزموونــی دیموکراتــی باشــووری کوردســتان دەکــردو دژی هەمــوو ئەوانــە دەوەســتایەوە کــە دەیانویســت ئەزموونەکەمــان لەکــەدار بکــەن و بــەرەو هەڵدێــری ببــەن، شــەهید شــارەزایانە لەســەر هێڵــە فکرییــە هــاوردە و نامۆکانــی ســەر گۆڕەپانــی سیاســی کوردســتانی دەنووســی و چەوتییەکانــی بــۆ جەمــاوەر دەردەخســت و کاریگــەری سلبی ئــەو هێڵــە فکرییــە هاوردانــەی لەســەر ئاسایشــی نەتەوەیــی کوردســتان دەخســتەروو، ڕێــگای راســت و ڕووناکــی نیشــانی نــەوەی ئەمــڕۆو داهاتــوو دەدا، دوژمنانــی ئەزموونەکەمــان ئــەو بۆچوونانــەی شــەهید سەربەســت یــان پــێ قبــووڵ نەدەکــرا، بۆیــە پەنایــان بــردە بــەر تیرۆرکردنــی شــەهید سەربەســت، بێگومــان کــردەوەی تیرۆرکــردنی شــەهید سەربەســت تیرۆرێکــی سیاســی و نەخشــە بــۆ کێشراو بــووە و لەلایــەن لایەنێکــی بەدەســەڵات و دژ بــە ئەزموونەکەمــان و YNDK ئەنجامــدراوە.

بەڕێــزان: نابــێ ئــەوەش لەیادبکەیــن کــە YNDK هــەر لــەرۆژی دامەزراندنیــەوە کەوتۆتــە بــەر هەڕەشــە و دژایەتیکــردن و لەیەکــەم رۆژی ڕاگەیاندنییــەوە لــە ٢١-٣-١٩٩٥ بەیاننامــەی دامەزراندنــی YNDK لــەزۆر شــوێنی هەولێــر دڕاو لەدیــوار کرایــەوەو ڕێگــە لــە کردنــەوەی بــارەگای YNDK لەهەولێــر گیــراو دوای هــەوڵ و ماندووبوونێکــی زۆر ئینجــا بــارەگای YNDK کرایــەوە، چاپخانــەکان ئاگادارکرانــەوە کــە رۆژنامــەو بەڵاڤۆکــی YNDK چــاپ نەکــەن، هەمــوو لایەکیــش دەزانــن کــەوا هەولێــر لەژێــر دەســەڵاتی (ی. ن. ک.) دایــە، تــا کار گەیشــتە ئــەوەی کــە ١٣-٧-١٩٩٥ کاتــێ YNDK لەگــەڵ لایەنێکــی تــری سیاســی دژی هاتنــە نــاوەوەی ســوپای



تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان هەڵسا بە خۆپیشاندان دەزگا ئەمنییەکانی (ی. ن. ک) تەقەیان لە هەڤاڵانمان کردو هەڤاڵێك شەهیدو پێنج هەڤاڵیش برینداربوون، جگە لە گرتنی کۆمەڵێك هەڤاڵ، پاش ئەوەیش کە YNDK لە ١٠-١٠-١٩٩٥ هەڵوێستی وەرگرت و لەهاوپەیمانێتی پەکەکە کشایەوە و دژی ئەو شەڕە وەستایەوە کە پەکەکە شەوی ٢٥ لەسەر ١٩٩٥/٨/٢٦ دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەماوەری باشووری کوردستان هەڵیگیرساند، ئا لەم کاتەشدا زیاتر دژایەتی YNDK کراو بەچاوساغی (ی.ن.ك) چەکدارانی PKK تەقەیان لە ئێمە کردو ئەوەبوو من بەشەخسی خۆم بە سەختی برینداربووم و ئێستاش عیلاج دەکەم، ئێمە لەم رووەوە گلەیی لە (ی. ن. ک) دەکەین، دوا غەدریش هەر چەندە بەرای ئێمە دوا غەدر نابێت لەدژی YNDK تیرۆرکردنی براو خۆشەویست و هەڤاڵی رۆژانی خۆشی و ناخۆشیمان

شـەهید سەربەسـت مەحمـوود بـوو، سـەرەڕای ئـەم هەڕەشـانە هـەر یـەک لـە دەزگا هەواڵگرییـەکانی رژێمـی عێـراق و رژێمـی تورکیـاش لـە هەوڵـی تیرۆرکـردنی ئەندامـانی سـەرکردایەتی و کادیـرانی ئێمـەدان.

بەرێـزان: ئـەو دژایەتیکردنانـەی YNDKم وەکـو بیرخسـتنەوەیەك بەبیـر ئێـوەی بەڕێـز هێنایـەوە کـە دڵنیاشـم زۆربـەی هـەرە زۆرتـان ئـاگاداری ئـەو دژایەتیکردنانـەن، ئێمـە تـا ئێسـتاکە لەبـارەی بکوژانـی شـەهید سەربەسـت هیـچ بەڵگەیەکـی قاتعـمان نەکەوتۆتـە بەردەسـت و لیژنەکانـی بـاڵا لـە ئاسایشـی گشـتی کوردسـتان بـۆ لێکۆڵینـەوە لەچۆنیەتـی تیرۆرکردنـی شـەهید سەربەسـت و گـەڕان بـەدوای دۆزینـەوەی تاوانبـاران پێکهاتـووە و کاری خۆیـان دەکـەن و هەرکاتـێ گەیشـتنە ئەنجامێـك و ئێمەیـان ئاگادارکـردەوە دڵنیابـن کـە ئێمـەش لـە راگەیاندنێکـدا جەمـاوەری سـەربەرزی کوردسـتان ئـاگادار دەکەینـەوە.

لەکۆتاییـدا جارێکـی تـر داوا لەسـەرۆکایەتی حکومەتـی کوردسـتان و دەزگا پەیوەندیـدارەکان دەکەینـەوە کـە ئەوپـەڕی توانـای خۆیـان بخەنـەکار بـۆ دۆزینـەوەی تاوانبـاران و دادگایـی کردنیـان، چاومـان لەهیممەتـی مەردانـەی بەڕێزیانـەو راشـیدەگەیەنین کـە بەدۆزینـەوەی تاوانبـاران گیانـی شـەهید سەربەسـت و شـەهیدانی کوردسـتان ئاسـوودە دەکـەن و خزمەتێکـی گـەورەش بەسـەقامگیرکردنی ئارامـی و ئاسایشـی کوردسـتان دەکـەن و هەنگاوێکـی مەزنیـش دەنێـن لەبـواری چەسـپاندنی هێمنـی و ئاسـایش لـە کوردسـتاندا.

نەمـری بـۆ شـەهید سەربەسـت و تێکـرای شـەهیدانی رێـی سـەرخۆبوون و ئـازادی کوردسـتان

مردن و روورەشی بۆ تیرۆریستان و داگیرکەرانی کوردستان

بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات

جارێکی تر بەخێر بێن سەرچاوان... زۆر سوپاس.



غەفوور مەخمووری

بۆ کۆری چلەی ماتەمینی شەهید سەربەست لە (لەندەن):

# شەهید سەربەست هەموو ژیانی خۆی وەقفی خزمەتی نەتەوەکەی کردبوو

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتی YNDK ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/٢٩ لـە ڕێوڕەسـمی چلـەی شـەهید (سەربەسـت مەحمـوود) دا، کـــە لـــە هۆڵـــی ماندێـــلا لـــە شـــاری (لەنـــدەن)ی پایتەختـــی شانشـینی بەریتانـا لەلایـەن کۆنگـرەی نیشـتمانی کوردسـتان KNC بەڕێوەچـوو، پەیامێکـی ئاراسـتەی ڕێوڕەسـەمەکە کـرد و، ڕایگەیانـد کـــەوا تیرۆرکردنـــی شـــەهید سەربەســـت مەحمـــوود تیرۆرێکـــی سیاسـی و نەخشـە بـۆ کێـشراو بـووەو لەلایـەن لایەنێکـی سیاسـی بەدەسـەڵات ئەنجامـدراوە و، دەبـێ هەمـوو لایـەک ئـەوە بزانـن کـــە هەرگیـــزاو هەرگیـــز خوێنـــی شـــەهید سەربەســـت بەفیـــڕۆ نـاڕوات و درەنـگ یـا زوو دەبـێ تیرۆریسـتان بـە سـزای خۆیـان بگـەن. ئەمـەش دەقـی پەیامەکەیـە:***

بــرای بەڕێزمــان کاك جــەواد مــەلا ســەرۆکی کۆنگــرەی نیشــتمانی کوردســتان KNC

بەڕێــزان ئامادەبووانــی چلــەی ماتەمینــی هەڤاڵــی بەغــەدر شــەهیدکرامان شــەهید سەربەســت مەحمــوود

میوانانی بەڕێز.. خوشکان.. برایان

سڵاوی سەرخۆبوون و ئازادیتان لێبێت..

ســەرەتا بەنــاوی خــۆم و مەکتەبــی سیاســی و کۆمیتــەی ســەرکردایەتی و ســەرجەم ئەنــدام و لایەنگرانــی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK، بەخێرهاتنێکــی گەرمــی هەمــوو لایەکتــان دەکــەم و سوپاســی ئامادەبوونتــان دەکەیــن، ئامادەبوونتــان ڕێزنانــە لەگیانــی پاکــی شــەهیدی وشــەی هــەق و هەڵوێســت، شــەهید سەربەســت مەحمــوود ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی و

بەرپرسی مەكتەبی ناوەندی رێكخستنی یەكێتیمان YNDK و سەرنووسەری رۆژنامەی (میدیا) ئۆرگانی ناوەندی YNDK و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار (سەرخۆبوون).

بەرێزان: لەوانەیە زۆربەتان بەناسین (شەهید سەربەست)تان نەناسیبێ، بەڵكو هزرو رامانی ئەوتان ناسیوە، كە لەرێی نووسین و لێكۆلینەوەكانی پێشكەشی كردوون، شەهید سەربەست وەك مرۆڤێكی نەتەوەیی و خودان هزر هەموو ژیانی خۆی وەقفی نەتەوەكەی كردبوو، دەستبەرداری هەموو شتێكی شەخسی خۆی ببوو، تێكرای ژیانی خۆی تەرخانكردبوو بۆ گەیاندن و بلاوكردنەوەی پەیام و ستراتیژییەتی نەتەوەیی YNDK، كە كوردستانێكی سەربەخۆ و ئازاد و یەكگرتوو و دیموكراتە، بەڵێ شەهید سەربەست دەیویست وشیارییەكی نەتەوەیی لەنێو كۆمەڵی كوردستاندا بڵاوبكاتەوە و جەماوەر بەبیری نەتەوەیی گۆش بكات، كە ئەمەش یەكێكە لە ئەركەكانی YNDK، ئەویش وەك ئەركێكی نەتەوەیی و رێكخراوەیی بەلەز، ئەم ئەركەی رادەپەڕاندو رۆڵی بەرچاویشی هەیوو لە گەیاندنی ئەم پەیامە، بۆیە ناحەزان و دوژمنانی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی كەوتنە خۆ بۆ پیلانگێران لەدژی شەهید و تیرۆركردنی، كە بە باوەڕی ئێمە تیرۆركردنی شەهید سەربەست مەحموود تیرۆرێكی سیاسی و نەخشە بۆ كێشراو بووەو لەلایەن لایەنێكی سیاسی بەدەسەلات ئەنجامدراوە، لەبەرئەوەی شەهید هیچ كێشەیەكی شەخسی نەبووە، بەلام لەسەر هەلوێستی سیاسی زۆر جار تووشی گرتن و ئەشكەنجەدان و راوەدوونان بووە، تا بەیەكجاری ناچار كرا كەوا سلێمانی بەجێبێهێلێ و بێتە هەولێر.

خوشكان ... برایان: YNDK لەبەرئەوەی دروشمی كوردستانێكی سەربەخۆو ئازاد و یەكگرتوو ودیموكراتی بەرزكردۆتەوەو خەباتی بۆ دەكات و جەماوەرێكی

زۆری لە دەور کۆبۆتەوە لەهەموو لایەکەوە دژایەتی دەکرێ، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە ٢١-٣-١٩٩٥ ناحەزان کەوتوونەتە لێدانی YNDK چ لەرووی تەقەلێکردن و چ لەرووی هێرشی راگەیاندن بێت بۆ سەر YNDK، جێی خۆیەتی کە بەبیر بەرێزتانی بهێنینەوە کە ئێمە وەک YNDK لە ١٣-٧-١٩٩٥ کاتێ خەریکی خۆپیشاندان بووین دژی هێرشی سوپای داگیرکەری تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان ئا لەم کاتەدا دەسەڵاتدارانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرشی عەسکەریان کردە سەر خۆپشاندانەکەی YNDK و تەقەیان لێکردین، هەڤاڵێکمان شەهیدکراو پێنج هەڤاڵیشمان برینداربوون، هەروەها لە ١-١٠-١٩٩٥ کاتی YNDK هەڵوێستی لەشەڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و PKK وەرگرت دیسان لە شەوی ٢٠-٢١-١٠-١٩٩٥ لەلایەن PKK بەچاوساغی (ی.ن.ك) هێرشکرایە سەر سەرکردایەتی YNDK و هەولی تیرۆرکردنی من (سکرتێری گشتیی YNDK)دراو بەسەختی بریندار بووم و تائێستاش بەردەوامم لە عیلاج کردن، دوا غەدریش هەرچەندەه بەرای ئێمە دوا غەدر نابێت لەدژی YNDK تیرۆرکردنی شەهید سەربەست بوو، جگە لەوە بەردەوام لە رێی هەندێ قەڵەمی نەفس نزم و بەکرێگیراو هێرش دەکەنە سەر شەخسیەتی سیاسی و هێلی فکری YNDK لەرۆژنامەو گۆڤارەکانیاندا، ئێمە لەم رووەوە گلەیی لە (ی. ن. ک) دەکەین، سەرەڕای ئەم هەڕەشانە هەر یەک لە دەزگا هەواڵگرییەکانی رژێمی عێراق و رژێمی تورکیاش لە هەولی تیرۆرکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی ئێمەدان، ئا بەڵێ بەم شێوەیە و جۆرەها شێوەی تر دژایەتی YNDK دەکرێ، کە بەرای ئێمە ئەو دژایەتیکردنە دژایەتیکردنی هزری نەتەوەیی و هێلی سەربەخۆخوازییە لە کوردستاندا.

بەرێزان: لەکۆتاییدا بەپێویستی دەزانم کە زۆر سوپاسی بەڕێز مامۆستای



گەورەمـــان پرۆفیســـۆر د. جەمـــال نەبـــەز و بـــرای بەڕێزمـــان كاك جـــەواد مـــەلا سـەرۆكی كۆنگـرەی نیشـتمانی كوردسـتان و تێكـڕای هاوبیرانـی كۆنگـرەو هەمـوو ئـەو بەڕێزانـە بكـەم كـە لـەدەرەوەی وڵاتـدا پەیامـی هاوخەمییـان بـۆ ناردیـن و ئیدانـەی كاری ترسـنۆكانەی تیرۆركردنـی شـەهید (سەربەسـت مەحموود)یـان كـرد.

دیـارە بەسـتنی ئـەم كـۆری ماتەمینیـەش خـۆی لەخۆیـدا هەسـتكردن بەئەركـی نەتەوەیـی و وڵاتپارێزییـە لەلایـەن كۆنگـرەی نیشـتمانی كوردسـتانەوە، هەروەهـا بـەڕای ئێمـە هەنگاوێكـی مەزنـە بـۆ گرێبەندكردنـی خەباتـی سیاسـی كـورد لەنـاوەوەو دەرەوەی كوردسـتاندا، لەهەمـان كاتـدا پێنگاڤێكـە لەپێنـاو پتەوكردنـی پەیوەنـدی برایانـەی نێـوان كۆنگـرەی نیشـتمانی كوردسـتان KNC و یەكێتـی نەتەوەیـی دیموكراتـی كوردسـتان YNDK بـۆ خزمەتكـردن و بەرەوپێشـبردنی پـرسی رەوای نەتەوەییـمان، هیڤیداریـن كـە ئـەم جـۆرە هاوكارییانـە بەردەوامـبن

لەنێــوان دەزگا نەتەوەیــی و لایەنــە سیاســییە وڵاتپارێزەکانــی کوردســتاندا.

وێــرای ســوپاس و رێــزی دووبارەمــان بــۆ کۆنگــرەی نیشــتمانی کوردســتان ئــەم هەنگاوەیــان بەهەنگاوێکــی نەتەوەیــی و بــەرز دەنرخێنیــن.

نەمــری بــۆ شــەهید سەربەســت مەحمــوود و تێکــڕای شــەهیدانی رێــی ســـەرخۆبوون و ئـــازادی کوردســـتان

مردن و رووڕەشی بۆ تیرۆریستان و داگیرکەرانی کوردستان

بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات

ئێوەش هەر بژین بۆ کورد و ئازادی.

برای دڵسۆزتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠٠٠/٧/٢٩




غەفوور مەخمووری

لە ڕێوڕەسمی یەکەم ساڵیادی شەهید (سەربەست مەحموود)دا:

# شەهید سەربەست مەحموود سیاسەتکارێکی لێزان و قەڵەمێکی بوێرو هەقگۆ بوو

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتی YNDK رۆژی ٢٠٠١/٥/٣١ لــە رێورەسـمی یەکـەم سـاڵیادی تیرۆرکـردنی شـەهید (سەربەسـت مەحمـوود)دا، کـە لـە شـاری (هەولێـر)ی پایتەختـی کوردسـتان بەڕێوەچـوو، وتارێکـی پێشکەشـکرد و، رایگەیانـد کـەوا شـەهید سەربەسـت مەحمـوود سیاسـەتکارێکی لێـزان و قەڵەمێکـی بوێـرو هەقگـۆ بـوو، یەکێـک بـوو لەوانـەی بەوپـەری ئازایەتییـەوە هەوڵیـدەدا بیـری سـەربەخۆخوازی لـە کوردسـتان بڵاوبکاتـەوە و، ئـەو بیـرو بۆچوونانـەی کـە مرۆڤـی کـورد بـە پاشـکۆ دەکـەن و بـەرەو دواوەو بـەرەو ئەشـکەوت و جەهالـەت دەیگەڕێننـەوە رەتبکاتـەوە، هەروەهـا داوایکـرد حکومـەتی کوردسـتان جددیانەتـر هەوڵبـدا ب ۆ دۆزینـەوەی تاوانبـاران و بـە سـزا گەیاندنیـان. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:***

بەڕێـز کاك عـارف تەیفـوور نوێنـەری بـرای بەڕێزمـان کاك مەسـعود بارزانـی رێبـەری بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان

برای بەڕێز کاك د.ناسیح غەفوور نوێنەری پەرلەمانی کوردستان

بەڕێزان وەزیرانی حکومەتی کوردستان

بەڕێـزان سـکرتێرو نوێنـەری حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتانییە هاوپەیـمان و دۆسـتەکان

بەڕێزان نوێنەرانی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان

بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین

بنەماڵەی سەربەرزی شەهید سەربەست مەحموود

هەمـوو لایەکتـان زۆر بەخێربێـن سەرسـەرو سـەرچاوان، ئەمـڕۆ ئێمـە کـە لـەم هۆڵـەدا کۆبووینەتـەوە یـادی لەدەسـتدانی شۆڕەسـوارێکی ڕێبـازی کوردایەتـی و سـەرخۆبوون و ئـازادی کوردسـتان دەکەینـەوە، ئەویـش هەڤاڵـی تێکۆشـەرمان هەڤـاڵ شـەهید سەربەسـت مەحمـوود ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK و سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (میدیـا) یـە، لەرۆژێکـی وەکـو ئەمـڕۆدا لەسـاڵی پـار لەلایـەن دەسـتێکی چەپـەڵ و دژ بـە کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی و دژ بـە ئـازادی و دژ بەبیـری نەتەوەیـی و لەلایـەن کەسـانێکی خـاوەن عەقڵییەتێکـی ئاشـنا بەژیانـی ئەشـکەوت و دواکەوتووییـەوە هاتـە شـەهیدکردن، شـەهید سەربەسـت مەحمـوود وەکـو تێکۆشـەرێکی قارەمـان کـە لەمـاوەی کارو خەباتـی خۆیـدا بەوپـەڕی توانـاو ماندوونەناسـیەوە کەوتـە کارو خەبـات، بەبـەردەوام لەرێگـەی پێنووسـەکەی لەرێـی ئـەو کـۆڕ و کۆبوونـەوە و سـیمنارانەی کـە دەیگێـرا بەوپـەڕی بوێرییـەوە بەرگـری لـە راسـتیە نەتەوەییـەکان دەکـردو پـەردەی لەسـەر هەمـوو ئـەو پیلانانـە لادەدا کـە دژی ئەزموونـی دیموکراتـی باشـووری کوردسـتان و کێشـەی رەوای نەتەوەییـمان دەهاتنـە ئـارا.

شـەهید سەربەسـت وەك هزرڤانێکـی زیـرەك زۆربـەی هـەرە زۆری ڕێبـازە فکرییەکانـی خوێندبـۆوە و زۆر زیرەکانـە لێکیدابوونـەوە، شـەیدای بـواری بیـر کردنـەوەو بـواری فەلسـەفە بـوو، شـەهید سەربەسـت هەرچەنـدە بەتەمـەن گەنـج بـوو بـەڵام بەبیرکردنـەوە و رامانـەکانی مرۆڤێکـی تـەواو پێگەیشـتوو تێگەیشـتوو بـوو، دیـارە شـەهید سەربەسـت لـەو تەمەنـە کورتـەی خۆیـدا خزمەتێکـی زۆری پێشکەشـکرد چ لـە بـواری نووسـین و چ لەبـواری رۆژنامەگـەری و چ لەبـواری سیاسـیدا بێـت، شـەهید سەربەسـت بەشـاهێدی زۆربـەی زۆری ئـەو هێـزو لایەنـە سیاسـییانەی کـە دۆسـتایەتی YNDK یـان کردبێـت سیاسـەتمەدارێکی زرنـگ و کارای بـواری سیاسـەت بـوو لـە کوردسـتان، بۆیـە بـە شـەهیدکردنی شـەهید سەربەسـت

تەنهـا YNDK زیانـی پێنەکەوتـووەو بگـرە سـەرجەم بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان زیانمەنـد بـووە، لەبەرئـەوەی شـەهید سەربەسـت کادیرێکـی چـالاك و لێوەشـاوەی ئـەو بزاڤـە بـوو، دڵنیایـن لـەوەی ئەگـەر تیرۆریسـتان و بکـوژان بـواری شـەهیدیان بدابایـە زۆر چالاکانەتـر و زۆر بـە گوڕتـر دەیتوانـی لـە خەباتـی خۆیـدا بـەردەوام بێـت و لـە دوارۆژێکـی نزیکـدا ببێتـە یەکێـك لـە هەڵسـورێنەرە هـەرە سـەرەکییەکانی بـواری سیاسـەت لـە کوردسـتاندا، شـەهید سەربەسـت لـەو رۆژەوەی کەمـن لـە زانکـۆوە ئاشـنایەتیم لەگـەڵ پەیداکـرد هەسـتم بەوەکـرد کـە یەکێکـە لـە مرۆڤـە رۆشـنبیرەکان و بـەردەوام بـەدوای خوێندنـەوە و نوێتریـن سـەرچاوەدا دەگـەڕا بۆئـەوەی پەیـدای بـکاو بیخوێنێتـەوە و سـەرنجەکانی خـۆی لەسـەر بنووسـێ، زۆریـش حەزیدەکـرد کەسـێکی تـر ئـەو پەرتووکـەی خوێندبێتـەوە تـا گفتوگـۆی لەسـەر بـکات، شـەهید سەربەسـت هـەروا هەرەمەکییانـە نەهاتبـووە نـاو بـواری سیاسـەت، شـەهید سەربەسـت لـە کڵاورۆژنـەی بیـرو لێکدانـەوەی فکرییـەوە هاتبـووە نـاو سیاسـەت و زۆر زیرەکانـە زۆربـەی هـەرەزۆری تێـزە فیکرییەکانـی شـیکردبۆوەو پەنـد و سـوودی زۆری لێوەرگرتبـوون و سـەرنج و پێشـنیازی تایبەتـی خۆیشـی هەبـوون لەبـارەی ئـەو تێـزە فکرییانـە، ئـەوەی نووسـینە هزرییەکانـی شـەهید سەربەسـت بخوێنێتـەوە ئـەو راسـتییانەی بـۆ دەردەکەوێـت، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن گۆرەپانـی سیاسـی و رۆشـنبیری لـە کوردسـتان کەلەمێـردو شۆڕەسـوارو سیاسـەتکارو قەڵەمێکـی بوێـرو هەقگـۆو بەجورئەتـی لەدەسـتدا.

شـەهید سەربەسـت لەسـەر هەلوێسـتە سیاسـییەکانی تووشـی زۆر ئـازاو ئەشـکەنجە بـوو هـەر لەسـەر هەلوێسـتە سیاسـییەکانی و لەسـەر بیروبۆچوونـی خـۆی و بیروبۆچوونـی YNDK لـە کەسـوکارو ماڵـی خـۆی دوور کەوتبـۆوە، ئامادەبـوو لەپێنـاو بیروبۆچوونـی خـۆی هەمـوو قوربانییـەك بـدات، شـەهید



سەربەســت وەك مامۆســتایەیکی زرنگــی قوتابخانــەی YNDK کــە بەقوتابخانــەی هەڵوێســت و خۆراگــری نــاسراوە ئەوپــەڕی خزمــەتی پێشــکەش بــە نەتەوەکــەی کردبــوو، بۆیــە تیرۆریســتان بــاش دەیانزانــی بەمانــەوەی شــەهید سەربەســت و باڵاکردنــی ئــەو، مەرگــی ئــەوان نزیکدەبێتــەوە بۆیــە هەوڵــی تیرۆرکردنیانــدا بــۆ ئــەوەی بتوانــن چرایەکــی گەشــی ڕێبــازی کوردایەتــی و ڕێبــازی بیــری نەتەوەیــی بکوژێننــەوە.

شــەهید سەربەســت یەکێــک بــوو لەوانــەی کــە بەوپــەری ئازایەتییــەوە هەوڵیــدەدا بیــری ســەربەخۆخوازی لــە کوردســتان بڵاوبکاتــەوە و، ئــەو بیــرو بۆچوونانــەی کــە مرۆڤــی کــورد بــە پاشــکۆ دەکــەن و بــەرەو دواوە بــەرەو ئەشــکەوت و جەهالــەت دەیگەڕێننــەوە، ئــەو بیــرو بۆچوونانــە ڕەتبکاتــەوە، هەوڵیــدەدا بیروبۆچوونێکــی کوردانــەو دروســت بهێنێتــە ئــاراوە بــۆ ئــەوەی ســەر

لەنـوێ کەسـایەتی کەوتوویـی کـورد هەڵسـێنێتەوە و کەسـایەتییەکی نموونەیـی کـورد دروسـتبکاتەوە، کـە پابەنـدی بیروبۆچـوون و تایبەتمەندێتـی نەتەوەیـی کـورد بێـت، دیـارە شـەهید سەربەسـت ئـەو بیروبۆچوونانـە وایانلێکردبـوو کـە ببێتـە خۆشەویسـتی هەموولایـەك چ لەهەولێـر و چ لـە سـلێمانی و چ لـە شـارو شـارۆچکەکانی دیکـەی وەکـو سـۆران و شـوێنانی دیکـە کۆمەڵێـك کـۆرو سـیمناری گێرابـوو، دەتوانیـن بڵێیـن ئەوانـەی کـە ئامـادەی کـۆڕ و سـیمینارەکان بـوون ئاسـتی فکـری و ئاسـتی رۆشـنبیری شـەهید سەربەسـتیان بـۆ دەرکەوتبـوو، ئێمـە لـە کۆرێکـی وادا ناتوانیـن تـەواوی کەسـایەتی شـەهید سەربەسـت بـۆ ئێـوەی بەڕێـز شـیبکەینەوە، حـەز ناکەیـن کاتتـان بگریـن لەبەرئـەوەی وتـاری تـرو پرۆگرامـی تـر هەیـە، بـەڵام لێـرەدا ئـەوەی کـە پێویسـتە بیڵێینـەوە و تەئکیـدی لەسـەر بکەینـەوە ئێمـە جارێکـی تـر وێـرای دووبـارە ئیدانەکردنـەوەی ئـەو کارە تیرۆریسـتییە داوا لـە بـرای بەڕێزمـان کاك مەسـعود بارزانـی رێبـەری بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان و سـەرۆکایەتی حکومەتـی کوردسـتان و دەزگا پەیوەندیـدارەکان دەکەیـن کـە کارێکـی وا بکرێـت و هەوڵێکـی جدیانەتـر بدرێـت بـۆ ئـەوەی بەزووتریـن کات تاوانبـاران ئاشـکرا بکرێـن و بدرێنـە دادگا، ئـەوەش ئەوپـەڕی دڵسـۆزییە بـۆ خوێنـی شـەهید سەربەسـت و تـەواوی شـەهیدانی رێبـازی رزگاری سـەرخۆبوونی کوردسـتان تەنهـا لـەم رێگایـەوە دەتوانیـن گیانـی شـەهیدانی کوردسـتان شـادبکەین.

لەهەمـان کاتـدا ئێمـە دەبـێ ئامـاژە بـەوە بکەیـن ئەگـەر زوو بـەر لەهەولـە تیرۆریسـتییەکان بگیرابایـە لـە کوردسـتان ئـەو کارەسـاتانە روویـان نـەدەدا، ئەگـەر دوای شـەهید کـردن و تیرۆرکردنـی شـەهید سەربەسـت هەوڵبدرابایـە تیرۆریسـتان بدۆزرابانـەوەو بدرابانایـە دادگایەکـی ئاشـکراو بـۆ هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانیش ریسـوا بکرابـان، شـەهیدکردنی کاك فرانسـۆ هەریـری بـەدوادا نەدەهـات، ئەگـەر

هەوڵـی ئـەوە بدرابـا ئـەو تیرۆریسـتیانەی کـە هەوڵیانـدەدا ئارایشـگاکان و شـوێنە گشـتییەکان بتەقێننـەوە دەسـتگیربکرابووان و، ئەوانـەی کـە گیـراون ریسـوا و مەحکـوم بکرانایـە و بدرانایـە دەزگاکانـی راگەیانـدن ئـەوا بەوپـەڕی دڵنیاییـەوە دەڵێیـن بەهیـچ شـێوەیەکی هەوڵـی تیرۆریسـتی بەشـێوەیەکی وا بەرفـراوان خەڵکـی کوردسـتانی نیگـەران نەدەکـرد، بۆیـە دەبـێ لەمـەودوا سـەرۆکایەتی حکومەتـی کوردسـتان و دەزگاکانـی ئاسـایش بەوپـەڕی جدییـەوە هەوڵبـدەن و بەزووتریـن کات هـەر تیرۆریسـتێك کـە دەکەوێتـە دەسـت لەهـەر کێشـەیەکی تیرۆریسـتی بـۆ خەڵکـی کوردسـتان ئاشـکرای بکـەن، لـەم رێگایـەوە دەتوانیـن ئێمـە بـەر لـە هـەر شـاڵاوێکی تیرۆریسـتی بگریـن لەبەرئـەوەی هەڕەشـەی تیرۆرکـردن هەڕەشـەیەکە لەسـەر هەمـوو لایەکـمان بۆیـە بەگژداچوونـەوەو بەرگرتـن لـە تیـرۆر و تیرۆریسـتانیش ئەرکـی هەمـوو لایەکمانـە.

ئێمـە لـەم مینبـەرەوە داوا لەتـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان دەکەیـن کـە هـاوکاری تەواومـان بکـەن بـۆ دۆزینـەوەو ئاشـکراکردنی بکوژانـی شـەهید سەربەسـت و ئێمـە رایدەگەیەنیـن وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK ئامادەیـن هـەر کەسـێك کـە هاوکارییەکـی تەواومـان بـکات ئێمـە پاداشـتێك بـەو کەسـە دەدەیـن و تـا مردنیـش مەمنوونـی ئـەو کەسـە دەبیـن و لەرێـزی سـەروەرانی نەتەوەکەمـان تۆمـاری دەکەیـن، هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی تیرۆریسـتان ئەرکـی هـەر هەمـوو لایەکمانـە و پێویسـتی بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی هەمـوو لایەکیشـمان هەیـە، بۆیـە پێویسـتە لەسـەر ئێمـە هـەر ماڵێـك هـەر کەسـێك هـەر تاکێکـی نێـو کۆمەڵـی کـوردەواری بەوپـەڕی وریاییـەوە کارو خەبـات بـکا لەپێنـاوی دۆزیینـەوە تیرۆریسـتان و بکوژانـی شـەهید سەربەسـت و هـەر شـەهیدێکی دیکـە کـە لـەم ماوەیـەدا تیرۆرکـراون، پێویسـتە ئێمـە تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکان بەیـەك دەنـگ دژی تیـرۆری سیاسـی بیـن و ریسـوا

و مەحکومـی بکەیـن و، نابێـت بەهیـچ شـێوەیەك نەرمـی بەرامبـەر تیرۆریسـتان بنوێنیـن.

لەکۆتاییـدا جارێکـی دیکـە سـەری رێـزو نـەوازش بـۆ شـەهیدی سـەرکردەمان شـەهید سەربەسـت مەحمـوود دادەنوێنیـن و سـڵاوو درووود بـۆ گیانـی سەربەسـت و تـەواوی شـەهیدانی رێـی سـەرخۆبوون و ئـازادی کوردسـتان دەنێریـن و، مـردن و روورەشـی و نەعلەتیـش دەنێریـن بـۆ بکـوژ و تیرۆریسـتان.

جارێکـی دیکـە سوپاسـی ئێـوەی بەڕێـز و بنەماڵـەی شـەهید سەربەسـت مەحمـوود دەکەیـن کـە لـەم مەراسـیمەدا ئامادەبـوون و ئەزیەتتـان کێشـا، زۆر بەخێربێـن سەرسـەرو سـەرچاو هـەر بژیـن بـۆ کـورد و کوردسـتان.



غەفوور مەخمووری لە دەیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

# کورد و عەرەب ناتوانن چیتر لە چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراقدا پێکەوە بژین

***غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتی YNDK ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٣٠ لــە ڕێوڕەســمی نەتەوەیــی دەیــەم ســاڵیادی دامەزراندنــی YNDK دا، کــە لــە بنــاری زوورگــەزراوی دەڤــەری مەخمــوور بەڕێوەچــوو، وتارێکــی پێشکەشــکرد و، رایگەیانــد کــەوا واقعــی ئێســتا دەیســەلمێنی کــە گەلــی کــورد و عــەرەب ناتوانــن چیــتر لــە چوارچێــوەی داتــاشراوی عێراقــدا پێکــەوە بژیــن. ئەمــەش دەقــی وتارەکەیــە:***

بەڕێز نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز نوێنەری دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێــز کاك عوســمان ئۆجــەلان ســەرۆکی پارتــی وڵاتپارێــزی دیموکراتــی کوردســتان PWD

بەڕێز نوێنەری کۆمیتەی سیاسی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا

بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

میوانانی بەڕێز ... خوشکان ... برایان

ســەرەتا بەنــاوی خــۆم و کۆمیتــەی ســەرکردایەتی YNDK بەخێرهاتنــی هەمــوو لایەکتــان دەکــەم، بەخێربێــن سەرســەرو ســەرچاوان، لەهەمانکاتــدا جوانتریــن پیرۆزبایــی ئاراســتەی ئێــوەی ئازیــز و تــەواوی گەلــی کوردســتان و هەمــوو ئەنــدام و دۆســت و لایەنگرانمــان دەکەیــن بەبۆنــەی جــەژنی نــەورۆزو دەیــەم ســاڵیادی دامەزراندنــی YNDK و نــەورۆزی هەمــوو لایەکتــان پیــرۆز دەکەیــن.

بەڕێــزان: لای هەمــوو لایەکتــان ئاشــکرایە کــە یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK بەمەبەســتی خزمەتکــردن بــە نەتەوەکەمــان و کۆکردنــەوەی هەمــوو ئــەو کەسانەی کــە هەڵگــری بیــرو بــاوەڕی نەتەوەیــی و ســەربەخۆییخوازین،

لەســەر دەســتی کۆمەڵێــك کەســایەتی وڵاتپارێــز و دیموکراتیخــوازو نەتەوەیــی لــە ٢١-٣-١٩٩٥ دامــەزرا، بــۆ ئــەوەی لەچوارچێــوەی ئــەم رێکخــراوەدا بەهزرێکــی نەتەوەیــی ئاراســتەی کارو خەباتیــان بکەیــن، دیــارە YNDK لــە مــاوەی کارو خەباتــی خۆیــدا تووشــی کۆمەڵێــك گرفــت و ئاســتەنگ هاتــووە ســەرەڕای هەمــوو ئــەو گرفـــت و ئاســـتەنگ و کێشـــانەی کـــە بـــۆ YNDK دروســـتکران، YNDK وەك دارێکــی بــەرز بــەردەوام بــوو لــە باڵاکــردن و گەشــەکردن، ئێمــە لەمــاوەی ئــەو (١٠) ســاڵەی کارو خەباتــی خۆمانــدا توانیــمان بوونــی کاریگەرانــەی خۆمــان بســەلمێنین و توانیــمان بــۆ دۆســت و ناحەزانــی YNDK بســەلمێنین کــە YNDK وەك هەمیشــە هەڵگــری ئــاڵای بــەرزی نەتەوەیــی دەبێــت لەپێنــاو وەدەســتهێنانی مافــە رەواکانمــان.

- خوشك و برایانی بەرێز
- میوانانی خۆشەوست

خۆتــان دەزانــن کــە ئێســتا یــادی دامەزراندنــی YNDK دەکەینــەوە کوردســتان و عێراقیــش بــە قۆناغێکــی زۆر هەســتیار و ناســکدا تێدەپــەڕن بەتایبــەت دوای پرۆســـەی هەڵبژاردنـــی پەرلەمانـــی کوردســـتان و پەرلەمانـــی عێـــراق خۆتـــان دەزانــن کــە ئــەوە دوو مانگــە هەڵبــژاردن تــەواو بــووەو تــا ئێســتاکە نــە لــە کوردســـتان و نـــە لـــە عێراقیـــش حکومـــەت پێکنەهێـــنراوە، گرفتـــەکان لەســـەر ئاســتی عێــراق ئــەوەی کــە دیــارە زیاتــر دەگەڕێتــەوە بــۆ دوو عەقڵییــەت و دوو ئایدۆلۆژیــا، عەقڵیەتێکــی دیموکراســیخوازانە و داکۆکیــکار لــە ئازادییــە سیاســی و دیموکراســییەکان و عەقڵیەتێکــی شــۆڤێنی، کــە هەوڵــدەدەن بــەدوو ئاراســتەی جیــا کار بــۆ پێکهێنانــی حکومــەت بکــەن، ئــەوەی ئێمــە وەکــو YNDK تێبینــی دەکەیــن زۆر زەحمەتــە ئێمــە وەکــو کــورد بتوانیــن تــا ســەر لــە چوارچێــوەی عێراقــدا بژیــن، لەبەرئــەوەی ئــەو واقیعــەی ئێســتا خــۆی لــە خۆیــدا دەیســەلمێنێت



کـە ئێمـە دوو میللەتـی لەیەکـتر جیایـن و دوو عەقڵیەتـی لەیـەك جیایـن و زۆر ئەسـتەمە بتوانیـن لـە چوارچێـوەی داتـاشراوی عێراقـدا بەیەکـەوە هەڵبکەیـن و کاربکەیـن، هەرچەنـدە ئێمـە وەکـو سـاڵانی پێشـوو وەکـو ئەزموونـە تاڵەکانـی پێشـوو ئامـادەی تەنازولکرنـی زیاتـر بیـن لـە مافـە رەواکانمـان ئـەوا هەرکاتێـك دەسـەڵاتی عەرەبـی و عەقڵیەتـی شـۆڤێنی عەرەبـی بێتـە سـەرکار دەتوانیـن بڵێیـن ئێمـە تووشـی کۆمەڵێـك نەهاتەمەتـی دەبینـەوە، لەبەرئـەوەی مێژوویەکـی زۆر تاڵـمان لەگـەڵ عێراقـدا هەبـووە، بۆیـە ئێمـە وەکـو YNDK لـەم پێنـاوەدا بیـروڕای ئازادانـەی خۆمـان دەخەینـەڕوو، کـە ئەوەیـە دەبـێ هەمـوو لایەکـمان بـەو ئاراسـتەیە کاربکەیـن کـە جیـا بێـت لەئاراسـتەی پێشـوو، ئـەو ئاراسـتەیەی کـە ئێسـتا کاری لەسـەر بکەیـن ئاراسـتەی پێداگرتنـە لەسـەر مافـە نەتەوەییەکانمـان، ئاراسـتەیەکە کـە هەمـوو لایەکـمان کاربکەیـن بـۆ ئـەوەی چیـتر تەنـازول نەکەیـن

بـۆ کەسـانێك کـە باوەڕیـان بـە گیانـی یەکـتر قبوڵکـردن و گیانـی برایەتـی و پێکەوەژیـان نییـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش کارکـردن بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی دەبـێ یەکێـك لەئەرکـە هـەر لەپێشـەکانی ئـەم قۆناغـەی خەباتمـان بێـت و هەمـوو لایەکـمان لەسـەر ئـەو ئاراسـتەیە کار بکەیـن.

ئێمـە هەموولایەکـمان دەزانیـن کـە لـە مـاوەی رابـردوودا لەسـەر دەسـتی حکومەتـە یـەك لـەدوای یەکەکانـی عێـراق بـە چ شـێوەیەك خێـرو بێـری کوردسـتان لـەدژی گەلـی کوردسـتان بەکاردەهـات و چـۆن هەمـوو ناوچـە بەپیتەکانـی کوردسـتان بەعەرەبکـراو ئـەوەی لـە دەسـتیان هـات لـە دژی کـورددا کردیـان، بۆیـە ئێمـە لـەم قۆناغـەدا دەبـێ بەهەمـوو لایەکـمان کاربکەیـن بـۆ ئـەوەی بـە زووتریـن کات هەرچـی پاشـماوەی بەعەرەبکردنـی کوردسـتانە لەشـارو شـارۆچکە بەعەرەبکراوەکانـی کوردسـتان هەمـووی بسـڕینەوە و لەهەمانکاتـدا بەشـێوازێکی وا کاربکەیـن ئـەو خەڵکـەی کـە زیانـی لێکەوتـووە هەموویـان لـە داهاتـی عێـراق قەرەبـوو بکرێنـەوە و، حکومەتـی داهاتـووی عێراقیـش دەبـێ بەرەسـمی داوای لێبـوردن لەگەلـی کوردسـتان بـکات لەبەرامبـەر ئـەو هەمـوو زوڵـم و زۆری و ناهەقییـەی کـە بەرامبـەر بەخەڵکـی کوردسـتان کـراوە.

لێـرەدا لـە دەیەمیـن سـاڵیادی دامەزراندنـی YNDK دا ؛ ئێمـە وەکـو YNDK جەختدەکەینـەوە سـەر پتەوکردنـی پەیوەنـدی هاوخەباتـی و برایانەمـان لەگـەڵ تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان و، لێـرەوە ئێمـە پێـمان باشـە هەمـوو لایەکـمان کاربکەیـن بـۆ دروسـتکردنی مینبەرێکـی نەتەوەیـی، بـۆ ئـەوەی لەچوارچێـوەی ئـەو مینبـەرەدا یـەك گوتـاری سیاسـیمان هەبـێ و هەمـوو لایەکـمان لەسـەر یـەك سـتراتیژی یەکگرتـووی نەتەوەیـی رێکبکەویـن و لەهەمانکاتـدا لەهـەر پارچەیەکـی کوردسـتاندا ئـەوەی کـە ئیمـکان دەبێـت ببێتـە دەسـت بەپێـی واقیعـی سیاسـی و جوگرافـی

و کۆمەڵایەتــی ئــەو پارچەیــە پشــتگیری لێبکرێــت، لــەم قۆناغەشــدا ســەرکردایەتی سیاســی باشــووری کوردســتان کــە پرەنســیپی فیدرالیەتــی قبوڵکــردووە بــۆ ئــەم قۆناغــەی خەبــات ئــەوە دوا چارەســەری کێشــەی کــورد نییــە، ئــەوە چارەســەرێکی گونجــاوە بــۆ ئــەم قۆناغــە، بــەڵام وەك دیــارە ئــەوەش لەلایــەن عەقڵیەتــی عەرەبییــەوە قبــوڵ ناکرێــت، بۆیــە وەك لــە ســەرەتای وتارەکەمانــدا گوتمــان کارکــردن بــە ئاراســتەی ســەربەخۆیی و دامەزراندنــی دەوڵەتــی کــوردی باشــترین چارەســەرو وەڵامــە بــۆ هەمــوو ئــەو خەڵکانــەی کــە دژی خواســتەکانی کــورد و گەلــی کوردســتان دەوەســتنەوە، ئێمــە باوەڕمــان بــە هاوخەبــاتی و هاوســەنگەری و بەیەکەوەژیانــی نەتەوەیــی لەگــەڵ هەمــوو ئــەو نەتەوانــەی کــە لەســەر خاکــی کوردســتان دەژیــن هەیــە، چ تورکــمان و چ ئاشــووری و چ عــەرەب و ئەوانــەی کــە هاوڵاتــی رەســەنی کوردســتانن ئێمــە باوەڕمــان بــە مافەکانــی ئەوانــە هەیــەو هەمــوو لایەکــمان دەبــێ لــە مــاف و ئەرکــدا یەکســان بیــن و، لەهەمانکاتــدا ئێمــە وەکــو YNDK عەقڵیەتــی خۆســەپاندن و یەکــتر قبــوڵ نەکــردن رەتدەکەینــەوە.

لەکۆتاییــدا جارێکــی دیکــە بەخێرهاتنــی هەمــوو لایەکتــان دەکەیــن و، بەخێــر بێــن سەرســەرو ســەرچاوانمان و بەهاتنتــان گەورەتــان کردیــن و خۆشــحاڵ بوویــن، زۆر بەخێربێــن و ســوپاس بــۆ هەموولایــەك.




غەفوور مەخمووری لە نۆیەم جڤاتی گشتیی KNK :

# دارشتنی ستراتیژێکی یەکگرتووی نەتەوەیی ئەرکی بەپەلەی ئەمڕۆمانە

***غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتی YNDK لـە ڕۆژانـی ١٣ و٢٠٠٨/١٢/١٤ ئامـادەی نۆیـەم کۆنگـرەی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان KNK بـوو، کـە لـە شـاری (برۆکسـل)ی پایتەختـی بەلجیـکا بەسـترا، غەفـوور مەخمـووری لـە ڕۆژی یەکەمـی کۆنگـرەدا وتارێکـی پێشکەشـکرد و، داوایکـرد هەمـوو لایـەك پارێـزگاری لەدەسـتکەوتەکانی باشـووری کوردسـتان بکـەن و، سـتراتیژێکی یەکگرتـوو بـۆ بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان دابڕێژرێـت. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:***

بەڕێـزان ئەندامـانی جڤـاتی گشـتیی نۆیەمـی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان KNK ....

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

میوانانی خۆشەویست ...

بەنـاوی خۆمـان و مەکتەبـی سیاسـی و کۆمیتـەی سـەرکردایەتی و تـەواوی هەڤاڵانـی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK، بەبۆنـەی بەسـتنی نۆیـەم کۆبوونـەوەی گشـتیی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان جوانتریـن پیرۆزباییتـان ئاراسـتە دەکەیـن و هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازیـن.

بەڕێـزان ؛ مـن لـە باشـووری کوردسـتانەوە هاتـووم بۆیـە دەمـەوێ سـەرەتا بـاس لـە ڕەوشی لـە بارودۆخـی باشـووری کوردسـتان بکـەم، وەک هەمـوو لایـەک دەزانـن گـەلی کوردسـتان لـە باشـووری وڵاتـدا لـە بەهـاری ١٩٩١ لـە ڕاپەڕینێکـی جەمـاوەری سەرتاسـەریدا، تـوانی زۆربـەی زۆری شـارو شـارۆچکەکانی کوردسـتان بـە شـاری کەرکووکیشـەوە ئـازاد بـکات و دام دەزگاکانی بەعـسی فـاشی لـە کوردسـتان ڕاماڵێـت، زۆری نەبـرد ڕژێمـی بەعـسی فـاشی بـە ئاگـرو ئاسـن هێـرشی کـردەوە

سـەر کوردسـتان و گـەلی کوردسـتانیش لـە کۆڕەوێکـی ملیۆنیـدا تـەواوی شـارو شـارۆچکەکانی کوردسـتانی چـۆڵ کـردو پەنـای بـردە بـەر ئەشـکەوت و چیـاکان، بێگومـان هەمیشـە چیـاکان پشـت و پەنامانـن، لـەم کـۆڕەوەدا بـە هـەزاران منـداڵ و ژن و پیـرو پەککەوتـە شـەهید بـوون و لـە برسـان و لەسـەرمان مـردن، ئـەو کارەساتە مرۆییـە ویـژدانی هەمـوو جیهـانی هەژانـد، جیهـان بینـی کـەوا خەریکـە سـەددام حوسـێن و رژێمـە فاشـییەکەی نەتەوەیـەک بـە تـەواوی جینۆسـاید دەکـەن، بۆیـە لەسـەر پێشـنیاری فەرەنسـا ئەنجوومـەنی ئاسـایشی نێودەوڵـەتی کۆبـۆوە و، بڕیـاری ٦٨٨ ی رۆژی ٥ – ٤ – ١٩٩١ ی بـۆ پاراسـتنی خەڵکـی سـڤیلی باشـووری کوردسـتان دەکـرد و، باشـووری کوردسـتانی وەک ناوچـەی دژەفڕیـن (No-Fly Zone) ناسـاند، ئەوەبـوو لـە ئەنجامـدا خەڵـک گـەڕاوە شـارو شـارۆچکەکان و، دواتریـش لـە راپەڕینـی دووەم لـە تەمـووزی ١٩٩١ جەمـاوەری کوردسـتان رژێمـی بەعـسی ناچارکـرد کـەوا تـەواوی دام و دەزگاکانی لـە باشـووری کوردسـتان بکێشـێتەوە.

دوای کشـانەوەی دام و دەزگاکانی بەعـس لـە کوردسـتان، لـە مـاوەی کەمـتر لـە سـاڵیکدا گـەلی کوردسـتان لـە پرۆسـەیەکی دیموکراسـیدا لـە رۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ یەکـەم پەرلەمـانی کوردسـتانی هەڵبـژارد، دواتـر پەرلەمـانی کوردسـتان لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی خۆیـدا لـە ١٩٩٢/٦/٤ کەوتـە کارکـردن بـۆ متمانـەدان بـە حکومـەتی کوردسـتان و ئـەوە بـوو لـە رۆژی ١٩٩٢/٧/٤ متمانـەی بـە یەکـەم کابینـەی حکومـەتی کوردسـتاندا و، دواتریـش لـە کۆبوونـەوەی رۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ بـۆ پەیوەنـدی لەگـەڵ عێراقـدا سیسـتەمی فیـدرالی راگەیانـد.

خوشک و برایانی خۆشەویست ...

بـەم شـێوەیەی کـە باسـمان کـرد و؛ دوای خەبـات و تێکۆشـان و زەحمەتییەکـی زۆر بووینـە خـاوەنی پەرلەمـان و حکومـەتی کوردسـتان، ئـەم دەسـکەوتانەش




بوونەتــە جێــی ئومێــدی تــەواوی گــەلی کوردســتان، بێگومــان دەســتکەوتەکانی باشــووری کوردســتان موڵکــی هەمــوو گەلــی کوردســتانە بۆیــە پاراستنیشــی ئەرکــی نیشــتمانی و نەتەوەیــی هەمــوو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان لەهــەر چــوار پارچــەی کوردســتانداو، بۆیــە لێــرەوە داوا لەســەرکردایەتی KNK و هەمــوو لایــەك دەکەیــن کــە رەوشــی باشــووری کوردســتان لەبەرچــاو بگــرن و پارێــزگاری لێبکــەن.

بەڕێــزان ؛ ئێمــە چــاوەڕوانی ئــەوە بوویــن لــە پــاش رووخــانی رژێمــی بەعســەوە لایەنــە سیاســییەکانی عێــراق و حکومــەتی عێــراق مامەڵەیەکــی تەندروســت لەگــەڵ گــەلی کوردســتان بکــەن، بــەڵام بەداخــەوە وایــان نەکــرد، وەک دەبینــن کێشــەکانی نێــوان حکومەتــی کوردســتان و بەغــدا رۆژ بــە رۆژ ئاڵۆزتــر دەبــن و حکومەتەکــەی مالیکــی بــە هەمــان شــێوازی بەعــس رەفتــار لەگــەڵ گــەلی کوردســتان دەکــەن، نــوری مالیکــی دەیــەوێ خــۆی لــەو ئیلتیزاماتانــە بدزێتــەوە کــە دەبــێ لەبەرامبــەر



کوردســتان جێبەجێیــان بــکات، ئەگــەر بــە وردی ســەیری رەفتــارەکانی مالیکــی بکەیــن دەبینیــن کــەوا نــوری مالیکــی بــەرەو دیکتاتۆرییــەت هەنــگاو دەنــێ و دەتوانیــن بڵێیــن ســەددامێکی نوێیــە.

ئامادەبــووانی بەڕێــز ؛ ســەبارەت بــە رەوشی باکــوور و رۆژهــەڵات و رۆژئــاوای کوردســتانیش رژێمــەکانی (تورکیــا و ئێــران و ســوریا) بەردەوامــن لــە چەوساندنەوەو دژایەتیکــردنی گــەلی کوردســتان، بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن لــە رەوشــێکی وادا هەمــوو لایەکــمان پێویســتیمان بــە هــاوکاری و پشــتیوانی یەکدییــە، ئێمــەی گەلــی کوردســتان بــۆ رووبــەروو بوونــەوەی پیلانــی داگیرکــەران و دوژمنانــی کوردســتان پێویســتیمان بەهاوهەلوێســتی و هاودەنگــی هەیــەو، بــەر لەهــەر شــتێك پێویســتە بەپەلــە کار بکەیــن بــۆ دارِشــتنی ســتراتیژێکی یەکگرتــوو بــۆ بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتیمانی کوردســتان و لــەم پێنــاوەدا دەبــێ رەچــاوی تایبەتمەنــدی هــەر پارچەیەکــی کوردســتان

بکـرێ و هەمـوو هەنـگاوەکان لـە خزمەتـی سـتراتیژی نەتەوەیـی دابـن کـە خـۆی لـە سـەربەخۆیی کوردسـتان و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتاندا دەبینێتـەوە.

لــە کۆتاییــدا جارێکــی دی هیــوای ســەرکەوتنتان بــۆ دەخوازیــن و چاومــان لەوەیـە بـە بڕیـارو راسـپاردەی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات سـەرکەوتووانە کۆتایــی بــە نۆیەمیــن کۆبوونــەوەی گشــتیی KNK بێنــن.

هەر بژین و سەرکەوتووبن و کوردستان ئاوەدان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠٠٨/١٢/١٣ برۆکسل - بەلجیکا



غەفوور مەخمووری بۆ رەڤەندی کورد لە لەندەن:

# رەوەندی کورد پێویستە پارێزگاری لە کلتورو ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکات

پاشـنیوەڕۆی ٢٠١١/١/١٨ غەفـوور مەخمـووری ئامـادەی کۆبوونـەوەی تایبـەت بـە جینۆسـایدی کـوردو ئەرمـەن بـوو لـە پەرلەمانـی بەریتانیـا و، ئیـوارەی هەمـان رۆژیـش لەگـەڵ رەڤەنـدی کـورد و مەخمووریيەکانـی لەنـدەن کۆبـۆوەو جەختـی لەسـەر پاراسـتنی یەکدەنگـی و یەکڕیـزی رەوەنـدی کـورد لـە دەرەوەی وڵات کـردەوە.

غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK پاشـنیوەڕۆی ٢٠١١/١/١٨ ئامـادەی کۆبوونـەوەی تایبـەت بـە کـوردو ئەرمـەن بـوو کـە لـە پەرلەمانـی بەریتانیـا بەڕێوەچـو تیایـدا بـاس لەرەوشـی هـەردوو نەتـەوەو کارەسـاتەکانی کـە بەسـەر هـەردوو نەتـەوە داهاتـوون کـراو، تاوانەکانـی کـە دژی ئـەو دوو نەتەوەیـە ئەنجامـدراون وەك جینۆسـاید باسـیان لێوەکـرا.

ئێـوارەی هەمـان رۆژ غەفـوور مەخمـووری لـە رێسـتۆرانتی تـارا لـە لەنـدەن ئێـوارە خوانێکـی بـۆ بەشـێک لـە رەڤەنـدی کـوردو ئـەو خێزانـە مەخمووریيانـە رێکخسـت کـە لـە لەنـدەن دەژیـن، سـەرەتا سـەید رەفیـق بەرزنجـی بـە نـاوی ئامادەبووانـەوە بەخێرهاتنێکـی گەرمـی سـکرتێری گشـتیی YNDK ی کـردوو گوتـی:( ئەمـڕۆ زۆر خۆشـحاڵین کـەوا برایەکـی ئازیـزی وەك کاك غەفـوور مەخمـووری لـە ناومانـدایـە و بەسـەرماندەکاتەوە، لێـرەوە بـە نـاوی هـەر هەموومـان بـە خێرهاتنێکـی گەرمـی دەکەیـن و داوای لێدەکەیـن وتارێکـمان لـەم بۆنەیـەدا پێشـکەش بـکات)، ئنجـا غەفـوور مەخمـووری سوپاسـی ئامادەبووانـی کـردو خۆشـحاڵی خـۆی بـەو ئامادەبوونەیـان دەربـڕی و وتی:(ئەمـڕۆ زۆر ئاسـوودەم کـەوا خـۆم لەنێـو کۆمەڵـێ دۆسـت و خوشـك و بـرای ئازیـزدا دەبینمـەوە.) هەروەهـا لـە وتارەکەیـدا باسـی لـە رۆڵـی رەوەنـدی کـورد لـە دەرەوەی وڵات کـردو داوای لێکـردن کـە یەکڕیـزی و یەکدەنگـی خۆیـان بپارێـزن و گووتـی: (لەسـەر ئێـوەی



ئازیــزو رەوەنــدی كــوردە لــە دەرەوی وڵات پارێــزگاری لــە یەكرێــزی و یەكدەنگــی خۆتــان بكــەن وەك كــورد هەڵســوكەوت بكــەن و رۆڵــی كارای خۆتــان بگێــڕن لــە ناســاندن و بەرەوپێشــبردنی زیاتــری پرســی رەوای گەلەكەمــان.).

هەروەهــا لــە درێــژەی وتارەكەیــدا داوای لــە ئامادەبــووان كــرد تایبەتمەنــی نەتەوەیــی كــورد بپارێــزن‌و گووتــی: (داب ونەریــت و كلتــور یەكێكــە لــە تایبەتمەندییەكانــی هــەر نەتەوەیــەك‌و بگــرە ناســنامەی نەتەوەیــی هــەر نەتەوەیەكیشــە، بۆیــە پێویســتە رەوەنــدی كــورد بــە هەمــوو شــێوەیەك هەوڵــی پاراســتنی داب ونەریــت و كلتــوری نەتەوەیــی كــورد بــدات و بــە نەتەوەكانــی دیكــەی بناســێنێت.)، هــەر لــە وتارەكەیــدا داوایكــرد كــە هانــی منداڵەكانیــان بــدەن بــۆ خوێنــدن‌و فێربوونــی زانســت و تایبەتمەنــدی جیــا جیــاو گووتــی: (داواتــان لێدەكــەم كــە هانــی منداڵەكانتــان بــدەن بــۆ خوێنــدن بــۆ وەدەســتهێنانی

بڕوانامـــەی بـــاڵا لـــە بـــوارە جیاجیاکانـــی زانســـت و بەڕێوەبردنـــی وڵات، بۆئـــەوەی لـــە داهاتـــوودا کـــە دەگەڕێنەوەبتوانـــن خزمەتـــی وڵاتەکەمـــان بکـــەن و ببنـــە جێـــی شـــانازی هەمـــوو لایەکـــمان.) . ئەمـــەو دانیشـــتنەکە نزیکـــەی چـــوار کاتژمێـــری خایانـــد و کۆمەڵـــێ بیـــروڕا ســـەبارەت بـــە رەوشـــی سیاســـی کوردســـتان و رۆڵـــی رەوەنـــدی کـــورد لـــە دەرەوەی وڵات گۆڕدرایـــەوە و، ئامادەبووانیـــش بـــە خۆشـــییەوە ئـــەو شـــەوەیان بەڕێکـــرد.

شـــایانی باســـە ســـکرتێری گشـــتیی YNDK ئێـــوارەی رۆژی شـــەممە رێکـــەوتی ٢٠١١/١/١٥ بـــە ســـەردانێك گەیشـــتە لەنـــدەن و لـــەوێ لـــە فڕۆکەخانـــەی هیـــترۆ لەلایـــەن بەڕێـــزان د. جـــەواد مـــەلا ســـەرۆکی کۆنگـــرەی نیشـــتمانی کوردســـتان KNC و ژمارەیـــەك کەســـایەتی نـــاسراوی شـــاری مەخمـــووری نیشـــتەجێی لەنـــدەن و دۆســـتان بـــە گەرمـــی پێشـــوازی لیکـــرا.




غەفوور مەخمووری لە یانزەهەم جڤاتی گشتیی KNK :

# بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست پێویستییەکی بابەتی و دیرۆکییە بۆ پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK لە رۆژانی ٢٨ و ٢٠١١/٥/٢٩ ئامادەی یانزەهەم جڤاتی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK بوو، کە لە شاری (برۆکسل)ی پایتەختی بەلجیکا بەسترا، غەفوور مەخمووری لە رۆژی یەکەمی کۆنگرەدا وتارێکی پێشکەشکرد و، داوایکرد کەوا ستراتیژێکی یەکگرتوو بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان دابرێژرێت هێزو لایەنە سیاسییەکانی هاوکارو پشتیوانی یەکدی بن. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێزان بەشدارانی یانزەهەمین کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ...

خوشکان ..... برایان .... میوانانی ئازیز ...

رۆژتان باش و سڵاوتان لێبێت ...

بەناوی خۆمان و کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و تەواوی هەڤاڵانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، بەبۆنەی بەستنی یانزەهەم کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بێگومان یانزەهەمین کۆبوونەوەی گشتی KNK لەکاتێکدا دەبەسترێ کە کوردستان و ناوچەکە لە رەوشێکی هەستیاردان، بۆیە پێویستە بەرامبەر پرسە چارەنووسسازەکان بڕیاری یەکلاییکەرەو وەربگیرێن و، بەیەکدەنگیش کار بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان بکرێت، بەتایبەت لەم کاتەدا کە گۆڕانکاری خێرا لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا روو دەدەن، هیواداریـن گەلی کوردستان لە باکوورو رۆژهەڵاتو رۆژئاوای کوردستان سوود لە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین

وەربگـرن بـۆ رزگاربـوون لـە زوڵم و چەوسـانەوەو بندەسـتی، ئـەوەی ئێمـە تێبینـی دەکەیـن لایەنـە سیاسـییەکانی ئـەو بەشـانەی کوردسـتان بەرنامەیـان بـۆ راپەڕیـن لـەو بەشـانەی کوردسـتان نییـە، بـەڵام گـەل لـە هەڵێـك دەگـەڕێ بـۆ رزگاریو ئازادبـوون لـە جـەورو سـتەم، بۆیـە پێویسـتە لـەم رووەوە کارنامەیەکـی گونجـاو هەبێـت.

بەبـاوەڕی ئێمـە بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی بـۆ تـەواوی هێزولایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان ئەرکێکـی بەپەلـەی ئـەم قۆناخـەی بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتانەو دواخسـتنی لـە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتاندا نییـە، هەرچەنـدە دەبـوا پێـش چەنـد سـاڵێك ئـەم کۆنگرەیـە ببەسـترابووایە نـەك تـا ئەمـڕۆ ماببووایـە، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی دڵخۆشـییە ئێسـتا لـە باشـووری کوردسـتان کار بـۆ بەسـتنی کۆنگرەیـەك بـۆ تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان دەکرێـت پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کار بـۆ سەرخسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە بکەیـن، لەبەرئـەوەی بەسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە لـەم کاتـەدا خزمەتێکـی زۆر بـە دۆزی رەوای گەلـی کوردسـتان دەگەیەنێـت بـۆ دارشـتنی سـتراتیژییەتێکی نەتەوەیـی یەکگرتـوو بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتانو، داڕشـتنی بەرنامەیەکـی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات لەهـەر پارچەیەکـی کوردسـتاندا بـە رەچاوکردنـی تایبەتمەنـدی پارچەکانـی کوردسـتان. ئەنجامدانـی ئـەم کارە ئەرکێکـی نەتەوەیـیو نیشـتمانییەو پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کاری بـۆ بکەیـنو دوای نەخەیـن و بیکەیـن بـە چەترێکـی نەتەوەیـی و لەوێـوە بـە یەکدەنگـی کار بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان بکەیـن، لەبەرئـەوەی تاکـە چارەسـەری پرسـی کـورد دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانەو، بـێ دامەزراندنـی دەوڵـەت بـۆ گەلـی کوردسـتان زۆر زەحمەتـە رۆژهەڵاتـی ناڤیـن ئـەو هێمنـیو ئارامییـە بەخۆیـەوە ببینێـت کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەیخوازێـت، بۆیـە



پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە گرنگییەوە لەم پرسە بڕوانێت، ئەگەر سەیریش بکەین زۆر ناوەندی نێودەوڵەتی ئێستا گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە چارەسەری پرسی کورد دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، هەر بۆیە دەبێت ئێمەیش وەکو کورد بەو ئاراستەیە کار بکەین و بەرەو دواڕۆژێکی گەش هەنگاو بنێین.

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەگەر بەکورتیش بێت تیشك بخەینە سەر رەوشی باشووی کوردستان، ئێمە وەکو YNDK دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان بە دەسکەوتی هەموو گەلی کوردستان دەزانین، بۆیە پاراستنیشی بە ئەرکی خۆمان و هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەموو تاکێکی کوردستان دەزانین لەبەرئەوەی وای دەبینین کە ئەم دەسکەوتانە

بناخەیەكــی پتــەون بــۆ بیناكردنــی كیانــی نەتەوەییــمان، هەربۆیــە YNDK بــە بایەخــەوە لــە رەوشــی ئەمــڕۆی كوردســتان دەڕوانێــتو وای دەبینێــت كــە كوردســتان لــە رەوشــێكی هەســتیارو ناســك دایــەو لــە زۆر لاوەش هەوڵدەدرێــت بــە ســوود وەرگرتــن لــەم رەوشــە بارودۆخــی كوردســتان ئاڵــۆز بكرێــت، ئەمــەش زیانێكــی زۆر بــە بــاری ئاسایشــی كوردســتان دەگەیەنێــتو مەترســییەكی گەورەشــە بــۆ ســەر ئاییندەی نەتەوەییمان، بۆیــە بــۆ دەربازكردنــی ئــەم رەوشــەو باشــتركردنی ژیــانو گوزەرانــی خەڵــكو نەهێشــتنی گلەییــەكان پێویســتە بــە زووتریــن كات چاكســازی ئەنجــام بدرێــت بــۆ ئەمــەش پێویســتمان بــە ئیرادەیەكــی سیاســی بەهێــز هەیــە بــۆ وەرگرتنــی بڕیــاری پێویســت لــە هــەر بوارێكــدا كــە پێویســت بــكات، لــەم رووەوە وەكــو YNDK پرۆژەیەكــی چاكســازی هەمەلایەنمــان پێشــكەش بــە ســەرۆكایەتی كوردســتان كــردووە، بێگومــان ئێمــە لــە كوردســتان پێویســتیمان بــە بوونــی ئۆپۆزســیۆنێكی تەندروســتە بــۆ زیاتــر بــەرەو پێشــەوەبردنی ئەزموونــی كوردســتانو چاودێریكردنــی كارەكانــی حكومــەت بۆئــەوەی حكومــەت كارەكانــی باشــتر ئەنجامبــداتو هەســت بــەوە بــكات كــە چاودێرێكــی بەســەرەوەیە، بوونــی ئۆپۆزســیۆنێكی تەندروســت لەهــەر وڵاتێكــدا پێویســتییەكی بابەتــیو دیرۆكییــە بــۆ كامڵبوونــی پرۆســەی دیموكراتیزەكردنــی ئــەو وڵاتــە، لەبەرئــەوەی بــێ بوونــی ئۆپۆزســیۆن پرۆســەی بــە دیموكراتیبــوون كامــڵ نابێــت، ئێمــە وای دەبینیــن كــە دەبــێ دەســەڵاتو ئۆپۆزســیون بەهــەردوولا كار بــۆ پێشخســتنی سیســتەمی بەڕێوەبــردنو بیناكردنــی كۆمەڵگەیەكــی مەدەنــی بكــەنو، كێشــەكانی نێوانیــان لەســەر بنەمــای دیالــۆگ و لەیەكترگەیشــتن چارەســەر بكــەن، بێگومــان ســەردەم ســەردەمی دیالــۆگ و لەیەكترگەیشــتنە و زۆربــەی كێشــەكانی دنیایــش لەســەر مێــزی دیالــۆگ چارەســەر كــراون و یەكلایــی كراونەتــەوە، بــەو ئومێدەیــن كــە ئێمــەی كوردیــش بــۆ چارەســەركردنی كێشــەكانمان بــە زمانــی ســەردەم زمانــی

دیالـۆگ لەگـەڵ یەکـتر بدوێیــن و کێشــەکانمان چارەســەر بکەیــن و لەســەر بنەمـای سیســـتەم خۆمـــان بەڕێــوە ببەیــن و دەزگاو دامەزراوەکانمــان بکەیــن بــە دەزگاو دامــەزراوەی نەتەوەیــی و نیشــتمانی و بــەرەو پێشــەوەیان ببەیــن.

لــە کۆتاییــدا جارێکــی دی هیــوای ســەرکەوتنتان بــۆ دەخوازیــن و چاومــان لەوەیـە بـە بڕیـارو راسـپاردەی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات سـەرکەوتووانە کۆتایــی بــە یانزەهەمیــن کۆبوونــەوەی گشــتیی KNK بێنــن.

هەر بژین و سەرکەوتووبن و کوردستان ئاوەدان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١١/٥/٢٨ برۆکسل - بەلجیکا



غەفوور مەخمووری لە پەرلەمانی فەرەنسا:

# فەرەنسا قەرزاری کوردە بۆدانەوەی ئەو قەرزە پێویستە هاوکاربێت بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان

***غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتی YNDK لــە رۆژی ٢٠١٢/١٠/١٣ ئامــادەی کۆنگــرەی (بارودۆخــی کــورد لــە رۆژئــاوای کوردســتان، هەڵوێســت و پشــتگیری) بــوو، کــە لــە هۆڵــی پەرلەمانــی نەتەوەیــی فەرەنســا شــاری (پاریــس)ی پایتەختــی فەرەنسـا بەسـترا، غەفـوور مەخمـووری لـە کۆنگـرەدا وتارێکـی پێشکەشـکرد و، داوایکـرد هەمـوو لایـەك لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن هـاوکاری و پشـتگیری رۆژئـاوای وڵات بکـەن و وتــی ئــەم قۆناخــە پێویســتی بــە کوردایەتییــە نــەك حزبایەتــی. ئەمــەش دەقــی وتارەکەیــە:***

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی فەرەنسا ...

بەڕێز سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK

بەڕێزان دیپلۆماتکاران و دۆستانی کورد لە ئەوروپا

بەڕێزان نوێنەرانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی مەزن

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ... ئامادەبووانی خۆشەویست

رۆژتان باش و سڵاوتان لێبێت ...

بەڕێــزان، بەنــاوی خۆمــان و ئەندامانــی کۆمیتــەی ســەرکردایەتی و مەکتەبــی سیاســی و تــەواوی هەڤاڵانــی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK دەستخۆشــیتان لێدەکەیــن بــۆ ئەنجامدانــی ئــەم کۆبوونەوەیــەو هیــوای ســەرکەوتنتان بــۆ دەخوازیــن و، ئومێــد دەکەیــن ئــەم کۆبوونەوەیــە هەنگاوێــك بێــت بــۆ یەکێتــی کــوردان و زیاتــر پێشــڤەبردنی و دۆزی رەوای گەلەکەمــان.

ئــەم کۆبوونەوەیــە لــە شــوێنێکی گرنگــی ئەوروپــا ئەنجامدەدرێــت کــە ئەویــش پەرلەمانــی نەتەوەیــی فەرەنســایە، لــە ســەددەی رابــردوودا فەرەنســا لــە رێــی

رێککەوتننامەکانی سایکس پیکۆو لۆزانەوە رۆڵ و کاریگەری هەبووە لە زوڵم کردن لە کوردان، واتە قەرزاری کوردانە، بۆیە لەم مینبەرەوە لە مینبەری پەرلەمانی فەرەنساوە داوا لە فەرەنسا دەکەین بۆ دانەوەی ئەو قەرزە هاوکاری کوردان بێت بۆ ئازادی و هەڵگرتنی ئەو زوڵمانەی لە کورد کراون.

بەڕێزان، ئەم کۆبوونەوەیە لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە رۆژهەڵاتی ناڤین هەر هەمووی لە رەوشێکی زۆر هەستیارو ناسك و لەبەردەم هاتنە پێشی کۆمەڵێ ئەگەرو پێشهاتی گرنگدایە، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەییمان بکەینەوەو خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی کە دێنەپێشەوە، بۆ ئەمەش دەبێ کار بۆ یەکێتی و یەکڕیزی کوردان بکەین بۆئەوەی لە ناوچەکەدا بوونی کاریگەری خۆمان بسەلمێنین و لە داهاتووی نزیکدا بە مافە رەواکانمان بگەین، فاکتەری سەرەکیش بۆ گەیشتنمان بە سەرکەوتن یەکێتی و یەکڕیزیمانە.

بەڕێزان، دیارە کۆبوونەوەکەمان تایبەتە بە رۆژئاوای کوردستان، بێگومان نەتەوەکەمان لەرۆژئاوای کوردستان لە ماوەی رابردوو و ئێستایش رۆڵێکی کارایان هەبووە لە بەشداری و پشتگیری شۆڕش و راپەڕینەکانی باکوور و باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە وەکو ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی لەسەر تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی مەزنە کە هاوکاری و پشتگیری شۆڕشی نەتەوەکەمان بن لە رۆژئاوای وڵات، ئێستا هەڵ رەخساوە بۆ ئەوەی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵات بگات بەمافە رەواکانی خۆی بۆ ئەمەش هاوکاری و پشتگیری کردارەکی کوردانەی پێویستە، لێرەوە ئێمە وەکو یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK داوا لە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای وڵات دەکەین کە لەم قۆناخەدا خۆیان لە ململانێی حزبایەتی بە دوور بگرن و جلی تەنگی حزبایەتی لەبەر خۆیان



دابکەنــن و جلــی کوردایەتــی بپۆشــن، لەبەرئــەوەی ئــەم قۆناخــە پێویســتی بــە کوردایەتییــە نــەك حزبایەتــی، لەهەمــان کاتــدا داوا لــە ئێــوەی بەڕێــز دەکەیــن لــەم کۆبوونەوەیــەدا لێژنەیەکــی کاری نەتەوەیــی هاوبــەش لەســەر ئاســتی کوردســتانی مــەزن و بــە بەشــداری نوێنەرانــی رەڤەنــدی کــورد لــەدەرەوە بــۆ پشــتگیری رۆژئــاوای کوردســتان پێکبهێنرێــت، کاری ئــەم لێژنــە نەتەوەییــەش پشــتگیری مــاددی و مەعنــەوی رۆژئــاوای کوردســتان بێــت و دوور بێــت لــە مزایەداتــی سیاســی و بــە کــردار بێتــە مەیــدان نــەك بــە قســەو کۆبوونــەوەی بــێ ئەنجــام.

هەروەهــا داوا لــە هێــزە باڵادەســتەکانی کوردســتان دەکەیــن رۆڵــی پشــتگیری و هــاوکاری بگێــڕن و خۆیــان دوور بگــرن لــە دەســتێوەردان لــە رەوشــی رۆژئــاوای کوردســتان، بــا هاوکارییــان بیــن بــۆ هێمنــی و ســەقامگیری نــەك لەجیاتــی ئــەوان بڕیــار بدەیــن و رەوشــەکەیان لــێ ئاڵــۆز بکەیــن، بــا خۆیــان بڕیــاری خۆیــان بــدەن



و، بـا بڕیـاری رۆژئـاوا لـە قامشـلۆ بێـت نـەك شـوێنی دیكـەو، بـا ئێمـەش هەمـوو لایـەك هاوكاریـان بیـن، لـەم پێناوەشـدا پێویسـتە رێككەوتننامـەی هەولێـر بـە كـردار جێبەجـێ بكرێـت.

ئێمـە لـە YNDK هەروەهـا داوا دەكەیـن هەمـوو لایـەك هـاوكاری برایانمـان بیـن لـە رۆژئـاوای كوردسـتان بـۆ پێكهێنانـی دەزگاو دامـەزراوە ئیدارییـەكان و دامەزراندنـی سـەندیكا پیشـەییەكان و رێكخراوەكانـی كۆمەڵگـەی مەدەنـی وەك هەنگاوێـك بـۆ رێكخسـتنی كۆمەڵگـە و خـۆ بەڕێوەبـردن لـە داهاتـوودا.

لـە كۆتاییـدا دووبـارە هیـوای سـەركەوتن بـۆ ئـەم كۆنگرەیـە دەخوازیـن و هیڤیداریـن رۆژئـاوای وڵات لـە داهاتـووی زۆر نزیكـدا تەوقـی زوڵـم و چەوسـانەوە بشـكێنێت و رزگار و ئـازاد بێـت، هەروەهـا جەختدەكەینـەوە سـەر ئـەوەی كـە یەكێتـی كـوردان زامنـی سـەركەوتن و گەیشـتنمانە بـە سـەربەخۆیی و ئـازادی.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستی دووبارەماندا .
هەر بژین و سەرکەوتووبن بۆ کوردو کوردستان.

برای دڵسۆزتان
غەفوور مەخمووری
سکرتێری گشتیی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
٢٠١٢/١٠/١٣ - پاریس




غەفوور مەخمووری لە پرێس کۆنفرانسێکدا:

# کەرکووک تەنیا بەشەڕ دەگەڕێتەوە سەر کوردستان

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتیی کوردستان YNDK لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی رایگەیاند کە کورد پێویستە بە پەلە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ببەستێت، هەروەها بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان جەختیکردەوە سەر یەکدەنگیی لایەنە سیاسییەکان.***

**«بۆ بەرگرتن لە هەڕەشەکان پێویستمان بە یەکدەنگییە»**

غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتیی کوردستان YNDK لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی کە لەدوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەی پێنجەمی YNDK بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن لە رۆژی ٢٠١٢/١٢/١٥ لەهۆتێل ولآت لەشاری هەولێر ئەنجامیدا، تیشکی خستەر بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەو ئەوەی روونکردەوە کە کۆنگرەی ئەمجارە توانیویەتی کارنامەیەکی نوێ بۆ کاروخەباتی داهاتووی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دابڕێژێت، خوێندنەوەیەکی واقعییانەش بۆ بارودۆخی سیاسی هەر چوار پارچەی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بکات و گفتوگۆی لەسەر بکات و تیشکیش بخاتە سەر بارودۆخی کوردانی ئاسایی ناوین و کوردستانی سۆر و کوردانی لوبنان و هەر کوردێکی دیکە لە هەر شوێنێك هەبێت قسەی لەسەرکراوە، ئەمە جگە لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە خاڵی گرنگی کۆنگرەکە بوون، غەفوور مەخمووری ئەوەشی باسکرد کە لەبارەی رەوشی حکومەتی کوردستان: وەك یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK وایدەبینینەوە کە ساڵانی رابردوو کوردستان پێشڤەچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوەو، لە هەموو رووەکانی ئابووری و سیاسی و بنیاتنانەوەی ژێرخان هەنگاوی گەورەی ناوە، لەگەڵ

ئــەو بەرەوپێشــچوونانەی کــە لەســەر ئاســتی باشــووری کوردســتان روویانــداوە، هەســت بــە کۆمەڵێــك هەڕەشــەش دەکەیــن کــە لەســەر کوردســتان هــەن بــۆ بەرگرتــن لــەو هەرەشــانەش پێویســتیمان بەیەکدەنگــی و یــەك هەڵوێســتی سیاســی هەیــە و، ئەمــە یەکێکــە لــە راســپاردەکانی کۆنگــرە کــە پێویســتە ناوەنــدی سیاســی رێکبخرێتــەوە و ئەنجوومەنێکــی سیاســی لــە تــەواوی حــزب و لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان پێبهێندرێــت، بــۆ ئــەوەی هەمــوو لایەنــە سیاســییەکان بەرپرســبن لــەو گۆڕانــکاری و پێشــهاتانەی کــە دێنــە پێشــەوەو، لەهەمــان کاتیشــدا بــۆ ئــەوەی هەمــوو لایەنــە سیاســییەکان هەســت بــە مەترســییەکان بکــەن و رۆڵ ببینــن لــە مەســەلەکان نــەك چەنــد لایەنێکــی سیاســی کــە ســەرکەوتن بــە هــی خۆیانــی بزانــن و پاشــتر ئەگــەر خوانەخواســتە تووشــی شکســت هاتــن بــە هــی هەمووانــی بزانــن.

**«پێویســتە هێــزی پێشــمەرگە بــۆ بەرگریکــرن لــەو ناوچانــە بمێننــەوە کــە ســنوری نێــوان کوردســتان و عێراقــن»**

لــە بەشــێکی دیکــەی کۆنگــرە رۆژنامەوانییەکەیــدا مەخمــووری وتــی بــۆ بەرگریکرنــی لــەو هەڕەشــانەی ئێســتای عێــراق بــۆ ســەر حکومەتــی کوردســتان پێویســتە هێزێکــی پێشــمەرگە بەبەردەوامــی لەســەر ســنورەکانی نێــوان باشــوری کوردســتان و عێــراق جێگیربکرێــن و ئــەو هێــزەش ئەرکــی بەرگریکــردن بێــت لــە خاکــی کوردســتان، بــۆ رێگەگرتــن لەهــەر دەســتدرێژییەك کــە بکرێتــە ســەر کوردســتان، ســەبارەت بــە ناکۆکییەکانــی نێــوان بەغــداو هەولێریــش وتــی: ســەرۆك وەزیرانــی عێــراق دەیەوێــت ســوود لــەو رەوشــە ئاڵــۆزەی عێــراق وەربگرێــت، دەیەوێــت بــەرەو دیکتاتۆرییــەت و تاکــڕەوی هەنگاوبنــێ و پێکهێنانــی ئۆپەراســیۆنی دیجلــەش دەکەوێتــە چوارچێــوەی ئــەو هەوڵانــە، ئەوەشــی وت: پێکهێنانــی ئۆپەراسۆنی دیجلــە نادەســتورییە و بەبــێ پرســی پەرلەمــان دامەزرێنــدراوە، بــە

درێژایــی مێــژوو هەرکاتــێ حکومەتــی عێــراق لاواز بووبێــت هانــای بــۆ کــورد هێنــاوەو کــە بەهێزیــش بنــەوە دژی کــورد وەســتاونەتەوە حکومەتــی ئێســتای مالیکیــش هەمــان شــتی دووپاتکــردەوە.

**«ســەرکردایەتی سیاســی کــورد هەڵــەی کــرد کــە رازیبــوو ریفرانــدۆم لەســەر پــرسی کەرکــووك بکرێــت»**

ســکرتێری گشــتیی YNDK لەبــارەی مــاددەی ١٤٠ بــۆ گەڕانــەوەی ناوچــە دابڕێندراوەکانیــش ئامــاژەی بــەوەدا کــە ئــەو ماددەیــەی دەســتور لەلایــەن هیــچ دەســەڵاتێکی عێــراق جێبەجێناکرێــت، بۆیــە وتــی: مــن پێموایــە نــە مالیکــی و نــە ئــەوەی لــە دوای مالیکیــش دێــت ئــەو ماددەیــە جێبەجێنــاکات، بۆیــە دەبێــت ئــەوە بــاش بزانیــن کــە کاتــی زۆر بــە فیــڕۆدراوە و هەڵــەی ســتراتیژی زۆر گەورەمــان کــردووەو ســەرکردایەتی سیاســی کوردســتان یەکێــك لــەو هەڵانــەی کــە کــردی رازیبــوون بــوو بــە ریفراندۆمکــردن لەســەر ناوچــە دابڕێنــدراوەکان کــە ئەمــە گوناهێکــی گەورەیــە کــە تــۆ بێیــت ریفرانــدۆم لەســەر کەرکــووك بکەیــت بــۆ ئــەوەی بگەڕێتــەوە ســەر کوردســتان یــان نــا، کەرکــووك بەپێــی هەمــوو ســەرچاوە مێژوویــەکان شــارێکی کوردســتانیە، کــە تــۆ دێــت رازیدەبیــت بــە ریفرانــدۆم کەواتــە گومانــت هەیــە، بۆیــە مــن پێموایــە هیــچ کاتێــك کەرکــووك لــە رێگــەی مــاددەی ١٤٠ ناگەڕێتــەوە ســەر کوردســتان چونکــە هیــچ دەســەڵاتێك لــە عێــراق ئامادەیــی ئــەوەی تێــدا نیــە ئــەو کارە بــکات.

**«کەرکووك تەنیا بەشەڕ دەگەڕێتەوە سەر کوردستان»**

مەخمــووری لــە درێــژەی کۆنگــرە رۆژنامەوانییەکــەی ئــەوەی دووپاتکــردوە کــەوا کــورد شــەڕێکی لەپێشــە لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق، وتــی: پێــش ٩ ســاڵ مــن وتــم کــورد شــەڕێکی لەپێشــە لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق، بۆیــە بــەڕای مــن ئێســتاش ئــەوە شــەڕە بکەیــن باشــترە لــە ســبەینێ، چونکــە کەرکــووك تەنهــا بــە شــەڕ

دەگەڕێتـەوە سـەر کوردسـتان، لەبەرئـەوەی هیـچ دەسـەڵاتێکی عێـراق ئامـادە نیـە لـە ڕێگـەی یاسـاییەوە ئـەو ناوچانـە بگەڕێنێتـەوە سـەر کوردسـتان، ئێمـە بینیـمان کـە سـەردەمی جەعفـەری و عەلاویـش ئـەو ناوچانـە نەگەڕاندرانـەوە سـەر کوردسـتان، ئـەوە مالیکیشـمان بینـی چیـدەکات بۆیـە دەبێـت ئێمـە چیـتر فێـڵ لەخۆمـان و لـە میللەتەکەمـان نەکەیـن و ئـەو راسـتیانەیان پێبڵێیـن تـا ئەوانیـش وشـیارانە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـە سیاسـییەی کوردسـتان بکـەن.

**«بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی بـۆ سـەرجەم لایەنـە سیاسـییەکان کاری بـە پەلـەی ئـەم قۆناخـەی خەباتمانـە»**

لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مەزنیـش مەخمـووری وتـی ئێمـە لـە کۆنگـرەی پێنجـەم بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەییـمان بـە پێویسـت زانیـوە بـۆ ئـەوەی تـەواوی هێزولایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چوارپارچـەی کوردسـتان تێیـدا بەشـداربن کـە ئەمـە کارێکـی بـە پەلـەی ئـەم قۆناخـەی خەباتـی کوردسـتانییانە، بۆئـەوەی بـە لەبەرچاوگرتنـی تایبەتمەنـدی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان سـتراتیژێکی نەتەوەیـی هاوبـەش بـۆ بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان دابرێژرێـت، کـە ئەویـش هەنگاوێکـە بـۆ چارەسـەری بنەڕەتـی پرسـی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی ناوڤیـن، کـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە، بۆیـە پێمانوایـە ئێسـتاش گونجاوتریـن کاتـە بـۆ راگەیاندنـی سـەربەخۆیی کوردسـتان، ئێمـە لـە رابـردوودا دوو هەلـی زێڕینـمان لەدەسـتداو نەماتوانـی ئـەو کارە بکەیـن ئێسـتاش هەلێکـی دیکەمـان بـۆ رەخسـاوە، بـە تایبـەت پـاش ئـەو هەمـوو رووداوو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە ناوچەکـەدا روودەدەن، بۆیـە دەکرێـت ئێمـەش ئـەو هەنـگاوە بنێیـن ئـەوەش بـە بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی دەکرێـت بۆیـە لێـرەوە داوا لـە هەمـوو لایەنـە سیاسـیەکانی کوردسـتان دەکەیـن کـە ئـەو کۆنگرەیـە بـە پەلـە ئەنجـام بدرێـت.

**«پێویســـتە یارمەتـــی ئاوارەکانـــی کوردانـــی رۆژئـــاواو باکـــوورو رۆژهـــەڵات بدرێـــت»**

لــە درێــژەی قســەکانیدا ســکرتێری گشــتی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK ئامــاژەی بــە خراپــی گوزەرانــی ئاوارەکانــی پارچەکانــی دیکــەی کوردســتان کــرد کــە ئەمــڕۆ لــە باشــوری کوردســتانن و، وتــی: ئاوارەکانــی کەمپەکانــی باکــووری کوردســـتان و رۆژئـــاوای کوردســـتان لـــە رەوشـــێکی زۆر خراپـــدان، بۆیـــە وەك ئەرکێکـــی نەتەوەیـــی پێویســـتە حکومەتـــی کوردســـتان و ســـەرجەم لایەنـــە سیاســییەکانی کوردســتان و خەڵکــی کوردســتان بــە دەنگیانــەوە بچــن، لەبەرئــەوەی ئێمـــەش لەباشـــوور لـــە مـــاوەی رابـــردوودا ئاوارەییـــمان بینـــوە دەزانیـــن ژیانـــی ئاوارەیـــی چۆنـــە.

**«پێویســـتە حکومەتـــی کوردســـتان بـــە یـــەك چـــاو ســـەیری هەمـــوو لایەنـــە سیاســـییەکانی کوردســـتان بـــکات»**

هــەر لــە کۆنگــرە رۆژنامەوانییەکــە غەفــوور مەخمــووری وتــی: ئەمــڕۆ لــە باشــووری کوردســتان دەســەڵاتێك هەیــە و ئەزموونێــك هەیــە ئــەو ئەزموونــە موڵکــی هەمــوو لایەکــە و ئەرکــی سەرشــانی ئــەو دەســەڵاتەش کــە بــە چــاوی یەکســان ســەیری هەمــوو لایەنــەکان بــکات، بــۆ ئــەوە پێویســتە کاری حزبــی و حکومــی لەیەکــتر جیابکرێنــەوە و حکومەتــی کوردســتان بــۆ هەمووخەڵکــی کوردســتان بێــت و بەیــەك چــاو ســەیری هەمــوو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان بــکات نــەك بــۆ چەنــد لایەنێکــی سیاســی بێــت و لایەنەکانــی دیکــە پەراوێزبخرێــن.

**«پێویستە هەنگاونـان بـەرەو دەوڵەتـی سـەربەخۆ لـە باشـووری کوردسـتانەوە دەستپێبکات»**

لــە وەڵامــی پرســیاری رۆژنامەوانانیــش لەبــارەی پرســی شــەڕکردن لەســەر کەرکــووك و بڕیــاری ســەربەخۆی کوردســتان وتــی: لەبەرئــەوەی عێــراق وڵاتێکــی

داتاشراو و دروستکراوە هەموو شتێکی دروستکراویش قابیلی پارچە پارچە بوون و هەڵوەشانەوەیە، ئێستاش کە هێزی عێراق زۆر رێکوپێك نیە کاتی ئەوەیە ئەو شەڕە بکەین، من هیچ کات لەگەڵ شەڕ نیم، بەڵام کە ناچار بوویت دەبێت بیکەیت، بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان ئێستا کاتەکەی زۆر لەبارەو، پێویستە لە باشووری کوردستانەوە ئەو هەنگاوە بنرێت، ئەمە جگە لەوەی بارودۆخی ئێستای رۆژئاوای کوردستانمان لەبەرچاوە کە رژێمی ئەسەد لە رووخان نزیکە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەویش رووخا بێگومان رەوشێکی دیکە بۆ ئەو پارچەیە دێتە پێشەوە.

**«باری دارایی وایکرد کۆنگرە بە داخراوی ببەستین»**

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی کۆنگرە بە شێوەیەکی داخراو بەڕێوە چوو، غەفوور مەخمووری وتی: ئێمە رەچاوی بارودۆخی سیاسی کوردستانمان کرد، ویستمان تەنها دانیشتنی یەکەم بەشێوەیەکی ئاشکرا بێت، بەڵام باری ئابووریمان رێگر بوو نەمانتوانی ئەوە بکەین و دەزگا پەیوەندیدارەکانیش ئامادەیی ئەوە نەبوون کە ئەو بارودۆخەمان بۆ بڕەخسێنن، بۆیە کۆنگرەکەمان بەداخراوی بەڕێوەچوو، لە وەڵامی ئەوەی کە لەسەرەتا بڕیاربوو خۆت بۆ سکرتێری گشتیی هەڵنەبژرێتەوە، بەڵام دواتر لەبەرچی رازیبیووی جارێکی دیکە ببیتەوە بە سکرتێری گشتیی YNDK، مەخمووری وتی: دیارە سکرتێری بەرپرسیارێتیەو من لەماوەی رابردوو ئەوەی توانیومە بۆ رێکخستنەکانی YNDK کردوومەو کاری خۆمکردووە، بۆیە بە پێویستم زانی لەو کۆنگرەیەدا ئەگەر هاڤاڵێك هەبێت ئەو بەرپرسیارێتییە بگرێتە ئەستۆ ئەوا من وەك ئەندامێکی YNDK مێنمەوەو هەڤاڵێکی دیکە بکەینە سکرتێر، بەڵام دوای ئەوەی دیوانی کۆنگرەو لێژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن چەند جارێك داوای لە ئەندامانی کۆنگرە کرد کە یەکێك خۆی بۆ ئەو

بەرپرسیارێتیە کاندید بکات، کەس ئامادە نەبوو، دواتر ئەندامانی کۆنگرە داویان لە من کرد کە جارێکی دیکە بەرپرسیارێتی سکرتێری گشتی قبوڵ بکەمەوە ئەندامانی کۆنگرەش بە تێکڕای ئەو داوایەیان بەرزکردەوە، منیش وەك رێزگرتن لە خواستی ئەندامانی کۆنگرە ئەو داوایەی ئەوانم قبوڵکرد.



غەفوور مەخمووری

لە کۆنگرەی دووەمی پارتی سەربەستیی کوردستان:

# پێویستە هێزو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارنامەیەکی هاوبەش بۆ کارو خەباتی داهاتوویان دابڕێژن

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتیـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDK، ســـەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٣/٢/١٤، ئامـــادەی ڕێوڕەســـمی کردنـــەوەی کۆنگـــرەی دووەمـــی پارتـــی سەربەســـتیی کوردســـتان PSK بـــوو کـــە لەژێـــر دروشـــمی (بـــەرەو کۆکردنـــەوەو یەکگرتنـــی ســـەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان) کـــەوا لـــە هۆڵـــی شـــەهید سەربەســـت مەحمـــوود لـــە بـــارەگای مەکتـــەبی ســـیاسی YNDK و بـــە میوانـــداری YNDK بەســـترا.***

***دیوانـــی کۆنگـــرە داوای لـــە غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی YNDK کـــرد کـــەوا بـــە وتارێـــك کۆنگـــرەی دووەمـــی PSK بکاتـــەوە، ئەویـــش بـــە وتارێـــك کۆنگرەکـــەی کـــردەوە، وێـــڕای پیرۆزبایـــی هیـــوای ســـەرکەوتنی بـــۆ کۆنگرەکەیـــان خواســـت، هـــەر لـــە کۆنگرەکـــەدا وەك ڕێزگرتنێـــك لـــە هەڵوێســـتە نەتەوەییەکانـــی ســـکرتێری گشـــتی و ســـەرکردایەتیی YNDK و پشـــتیوانیکردنی لـــە کوردانـــی بەشـــەکانی دیکـــەی کوردســـتان کۆنگـــرەی دووەمـــی پارتـــی سەربەســـتیی کوردســـتان دیـــاری ڕێزلێنانـــی پێشـــکەش بـــە غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی YNDK کـــرد. ئەمـــەش دەقـــی وتارەکەیـــە:***

خوشکانی ئازیز ... برایانی خۆشەویست ...

هەڤاڵانـــی وڵاتپارێـــز ... ئەندامانـــی کۆنگـــرەی دووەمـــی پارتـــی سەربەســـتیی کوردســـتان..

ڕۆژتان باش و سڵاوتان لێبێت ...

بەڕێـــزان، بەنـــاوی خۆمـــان و ئەندامانـــی کۆمیتـــەی ســـەرکردایەتی و مەکتەبـــی

سیاسـی و تـەواوی هەڤاڵانـی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK پیرۆزبایـی بەسـتنی دووەم کۆنگـرەی پارتـە تێکۆشـەرەکەتان لێدەکەیـن و هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازیـن و، ئومێـد دەکەیـن ئـەم کۆنگرەیـە هەنگاوێـك بێـت بـۆ یەکێتـی کـوردان و زیاتـر پێشـڤەبردنی و دۆزی رەوای گەلەکەمـان.

خۆشەویسـتان، ئـەم کۆنگرەیـە لـە کاتێکـدا ئەنجـام دەدرێـت کـە رۆژهەڵاتـی ناڤیـن هـەر هەمـووی لـە رەوشـێکی زۆر هەسـتیارو ناسـك و لەبـەردەم هاتنـە پێشـی کۆمەڵـێ ئەگـەرو پێشـهاتی گرنگدایـە، بۆیـە لەسـەر هەمـوو لایەکـمان پێویسـتە بیـر لـە بەرژەوەنـدی نەتەوەییـمان بکەینـەوەو خۆمـان ئامـادە بکەیـن بـۆ ئـەو ئەگـەرو پێشـهاتانەی کـە دێنەپێشـەوە، بـۆ ئەمـەش دەبـێ کار بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان بکەیـن کـەوا تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان تێیـدا بەشـداربن، ئەمـەش فاکتەرێکـی سـەرەکی دەبێـت بـۆ یەکێتـی و یەکڕیـزی کـوردان بۆئـەوەی لـە ناوچەکـەدا بوونـی کاریگـەری خۆمـان بسـەلمێنین و لـە داهاتـووی نزیکـدا بـە مافـە رەواکانمـان بگەیـن، فاکتـەری سـەرەکیش بـۆ گەیشـتنمان بـە سـەرکەوتن یەکێتـی و یەکدەنگـی و یەکڕیزیمانـە، ئەمـەش تەنهـا بـە بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی دێتـەدی.

ئازیـزان: کۆنگـرەی دووەمتـان لەژێـر دروشـمی (بـەرەو کۆکردنـەوەو یەکگرتنـی سـەربەخۆخوازانی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان) دەبەسـتن، بێگومـان سـەردەم سـەردەمی رزگاری و ئـازادی و سـەربەخۆیی نەتـەوە چەوسـاوەکانە لەژێردەسـتی و دکتاتۆرییـەت، بۆیـە پێویسـتە ئێمـەی کوردیـش ئەوانـەی کـە باوەڕمـان بـە سـەربەخۆیی کوردسـتان هەیـە خۆمـان رێکبخەیـن و بەیەکگرتوویـی بـەرەو هێنانـەدی ئـەم ئامانجـە هەنـگاو بنێیـن.

لـە سـەدەی رابـردوودا هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو هەڵـی بـۆ کۆمەڵـێ نەتـەوەی ژێردەسـت رەخسـاند کـە ئـازاد بـن و سـەربەخۆیی خۆیـان

رابگەیەنـن و ببنـە خـودان دەوڵەتـی نەتەوەیـی خۆیـان، لـەم سەددەیەشـدا شـۆڕش و ڕاپەڕینەکانـی وڵاتانـی عەرەبـی دژی زوڵـم و نایەکسـانی و دکتاتۆرییـەت کـە لـە ئەفریقـاوە دەسـتی پێکـردووە و تـا ئـەو دەوروبـەرەی ئێمـە هاتـووەو بەردەوامـە، کاریگــەری خــۆی دەبێــت بــۆ ســەر کاروانــی خەباتــی نەتــەوە ژێردەســتەکان، بزاڤــی ڕزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان لەســەر ئاســتی کوردســتانی مــەزن دەتوانێــت ســوود لــەم هــەلا و گۆڕانکارییانــە وەربگرێــت و، بــە کارنامەیەکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانیی ســەردەمییانە بــەرەو ڕزگاری و ئــازادی و ســەربەخۆیی کوردســتان هەنــگاو بنێــت.

هەڤاڵانــی ئازیــز: هیڤیــدارم لــەم کۆنگرەیــەدا بەڕاشــکاوی و گیانێکــی هەڤاڵبەندانــە لــە ڕۆژانــی کۆنگــرەدا گفتوگــۆ لەســەر تــەواوی تــەوەرو بابەتەکانــی نێــو کۆنگــرەدا بکــەن، بــە هەمــوو لایەکتــان کار بــۆ ئــەوە بکــەن کــە ئــەم کۆنگرەیەتـان، کۆنگـرەی بنیاتنانـەوەی پارتەکەتـان بێـت بەشـێوەیەکی مۆدێـرن و سـەردەمییانە، هەروەهـا لەسـەر هەمـوو لایـەك پێویسـتە زۆر ڕاشـکاوانە کاروخەباتـی مـاوەی ڕابـردووی نەتەوەکەمـان لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەڵبسـەنگێنن و خاڵـە پۆزەتیـڤ و نێگەتیڤـەکان بخەنـە بەرچـاو و، بوێرانـەش پەنجـە بخەنـە سـەر ئـەو گرفــت و کۆســپ و لەمپەرانــەی هاتوونەتــە ڕێــی کارو خەباتــی نەتەوەکەمــان لـەو بەشـەی وڵات و، پێویسـتە بەهەمـوو لایـەك چارەسـەری دروسـت و گونجـاو بدۆزینـەوە بـۆ هەڵگرتنـی کۆسـپ و لەمپـەرەکان و دەربازبـوون لـە گرفتـەکان، بـۆ ئەمــەش پێویســتە لــەم کۆنگرەیــەدا، کارنامەیەکــی نــوێ و ســەردەمییانە دابڕێــژن بـۆ کارو خەباتـی داهاتـووی پارتەکەتـان و نەتەوەکەمـان کـە لـە ئاسـت خواسـتی ئێــوەو هەڤاڵانتانــدا بێــت و، ببێتــە هــۆی زیاتــر پێشــڤەبردنی PSK لــە هەمــوو ڕووێکــەوە.

ئازیــزان: ئێســتا هــەلا ڕەخســاوە بــۆ ئــەوەی نەتەوەکەمــان لــەو بەشــەی




وڵات خەباتــی خــۆی خــورت بــکات و بــگات بەمافــە ڕەواکانــی خــۆی بــۆ ئەمــەش هــاوکاری و پشــتگیری کردارەکــی کوردانــە پێویســتە، لێــرەوە ئێمــە وەکــو یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK داوا لــە تــەواوی هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی ڕۆژهەڵاتــی وڵات دەکەیــن کــە لــەم قۆناخــەدا کارنامەیەکــی هاوبــەش بــۆ کارو خەباتــی داهاتوویــان دابڕێــژن و، خۆیــان لــە ململانێــی حزبایەتــی بــە دوور بگــرن و جلــی تەنگــی حزبایەتــی لەبــەر خۆیــان دابکەنــن و جلــی کوردایەتــی بپۆشــن، لەبەرئــەوەی ئــەم قۆناخــە پێویســتی بــە کوردایەتییــە نــەك حزبایەتــی، لەهەمــان کاتــدا داوا لــە ئێــوەی بەڕێــز دەکەیــن لــەم کۆنگرەیــەدا بــە بڕیــارو ڕاســپاردەی نەتەوەیــی و نیشــتمانی گــوڕو تینێکــی دیکــە بــەکارو خەباتــی خۆتــان و نەتەوەکەمــان لــە ڕۆژهەڵاتــی وڵات ببەخشــن وبــە کردارەکــی بێنــە مەیــدان.

ئێمــە لــە YNDK هەروەهــا داوا دەکەیــن لــە ئێســتاوە لــە ڕۆژهــەڵات کار

بـۆ پێکهێنـان و دامەزراندنـی سـەندیکا پیشـەییەکان و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی بکرێـت ئەمـەش وەك هەنگاوێـك بـۆ ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـە و خـۆ بەڕێوەبـردن لـە داهاتـوودا.

لـە کۆتاییـدا دووبـارە هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخوازیـن و هیڤیداریـن رۆژهەڵاتـی وڵات لـە داهاتـووی زۆر نزیکـدا تەوقـی زوڵـم و چەوسـانەوە بشـکێنێت و رزگار و ئـازاد بێـت، هەروەهـا جەختدەکەینـەوە سـەر ئـەوەی کـە یەکێتـی کـوردان زامنـی سـەرکەوتن و گەیشـتنمانە بـە سـەربەخۆیی و ئـازادی.

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی دووبارەماندا .

هەر بژین و سەرکەوتووبن بۆ کوردو کوردستان.

برای دڵسۆزتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٣/٢/١٤ هەولێر _ کوردستان




غەفوور مەخمووری

لە ڕێوڕەسمی هەژدەهەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDKدا:

# ستراتیژییەتی ئێمە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK رۆژی ٢٠١٣/٣/١٩ لە رێوڕەسمی نەتەوەیی هەژدەهەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا، کە لە شاری (هەولێر)ی پایتەختی کوردستان بەڕێوەچوو، غەفووور مەخمووری وتارێکی پێشکەشکرد و، رایگەیاند کەوا ستراتیژییەتی ئێمە سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

برای بەڕێزو خۆشەویستمان کاك موحسین دزەیی نوێنەری تایبەتی جەنابی سەرۆکی کوردستان،

بەڕێز دکتۆر کەمال کەرکوکی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان،

بەڕێز هەڤاڵ فەرحان ئەمارە نوێنەری کۆما چڤاکێن کوردستان KCK،

بەڕێز کاك رۆستەمی جیهانگیری نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،

بەڕێز مەحموود محەممەد (باڤێ سابر) نوێنەری دەستەی باڵای رۆژئاوای کوردستان،

بەڕێز دکتۆر محەمەد بەرازی نوێنەری کوردستانی سۆرو کوردانی ئاسیای ناڤین،

بەڕێز کاك نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ...

بەڕێزان نوێنەرانی تەواوی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان..

بەڕێزان بەرپرسانی ئیداری و حکومی و حیزبی،

میوانانی بەڕێز، خوشکانی ئازیز، برایانی خۆشەویست،

سەرەتا بەخێرهاتنی هەرهەموولایەکتان دەکەین، بەخێربێن سەرسەروسەرچاوان، بەهاتنتان سەربڵندو سەرفرازین، بەبۆنەی ١٨مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و جەژنی نەورۆزو سەری ساڵی نوێی کوردییەوە

پیرۆزباییەکـی گـەرم لەهــەر هەمووتــان دەکەیــن، هیواداریــن کــە نــەورۆزی ئەمســاڵمان نـەورۆزی خێـرو خۆشـی و نـەورۆزی سـەرفرازی کـوردو گەلـی کوردسـتان بێـت بەتـەواوی پێکهاتەکانیـەوە.

بەڕێـزان ... خۆشەویسـتان، ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان لـەرۆژی دەسـت بەکاربوونـی کارو خەباتمانـەوە تـا ئەمـڕۆش ئێمـە لەسـەر یـەك هێلـی راستەقینە، لەسـەر هێلێکـی نەتەوەیـی پەرەمان بـە کارو خەباتی خۆمـان داوە، دەتوانیـن بڵێـن یەکێتی نەتەوەیـی دیموکراتی کوردسـتان لەسـەرەتای دامەزراندنییەوە توانیویەتــی وەکــو لایەنێکــی سیاســی ســەربەخۆیی خــۆی بپارێــزێ لــەرووی سـەربەخۆیی سیاسـی و بڕیـاری سیاسـیدا سـەربەخۆ بێـت و، بـەردەوام لەسـەنگەری بەرگریکـردن لـە خەڵکـی کوردسـتان و دەسـتکەوتەکانی خەڵکـی کوردسـتان دابوویـن، یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان بــە بەردەوامــی لەمــاوەی کارو خەباتــی رابــردووی خۆیــدا ئــەوەی کــە لــە دەســەڵاتی دابووبــێ و ئــەوەی کــە توانیویەتــی خزمەتـی خەڵکـی کوردسـتان و ئەزموونی دیموکراسـی کوردسـتانی کـردووەو لەهەمان کاتـدا پـەرەی بـەوە داوە کـە یەکڕیـزی گەلـی کوردسـتان بپارێـزێ لەبەرئـەوەی ئێمـە وەکـو گەلـی کوردسـتان هەمـوو لایەکـمان پێویسـتیمان بەیەکڕیـزی و یەکدەنگییـە.

ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مــەزن پەیوەندییەکــی برایانــەو توندوتۆڵــمان لەگــەڵ زۆربــەی هــەرەزۆری هێــزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان هەیـە و، لەهەمانکاتـدا لـەڕووی رێکخستنیشـەوە دەتوانـم بڵێـم لەزۆربەی زۆری شـارو شـارۆچکە و شـوێنەکانی کوردسـتان رێکخسـتن و نوێنەرایەتـی خۆمـان هەیـە، لەبـواری راگەیاندنیشـەوە یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان خـاوەن سـەنگ و دەنگـی خۆیەتـی..

ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە یـادی ١٨ سـاڵەی دامەزراندنــی خۆمــان دەکەینــەوە هەمــوو رۆژهەڵاتــی ناڤیــن کوردســتانیش کــە

بەشـێکە لەرۆژهەڵاتـی ناڤیـن لەرەوشـێکی زۆر هەسـتیارو ئاڵۆزدایـە بۆیـە ئـەم قۆناغـە لەهەموولایەکـمان دەخوازێـت کـە یەکدەنـگ و یەکڕیـز و یـەك هەلوێسـت بیـن بۆئـەوەی بتوانیـن بەیەکڕیـزی و بەیەکدەنگیـمان پارێـزگاری لـە بوونـی خۆمـان و دەسـتکەوتەکانی گەلـی کوردسـتان بکەیـن کـە خـۆی لـە پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتاندا دەبینێتـەوە.

دیـارە یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان فیدرالیـەت وەکـو هەنگاوێـك بـەرەو سـەربەخۆیی کوردسـتان تەماشـا دەکات، سـتراتیژییەتی ئێمـە سـەربەخۆیی کوردسـتان و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە، بەبـاوەڕی ئێمـە هـەر چارەسـەرێکی دیکـەی پرسـی کـورد لەرۆژهەڵاتـی ناڤیـن لـە هەریـەك لـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە چارەسـەرێکی کاتییـە، تاکـە چارەسـەرو گەیشـتن بەهێمنـی و ئارامـی لەرۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت تەنهـاو تەنهـا لەسـەربەخۆیی کوردسـتان خـۆی دەبینێتـەوە، ئێمـە ئەگـەر تێبینـی بکەیـن رژێمـە یـەك لـەدوا یەکەکانـی عێـراق بەدرێژایـی تەمەنیـان لەدامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقـەوە تائێسـتا لەکاتـی لاوازی و بێهێـزی پەنایـان بـۆ کـورد هێنـاوە، کـە بەهێـز بوونـەو دەسـەڵاتیان پەیداکردۆتـەوە دژی کـورد وەسـتاونەتەوە، هـەر لەسـەردەمی پاشـایەتییەوە بگـرە تـا سـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـم و سـەردەمی بەعسـییەکان، لەسـەرەتای بێدەسـەڵاتیان پەنایـان بـۆ کـورد هێنـاوە و داوای دیالۆگیـان لـە کـورد کـردووە، دوای ئـەوەی وەکـو تاکتیکێـك کـە خۆیـان بەهێـز کردۆتـەوەو توانیویانـە تاڕادەیـەك دەسـەڵاتیان بەسـەر عێراقـدا بگرنـەوە دەسـت دژی خواسـتەکانی کـورد وەسـتاونەتەوە.

ئـەو هەوڵانـەی ئێسـتای حکومەتـی عێراقیـش بـۆ دژایەتیکردنـی کوردسـتان خـۆی لـەو چوارچێوەیـەدا دەبینێتـەوە و شـتێکی نـوێ نییـە و درێژەدانـە بەسیاسـەتی حکومەتـە یـەك لـەدوای یەکەکانـی عێـراق، ئـەو رەوشـە لەهەمـوو لایەکـمان دەخوازێـت کـە ئێمـە هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان و جەمـاوەری کوردسـتان بەتەواوی

پێکهاتەکانیـەوە لـە یـەك سـەنگەردا کۆببینـەوە و یەکڕیـزو یەکدەنـگ بیـن و بەرەڤانی لـە کیـان و لـە بوونـی خۆمـان بکەیـن و، رووبـەڕووی ئـەو هەرەشـەو گورەشـانە بوەسـتینەوە، بـە بـاوەڕی ئێمـە ئێسـتا چ لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی و چ لەسـەر ئاسـتی ناوچەیـی و چ لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان مەبەسـتمان کوردسـتانی گەورەیـە، خوێندنەوەیەکـی دیکـە بـۆ پرسـی کـورد دەکرێـت، رەوش لـە جـاران زۆر لەبارتـرە کـە ئێمـە بـەرەو سـەربەخۆیی کوردسـتان هەنـگاو بنێیـن و بـەو ئاقـارەدا بڕۆیـن، ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان زۆر بەگرنگـی دەزانیـن لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی هەمـوو لایـەك بـۆ بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی کاربکەیـن، پێویسـتە هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن لـەو کۆنگرەیـەدا بەشـداربن و سـتراتیژییەتێکی نەتەوەیـی هاوبـەش دابڕێژیـن بـۆ بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان، بـۆ ئەمـەش پێویسـتە ڕەچـاوی بارودۆخـی تایبەتـی هەریـەك لەبەشـەکانی کوردسـتان بکەیـن، ئێمـە ئـەوە بەئەرکێکـی بەپەلـەی ئـەم قۆناغـە دەزانیـن، بـۆ باشـووری کوردسـتانیش ئێمـە وەک YNDK هەسـت بـەوە دەکەیـن کـەوا ناوەنـدی سیاسـیمان تاڕادەیـەك پـەرت و بـڵاوە، بەشـێك بەنـاوی ئۆپۆزسـیۆن و بەشـێك بەنـاوی دەسـەڵات و بەشـێك بەنـاوی ئـەوەی نـە لـە دەسـەڵات و نـە لـە ئۆپۆزسـیۆن دان، بـەردەوام لەکۆبوونـەوەو لەیەکـتر دیـتن دان، ئەمـە کارێکـی باشـە، بـەڵام پێویسـتمان بـەوە هەیـە کـە هەمولایەنـە سیاسـییەکان یەکدەنـگ و یەکڕیـز بیـن، بـۆ ئـەوەش ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان داوای ئەوەمـان کـردووە کـە ئەنجوومەنێکـی سیاسـی لەسـەر ئاسـتی باشـوور بـۆ هەمـوو لایەنـە سیاسـیەکان پێکبهێنرێـت بۆئـەوەی کۆبوونـەوەی دەوری خۆیـان هەبێـت و ئـەو هەرەشـانەی لەسـەر کوردسـتان هـەن دراسـەی بکـەن و هەڵوێسـتی یەکگرتـووی بەرامبـەر وەربگـرن.

ئامادەبووانی بەڕێز ...

خوشک و برایانی خۆشەویست ...

ئێمــە کــە بەیەکڕیــزی و یەکدەنگــی راپەڕینــی گەلــی کوردســتانمان کــرد ســەرکەوتین و دەســتکەوتمان هەبــوو، ســەرەتا لــە بەغــدا بەیەکدەنگــی و یەکڕیــزی دەســتکەوتمان هەبــوو، لەنووســینی دەســتووری عێــراق کۆمەڵێــك لەمافەکانمــان چەسپا، بۆیــە ئێســتاش بــۆ بەرگریکــردن لــەو دەســتکەوتانە و بــۆ چەســپاندنی ئــەو دەستکەوتانە پێویستیمان بەیەکڕیزی و یەکدەنگی هەیـە، ئـەو ئەنجوومەنـەش کـە داوای پێکهێنــانی دەکەیــن، لەداهاتــووی نزیکــدا دەبێتــە هۆکارێــك بــۆ دروســتبوونی ئــەو یەکدەنگــی و یەکڕیزیــە.

جارێکــی دیکــە بەخێرهاتنــی هەموولایەکتــان دەکــەم، بەخێربێــن ســەر ســەرو ســەرچاوان، نــەورۆزی هەموولایــەك پیرۆزبێــت و، ئێمــەش کــەوا ئێســتا مۆمــی ١٩ ســاڵەی تەمەنــی خۆمــان دادەگیرســێنین دووپــاتی دەکەینــەوە کــەوا لەســەر هێلــی نەتەوەیــی خۆمــان بــەردەوام دەبیــن و بــەرەو ســەربەخۆیی و ئــازادی کوردســتان هەنــگاو دەنێیــن.

زۆر سوپاس و بەخێربێن و هەمیشە شادو سەرکەوتووبن.

بژی کورد ... بژی کوردستان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٣/٣/١٩ هەولێر – باشووری کوردستان



غەفوور مەخمووری بۆ سیانزەهەمین جڤاتی گشتیی KNK:

# بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی پێویستە تورکیا بەزووترین کات بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئازاد بکات

***هەڤاڵ شێرزاد عەلی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی YNDK بە نوێنەرایەتی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، لە رۆژانی ٢٥و٢٠١٣/٥/٢٦ ئامادەی سیانزەمین کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK بوو، کە لە شاری (برۆکسل)ی پایتەختی بەلجیکا بەڕێوەچوو، لە رۆژی یەکەمی کۆنگرەدا وتاری هەڤاڵ غەفوور مەخمووری پێشکەشکرد. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێزان بەشدارانی سیانزەهەمین کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ...

خوشکان ..... برایان .... میوانانی ئازیز ...

رۆژتان باش و سڵاوی سەربەخۆیی و ئازادیتان لێبێت ...

بەناوی خۆمان و کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و تەواوی هەڤاڵانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، بە بۆنەی بەستنی سیانزەهەم کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتن و پێشڤەچوونتان بۆ دەخوازین.

بێگومان سیانزەهەمین کۆبوونەوەی گشتیی KNK لە کاتێکدا دەبەسترێ کە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناڤین لە رەوشێکی زۆر ناسك و هەستیاردان، دۆزی گەلی کوردستان پێشڤەچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە کە جێگەی دڵخۆشی هەموو لایەکمانە، لە باکووری کوردستان پرۆسەی ئاشتی دەستپێکردووەو بەردەوامە، بێگومان ئەمەش بەرەنجامی خەبات و تێکۆشانی

نەتەوەکەمانــە لــە باکــووری کوردســتان و پێویســتە هەمــوو لایەکــمان هــاوکارو پشــتیوانی ئــەو پرۆســەیە بیــن بۆئــەوەی لەداهاتــووی نزیکــدا بگاتــە ســەرکەوتن، بــۆ خورتبوونــی هەنگاوەکانــی پرۆســەی ئاشــتی لــە باکــووری وڵات داواکاریــن کــەوا رژێمــی تورکیــا بەزووتریــن کات بەڕێــز عەبدوڵــڵا ئۆجــەلان ئــازاد بــکات، لەبەرئــەوەی بەڕێــز ئۆجــەلان بــە پراکتیــك دەتوانێــت رۆڵێکــی زۆر کاریگەرانــەی هەبێــت لــەو پرۆســەیەدا.

بەڕێــزان: لــە رۆژئــاوای کوردســتانیش دۆزی نەتەوەکەمــان پێشــڤەچوونی مەزنــی بەخۆیــەوە بینیــوەو زۆربــەی شــارو شــارۆچکەکانی ئــەو بەشــەی وڵات ئازادبــوون و هەمــوو لایــەك چاومــان لەوەیــە لەداهاتــووی نزیکــدا رژێمــی خوێنڕێــژی ســوریا بڕوخێــت و ئــەو بەشــەی وڵات بەتــەواوی ئــازادو رزگار بێــت، هەروەهــا ســەبارەت بــە رۆژهەڵاتــی کوردســتان هەوڵەکانــی لەیەکنزیکبوونــەوەی لایەنــە سیاســییەکانی ئــەو بەشــەی کوردســتان بــەرز دەنرخێنیــن و هیواداریــن بەرەنجامــی هەوڵەکانیــان پێکهێنانــی چەترێکــی هاوبــەش بێــت بــۆ تــەواوی هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی ئــەو بەشــەی وڵات.

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

لێــرەدا بــە پێویســتی دەزانیــن ئەگــەر بەکورتیــش بێــت تیشــك بخەینــە ســەر رەوشــی باشــووی کوردســتان، ئێمــە وەکــو YNDK دەســکەوتەکانی باشــووری کوردســتان بــە دەســکەوتی هەمــوو گەلــی کوردســتان دەزانیــن، بۆیــە پاراستنیشــی بــە ئەرکــی خۆمــان و هەمــوو هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان و هــەر تاکێکــی کوردســتان دەزانیــن لەبەرئــەوەی وای دەبینیــن کــە ئــەم دەســکەوتانە بناخەیەکــی پتــەون بــۆ بیناکردنــی کیانــی نەتەوەییــمان، هەربۆیــە YNDK بــە بایەخــەوە لــە رەوشــی ئەمــڕۆی کوردســتان دەڕوانێــت و وایدەبینێــت کــە کوردســتان لــە رەوشــێکی هەســتیارو ناســکدایەو لــە زۆر لاوەش هەوڵدەدرێــت بــە ســوود



وەرگرتــن لــەم رەوشــە بارودۆخــی کوردســتان ئاڵــۆز بکرێــت، ئەمــەش زیانێکــی زۆر بــە بــاری ئاسایشــی کوردســتان دەگەیەنێــتو مەترســییەکی گەورەشــە بــۆ ســەر ئاییندەی نەتەوەییــمان، بۆیــە لەســەر هەمــوو لایەکمانــە کار بــۆ پێشخســتن و پاراســتنی دەســکەوتەکانی باشــووری کوردســتان بکەیــن، پێویســتە دەســەڵات و ئۆپۆزسـیۆن بەهــەردوولا کار بــۆ پێشخســتنی سیســتەمی بەڕێوەبــردنو بیناکردنــی کۆمەڵگەیەکــی مەدەنــی بکــەنو، کێشــەکانی نێوانیــان لەســەر بنەمــای دیالــۆگ و لەیەکترگەیشــتن چارەســەر بکــەن، بێگومــان ســەردەم ســەردەمی دیالــۆگ و لەیەکترگەیشــتنە و زۆربــەی کێشــەکانی دنیایــش لەســەر مێــزی دیالــۆگ چارەســەر کــراون و یەکلایــی کراونەتــەوە، بــەو ئومێدەیــن کــە ئێمــەی کوردیــش بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانمان بــە زمانــی ســەردەم زمانــی دیالــۆگ لەگــەڵ یەکــتر بدوێیــن و کێشــەکانمان چارەســەر بکەیــن و لەســەر بنەمــای سیســتەم خۆمــان

بەڕێوەببەیـن و دەزگاو دامەزراوەکانمـان بکەیـن بـە دەزگاو دامـەزراوەی نەتەوەیـی و نیشـتمانی و بـەرەو پێشـەوەیان ببەیـن.

بەڕێـزان: کوردسـتانی مـەزن لـە رەوشـێکی وادایـەو ، شـۆڕش و راپەڕینەکانـی گەلانـی رۆژهەڵاتـی ناڤینیـش بـۆ رزگاربـوون لـە دکتاتۆرییـەت و ژێردەسـتەیی بەردەوامـەو هەمـوو ناوچەکـەو کوردسـتان لەبـەردەم ئەگـەرو پێشـهاتی مەزنـدان و گۆڕانـکاری خێـرا لـە رۆژهەڵاتـی ناڤینـدا روودەدەن، بۆیـە پێویسـتە ئێمـەی کـورد لـە رەوشـێکی وادا کاربکەیـن بـۆ داڕشـتنی بەرنامەیەکـی نەتەوەیـی بـۆ ئـەو ئەگـەرو پێشـهاتانەی کـە دێنـە پێشـەوە.

بەبـاوەڕی ئێمـە بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی بـۆ تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان ئەرکێکـی بـە پەلـەی ئـەم قۆناخـەی خەباتـی بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتانەو دواخسـتنی لـە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتاندا نییـە، هەرچەنـدە دەبـوا پێـش چەنـد سـاڵێك ئـەم کۆنگرەیـە ببەسـترابووایە نـەك تـا ئەمـڕۆ بمابووایـە، پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کار بـۆ بەسـتن و سەرخسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە بکەیـن، لەبەرئـەوەی بەسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە لـەم کاتـەدا خزمەتێکـی زۆر بـە دۆزی رەوای گەلـی کوردسـتان دەگەیەنێـت بـۆ داڕشـتنی سـتراتیژییەتێکی نەتەوەیـی یەکگرتـوو بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتانو، داڕشـتنی بەرنامەیەکـی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات لەهـەر پارچەیەکـی کوردسـتاندا بـە رەچاوکردنـی تایبەتمەنـدی پارچەکانـی کوردسـتان. ئەنجامدانـی ئـەم کارە ئەرکێکـی نەتەوەیـیو نیشـتمانییەو پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کاری بـۆ بکەیـنو دوای نەخەیـن و بیکەیـن بـە چەترێکـی نەتەوەیـی و لەوێـوە بـە یەکدەنگـی کار بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان بکەیـن، لەبەرئـەوەی تاکـە چارەسـەری پرسـی کـورد دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانەو، بـێ دامەزراندنـی دەوڵـەت بـۆ گەلـی کوردسـتان زۆر زەحمەتـە رۆژهەڵاتـی ناڤیـن ئـەو هێمنـیو

ئارامییــە بەخۆیــەوە ببینێــت کــە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی دەیخوازێــت، بۆیــە پێویســتە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتیــش بــە گرنگییــەوە لــەم پرســە بڕوانێــت، ئەگــەر ســەیریش بکەیــن زۆر ناوەنــدی نێودەوڵەتــی ئێســتا گەیشــتونەتە ئــەو بــاوەڕەی کــە چارەســەری پرســی کــورد دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتانە، هــەر بۆیــە دەبێــت ئێمەیــش وەکــو کــورد بــەو ئاراســتەیەدا کار بکەیــن و بــەرەو دواڕۆژێکــی گــەش هەنــگاو بنێیــن.

لــە کۆتاییــدا جارێکــی دی هیــوای ســەرکەوتنتان بــۆ دەخوازیــن و چاومــان لەوەیــە بــە بڕیــارو راســپاردەی گونجــاو بــۆ ئــەم قۆناخــەی خەبــات ســەرکەوتووانە کۆتایــی بــە ســیانزەهەمین کۆبوونــەوەی گشــتیی KNK بێنــن.

هەر بژین و سەرکەوتووبن بۆ کوردو کوردستان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٣/٥/٢٥ هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری

**لە کۆبوونەوەی ئامادەکاری (کۆنگرەی نەتەوەیی کورد)دا:**

# پێویستە هەموو لایەکمان ململانێی سیاسی بخەینە لاوەو لەجیاتی حزبایەتی کوردایەتی بکەین

***غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتی YNDK رۆژی ٢٠١٣/٧/٢٢ لـە کۆبوونـەوەی ئامـادەکاری (کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد)دا، کـە لەسـەر بانگهێشـتی سـەرۆک مەسعود بـارزانی سـەرۆکی کوردسـتان، لـە شـارۆچکەی (پیرمام)ینزیـک لـە شـاری (هەولێـر)ی پایتەختـی کوردسـتان بەڕێوەچـوو، وتارێکـی پێشکەشـکرد و، رایگەیانـد کـەوا پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان ناکۆکـی و ململانێـی سیاسـی بخەینـە لاوەو لەجیاتـی حزبایەتـی کوردایەتـی بکەیـن. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:***

بەڕێز جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان ...

بەڕێزان نوێنەرانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ...

ئامادەبووانی خۆشەویست ...

رۆژتـان بـاش، بێگومـان ئەمـڕۆ رۆژێکـی مێژووییـە بـۆ گەلـی کوردسـتان، خۆمـان بەخۆشـحاڵ دەزانیـن کـەوا ئامـادەی کۆبوونەوەیەکـی وا گرنـگ دەبیـن، زۆر سوپاسـی جەنابـی کاك مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی کوردسـتان دەکەیـن کـەوا ئەمـڕۆ هـەر هەمـوو لایەکمانـی لێـرەدا کۆکردۆتـەوە.

بەڕێـزان: بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی لـەم کاتـەدا زۆر پێویسـتە، لەبەرئـەوەی رۆژهەڵاتی ناڤیـن و ناوچەکەمـان لەبـەردەم کۆمەڵـێ گۆڕانـکاری و ئەگـەرو پێشـهاتی مەزنـدان، بۆیـە پێویسـتە ئێمـەی کـورد ناوماڵـی خۆمـان رێکبخەینـەوەو بـە گوتـارو سـتراتیژێکی نەتەوەیـی یەکگرتـوو خۆمـان بـۆ ئـەو رەوشـە نوێیـە ئامـادە بکەیـن و بـەرەو ئاییندەیەکـی گـەش هەنگاوبنێیـن، بێگومـان بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی لـەم کاتـەدا هەنگاوێکـی مەزنـە لـە کاروانـی بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانیی کوردسـتان و، دەبێتـە هـۆکاری بەهێزکردنـی پێگـەی کـورد لـە هاوکێشـە سیاسـییەکاندا و، هەروهـا هۆکارێکـە بـۆ دروسـتکردنی ماڵـی گـەورەی کـوردان و، پەیامێکیشـە بـۆ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی کـەوا ئێمـەی کـورد ئامادەین بـۆ هێنانەدی

ئـەو هێمنـی و ئارامییـەی کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤیـن دەیخوازێـت، بۆیە پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان ناکۆکـی و ململانێـی سیاسـی بخەینـە لاوەو لەجیاتـی حزبایەتـی بـا کوردایەتـی بکەیـن و، هـاوکار بیـن و کاربکەیـن بـۆ بەسـتن و سەرخسـتنی کۆنگرەکـە، ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەمـاوەی رابـردوودا بـەردەوام داوای بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەییـمان کـردووەو بـە بەشـێك لـەکارو خەباتـی خۆمانمـان زانیـوە، بۆیـە لێـرەدا تـەواوی هـاوکاری و پشـتیوانی خۆمـان بـۆ بەسـتن و سەرخسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی ڕادەگەیەنیـن.

ئێمـە وەکـو YNDK پێـمان باشـە لـە کۆنگرەکـەدا ڕەچـاوی تایبەتمەنـدی هـەر یـەك لـە پارچەکانـی کوردسـتان بکـرێ و لەژێـر تیشـکی ئەمـەدا سـتراتیژێکی نەتەوەیـی یەکگرتـوو بـۆ بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان دابڕێژرێـت، هەروەهـا داواکاریـن ڕەچـاوی ڕەوشـی کوردانـی ئاسـیای ناڤیـن و کـوردانی لوبنـان و ئـوردەن بکرێـت و نوێنـەری ئەوانیـش بانگهێشـت بکرێـن بـۆ کۆنگرەکـە، لەبەرئـەوەی ئەوانیـش خوشـك و بـراو کـەس و کاری ئێمـەن و نابێـت لەبیریـان بکەیـن، هەروەهـا بـە باشـی دەزانیـن کەسـایەتی نەتەوەیـی و سـەربەخۆیش بانگهێشـت بکرێـن بـە تایبـەت بیرمەنـدی نەتەوەییـمان پرۆفیسـۆر جەمـال نەبـەز و د. جـەواد مـەلا و هەمـوو ئەوانـەی کـەوا کار بـۆ یەکێتـی کـوردان دەکـەن، پێویسـتە لـە کۆنگرەکـەدا نوێنـەری نەتـەوەو پێکهاتەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش ئامادەبـن لەبەرئـەوەی ئەوانیـش لەگـەڵ ئێمـە دەژیـن و هاونیشـتمانی ئێمـەن، هەروەهـا پێویسـتە ڕەڤەنـدی کوردیـش لـەم کۆنگرەیـەدا بەشـداربن و ڕۆڵـی خۆیـان تێـدا ببینـن.

هیواداریـن کۆنگـرەی نەتەوەیـی ببێتـە پەرلەمانـی نەتەوەیـی و سـەنتەری بڕیـاری سیاسـی نەتەوەیـی و لەوێـوە بڕیار لەسـەر پرسـە نەتەوەییـە چارەنووسـازەکان بەتایبەت سـەربەخۆیی کوردسـتان بدرێـت، هیڤیداریـن لـە کۆنگـرەی نەتەوەییـدا (پەیمانـی نەتەوەیـی) دابڕێژرێـت و لەلایـەن هەمـوو لایەنەکانـدا ئیمـزا بکرێـت و، لـەو پەیمانـەدا پرەنسـیپە نەتەوەییـەکان دیـار بکرێـن و شـەڕی کـورد کوشـتن تەحریـم و تەجریـم بکرێـت و، دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتن

بکرێنــە بنەمــای چارەســەرکردنی گرفتــەکان و، هــاوکاری پارچەکانــی دیکــەی کوردســتانیش بکرێتـە ئـەرك لەسـەر هەمـوو لایـەك.

بەڕێـزان: کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی هەمـوو پارچـەکان پێشـڤەچوونی مەزنـی بەخۆیـەوە بینیــوە، لەباکــوور، لــە رۆژهــەڵات، لــە باشــووری کوردســتاندا، بــە پێــی هــەل و مــەرج دۆزی نەتەوەکەمــان بــەرەو پێشــەوەچووە، لەرۆژئــاوای کوردستانیشــدا شــۆڕش بەردەوامــەو نەتەوەکەمــان کۆمەڵــێ دەســکەوتی گرنگــی وەدەســتهێناوەو پێویســتە هەمــوو لایەکــمان پشــتگیری و هاوکارییــان بکەیــن، لەبەرئــەوەی خوشــك و برایانمــان لەرۆژئــاوای وڵات لــە مـاوەی رابـردوو و ئێسـتایش رۆڵێکـی کارایـان هەبـووە لـە بەشـداری و پشـتگیری شـۆڕش و راپەڕینەکانــی باکــوور و باشــوورو رۆژهەڵاتــی کوردســتان، بۆیــە وەکــو ئەرکێکــی نیشــتمانی و نەتەوەیـی لەسـەر تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتانی مەزنـە کـە هـاوکاری و پشـتگیری شۆڕشـی نەتەوەکەمـان بـن لـە رۆژئـاوای وڵاتـدا، ئێسـتا هـەڵ رەخسـاوە بـۆ ئـەوەی نەتەوەکەمــان لــەو بەشــەی وڵات بــگات بەمافــە رەواکانــی خــۆی بــۆ ئەمــەش هــاوکاری و پشـتگیری کردارەکـی کوردانـە پێویسـتە، بـا هاوکارییـان بیـن بـا خۆیـان بڕیـاری خۆیـان بـدەن و، بـا بڕیـاری رۆژئـاوا لـە قامشـلۆ یـا عفریـن بێـت نـەك شـوێنی دیکـە، بـا ئێمـەش هەمـوو لایـەك هاوکاریـان بیـن، لێـرەدا هـەوڵ و کۆششـەکانی بەڕێـز جەنابـی کاك مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی کوردسـتان بـۆ لەیەکـدی نزیککردنـەوەی لایەنـە سیاسـییەکانی رۆژئـاوای کوردسـتان بــەرز دەنرخێنیــن و پشــتیوانی لێدەکەیــن و هیواداریــن لایەنــە سیاســییەکانی رۆژئــاوای کوردســتانیش هــاوکارو پشــتیوان بــن بــۆ ئــەم هەولانــە، هاوکاریکردنــی رۆژئــاوای کوردســتان ئەرکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی هەمـوو لایەکمانـەو لەسـەر هەمووشـمانە هـاوکارو پشـتیوانیان بیـن.

بەڕێـزان: لەکۆتاییـدا، جارێکـی پیرۆزبایـی لەهەمـوو لایـەك دەکەیـن و هیـوای سـەرکەوتن بۆکۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد دەخوازیـن.

هەر بژین و شاد و سەرکەوتووبن و کوردستان ئاوەدان.




غەفوور مەخمووری  لە ئاهەنگی نەورۆزی دۆرتمۆند لە ئەلمانیا:

# پێویستە هەموو کورد هاوکاری و پشتیوانی رۆژئاوای کوردستان بکەن

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی YNDK ئێـــوارەی ڕۆژی ٢٠١٤/٣/٢١ لـــە شـــاری دۆرتمۆنـــد لـــە ئەڵمانیـــا ئامـــادەی ئاهەنگـــی جەژنـــی نـــەورۆز بـــوو، کـــەوا کـــوردانی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان ڕێکیانخســـتبوو، لـــە ئاهەنگەکـــەدا ســـکرتێری گشـــتیی YNDK وتارێکـــی پێشکەشـــکرد، وێـــڕای پیرۆزکردنـــی جەژنـــی نـــەورۆز باســـی لـــە ڕەوشـــی سیاســـی کوردســـتان و بەتایبـــەت ڕەوشـــی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان کـــرد و، داوایکـــرد کـــەوا هەمـــوو کـــوردهـــاوکاری ڕۆژئـــاوای وڵات بکـــەن.ئەمـــەش دەقـــی وتارەکەیـــە:***

کوردستانیانی خۆشەویست ...

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز

ئامادەبووی هێژا ....

هەمـوو لایـەک بەخێربێـن، نـەورۆزو سـەری سـاڵی کوردیتـان پیـرۆز بێـت، لێـرەوە نـەورۆزی هەمـوو لایەکتـان پیـرۆز دەکـەم و هیڤیـدارم نـەورۆزی ئەمسـاڵمان نـەورۆزی خێـرو خۆشـی بێـت بـۆ هەمـوو لایەکـمان، هەروەهـا ئومێـد دەکـەم سـاڵی داهاتـوو لـە قامشـلۆو کۆبانـێ و عفریـن و دێریـك و ئامـودا و تـەواوی ڕۆژئـاوای کوردسـتان ئاهەنگـی نـەورۆزی ڕزگاری یەکجارەکـی بگێڕیـن.

ئازیـزان ؛ ئێمـە کـەوا ئەمـڕۆ ئاهەنگـی جـەژنی نـەورۆز دەگێڕیـن، دەمـەوێ ئامـاژە بـە ڕەوشی سـیاسی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بکـەم، ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە ڕەوشـێکی زۆر ناسـك و دژوارو هەسـتیاردایە، پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان پشـتگیری و هاوکارییـان بکەیـن، لەبەرئـەوەی خوشـك و برایانمـان لەڕۆژئـاوای وڵات لـە مـاوەی رابـردوو و ئێسـتایش ڕۆڵێکـی کارایـان هەبـووە لـە بەشـداری و پشـتگیری شـۆڕش و ڕاپەڕینەکانـی باکـوور و باشـوورو ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بۆیـە وەکـو ئەرکێکـی

نەتەوەیــی و نیشــتمانی لەســەر تــەواوی هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتانی مــەزن و تــەواوی کــوردە کــە هــاوکاری و پشــتیوانی شۆڕشــی نەتەوەکەمــان بــن لــە رۆژئــاوای کوردســتان، ئێســتا هــەڵ رەخســاوە بــۆ ئــەوەی نەتەوەکەمــان لــەو بەشــەی وڵات بــگات بەمافــە رەواکانــی خــۆی بــۆ ئەمــەش هــاوکاری و پشــتگیری کردارەکــی کوردانــە پێویســتە، هەروەهــا پێویســتە لایەنــە سیاســییەکانی رۆژئــاوای وڵات و هــەردوو ئەنجوومــەن ئەنجوومەنــی نیشــتمانی کــورد لــە ســوریا و ئەنجوومەنــی گەلــی رۆژئــاوای کوردســتان بەرژەوەنــدی بــاڵای نەتەوەیــی و نیشــتمانی رەچاوبکــەن و لەیەکــدی نزیکببنــەوە، لێــرەدا هــەوڵ و کۆششــەکانی بەڕێــز جەنابــی کاك مەســعود بارزانــی ســەرۆکی کوردســتان بــۆ لەیەکــتر نزیککردنــەوەی لایەنــە سیاســییەکانی رۆژئــاوای کوردســتان بــەرز دەنرخێنیــن و پشــتیوانی لێدەکەیــن و هیواداریــن لایەنــە سیاســییەکانی رۆژئــاوای کوردســتانیش هــاوکارو پشــتیوان بــن بــۆ سەرخســتنی ئــەم هەولانــە، بێگومــان هاوکاریکردنــی رۆژئــاوای کوردســتان ئەرکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی هەمــوو لایەکمانــەو لەســەر هەمووشــمانە هــاوکارو پشــتیوانیان بیــن.

ئامادەبووانی بەڕێز ...

ئێمــەی گــەلی کوردســتان ؛ چەندیــن ســاڵە لــە خەبــات و تێکۆشــانداین بــۆ وەدەســتهێنانی مافــە نەتەوەییەکانمــان، بێگومــان مــافی نەتەوەیــی ئێمــەش وەک هــەر نەتەوەیەکــی دیکــە بریتییــە لــە ســەربەخۆیی کوردســتان و دامەزرانــدنی دەوڵــەتی کوردســتان، لــەم پێناوەشــدا پێویســتە تــەواوی کــوردان لەســەر ئاســتی کوردســتانی مــەزن هــاوکارو پشــتیوانی یەکــدی بــن، بــۆ ئەمــەش دەبــێ یەکدەنــگ و یەکڕیزبیــن، لەبەرئــەوەی فاکتــەری ســەرەکی ســەرکەوتنمان لــە یەکڕیزیماندایــە.

بەڕێــزان ؛ ئەمــڕۆ رێکەوتــە لەگــەڵ نۆزدەهــەم ســاڵیادی دامەزراندنــی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکــراتی کوردســتان YNDK، بــەم بۆنەیــەوە وێــڕای

پیرۆزباییـــمان بـــۆ هەڤـــاڵان و دۆســـتانمان پەیـــمان دەدەیـــن کـــەوا لەســـەر ڕێبـــازی نەتەوەیـــی خۆمـــان بـــەردەوام بیـــن، بۆئـــەوەی وەك هەمیشـــە لەخزمەتـــی نەتەوەکەمانـــدا بیـــن، هەروەهـــا وەک هەمیشـــە هـــاوکارو پشـــتیوانی خەبـــاتی نەتەوەکەمـــان دەبیـــن لـــە باکـــوورو ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئـــاوای کوردســـتاندا.

جارێکی دیکە نەورۆزتان پیرۆزو هەموو ڕۆژێکتان جەژن و نەورۆز.

شادو سەرکەوتووبن و کوردستان ئاوەدان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢١ - ٣ – ٢٠١٤ دۆرتمۆند - ئەلمانیا




غەفوور مەخمووری

لە سەنتەری (ID ENTITY) بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی:

# تەنها سەربەخۆیی کوردستان زامنی دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکانە

***ئێــوارەی ئەمــرۆ ١٢ - ٥ - ٢٠١٤ لــە عەمانــی پایتەختــی ئــوردەن، غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتیی YNDK لەلایــەن ســەنتەری (هویــە - ID ENTITY) بــۆ لێکۆڵینــەوەی سیاســی میوانــداری کــرا و، بابەتێکــی ســەبارەت بــە ئەنفالکــردن و بەعەرەبکردنــی کوردســتان پێشکەشــکرد.***

ئێـوارەی ئەمـڕۆ دووشـەممە لە عەمانـی پایتەختی ئـوردەن، غەفوور مەخمووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەلایـەن سـەنتەری (هویـە - ID ENTITY) بـۆ لێکۆڵینـەوەی سیاسـی میوانـداری کـراو، بـە ئامادەبوونـی ژمارەیەکـی زۆری کەسایەتی ئەکادیمـی و نووسـەرو رۆشـنبیرو رۆژنامەڤـان کۆڕێکـی سیاسـی لەژێـر نـاوی (بەعەرەبکردنـی کوردسـتان) بـۆ رێکخـرا، لەسـەرەتادا د. محەممـەد حوسـێنی سـەرۆکی سـەنتەرەکە بەخێرهاتنـی ئامادەبووانـی کـردو، باسـی لـە گرنگی بابەتـی کۆڕەکـەی مەخمووری کـرد، ئنجـا مەخمـووری وێـڕای بەخێرهاتنکردنـی میوانان خۆشـحاڵی خـۆی بۆ ئـەو میوانداری و ئامادەبوونی میوانان دەربڕی و سوپاسـی سەنتەرەکەشـی کرد بۆ رێکخسـتنی ئەو دیدارە لەگەڵ ئامادەبـووان، دواتـر هاتـە سـەر پێشکەشـکردنی بابەتەکـەی و باسـی شـاڵاوی بەعەرەبکردنـی کوردسـتان و تاوانی ئەنفالکردنی کوردسـتان و بێسـەرو شـوێنکردنی بارزانییەکان و فەیلەییەکان کارەسـاتی هەڵەبجـەی بـۆ ئامادەبـووان کـردو بە داتاشـۆ چەندین وێنـەو دۆکۆمێنتی سـەبارەت بەم پرسـە خسـتەڕوو.

غەفـوور مەخمـووری لـە کۆڕەکـەدا داوای لـە رۆشـنبیرانی ئـوردەن کـرد کـەوا هـاوکارو پشـتیوانی گەلـی کوردسـتان بـن و رێـز لـە قوربانیدانـی نەتـەوەی کـورد بگـرن و وتـی: (پـرسی رەوای گـەلی کوردسـتان پرسـێکی مێژوویـی و رەوایـە، گەلی کوردسـتان چەندین سـاڵە لە خەبات و تێکۆشـاندان بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییـە رەواکانی خۆیـان، کـورد و عـەرەب وەک دوو نەتـەوەی دراوسـێ لـە کۆمەڵـێ وێسـتگەی مێژوویـدا هـاوکارو پشـتیوانی یەکـدی بـوون، بـە

درێژایی مێژوو کێشـەی گەلی کوردسـتان لە باشـووری کوردسـتاندا لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی عێراق بـووە نـەک لەگـەڵ نەتـەوەی عـەرەب، بۆیـە پێویسـتە رۆشـنبیرانی عەرەب ئـەو راسـتییە بزانن و خوێندنـەوەی دروسـتیان بـۆ پرسـی کـورد هەبێـت و بـە ئاگاییـەوە مامەڵەی لەگەڵـدا بکەن.).

هەروەهـا سـەبارەت بـە تـاوانی بەعەرەبکردنی کوردسـتان مەخمـووری وتی: (بەعەرەبکردنی کوردسـتان تاوانێکـی گەورەیـە دژی نەتـەوەی کـورد کـە لەلایـەن داگیرکەرانـی کوردسـتان ئەنجامدەدرێـت و بۆتـە هەڕەشـەیەکی گـەورە لەسـەر ئێسـتاو دوارۆژی ئاسایشـی نەتەوەیـی کوردسـتان و، تائێسـتا زۆر کـەم لەبارەیـەوە نووسراوە، کـە دەبووا زۆری لەسـەر بنووسرێت و لە هەمـوو رووێکـەوە لێبکۆڵرێتـەوە، لـەدوای ئـەوەی لە پاش شـەڕی یەکەمی جیهانی کوردسـتان دابەشـی سـەر چوار دەوڵەتی داتاشراو (عێراق، ئێران، تورکیا، سـوریا) کراو، باشـووری کوردسـتان بەعێراقـی عەرەبـی و رۆژئاوای کوردسـتانیش بەسـوریای عەرەبییەوە لکێـنران، هەریەك لەعێراق و سـوریا کەوتنـە بەعەرەبکردنـی کوردسـتان و لـەم پێناوەشـدا هەمـوو شـێوازێکی نامرۆڤانەیان پیادەکـردو دەسـتیان لەهێـرش و تـاڵان و قڕکردنـی کـورد نەپاراسـت و ئەوەی لەدەسـتیان هات لـەدژی کـورددا کردیـان و، ئێسـتاش لەسـەر ئـەو سیاسـەتەیان بەردەوامـن و درێـژەی پێدەدەن، کـە بـاس لـە باشـوور و رۆژئـاوای کوردسـتان دەکەیـن، نابـێ ئەوەشـمان لـە بیـر بچێـت کـە لەهەمـان کاتـدا لـە باکووری کوردسـتاندا رژێمـی داگیرکـەری تورکیـا کەوتۆتـە بەتورککردنـی کـوردو، لەرۆژهەڵاتـی کوردستانیشـدا رژێمـی داگیرکـەری ئێـران کەوتۆتـە بەفارسـکردنی کـورد، بـەم شـێوەیە داگیرکەرانـی کوردسـتان لـە هـەر چـوار لاوە هەوڵـی تواندنـەوەی نەتەوەکەمـان دەدەن، پێویسـتە ئێـوەی بەڕێز ئەو راسـتییانە بزانن و هەڵوێسـتتان لـە بەرامبەریاندا هەبێت.).

غەفـوور مەخمـووری لـە درێـژەی بابەتەکەیدا باسی لـە قۆناغەکانی بەعەرەبکردنی باشـوورو رۆژئـاوای کوردسـتان کـرد و، وتی: (بەلکاندنـی باشـووری کوردسـتان بەعێراقـەوە بەعەرەبکردنی کوردسـتان فۆرمێکـی دیکـەی پێبەخـشراو بـێ گوێدانـە ئیـرادەی نەتەوەیـی کـورد و ناڕازیبوونی تـەواوی خەڵکـی باشـووری کوردسـتان، بەفەرمـی باشـووری کوردسـتان کرایە بەشـێك لەعێراقی عەرەبـی، دوای ئـەوەی کە عێراق ئەوەی بۆ چووە سـەر ئیـتر کەوتە پیلانگێڕان بۆ بەعەرەبکردنی

تـەواوو یەکجارەکـی باشـووری کوردسـتان، ئەمەشـی بەچەند قۆناغێـك ئەنجامدا، کە لێـرەدا ئاوا قۆناغبەندمـان کردووە:

- قۆناغی یەکەم ١٩٢٥- ١٩٥٨ سەردەمی پاشایەتی.
- قۆناغی دووەم ١٩٥٨- ١٩٧٤ سەردەمی کۆماری.
- قۆناغی سێیەم ١٩٧٤- ١٩٩٠ سەردەمی بەعس
- قۆناغی چوارەم ١٩٩١- تائێستا (دوای راپەڕین)

لێـرەدا بەکورتـی باس لەبەعەرەبکردنی کوردسـتان بەپێی ئەم قۆناغانەی سـەرەوە دەکەین، بێگومـان هـەر قۆناغێك پێویسـتی بەکتێبێکـی سـەربەخۆ هەیـە، ئەگـەر لەهەمـوو رووێکـەوە لێبکۆڵرێتـەوە، ئێمـە بـە کـورتی باسـیان دەکەیـن و دواتـر دێینـە سـەر بەعەرەبکـردنی رۆژئاوای کوردسـتان لەسـەر دەسـتی رژێمی سـوریاوە).

دوای باسـکردنی تـەواوی قۆناغـەکانی بەعەرەبکردنی کوردسـتان، بـۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو کارەسـاتانەی بەسـەر کـوردا هاتـوون مەخمـووری وتـی: (ئـەوەی باسـمانکرد و ئێـوەی بەڕێـز گوێتـان لێبـوو چەنـد لاپەڕەیەکـی کەمـی مێـژووی پـڕ کارەسـات و ئـازاری کـورد بـوو، بـۆ زۆر راشـکاوانە بـە هەمـوو لایەکتـانی رادەگەیەنـم کـە تەنهـا سـەربەخۆیی و دامەزراندنـی دەوڵەتی کورسـتان زامنـی دووبارەنەبوونـەوەی ئـەو کارەسـاتانەن، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو لایەکتـان هـاوکارو پشـتیوانی کـورد بـن بـۆ ئـەم مەبەسـتە.).

دوای ئـەوەی مەخمـووری بابەتەکـەی پێشکەشـکرد، دەرگای گفتوگـۆ بـۆ ئامادەبـووان کرایـەوەو، ژمارەیەکـی زۆر لـە ئامادەبـووان بەگرنگییـەوە باسـیان لـە بابەتەکـە کـرد و بیـروڕاو سـەرنجی خۆیـان خسـتەڕوو.

شـایانی باسـە دوای تەواوبوونـی کۆڕەکـە رێوڕەسـمێك بـۆ ئیمزاکردنـی کتێبـی (تعریـب کوردسـتان) لـە نووسـینی غەفوور مەخمووری سـازکرا، ئەمـەو مەخمووری کتێبەکەی پێشـکەش بـە ئامادەبـووان کـردو بـۆی ئیمزاکردن، ئەمـەو کۆڕەکە کە زیاتر لـە دوو کاتژمێـری خایاند بووە جێـی خۆشـحاڵی ئامادەبووان.



غەفوور مەخمووری بۆ چواردەهەم جڤاتی گشتیی KNK:

# داوا دەکەین کێشەو گرژی نێوان لایەنە کوردستانییەکان لەسەر بنەمای دیالۆگ چارەسەربکرێن

***هەڤاڵ شێرزاد عەلی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی YNDK بە نوێنەرایەتی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، لە رۆژانی ٢٠١٤/٥/٣١ ئامادەی ئامادەی چواردەهەم جڤاتی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK بوو، کە لە شاری (برۆکسل)ی پایتەختی بەلجیکا بەڕێوەچوو، لە کۆنگرەدا وتاری هەڤاڵ غەفوور مەخمووری پێشکەشکرد. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێزان بەشدارانی چواردەهەمین کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ...

خوشکانی ئازیز ..... برایانی بەڕێز .... میوانانی خۆشەویست ...

رۆژتان باش و سڵاوتان لێبێت ...

بەناوی خۆمان و کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و تەواوی هەڤاڵانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، بە بۆنەی بەستنی چواردەهەم کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بێگومان چواردەهەمین کۆبوونەوەی گشتی KNK لە کاتێکدا دەبەسترێ کە کوردستان و ناوچەکە لە رەوشێکی زۆر ناسك و هەستیاردان، بەتایبەت لەم کاتەدا کە گۆڕانکاری خێرا لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا روودەدەن، هیواداریـن گەلی کوردستان لە باکوورو رۆژهەڵاتو رۆژئاوای کوردستان سوود لەم گۆڕانکارییانەی رۆژهەڵاتی ناڤین وەربگرن بۆ رزگاربوون لە زوڵمو چەوسانەوەو بندەستی، بۆ ئەم مەبەستەش کارنامەیەکی گونجاومان پێویستە.

بەبـاوەڕی ئێمـە کارکـردن بـۆ بەسـتن و سەرخسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی بـۆ تـەواوی هێزولایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان ئەرکێکـی نەتەوەیـی و بەپەلـەی ئـەم قۆناخـەی بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتانەو دواخسـتنی لـە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتاندا نییـە، هەرچەنـدە دەبـوا پێـش چەنـد سـاڵێك ئـەم کۆنگرەیـە ببەسـترابووایە نـەك تـا ئەمـڕۆ بمابووایـە، لەسـەر هەمـوو لایەکـمان پێویسـتە بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی لەبەرچـاو بگریـن و بـۆ ئـەم مەبەسـتە کار بکەیـن، لەبەرئـەوەی بەسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە لـەم کاتـەدا خزمەتێکـی زۆر بـە دۆزی رەوای گەلـی کوردسـتان دەگەیەنێـت بـۆ داڕشـتنی سـتراتیژییەتێکی نەتەوەیـی یەکگرتـوو بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتانو، داڕشـتنی بەرنامەیەکـی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات لەهـەر پارچەیەکـی کوردسـتاندا بـە رەچاوکردنـی تایبەتمەنـدی پارچەکانـی کوردسـتان، ئەنجامدانـی ئـەم کارە ئەرکێکـی نەتەوەیـیو نیشـتمانییەو پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کاری بـۆ بکەیـنو دوای نەخەیـن و بیکەیـن بـە چەترێکـی نەتەوەیـی و لەوێـوە بەیەکدەنگـی کار بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان بکەیـن، لەبەرئـەوەی تاکـە چارەسـەری پرسـی کـورد دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانەو، بـێ دامەزراندنـی دەوڵـەت بـۆ گەلـی کوردسـتان زۆر زەحمەتـە رۆژهەڵاتـی ناڤیـن ئـەو هێمنـیو ئارامییـە بەخۆیـەوە ببینێـت کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەیخوازێـت.

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

بێگومـان YNDK وەك هەمیشـە پشـتیوانی خـۆی بـۆ خەبـات و تێکۆشـانی نەتەوەکەمـان لەهەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان رادەگەیەنێـت، هەروەهـا داوا دەکەیـن کـەوا کێشـەو گـرژی نێـوان لایەنـە کوردسـتانییەکان لەسـەر بنەمـای دیالـۆگ چارەسـەر بکرێـن، لەبەرئـەوەی سـەردەم سـەردەمی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتنە و زۆربـەی کێشـەکانی دنیایـش لەسـەر مێـزی دیالـۆگ

چارەسـەرکراون و یەکلایـی کراونەتـەوە، بـەو ئومێدەیـن کـە ئێمـەی کوردیـش بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانمان بـە زمانـی سـەردەم زمانـی دیالـۆگ لەگـەڵ یەکـتر بدوێیـن و کێشـەکانمان چارەسـەر بکەیـن.

لـە کۆتاییـدا جارێکـی دی هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازیـن و چاومـان لەوەیـە بـە بڕیـارو راسـپاردەی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات سـەرکەوتووانە کۆتایـی بـە چواردەهەمیـن کۆبوونـەوەی گشـتیی KNK بێنـن.

هەر بژین و سەرکەوتووبن و کوردستان ئاوەدان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٤/٥/٣١ کوردستان _ هەولێر




**غەفوور مەخمووری لە سەردانی کۆنسەی سەرۆکایەتی KCK دا:**

# پیلانێکی مەزن لەسەر گەلی کوردستان هەیە پێویستە حزبەکان یەکدەنگبن

پێشـــنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٣ شـــاندی حزبـــە سیاســـییەکان بـــۆ پشـــتیوانی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان ســـەردانی کۆنســـەی ســـەرۆکایەتی KCK یـــان لـــە بنـــاری قەندیـــل کـــردو، ســـەبارەت بەڕەوشـــی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان و کۆنگـــرەی نەتەوەیـــی و یەکڕیـــزی کـــورد گفتوگۆیـــان کـــرد.

پێشـــنیوەڕۆی ڕۆژی هەینـــی شـــاندی حزبـــە سیاســـییەکان بـــۆ پشـــتیوانی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان بەسەرپەرشـــتی (غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDK )، ســـەردانی کۆنســـەی ســـەرۆکایەتی کۆمـــا جڤاکێـــن کوردســـتان KCK یانکـــردو بەگەرمـــی لەلایـــەن بەڕێـــزان (جەمیـــل بایـــك هاوســـەرۆکی KCK و فەرحـــان عەمـــارە بەرپرســـی پەیوەندییـــەکان و تیشـــك تیرێـــژ ئەندامـــی پەیوەندییەکانـــی KCK) پێشـــوازییان لێکـــرا، لەدیدارێکـــی برایانـــەدا ســـەبارەت بـــە رەوشـــی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان و هێرشـــی دڕندانـــەی تیرۆریســـتان بـــۆ ســـەر کانتۆنـــی کۆبانـــێ گفتوگۆکـــرا، هـــەردوولا هـــاوڕا بـــوون کـــەوا پێویســـتە هەمـــوو کوردســـتانییەك بەرەڤانـــی و پشـــتیوانی لـــە ڕۆژئـــاوای کوردســـتان بکـــەن، لـــە تەوەرێکـــی دیکـــەی گفتوگـــۆکان بـــاس لـــە یەکڕیـــزی ناوماڵـــی کوردســـتان کـــرا بۆئەمـــەش بەســـتنی کۆنگـــرەی نەتەوەیـــی وەك پێویســـتییەکی بەپەلـــەی ئـــەم قۆناخـــەی خەباتـــی گەلـــی کوردســـتان بیـــنرا.

هـــەر لـــە دیدارەکـــەدا بـــاس لـــە چەنـــد پرســـێکی دیکـــەی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانی کـــرا، دوای تەواوبوونـــی دیـــدارو کۆبوونەوەکـــە هـــەر یـــەك لـــە بەڕێـــزان (جەمیـــل بایـــك هاوســـەرۆکی KCK و غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی YNDK) لـــە کۆنگرەیەکـــی ڕۆژنامەوانیـــدا بـــۆ دەزگاکانـــی ڕاگەیانـــدن دوان و ئەنجامـــی کۆبوونەوەکەیـــان خســـتەڕوو.

ســـەرەتا بەڕێـــز جەمیـــل بایـــك، وێـــڕای بەخێرهێنانـــی شـــاندی میـــوان وتـــی: (ئـــەو کارەی حزبـــە سیاســـییەکان بـــۆ پشـــتیوانی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان

کارێکـی پیـرۆزەو پێمـە وەکـو KCK لای خۆمـان پشـتیوانی تەواویـان دەکەیـن)، هەروەهــا وتــی: (لەکۆبوونــەوەی ئەمڕۆمانــدا چەندیــن پــرس و مــژاری نەتەوەیـی و نیشـتمانیمان شرۆڤـە کـردو لەسـەری هاوڕابوویـن، ئێمـە لەگـەڵ ئەوەدایـن هـاوکارو پشـتیوانی یەکـدی بیـن.)، سـەبارەت بەرەوشـی رۆژئـاوای کوردسـتانیش وتـی: (رۆژاوای کوردسـتان لـە رەوشـێکی دژواردایـەو بەرخودانێکـی مـەزن بەڕێـوە دەچێـت، بەرخودانـی رۆژئـاوا بەرخودانێکـی نەتەوەییـە و پێویسـتە هەمـوو کوردسـتانییەك هـاوکارو پشـتیوانیان بێـت .).

لەلایـەن خۆیـەوە ؛ غەفـوور مەخمـووری لـە کۆنگـرە رۆژنامەوانییەکـەدا وێـڕای سوپاسـکردنی KCK بـۆ میوانـداری و پێشـوازیکردنیان، وتـی: (پیلانێکـی مـەزن لەسـەر گەلـی کوردسـتان هەیـە، پێویسـتە هەمـوو لایەنـەکان یەکڕیـزو یەکدەنـگ بـن بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئـەم پیلانـە، لـەم پێناوەشـدا ئـەم قۆناخـە کوردایەتیـمان لێدەخوازێـت نـەك حزبایەتـی بۆیـە پێویسـتە ململانـێ و ناکۆکـی حزبـی بخرێتـەلاوەو بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوەیـی رەچاوبکـرێ. )، هـەر لـەم بارەیـەوە وتـی: (لـەم سـەردانەماندا داوامـان لـە کۆنسـەی سـەرۆکایەتی KCK کـردووە هاوکارمـان بـن بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکییـە حزبییـەکان و هێنانـەدی یەکڕیـزی و یەکدەنگـی نێـوان لایەنـەکان، ئەوانیـش بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامادەیـی خۆیـان بەئێمـە راگەیانـد.)، مەخمـووری ئەوەشـی وت: (بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی لـەم کاتـەدا پێویسـتییەکی بابەتـی و دیرۆکییـەو بەهێزتریـن فاکتەریشـە بـۆ یەکڕیـزی و یەکدەنگـی لـە کۆبوونەوەکەشـدا لەسـەر ئـەو پرسـە هـاوڕا بوویـن.)

سـەبارەت بـە رۆئـاوای کوردسـتانیش غەفـوور مەخمـووری وتـی: (ئێمـە ئـەو ٣٠ سـی حـزب و لایەنـە سیاسـییەی کوردسـتان کـەوا رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٩ لـە هەولێـر کۆبووینـەوەو راگەیاندنێکـمان بڵاوکـردەوە، ئێمـە پشـتیوانی تـەواوی

ڕۆژئــاوای کوردســتان دەکەیــن و ڕێــز لــە خەبــات و تێکۆشــان و بەرخودانــی ڕۆژئــاوا دەگریــن و، داواکاریــن کــەوا هەرســێ ســەرۆکایەتی کوردســتان بەفەرمــی کانتۆنەکانــی ڕۆژئــاوای کوردســتان بناســن و دانیــان پێدابنێــن)، هەروەهــا وتــی: (داوامانکــردووە کــەوا هــاوکاری ســەربازی و مرۆیــی ڕۆژئــاوای کوردســتان بکــرێ، بــە بــاوەڕی ئێمــە هــاوکاری و پشــتیوانی ڕۆژئــاوای کوردســتان ئەرکێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانییە و پێویســتە هەمــوو لایەکــمان بــەو ئەرکــە ڕابیــن.).




# هەولێر پشتیوانی (کۆبانێ)یە

**غەفوور مەخمووری لە خۆپیشاندانی جەماوەری بۆ پشتیوانی کۆبانێ:**

# بەرخودانی کۆبانێ بەرخودانێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە

کاتژمێــر ٢ دووی پاشــنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٨، نوێنــەری ٣٥ حــزب و لایەنــی سیاســی کوردســتان و جەمــاوەری شــاری هەولێــرو دەوروبــەری لــە خۆپیشــاندانێکی هێمنانــەدا پشــتیوانی خۆیــان بــۆ بەرخودانــی کۆبانــێ ڕاگەیانــد.

پاشــنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشــەممە بەهــەزاران هاوڵاتــی شــاری هەولێــرو دەوروبــەری و ئەنــدام و لایەنگرانــی ٣٥ حزبــی کوردســتانی و ســەدان کەســایەتی نــاسراو بــە ئامانجــی پشــتیوانی بــۆ ڕۆژئــاوای کوردســتان و بەرخودانــی کۆبانــێ لــە پارکــی شــەهید سـامی عەبدولڕەحمانــەوە بــۆ بــەردەم بــارەگای نەتەوەیەکگرتــووەکان UN خۆپیشــاندانێکیان هێمنانەیــان ئەنجامــدا، بەگەیشــتنیان بــۆ بــەردەم بــارەگای نەتەوەیەکگرتــووەکان لــە هەولێــر نوێنەرانــی خۆپیشــاندەران یاداشــتێکیان بــۆ کەناڵەکانــی ڕاگەیانــدن خوێنــدەوەو دواتــر لەنــاو بــارەگای نەتــەوە یەکگرتــووەکان لەلایــەن بەڕێــز (ســۆکۆل کۆنــدی - بەرپرســی نووســینگەی هەرێمایەتــی UN لــە هەولێــر) پێشــوازی لــە نوێنــەری لایەنــە سیاســییەکان و خۆپیشــاندەران کــراو، لەدانیشــتنەکەدا یاداشــتی خۆپیشــاندەران لەلایــەن غەفــوور مەخمــووری ڕادەســتی بەرپرســی نووســینگەی هەرێمایەتــی UN کــرا.

لــە کۆبوونەوەیەکــدا نوێنەرانــی خۆپیشــاندەران و بەرپرســی هەرێمایەتــی UN گفتوگۆیــان لەســەر ڕەوشــی کۆبانــێ و داخــوازی خۆپیشــاندەران کــرد و، نوێنــەری UN بەڵێنیــدا کــەوا یاداشــت و داخــوازی خۆپیشــاندەران بەزووتریــن کات بگەیەنێتــە شــوێنی مەبەســت.

دوای گەڕانەوەیــان لــەلای بەرپرســی نووســنگەی هەرێمایەتــی UN، غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتیی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK، بــۆ کەناڵەکانــی ڕاگەیانــدن دواو وتــی: (کۆبوونەوەکەمــان لەگــەڵ بەڕێــز ســۆکۆل کۆنــدی بەرپرســی نووســینگەی هەرێمایەتــی UN زۆر



باش بوو، ئێمە ڕەوشی کۆبانێ و ڕەوشی کۆچبەران و بەرخودانی شەڕڤانانمان بۆ باسکردن و داوامان لێکردن کۆبانێ بپارێزن و شەرڤانانی کۆبانێ پڕچەك بکرێن، هەروەها داوامان لێکردن پردێکی ئاسمانی بۆ کۆبانێ دروستبکرێ بۆئەوەی پێویستییە مرۆییەکان و سەربازییەکانیان پێبگەیەنرێت، بەڕێزیان بەڵێنیدا یاداشت و داخوازی خۆپیشاندەران بەزووترین کات بگەیەنێتە شوێنی مەبەست، هەروەها بەڕێزیان وتی ئەوەی لە کۆبانێ ڕوودەدات تراژیدیایەکە بۆ هەموو جیهان و ناکرێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستیدا بێدەنگ بێت، بەڕیزیان وتی پرسەو سەرەخۆشیمان بگەیەنن بە ماڵباتی شەهیدانی کۆبانێ و سڵاومان بگەیەنن بە شەرڤانانی کۆبانێ کە دژی جەنگلستان دەجەنگن، ئەو بەرخودانەی کۆبانێ وایکردووە کەوا ببێتە هۆی ئەوەی کورد باشتر بناسرێت، هەروەها ئەو بەڕێزە وتی

کـورد لـە کۆبانـێ و لـە هەرێمـی کوردسـتان نیشـانیاندا کـەوا شـەڕڤانی ئـازان، ئەوەشـی وت کـەوا UN لەگـەڵ خەڵکـی کۆبانـێ دایـە).

مەخمـووری لەدرێـژەی لێدوانەکەیـدا بانگـی لـە هەمـوو کـوردان کـردو وتـی: (ئێسـتا کاتـی یەکڕیـزی و یەکدەنگـی کوردانـە، پێویسـتە لـەم پێنـاوەدا هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان ململانـێ و ناکۆکییـە سیاسـییەکانیان بخەنـە لاوەو لەجیاتـی حزبایەتـی کوردایەتـی بکـەن.)، لـە کۆتایـی لێدوانەکەیـدا غەفـوور مەخمـووری ئەوەشـی وت: (بەرخودانـی کۆبانـێ بەرخودانێکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانییەو بەرەڤانیکردنـە خـاك و خەڵـك، ئێمـە ئـەو بەرخودانـە بـەرز دەنرخێنیـن و پشـتیوانی لێدەکەیـن.).



غەفوور مەخمووری

**لە ڕێوڕەسمی (36)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی PKK دا:**

# پێویستە PKK لەپێناو یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی تێبکۆشێت

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٧ لە رێورەسمی (٣٦)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK دا، کە لە (وارگەها شەهید رۆستەم) لە مەخموور بەڕێوەچوو، وتارێکی پێشکەشکرد و، رایگەیاند کەوا پێویستە PKK لەپێناو یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی تێبکۆشێت. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێزان هاوسەرۆکان و کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK

بەڕیزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

ئازیزان خوشکان ... برایان ... ئامادەبووانی بەڕێز

سڵاوی سەرخۆبوونو ئازادیتان لێبێت ...

بەبۆنەی یادی (٣٦)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، بەناوی خۆمان و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و تەواوی ئەندامو لایەنگرانی یەکێتیمان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو سەرجەم ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین و هیوای پێشڤەچوونی زیاترو سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بەڕێزان: پارتی کرێکارانی کوردستان PKK هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا لەخەبات و تێکۆشان و شۆڕشی گەلی کوردستان لە باکووری وڵاتدا رۆڵی پێشەنگ و کاریگەری هەبووە، هەزاران شەهیدو قوربانی لەپێناو



گـەل و نیشـتماندا داوە، ئەمـەش وایکـردووە ئـەم پارتـە لەنێـو بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتاندا، خـاوەن سـەروەری و دەسـتکەوتی مـەزن بێـت، کەئەمـڕۆ بەرهەمـی ئـەم خەبـات و قوربانییـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی نەتەوەکەمـان لـە باکووری وڵات ببێتــە خــودان پێگەیەکــی بەهێــزو ژمارەیەکــی کاریگــەر لەنێــو هاوکێشــە سیاســییەکاندا، ئەمەیــش وایکــردووە هەمــوو لایــەك بەگرنگییــەوە چاوەڕوانــی ئەنجامەکانــی پێڤــاژووی ئاشــتی بکــەن، بــۆ پێشــڤەچوون و ســەرکەوتنی ئــەم پرســە پێویســتە تورکیــا بەزووتریــن کات بەڕێــز عەبدوڵــڵا ئۆجــەلان رێبــەری PKK ئــازاد بــکات، لەبەرئــەوەی بەســەرکەوتنی ئــەم پرۆســەیە ئاشــتی و ئارامــی بــۆ گەلــی کوردســتان و گەلــی تورکیــا دەگەڕێتــەوە، هــەر لەســەر ئــەم بنچینەیــە PKK بەهــۆی بەرنامــە نیشــتمانییەکەیەوە، لــەرووی بزاڤــی کوردایەتییــەوە توانیویەتــی خزمــەت بەهەمــوو بەشــەکانی کوردســتان بگەیەنێــت.

پێکەوەژیـان و ئاشـتی و تەبایـی و دیموکراتـی و پاراسـتنی یەکڕیـزی گـەل و سـەرجەم هێـزو لایەنەکانـی کوردسـتان و لـە کارە سـەرەکییەکانی PKK بـووە، بۆیـە پێویسـتە ئەمـڕۆ لەهەمـوو کاتێـك زیاتـر PKK لەپێنـاو یەکڕیـزی و یەکدەنگـی گەلـی کوردسـتان و لایەنـە سیاسـییەکانی تێبکۆشـێت، بەتایبـەت لـەم ڕەوشـە هەسـتیارەی ئەمـڕۆ کـە کوردسـتان و ناوچەکـە پێیـدا تێپەڕدەبـن و، لەپێنـاو بەدیهێنانـی تـەواوی مافەکانـی گەلـی کوردسـتان، پێویسـتە هەموومـان بـە گیانـی برایەتـی و تەبایـی و بەیـەك گوتـاری سیاسـی یەکگرتـوو لەسـۆنگەی هەسـتکردن بـە بەرپرسـیاریەتییەوە بەرەنـگاری تیرۆریسـتان و هەمـوو کۆسـپ و تەگەرەکانـی بـەردەم هەنـگاوی دیموکراتـی و خەباتمـان ببینـەوە، بەبـاوەڕی ئێمـە ئەمـەش تەنیـا بـە بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان دێتـەدی، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کار بـۆ ئامادەکـردن و بەسـتن و سەرخسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان بکەیـن.

لـەم بۆنەیـەدا جارێکـی دیکـە جەخـت دەکەینـەوە سـەر پتەوکردنـی پەیوەنـدی هاوخەبـاتی و برایانـەی نێـوان هەردوولامـان (YNDK) و (PKK) لەپێنـاو زیاتـر خزمەتکـردن و پێشـڤەبردنی دۆزی ڕەوای گەلـی کوردسـتان.


هەر بژین و سەرکەوتووبن بۆ کوردو کوردستان.

براتان

غەفوورمەخمووری

سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٤/١١/٢٧ مەخموور - کوردستان



غەفوور مەخمووری لە پرێس کۆنفرانسێکدا:

# هاوکاریکردنی داعش واتە دژایەتیکردنی گەلی کوردستان

***پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٤، نوێنەرایەتی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە پرێس کۆنفرانسێکدا، هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیان سەبارەت بە کۆمەڵێ پرس خستەڕوو، غەفوور مەخمووری لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان گوتی هەر لایەن و دەوڵەتێک هاوکاری داعش بکات ئەوە دژایەتی گەلی کوردستان دەکات و لێی قبوڵ ناکەین.***

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، نوێنەرایەتی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کە نوێنەرایەتی ٦٦ حیزب و لایەنی سیاسی هەر چوار بەشی کوردستان دەکات، بە ئامادەبوونی کەناڵ و ئاژانسەکانی راگەیاندن پرێس کۆنفرانسێکیان لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لە شاری هەولێر بەست و، سەبارەت بە چەند پرسێك هەڵوێستی خۆیان راگەیاند، غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK بەنوێنەرایەتی لایەنە سیاسییەکان هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن و رای گشتی خستەڕوو و وتی: (ئەوە بۆ ماوەی شەش مانگ دەچێت گەلی کوردستان لە باشوورو رۆژئاوای کوردستان ڕوووبەڕووی دڕندەترین رێکخراوی تیرۆریستی بەناو (دەوڵەتی ئیسلامی) ناسراو بە (داعش) بۆتەوە، لە باشوور پێشمەرگە و لە رۆژئاوای وڵات شەڕڤانان لەبەرخودانێکی قارەمانانەی بێوێنەدان، سەرکەوتن و پێشڤەچوونەکانی پێشمەرگە لە باشوور و خۆڕاگری و بەرخودانی شەڕڤانان لە کۆبانێ بوونەتە جێی سەرسامی هەموو جیهان، بەشداری گەریلا و هێزەکانی رۆژهەڵاتی

کوردســتان لــە بــەرەکانی شــەڕ وەکــو پشــتیوانی بــۆ هێــزی پێشــمەرگەو چــوونی هێــزی پێشــمەرگە لــە باشــوورەوە بــۆ (کۆبانێ)ــی رۆژئــاوای کوردســتان خاڵــی وەرچەرخانــە لــە دیرۆکــی بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان و ســەرەتایەکی پتــەوە بــۆ یەکێتــی نەتەوەیــی و یەکڕیــزی گەلــی کوردســتان لەســەر ئاســتی کوردســتان مــەزن.

بێگومــان بەرهەمــی ئــەو یەکڕیزییــە بۆتــە هــۆی ســەرکەوتن و پێشــڤەچوونی مــەزن لــە بەرەکانــی شــەڕدا، ئــەو ســەرکەوتن و پیشــڤەچوونانە بــە گەورەیــی ســەیر دەکەیــن و بــەرز رایاندەگریــن و، لــە هەمــان کاتــدا بــەو بۆنەیــەوە پیرۆزبایــی گەرمــی خۆمــان بــە بنەماڵــەی شــەهیدە ســەربەرزەکان و هێزەکانــی پێشــمەرگە و شــەڕڤانان و گەلــی کوردســتان رادەگەیەنیــن.

ئێمــە ســوپاس و پێزانینــی خۆمــان بــە وڵاتانــی هاوپەیــمان لــە شــەڕی دژی داعــش و هەمــوو ئــەو لایــەن و دەوڵــەوت و رێکخــراوە نێودەوڵەتییانــە رادەگەیەنیــن کــەوا لــەم بارودۆخــەدا لــە رووی ســەربازی و مرۆیــی و سیاســییەوە هــاوکاری هێــزی پێشــمەرگە و شــەڕڤانان و گەلــی کوردســتانیان کــردووە، هــاوکاری و پشــتیوانی ئــەو لایــەن و دەوڵــەت و رێکخراوانــە لــەو بارۆدوخــەدا جێــی رێــزەو لەبیرناکرێــت، ســەرەڕای هــاوکاری و پشــتیوانی وڵاتــان و هاوپەیمانــان بــۆ گەلــی کوردســتان، لایــەن و وڵاتیــش هــەن بــۆ هێنانــەدی ئامانجەکانــی خۆیــان ئاســانکاری بــۆ داعــش دەکــەن و هاوکارییــان دەکــەن، لــەم رووەوە ئــەم راســتییانە بــۆ رای گشــتی دەخەینــەڕوو:

١ـ کاتژمێــر ٣:٣٠ ی بەرەبەیانــی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٩ ئۆتۆمبێلێکــی ســەربازی تورکیــا لــە جــۆری (ئاکــرەپ) دێتــە دەروازەی ســنووری (مورشــید - پنــار) و ئــەو شــوێنە چاودێــری دەکات و بــە دووری ٦٠ مەتــر لــە ناوچەکــەدا دوور دەکەوێتــەوە، پــاش کەمــتر لــە نیــو کاتژمێــر ئۆتۆمبێلێکــی بارهەڵگــری بۆمبرێژکــراو لــەم شــوێنە

دەربـازی رۆژئـاوای کوردسـتان دەبێـت و خـۆی دەتەقێنێتـەوە، لـە ئەنجامـدا ١١ شـەڕڤان و ٦ هاوڵاتـی سـڤیل و ١ چەکـداری ئەرتەشـی ئـازادی سـوریا شـەهید دەبـن، هەمـان رۆژ ٣ ئۆتۆمبێلـی بارهەڵگـری دیکـەی بۆمبڕێژکـراو لەنـاو سـنووری تورکیـا و لـەلای شـوێنێك کـە پێیدەڵێـن سـایلۆ دەربـازی رۆژئـاوا دەبـن و لەلایـەن شـەڕڤانان  دەتەقێنرێنـەوە، هـەر هەمـان رۆژ دوو خۆکـوژ لـەلای سـایلۆ دەربـازی رۆژئـاوا دەبـن و خۆیـان دەتەقێننـەوە.

پاشـان چەکدارانـی داعـش لـەلای سـایلۆ و لـە گونـدی (ئەتمانکێ)ـی سـەر بـە شـارۆچکەی سروچکـێ لەنـاو سـنووری توکیایـەوە بـە چەکـی گـران و دۆشـکاو RBG۷ و BKC و قەنـاس هێـرش دەکەنـە سـەر رۆژئـاوا و شـەڕڤانانی YPG بەرپەرچیـان دەدەنـەوەو هێرشـەکەیان تێکدەشـکێنن و پاشەکشـەیان پێدەکـەن.

٢ـ سـوپای تورکیـا بـەزۆر خەڵکـی هـەردوو گونـدی (ئەتمانکێـی ژووروو و ئەتمانکێـی ژێری)ـی راگواسـتووەو ئێسـتا چەکدارانـی داعـش لـەو دوو گونـدە کـەوا لەنـاو سـنووری توکیـان جێگیـر بوونـە، نێوانـی ئـەوان و عەسـکەری تورکیـا تەنیـا ٦٠ مەتـرە و بەچـاو جولەیـان دەبیـنرێ و لەوێـوە هێـرش دەکەنـە سـەر کۆبانـێ، پێشـتر داعـش لـە سـێ لاوە لـە باکـوور و رۆژهـەڵات و رۆژئـاواوە هێرشـی دەکـردە سـەر کۆبانـێ ئێسـتا لەنـاو سـنووری تورکیـاوە لـە باشووریشـەوە هێـرش دەکاتـە سـەر کۆبانـێ، واتـە کۆبانـێ لـە هـەر چـوار لاوە هێـرش و پەلامـاری لەسـەرە.

بێگومـان ئامانجـی تورکیـا لـە هاوکاریکردنـی داعـش لەناوبردنـی شۆڕشـی رۆژئـاوای کوردسـتانە، لەناوبردنـی شۆڕشـی رۆژئـاوای کوردسـتانیش واتـە تێکشـکاندنی ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان، لەرەوشـێکی وادا ئێمـە داوای لێژنەیەکـی بێلایـەن دەکەیـن بـۆ بەدواداچـوون و دەرخسـتنی راسـتییەکان بـۆ

هەمــوو لایــەك، لــە هەمــان کاتــدا داوا لــە  تورکیــا دەکەیــن کــەوا خــۆی یــەکلا بکاتــەوە ئایــا دەیــەوێ دراوســێی کــورد بێــت یــان داعــش؟ ئایــا دەیــەوێ دۆســتی گەلــی کوردســتان بێــت یــان ڕێکخــراوی تیرۆریســتی داعــش؟

ئێمــە چــۆن لەســەرەتاوە سوپاســی ئــەو لایــەن و دەوڵــەت و ڕێکخراوانەمــان کــرد کــەوا هــاوکاری گەلــی کوردســتان بوونــە، لێــرەوە ئیدانــەی هەمــوو ئــەو لایــەن و دەوڵەتانــەش دەکەیــن کــەوا هــاوکاری داعــش دەکــەن، لەبەرئــەوەی داعــش دڕندەتریــن دوژمنــی گەلــی کوردســتان و جیهانــە، بۆیــە هاوکاریکردنــی داعــش واتــە دژایەتیکردنــی گەلــی کوردســتان و هەمــوو جیهــان، ئــەوەش لــە هیــچ لایــەك قبــوڵ ناکەیــن.

لێــرەوە بانــگ لــە گەلــی کوردســتان و کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی دەکەیــن کــەوا لــە کۆبانــێ و شــۆڕشــی ڕۆژئــاوای کوردســتان خــاوەن دەرکــەون و لەهەمبــەر پیلانــەکان بوەســتن و پوچەڵیــان بکەنــەوە.

هــەر لێــرەوە داوا لــە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی دەکەیــن کــەوا زیاتــر پشــتیوانی و هــاوکاری باشــووری کوردســتان بکــەن، بەتایبــەت لــەم کاتــەدا کــە لــە وەرزی زســتاندا ین و ڕەوشــی ئــاوارەکان خراپــتر دەبێــت، بۆیــە داوا دەکەیــن کــەوا کۆمــەك و هــاوکاری زیاتــر بــە خوشــك و برایانــی ئێزیــدی و ئاوارەکانــی چیــای شــنگال و خوشــك و برایانــی نەتــەوەی کلــدو ئاشــووری بگەیەنــن، بــە بــاوەڕی ئێمــە باشــترین هــاوکاری و کۆمەکیــش بــۆ ئــەوان ئازادکردنــی ناوچەکانییانــە، بۆیــە پێویســتە هێــزی پێشــمەرگە زیاتــر پڕچــەك بکــرێ و هــاوکاری تــەواو بکــرێ بــۆ ئازادکردنــی ئــەو ناوچانــە.

هــاوکاری و پشــتیوانیکردنی گەلــی کوردســتان، هــاوکاری و پشــتیوانیکردنی تــەواوی مرۆڤایەتییــە، لەبەرئــەوەی گەلــی کوردســتان بەرەنــگاری دڕندەتریــن دوژمنــی مرۆڤایەتــی بۆتــەوە کــە ئەویــش ڕێکخــراوی تیرۆریســتی

داعشــە.).

غەفــوور مەخمــووری دواتــر وەڵامــی پرســیاری رۆژنامەنووســانی دایــەوەو ســەبارەت بــە ئاســانکاری و هــاوکاری هەنــدێ لایــەن بــۆ داعــش، مەخمــووری وتی: (داعــش دڕندەتریــن دوژمنــی گــەلی کوردســتانە، هــەر دەوڵــەت و لایەنێــك هــاوکاری داعــش بــکات واتــە دژایــەتی گــەلی کوردســتان دەکات، هــەر لایەنێــك یــا هــەر دەوڵەتێــك ئەمــە بــکات ئێمــە ئیدانــەی دەکەیــن و، لەبەرامبەریــدا هەڵوێســتمان دەبێــت.).



غەفوور مەخمووری

لە کۆبوونەوەی فراوانی حیزبەکانی کوردستانی مەزن:

# ئێمەی گەلی کوردستان پێویستیمان بە یەکێتی نەتەوەیی هەیە

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتی YNDK ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٠، سەرپەرشـــتی کۆبوونـــەوەی فـــراوانی حـــزب و لایەنـــە سیاســـییەکانی هـــەر چـــوار بـــەشی کوردســـتانی کـــرد، کـــە نوێنـــەری ٦٨ حـــزب و لایـــەنی ســـیاسی کوردســـتان تێیـــدا بەشـــداربوون، کۆبوونەوەکـــە لـــە هوتێـــل (چوارچـــرا) لـــە شـــاری (هەولێـــر)ی پایتەختـــی کوردســـتان بەڕێوەچـــوو.***

لەســـەرەتادا ؛ مەخمـــووری بەخێرهاتنـــی هەمـــوو لایەکـــی کـــردو، وتی: ســـوپاسی هەمـــوو لایەکتـــان دەکـــەم کـــەوا بەدەنـــگ بانگهێشـــتەکەمانەوە هاتـــن، ئـــەم کۆبوونەوەیەمـــان زۆررگرنگـــە و لـــە کاتێکـــی هەســـتیاردا ئەنجامـــی دەدەیـــن، کـــەوا لـــە هەمـــوو لایەکـــەوە هەڕەشـــە لـــە گـــەلی کوردســـتان دەکـــرێ، ئـــەم واقیعـــە لـــە هەمـــوو لایەکـــمان دەخوازێـــت کـــەوا ریـــزەکانی خۆمـــان یەکبخەیـــن و وەکـــو یـــەک تیـــم کاربکەیـــن و بەرەڤـــانی لەگەلەکەمـــان بکەیـــن)، مەخمـــووری لـــە درێـــژەی قســـەکانیدا وتی: (لـــەم کۆبوونەوەیـــەدا شرۆڤـــەی رەوشی ســـیاسی کوردســـتان و ناوچەکـــەو هەرەشـــەکانی ســـەر گـــەلی کوردســـتان دەکەیـــن، بـــۆ ئەمـــەش بۆچـــوونی تـــەواوی لایەنـــەکان وەردەگریـــن، دواتـــر هەوڵدەدەیـــن هەڵوێســـتێکی یەکگرتـــوو رابگەیەنیـــن).

بـــۆ یەکدەنگـــی و یەکڕیـــزی گـــەلی کوردســـتان غەفـــوور مەخمـــووری داوای لـــە نوێنـــەری حزبـــەکان کـــرد هاوکاربـــن بـــۆ بەســـتنی کۆنگرەیەکـــی نەتەوەیـــی گشـــتگیرو، وتی: (ئێمـــەی گـــەلی کوردســـتان پێویســـتیمان بـــە یەکێتـــی نەتەوەیـــی هەیـــە، گرنگتریـــن کاریـــش کـــە بیکەیـــن بـــۆ یەکێتـــی نەتەوەیـــی بەســـتنی کۆنگرەیەکـــی نەتەوەیـــی کوردســـتانییە کـــەوا تـــەواوی حـــزب و لایەنـــە سیاســـییەکان بگرێتـــە خـــۆ، بۆئـــەوەی ببێتـــە ماڵـــی گـــەورەی کـــوردان، لـــەم پێنـــاوەدا پێویســـتە هەمـــوو لایەکـــمان کاری

جـددی بکەیـن و، پەلـەی لێبکەیـن).

دوای گفتوگۆیەکـی هەمـە لایـەن لەلایـەن حزبـە کوردسـتانییەکان سـەبارەت بـە بارودۆخـی کوردسـتان، لـە بەیاننامەیەکـدا هەڵوێسـتێکی کوردانـەو یەکگرتووانەیـان بـۆ گـەلی کوردسـتان ڕاگەیانـد، دواتریـش لـە پرێـس کۆنفرانسـێکدا مەخمـووری وەڵامـی پرسـیاری ڕۆژنامەنووسـانی دایـەوە. ئەمـەش دەقـی ڕاگەیانـدنی هاوبەشـی کۆبوونـەوەی حیـزب و لایەنـە کوردسـتانییەکانە:

## ڕاگەیاندنی هاوبەشی کۆبوونەوەی حیزب و لایەنە کوردستانییەکان

جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان ...

کەس و کارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان ...

ئێمـە حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان لەدرێـژەی دیـدارو کۆبوونەوەکانمانـدا، ئەمـڕۆ ٢٠١٤/١٢/٢٠ لـە شـاری هەولێـر کۆبووینـەوە، لـە کۆبوونەوەکـەدا سـەبارەت بەکاروچالاکـی مـاوەی ڕابردوومـان گفتوگۆکـرا، بـە بـاوەڕی هەمـوو لایەکـمان کارو چالاکییەکانمـان لـە مـاوەی ڕابـردوودا کەشـێکی گونجـاوی بـۆ کارو خەباتـی هاوبـەش لەنێـوان لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان خوڵقانـدووە، ئەمـەش وا دەکات کـەوا زیاتـر کاربکەیـن بۆئـەوەی بتوانیـن ببینـە هۆکارێـك بـۆ هێنانـەدی یەکڕیـزی و یەکدەنگـی لەنێـوان سـەرجەم لایەنـە سیاسـییەکان و تـەواوی پێکهاتەکانـی گەلـی کوردسـتان، کارو خەباتـی مـاوەی ڕابـردوو بـە ئیجابـی هەڵسـەنگێنران و لەژێـر تیشـکی ئەمـەدا پلانسـازی و کارنامەیەکـی نـوێ بـۆ کارو خەباتـی داهاتـوو داڕێـژرا، کارو خەباتـی داهاتوومـان بـۆ پشـتیوانی و پێشخسـتنی پرسـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان دەبێـت.

هـەر لـە کۆبوونەوەکـەدا ڕەوشـی سیاسـی کوردسـتانی مـەزن گفتوگـۆی لەسـەر



کـرا و، جەختکرایەوەسـەر پشـتیوانی خەبـات و بەرخودانـی گەلـی کوردسـتان لـە باکـوورو باشـوورو رۆژهـەڵات و رۆژئـاوای کوردسـتان و، روانینـی هاوبـەش بـۆ هـەر بەشـێکی کوردسـتان بـەم شـێوەیە بـوو:

باکـووری کوردسـتان: هەمـوو لایەکـمان پشـتیوانی تـەواوی پێشـڤەبردن و سەرخسـتنی پرۆسـەی ئاشـتی دەکەیـن و، لەپێنـاو سەرخسـتن و بـە ئەنجـام گەیشـتنی پرۆسـەکە داوا کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەکەیـن کـەوا فشـار بخەنـە سـەر تورکیـا بۆئـەوەی بەزووتریـن کات بەڕێـز عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان رێبـەری پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان PKK ئـازاد بـکات و،داوا دەکەیـن پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان PKK لـە لیسـتی تیـرۆر دەربهێنرێـت، لەبەرئـەوەی ئازادکرنـی بەڕێـز ئۆجـەلان و دەرهێنانـی PKK لـە لیسـتی تیـرۆر دەبنـە فاکتـەری بەهێـز بـۆ سـەرکەوتنی پێڤـاژۆی ئاشـتی و کۆتاییهێنـان بەشـەڕ.



باشووری کوردستان: پاراستن و پێشڤەبردنی ئەزموونی باشووری کوردستان بە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی لایەك دەزانین و، خۆمان بە پێشمەرگەی پاراستنی کوردستان دەزانین و، پشتیوانی خۆمان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان رادەگەیەنین کەوا دلێرانە رووبەڕووی دڕندەترین دوژمن بۆتەوە کە ئەویش رێکخراوی تیرۆریستی (داعش )ە، لێرەوە ئامادەبوون و سەرپەرشتی و بەشداربوونی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش بەرز دەنرخێنین و سوپاسی هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی و ماندووبوونی بەڕێزیان دەکەین، لەهەمان کاتدا بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لە دەڤەری شنگاڵ و ئازادکردنی شنگاڵ پیرۆزبایی لە تەواوی گەلی کوردستان دەکەین و، هیوامان زۆرە لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی خاکی کوردستان لە تیرۆریستان



پاکبکرێتـەوە، سـەرکەوتنی پێشـمەرگە شـەڕی تیرۆریسـتاندا بەسـەرکەوتنی هەمـوو گەلـی کوردسـتان دەزانیـن، لێـرەوە سوپاسـی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی دەکەیـن کـەوا لـە رەوشـێکی وادا بەهانـای کوردسـتانەوە هاتـوون و پشـتیوانییان کـردووە، ئـەو پشـتیوانییە نێودەوڵەتییـەی کـەوا لـە باشـووری کوردسـتان دەکـرێ، پشـتیوانییە بـۆ هەمـوو گەلـی کوردسـتان، لـەم رووەوە سوپاسـی هەمـوو ئـەو دەوڵـەت و لایەنانـە دەکەیـن کـەوا هـاوکاری گەلـی کوردسـتانییان کردووە،گەلـی کوردسـتان لـە باشـووردا هـەر هەمـووی قارەمانانـە لـە بەرخـودان دان، ئەمـەش وادەکات کـەوا هەمـوو لایەنـەکان چـۆن ئەرکیـان دیـارە ئـاواش مافیـان دیاربێـت، بۆئەمـەش داوا دەکەیـن کـەوا بەکـردەوەو باشـتر پرەنسـیپەکانی ئـازادی سیاسـی و یەکسـانی کۆمەڵایەتـی جێبەجێبکرێـن.

تیرۆریسـتانی داعـش بـە ئامانجـی جینۆسـایدکردنی نەتـەوەی (کلـدان سریـان




ئاشــووری) و خوشــك و برایانــی ئێــزدی گەورەتریــن تاوانــی مرۆییــان دژ بــەم خوشــك و برایانەمــان ئەنجامــداوە، ئێمــە جارێکــی دیکــە ئــەم تاوانــە دژ بــە مرۆڤایەتییــە ئیدانــە دەکەیــن و داوا لــە گرمەڵگــەی نێودەوڵەتــی دەکەیــن کــە ئــەم تاوانانــە وەکــو جینۆساســد بناســن.

رۆژهەڵاتــی کوردســتان: لــە رۆژهەڵاتــی وڵاتــدا رۆژانــە مافــە سیاســی و نەتەوەییەکانی گەلـی کوردسـتان پێشـێل دەکرێـت، لـەم رووەوە ئێمـە سیاسـەتەکانی رژێمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران کـە نکولیکـردن لـە پرسـی نەتەوەیـی کـوردە بـە سیاسـەتێکی نـاڕەوا و شکسـت خـواردوو دەزانیـن و، پشـتیوانی خۆمـان بـۆ بزاڤـی رزگاریخـوازی گەلـی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەردەبڕیـن، هەروەهـا ئێمـە سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لـە دژی خەڵکـی کوردسـتان بـۆ پێشـێل کردنـی مافـی مـرۆڤ و لـە سـێدارەدانی لاوانـی کـورد و زیندانیکردنـی چالاکوانانـی

سیاسـی و مەدەنـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ئیدانـەو مەحکـوم دەکەیـن و پشـتیوانی خۆمـان بـۆ داخوازییەکانـی زیندانییانـی سیاسـی مانگرتـوو لـە بەندیخانـەی ورمـێ ڕادەگەیەنیـن.

ڕۆژئـاوای کوردسـتان: ئێمـە وەکـو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان، جارێکـی دیکـە پشـتیوانی تـەواوی خۆمـان بـۆ شـۆڕش و بەرخودانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان ڕادەگەیەنیـن و بـەرز دەیانرخێنیـن، بـۆ پاراسـتن و پێشـڤەبردنی دەسـکەوتەکانی گەلەکەمـان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، داوا دەکەیـن کـەوا بەزووتریـن کات (ڕێککەوتننامـەی دهـۆك )ی نێـوان تەڤگـەری جڤاکـی دیموکـرات (TEV-DEM) و ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کـورد لـە سـوریا ENKS بەکـردەوە جێبەجـێ بکرێـت، بێگومـان جێبەجێکردنـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە دەبێتـە فاکتـەری بەهێـزی یەکڕیـزی و یەکدەنگـی و پێشـڤەچوون و سـەرکەوتنی بەرخودانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان.

کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد: کوردسـتان لـە ڕەوشـێکی زۆر ناسـك و هەسـتیاردایە، مەترسـی گـەورە لەسـەر گەلـی کوردسـتان هەیە،لـە ڕەوشـێکی وادا پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کار بـۆ یەکڕیـزی و یەکدەنگـی بکەیـن، ئێمـەی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لـەم پێنـاوەدا لـە مـاوەی چەنـد مانگـی ڕابـردوودا زۆر بەجـدی کارمـان کـردووەو، گەیشـتووینەتە ئەنجامـی بـاش، هەسـت بـە کەشـێکی گونجـاوی لەیەکترگەیشـتن و بەیەکـەوە کارکـردن دەکەیـن، لەپێنـاو پاراسـتنی ئـەم کەشـە سیاسـییەو هێنانـەدی یەکریـزی و یەکدەنگـی تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکان و گەلـی کوردسـتان لـە کارو خەباتـی خۆمانـدا بـەردەوام دەبیـن و، داوا لەهەمـوو لایـەك دەکەیـن هـاوکارو پشـتیوانمان بـن بۆئـەوەی یەکێتـی و یەکدەنگـی لەنێـوان تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکان و پێکهاتەکانـی گەلـی کوردسـتان وەدیبهێنیـن، لـەم پێناوەشـدا جارێکـی دیکـە داوا لـە بەڕێـز کاك مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن بانـگ لـە تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکانی هـەر

چـوار پارچـەی کوردسـتان و لێژنـەی ئامـادەکاری کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد بـکات بەزووتریـن کات کۆببنـەوەو دەسـت بەکارەکانیـان بکەنـەوە، بۆئـەوەی بەزووتریـن کات کۆنگـرەی نەتەوەیـی ببەسـترێت و ببێتـە چەترێکـی هاوبـەش بـۆ هەمـوو لایەکـمان و، لەهەمـان کاتـدا ببێتـە سـەنتەری بڕیـاری سیاسـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لـە کوردسـتاندا.

- سەرکەوێ خەبات و بەرخودانی گەلی کوردستان.

- نەمـری و سـەربەرزی بـۆ تـەواوی شـەهیدانی بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتانی مـەزن.

- مـردن و رووڕەشـی بـۆ تیرۆریسـتان و دوژمـن و ناحەزانـی دۆزی رەوای گەلـی کوردسـتان.

لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان:

١- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

٢- پارتی دیموکراتی کوردستان

٣- یەکێتی نیشتمانی کوردستان

٤- بزووتنەوەی گۆڕان

٥- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٦- بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

٧- کۆما جڤاکێن کوردستان KCK

٨- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

٩- بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان

١٠- پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان

١١- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٢- پارتی ئازادی کوردستان PAK

١٣ - تەڤگەری جڤاکی دیموکرات (TEV-DEM)

١٤- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

١٥- حزبی دیموکراتی کوردستان

١٦- حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن

١٧ - حزبی رزگاری کوردستان RPK

١٨ - پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD

١٩ - پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان

٢٠ - پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP

٢١- کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران )

٢٢- پارتی گەلی تورکمانی عێراق

٢٣- پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان

٢٤- ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا ENKS

٢٥ - کۆمەڵەی لیبرالی تورکمان

٢٦- پارتی نەتەوەیی کوردستان

٢٧- حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان

٢٨- بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان

٢٩- بزووتنەوەی گۆڕانی دیموکراتی کوردستان _ سوریا

٣٠ - پارتی پارێزگارانی کوردستان

٣١ - کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC

٣٢ - پارتی سەربەستی کوردستان

٣٣ - کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

٣٤- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK

٣٥ - حزبی شیوعی کوردستان

٣٦- حزبی ئایندەی کوردستان

٣٧- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٣٨- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

٣٩- بزووتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان

٤٠- حیزبی شروقی تورکمانی

٤١- کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستان

٤٢-حزبی تورکمان ئیلی

٤٣- بزووتنەوەی تورکمانی بێلایەن

٤٤- پارتی سەربەخۆیی کوردستان

٤٥- پارتی دیموکراتی کوردستان _ سوریا (پارتی )

٤٦- پارتی گەشەپێدانی تورکمانی

٤٧- پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی )

٤٨- پارتی نیشتمانی دیموکراتی کورد لە سوریا

٤٩- پارتی یەکێتی کورد لە سوریا

٥٠- پارتی دیموکراتی کوردی سوریا

٥١- تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان

٥٢- پارتی چاکسازی و پێشکەوتووی تورکمان

٥٣- برایەتی ئۆچاغی تورکمان

٥٤- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK

٥٥- پارتی دیموکراتی کوردستان _ باکوور

٥٦- پارتی رزگاری نەتەوەیی تورکمان

٥٧- پارتی گەلی تورکمان

٥٨- بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی تورکمان

٥٩- پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (پارتی )

٦٠- پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سوریا

٦١- پارتی وەکهەڤی کورد لە سوریا

٦٢- پارتی رێکەفتنی کورد لە سوریا

٦٣- بزاڤی چاکسازی کورد لە سوریا

٦٤- یەکێتی بێت نەهرێنی نیشتمانی

٦٥- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٦٦- پارتی یەکگرتووی تورکمان

٦٧- پارتی ئازادی کوردستان PAK

٦٨- پارتی سۆسیالیستی کوردستان PSK

٢٠١٤/١٢/٢٠

هەولێر - کوردستان




**غەفوور مەخمووری لە کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ لە ئامەد:**

# پێویستە هەموو کورد هاوکاری و پشتیوانی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ بکەن

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDK پێشـــنیوەڕی ڕۆژی شـــەممە ٢٠١٥/٥/٢ لـــە شـــاری ئامـــەد لـــە باکـــووری کوردســـتان ئامـادەی کۆنفرانسـی ئاوەدانکردنـەوەی کۆبانـێ بـوو، لـە وتارێکیـدا لـــە کۆنفرانســـەکەدا وێـــڕای ســـڵاوکردن لـــە شـــەڕڤانان و ماڵباتـــی شـــەهیدان، داوایکـــرد کـــەوا هەمـــوو کـــورد هـــاوکاری و پشـــتیوانی ئاوەدانکردنـــەوەی کۆبانـــێ بکـــەن. ئەمـــەش دەقـــی وتارەکەیـــە:***

بەڕێزان ئەندامانی کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ ...

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

میوانانی خۆشەویست ...

بەنـــاوی خۆمـــان و مەکتەبـــی سیاســـی و کۆمیتـــەی ســـەرکردایەتی و تـــەواوی هەڤاڵانـــی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDK، بەبۆنـــەی بەســـتنی کۆنفرانســـی ئاوەدانکردنـــەوەی کۆبانـــێ پیرۆزبایـــی لـــە خۆمـــان و لـــە ئێـــوەی بەڕێـــز دەکەیـــن و هیـــوای ســـەرکەوتن بـــۆ کۆنفراســـەکەمان دەخوازیـــن.

لـــە ســـەرەتاوە ســـڵاوو ڕێـــز و خۆشەویســـتی دەنێریـــن بـــۆ تـــەواوی هێـــزەکانی پێشـــمەرگە و شـــەرڤانان و گەریـــلا و ماڵبـــاتی شـــەهیدانی کوردســـتان، خۆڕاگـــری و قوربانیدانیـــان بـــەرز دەنرخێنیـــن.

بەڕێـــزان ؛ ســـەرکەوتنی بەرخـــودانی کـــورد لـــە کۆبانـــێ ئـــەو راســـتییەی بـــۆ هەمـــوو لایـــەك ســـەلماند کـــەوا ئیـــرادەی کـــوردان بەهیـــچ هێزێـــك نایەتـــە شـــکاندن، ئەمـــەش بەرەنجامـــی یەکڕیـــزی و یەکدەنیـــمان بـــوو بـــۆ پاراســـتنی کۆبانـــێ، ئێمـــەی گەلـــی کوردســـتان لـــە هەمـــوو بەشـــەکانی کوردســـتان هـــاوکار بوویـــن کـــەوا کۆبانـــێ نەکـــەوێ و ســـەرکەوێ، ئێســـتاش کات هاتـــووە چـــۆن بەیەکڕیـــزی و یەکێتـــی

نەتەوەیـی کۆبانێـمان پاراسـت ئـاواش هەمـوو لایـەك هـاوکار و پشـتیوان بیـن بـۆ ئاوەدانکردنــەوەی کۆبانێــی قــەڵای خۆڕاگــری و بەرخــودان.

ئامادەبــووانی بەڕێــز ؛ ڕۆژئــاوای کوردســتان لــە ڕەوشــێکی زۆر ناســك و هەســتیاردایە، پێویســتە هەمــوو لایەکــمان پشــتگیری و هاوکارییــان بکەیــن، لێــرەوە جارێکــی دیکــە دەمــەوێ ئەوەتــان بــە بیــر بێنمــەوە کــەوا خوشــك و برایانمــان لەرۆژئــاوای وڵات لــە مــاوەی رابــردوو و ئێســتایش رۆڵێکــی کارایــان هەبــووە لــە بەشــداری و پشــتگیری شــۆڕش و ڕاپەڕینەکانــی باکــوور و باشــوورو ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، بۆیــە وەکــو ئەرکێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی لەســەر تــەواوی هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتانی مــەزن و تــەواوی کــوردە کــە هــاوکاری و پشــتیوانی شۆڕشــی نەتەوەکەمــان بــن لــە رۆژئـاوای وڵات، ئێسـتا هـەڵ رەخسـاوە بـۆ ئـەوەی نەتەوەکەمـان لـەو بەشـەی وڵات بـگات بەمافـە رەواکانـی خـۆی بـۆ ئەمـەش هـاوکاری و پشـتگیری کردارەکـی هەمـوو لایەکـمانی پێویسـتە پێویســتە.

کۆبانــێ ؛ کــە ئێســتا لــە ئەنجامــی شــەڕی چەتەکانــی ڕێکخــراوی تیرۆریســتی داعــش وێــران بــووە، پێویســتە وەکــو خــۆی بهێلرێتــەوەو بکرێتــە مۆزەخانەیەکــی نەتەوەیــی مــەزن و لــە تەنیشــت کۆبانێــی قــەڵای بەرخــودان کۆبانێــی نــوێ دروســتبکریتەوە، بۆئــەوەی هەمــوو جیهــان و نەوەکانــی داهاتوومــان بزانــن کــەوا هێــزە تاریکپەرســتەکان چەنــد دڕنــدە بوونــە، لەهەمــان کاتــدا نــەوەی داهاتوومــان ئیلماهــی بەرخــودان و شۆڕشــگێڕی لــە بەرخودانــی کۆبانــێ وەربگــرن، بۆئەمــەش پێشــنیار دەکــەم کــەوا بەشــێك هەبــێ تایبــەت بێــت بــە ژیــان و وێنــەی ئــەو شــەڕڤانە شــەهیدانەی کــەوا بەخوێنــی خۆیــان کۆبانێیــان پاراســت و داســتان خۆڕاگــری بەرخودانــی کۆبانێیــان تۆمارکــرد، هەروەهــا بەشــێك هەبــێ بــۆ نــاوو وێنــەی ئــەو شــەڕڤان و پێشــمەرگانەی کــەوا بەشــدارییان لــە شــەڕی پاراســتنی



کۆبانـێ کـردووە، لەهەمـان کاتـدا پێویسـتە فیلمێکـی دیکۆمێنتتـاری سـەبارەت بـە کۆبانـێ لـەڕووی مێژووییـەوە، کۆبانـێ لـە پێـش شـەڕ و دوای شـەڕ و پرۆسـەی دووبـارە ئاوەدانکردنـەوەی کۆبانێـی نـوێ لەخۆبگرێـت، لـە هەمـان کاتـدا پێویسـتە ئـەم کۆنفرانسـە بڕیـار وەربگرێـت و چەنـد کۆمسـیۆنێکی کارا پێکبهێنێـت بۆئـەوەی بتوانیـن لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی و نێودەوڵەتـی هەنـگاوی پراکتیکـی بهاوێیـن و کۆمـەک و هـاوکاری پەیـدا بکەیـن و بەزووتریـن کات کۆبانێـی نـوێ بنیـات بنێینـەوە، بۆئـەوەی بتوانیـن لـە بـواری پـەروەردەو فێرکـردن و تەندروسـتی و پاراسـتن و ئـاوو کارەبـا و ڕێگاوبـان و پەیوەنـدی و باشـترکردنی ڕەوشـی ژنـان و منـداڵان

و ماڵباتـی شـەهیدان و شـەڕڤانان و هەمـوو بوارەکانـی دیکـە بەزووتریـن کات بکەوینـەکار، لێـرەوە داوادەکـەم کـەوا هەمـوو لایەکـمان کاربکەیـن بۆئـەوەی کۆنفرانسـێکی نێونەتەوەیـی بـە بەشـداری وڵاتـان و سـازییە نێودەوڵەتییـەکان ببەسـترێت، لێـرەوە پێشـنیار دەکـەم کـەوا بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کۆبانـێ کۆمسـیۆنی ئەندازیـاران پێکبهێنرێـت و ئەندازیارانـی بیناسـازی و کارەبـا و وزە و ڕێگاوبـان وئاودێـری و بوارەکانـی دیکـە بگرێتەخـۆ، هەورەهـا داوادەکەیـن کـەوا ئەنجوومەنـی یاسـادانانی کانتۆنـی کۆبانـێ بەزووتریـن کات یاسـایەکی تایبـەت بـە دامەزراندنـی ڕێکخراوێـک (سـازییەك) بـە نـاوی وەقفـێ کۆبانـێ دابڕێژێـت بۆئـەوەی هـەر هاوکارییـەك کـە پێشـکەش کۆبانـێ دەکـرێ لەڕێـی ئـەو سـازییەوە کۆبکرێتـەوە، لەهەمـان کاتـدا پێویسـتە بەزووتریـن کات کەناڵـی ئاسـمانی کۆبانـێ دابمەزرێـت بۆئـەوەی بتوانـێ ڕۆڵبگێڕێـت لـە وشـیارکردنەوەی خەڵـك بـۆ هاوکاریکردنیـان بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کۆبانـێ، بـۆ بەدواداچـوون و جێبەجیکردنـی بڕیـار و راسـپاردەکانی ئـەم کۆنفرانسـە پێشـنیار دەکـەم کۆمسـیۆنێکی نەتەوەیـی بـە بەشـداری نوێنـەری هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان و کوردانـی دەرەوەی کوردسـتان پێکبهینریـت، بێگومـان پشـتیوانی و هاوکاریکردنـی پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەی کۆبانـێ ئەرکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی هەمـوو لایەکمانـەو لەسـەر هەمووشـمانە هـاوکارو پشـتیوانیان بیـن.

ئامادەبـووانی بەڕێـز ؛ شـەڕڤانان و پێشـمەرگە و گەریـلا وەکـو هێـزی پاراسـتنی نەتەوەیـی کۆبانێ-یـان پاراسـت، هاوپەیمانـی نێودەوڵەتیـش ڕۆڵێکـی کارایـان لـە پاراسـتنی کۆبانـێ هەبـوو، بۆیـە پێویسـتە لـە ڕاگەیاندنـی کۆتایـی کۆنفرانـس سوپاسـی هێـزەکانی پێشـمەرگەو شـەڕڤانان و گەریـلا و هێـزە نێونەتەوەییـەکان بکـرێ و خەباتییـان بـەرز بنرخێنرێـت.

لـە کۆتاییـدا جارێکـی دیکـە هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازیـن و چاومـان

لەوەیــە بــە بڕیــار و راســپاردەی گونجــاو ســەرکەوتووانە کۆتایــی بــە کۆنفرانســی ئاوەدانکردنــەوەی کۆبانــێ بێنــین.

هەر بژین و سەرکەوتووبن و کوردستان ئاوەدان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٥/٥/٢ ئامەد – باکووری کوردستان




**غەفوور مەخمووری لە سەردانی ڕۆژئاوای کوردستان دا:**

# پاراستن و سەرکەوتنی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان بەندە بە یەکڕیزی و بەیەکەوەکارکردنی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا

سـەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٧، سـکرتێری گشـتیی YNDK بەیـاوەری شـاندێکی مەکتـەبی سـیاسی YNDK سـەردانی ڕۆژئـاوای کوردسـتانی کـردو، لـە چەنـد دیـدارو بەسـەرکردنەوەیەکدا باسـیان لـە ڕەوشـی سیاسـی باشـوورو ڕۆژئـاوای کوردسـتان و دواپێشـهات و گۆڕانکارییـەکانی ناوچەکـە کـرد.

سـەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشـەممە، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK بەیـاوەری شـاندێکی مەکتەبـی سیاسـی YNDK کـە پێکهاتبـوو لـە هەڤـاڵان (د. شـاخەوان خالیـد کارگێـڕی مەکتـەبی سـیاسی و قەهـار تاهـیر ئەندامـی سـیاسی YNDK )، سـەردانی ڕۆژئـاوای کوردسـتانییان کـردو، سـەرەتا لـە دەروازەی سـنووری سـێمالکا لەلایـەن بەڕێـزان (د. عەبدولکەریـم عومـەر وەزیـری دەرەوەی کانتـۆنی جزیـرە، ئامینـە ئۆسـێ جێگـری وەزیـری دەرەوە، مانـع حمێـدی ئەلجەربـا و مەنسـور حاجـی مەنسـور راوێـژکارانی سـەرۆکایەتی کانتـۆنی جزیـرە، کاروان کۆبـانی بەڕێوەبـەری دەروازەی سـنووری سـێمالکا و ژمارەیـەك لـە کەسـایەتی نـاسراوی ڕۆژئـاوا )، بەگەرمـی و بـە مەراسـیمێکی فەرمـی پێشـوازی لـە شـاندی YNDK کـرا، دواتـر شـاندی YNDK لـە شـاری رمێـلان سـەردانی سـەرۆکایەتی کانتـۆنی جزیرەیـان کـرد و بەگەرمـی لەلایـەن بەڕێـزان (خاتـوو هەدیـە یوسـف هاوسـەرۆکی کانتـۆنی جزیـرە، ئەفـرام گەوریـە و شـێخموس موسـا جێگـرانی هاوسـەرۆك، مەنسـور حاجـی مەنسـور و نەسـیم شـەمۆ راوێـژکارانی سـەرۆکایەتی کانتـۆن) بەگەرمـی پێشـوازییان لێکـرا.

پاشـان شـاندی YNDK بەمەبەسـتی بەسـەرکردنەوەی بەڕێـز شـێخ حمێـدی دەهـام ئەلجەربـا دۆسـتی دێرینـی هەڤـاڵ غەفـوور مەخمـووری سـەردانی گونـدی تـل عەلۆیـان کـرد و، ئەمـەو شـاندی YNDK لەلایـەن بەڕێـز شـێخ حمێـدی دەهـام هـادی ئەلجەربـا هاوسـەرۆکی کانتـۆنی جزیـرەو ریـش



سپی و پیاوماقوڵانی هۆزی شەممەر و سەرۆك هۆزە عەرەبییەکانی ناوچەکە بەگەرمی پێشوازییان لێکرا، شایانی باسە وەکو رێزگرتن لە شاندی YNDK شێخ حمێدی دەهام ئەلجەربا نیوەڕۆ خوانێکی بۆ شاندی YNDK و ئامادەبووان ئامادەکردبوو، دواى نانخواردنی نیوەڕۆ، شاندی YNDK بەرەو شاری عاموودە بەڕێکەوتن.

پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ لە شاری عاموودە سەردانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کانتۆنی جزیرەیان کردو، لەلایەن بەڕێزان (ئەکرەم حەسۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، حەکەم خەلۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانانی کانتۆنی جزیرە، حوسێن غەرام و ئەلیزابێت شابا جێگرانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، عەبدولکەریم سکۆ ئەندامی دیوانی ئەنجوومەنی یاسادانان، د. عەبدولکەریم عومەر وەزیری دەرەوە، ئامینە ئۆسێ جێگری



وەزیـــری دەرەوە و ئیســـماعیل دێریـــك راوێـــژکاری ســـەرۆکایەتی ئەنجوومـــەنی وەزیـــران) بەگەرمـــی پێشـــوازییان لێکـــرا.

لـــەو دیـــدارو بەســـەرکردنەوانەدا وێـــڕای پیرۆزکـــردنی دامەزرانـــدنی کانتـــۆنی جزیـــرەو هیـــوای ســـەرکەوتن خواســـتن بۆیـــان، بـــاس لـــە رەوشـــی سیاســـی باشـــوورو رۆژئـــاوای کوردســـتان و دواپێشـــڤەچوون و پێشـــهاتەکانی شۆڕشـــی گەلانـــی ســـوریاو گۆڕانکارییەکانـــی ناوچەکـــە کـــراو، ســـکرتێری گشـــتیی YNDK جەختیکـــردەوە ســـەر هاوکاریکـــردنی رۆژئـــاوای وڵات و، وتی: (رۆژئـــاوای کوردســـتان لـــە رەوشـــێکی زۆ ناســـك و هەســـتیاردایە، پێویســـتە هەمـــوو لایەکـــمان پشـــتگیری و هـــاوکاری رۆژئـــاوا بکەیـــن، لەبەرئـــەوەی خوشـــك و برایانمـــان لەرۆژئـــاوای وڵات لـــە مـــاوەی رابـــردوو و ئێســـتایش رۆڵێکـــی کارایـــان هەبـــووە لـــە بەشـــداری و پشـــتگیری شـــۆڕش و راپەڕینەکانـــی باکـــوور و باشـــوورو رۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، بۆیـــە وەکـــو ئەرکێکـــی

نیشتمانی و نەتەوەیی لەسەر تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی مەزن و تەواوی کوردە کە هاوکاری و پشتیوانی شۆڕشی نەتەوەکەمان بن لە رۆژئاوای وڵات، ئێستا هەڵ رەخساوە بۆ ئەوەی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵات بەمافە رەواکانی خۆی بگات، بۆ ئەمەش هاوکاری و پشتگیری کردارەکی کوردانە پێویستە. )، هەروەها زیاتر لێکنزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان تەوەرێکی دیکەی دیدارەکان بوو و، جەختکرایەوە سەر یەکڕیزی و یەکدەنگی کوردان لەو گۆڕانکارییانەی کە دێنە پێشەوەو یەکێتی و یەکدەنگی کوردان لەو گۆڕانکارییانەدا بەفاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی گەلی کوردستان وەسفکرا، هەڤاڵ غەفوور مەخمووری جەختی کردەوە سەر یەکڕیزی و بەیەکەوە کارکردنی لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا و وتی: (پاراستن و سەرکەوتنی ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان بەندە بە یەکڕیزی و یەکدەنگی نێوان تەواوی لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای وڵات، بۆئەمەش پێویستە بەزووترین کات رێکەوتننامەی دهۆك بە پراکتیك جێبەجێ بکرێت.).

هەروەها لەدیدارەکاندا باس لە هێرش و دەستدرێژییەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆسەر باشوور و رۆژئاوای کوردستان کراو بەتوندی هێرش و پەلامارەکانی چەتەکانی داعش ئیدانە کران و رووبەڕووبوونەوەی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە بە ئەرکی هەموو لایەك زانرا، لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکاندا بۆ یەکدەنگی کوردان لەسەر ئاستی نەتەوەیی باس لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە نزیکترین دەرفەتدا کرا، هەر لەدیدارەکاندا هاوسەرۆکانی کانتۆنی جزیرەو سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان خۆشحاڵی خۆیان و بەرامبەر ئەو سەردانەی سکرتێری گشتی YNDK و شاندی یاوەری بۆ رۆژئاوای کوردستان

دەربـــڕی و ســـوپاس و پێزانینـــی خۆیـــان بـــە ســـکرتێری گشـــتی و ســـەرکردایەتیی YNDK راگەیانـــد بەرامبـــەر هەڵوێســـتە نەتەوەیـــی و نیشـــتمانییەکانی YNDK ســـەبارەت بـــە رۆژئـــاوای کوردســـتان وپرســـە نەتەوەییـــەکان، لەهەمـــان کاتـــدا ئامادەیـــی خۆیـــان نیشـــاندا بـــۆ یەکڕیـــزی و یەکدەنگـــی نێـــوان لایەنـــە سیاســـیەکانی رۆژئـــاوای وڵات، ســـکرتێری گشـــتیی YNDK لـــەلای خۆیـــەوە ســـوپاسی پێشـــوازی و میوانـــداری کـــردن و، هەمـــوو هـــاوکاری و پشـــتیوانییەکی بـــۆ رۆژئـــاوای کوردســـتان راگەیانـــد و جەختیکـــردەوە ســـەر یەکدەنگـــی و یەکڕیـــزی لایەنـــەکانی رۆژئـــاوای وڵات و هیـــوای پێشـــڤەچوون و ســـەرکەوتنی بـــۆ خواســـتن و گوتـــی لەســـەر هەمـــوو لایەکمانـــە هـــاوکارو پشـــتەڤانی رۆژئـــاوای کوردســـتان بیـــن.

لـــەدوا تـــەوەری دیدارەکەشـــدا، جەختکرایـــەوە ســـەر پتەوکردنـــی پەیوەنـــدی برایانـــەی نێـــوان هـــەردوولا لەپێنـــاو زیاتـــر خزمەتکـــردن و پێشـــڤەبردنی دۆزی رەوای گەلـــی کوردســـتان.

شـــایانی باســـە کاتژمێـــر ٧:٣٠ حـــەوت و نیـــوی ئێـــوارەی هەمـــان رۆژ شـــاندی YNDK کۆتاییـــان بەســـەردانەکەیان بـــۆ رۆژئـــاوای کوردســـتان هێنـــا و، لـــە دەروازەی ســـێمالکا لەلایـــەن بەڕێـــزان (ئاڵـــدار خەلیـــل هاوســـەرۆکی تەڤگـــەری جڤـــاکی دیموکـــرات TEVDEM و ئامینـــە ئۆســـێ جێگـــری وەزیـــری دەرەوەو کامـــەران کۆبـــانی بەڕێوەبـــەری دەروازی ســـنووری ســـێمالکا و ژمارەیـــەك لـــە بەرپرســـان )، بـــەرەو باشـــووری کوردســـتان بەڕێکـــران.



**غەفوور مەخمووری لە کۆڕبەندی رۆشنبیری (کەرەک) لە ئوردەن:**

# پێویستە رۆشنبیرانی عەرەب خوێندنەوەی دروستیان بۆ پرسی کورد هەبێت و بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن

پاشــنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٥/٧/٢٤ لــە پارێــزگای کــەرەک لــە ئــوردەن، غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتیی YNDK لەلایــەن کەســایەتی نــاسراوی کــەرەک بەڕێــز ســەقەر مەســاروە ســەرۆکی کۆڕبەنــدی رۆشــنبیری کەرەکــی ئــوردەنی میوانــداری کــرا و، لــە هۆڵــی قــەڵای مێــژووی کــەرەک بابەتێکــی ســەبارەت بــە رەوشی ســیاسی کوردســتان پێشکەشــکرد.

پاشــنیوەڕۆی ڕۆژی هەینــی لــە پارێــزگای کــەرەک لــە ئــوردەن، غەفــوور مەخمــووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەلایـەن کەسـایەتی نـاسراوی کـەرەک بەڕێـز سـەقەر مەسـاروە کۆڕبەنـدی رۆشـنبیری کــەرەک میوانــداری کــراو، لەگــەڵ گەیشــتنیان لەلایــەن بەڕێــزان (ئەندازیــار محەممــەد عەبدولحەمیـد مەعایتـە سـەرۆکی شـارەوانی گـەورەی کـەرەک و بەڕێـز سـەقەر مەسـاروە سـەرۆکی کۆڕبەنـدی رۆشـنبیری کـەرەک و بەڕێوەبـەری پـرۆژەی گەشـتیاری قـەڵای مێـژووی کـەرەک) و ژمارەیەکـی زۆری کەسـایەتی ئەکادیمـی و نووسـەرو رۆشـنبیرو بەگەرمـی پێشـوازیکران و، دواتـر لـە هۆڵـی قـەڵای مێـژووی کــەرەک کۆڕێکــی سیاســی لەژێــر نــاوی (پــرسی گــەلی کوردســتان لەنێــوان دوێنــێ و ئەمــڕۆو ئاســۆی دواڕۆژی) بــۆ غەفــوور مەخمــووری رێکخــرا، لەســەرەتادا بەڕێــز ســەقەر مەســاروە بەخێرهاتنــی ئامادەبووانــی کــردو، باســی لــە گرنگــی بابەتــی کۆڕەکـەی مەخمـووری کـرد، ئنجـا مەخمـووری وێـڕای بەخێرهاتنکردنـی میوانـان خۆشــحاڵی خــۆی بــۆ ئــەو میوانداریيــە و ئامادەبوونــی میوانــان دەربــڕی و سوپاســی بەڕێــز ســەقەر مەســاروەی کــرد بــۆ رێکخســتنی ئــەو دیــدارە لەگــەڵ ئامادەبــوان، دواتــر هاتــە ســەر پێشکەشــکردنی بابەتەکــەی و باســێکی دیرۆکــی پــرسی گــەلی کوردســتان و شــۆڕش و راپەڕینــەکانی گــەلی کوردســتانی کــردو هەروەهــا تیشــکی خستەســەر شــاڵاوی بەعەرەبکردنــی کوردســتان و تاوانــی ئەنفالکردنــی کوردســـتان و بێســـەرو شـــوێنکردنی بارزانییـــەکان و فەیلەییـــەکان کارەســـاتی



هەڵەبجـە، لـە تەوەرێکـی دیکـەی قسـەکانیدا بـاسی بارودۆخـی سـیاسی ئەمـڕۆی کوردسـتان هێـرشی تیرۆریسـتانی داعـش بـۆ سـەر کوردسـتان کـرد، ئنجـا بـاسی لـە پێشـڤەچوونەکانی پـرسی کـورد و هەنـگاوەکان بەرەوسـەربەخۆیی کوردسـتان کـردو جەختیکردەوەسـەرئەوەی کـە تاکـە چارەسـەری پـرسی گـەلی کوردسـتان راگەیانـدنی سـەربەخۆی کوردسـتانە.

غەفـوور مەخمـووری لـە کۆڕەکـەدا داوای لـە کەسـایەتی و رۆشـنبیرانی ئـوردەن کـرد کـەوا هـاوکارو پشـتیوانی گەلـی کوردسـتان بـن و رێـز لـە قوربانیدانـی نەتـەوەی کـورد بگـرن و وتـی: (پێویسـتە رۆشـنبیرانی عـەرەب خوێندنـەوەی دروسـتیان بـۆ پرسـی کـورد هەبێـت و بـە ئاگاییـەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکـەن و لـە ئێـش و ئـازارەکانی بگـەن و، ئـەو کارەسـاتانەی بەسـەر کـورددا هاتـووە بەهەنـدی وەربگـرن)، هەروەهـا بـۆ دووبارەنەبوونـەوەی ئـەو کارەسـاتانەی بەسـەر

کــوردا هاتــوون وتــی: (کارەســاتی بێسەروشــوێنکردنی بارزانییــەکان و فەیلییــەکان و شــاڵاوەکانی ئەنفــال و جینۆســایدکردنی کــورد و کیمیابارانکــردنی هەڵەبجــەو رووخانــدنی زیاتــر لــە ٤٥٠٠ شــارۆچکەو گونــدی تــاوان و کارەســاتی بــێ وێنــەن لــە مێــژوودا، بۆیــە ئێمــە گەیشــتووینەتە ئــەو بــاوەڕەی کــە تەنهــا ســەربەخۆیی و دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتان زامنــی دووبارەنەبوونــەوەی ئــەو کارەســاتانەن کــە بەســەر کــورد داهاتــوون، بۆیــە پێویســتە هەمــوو لایــەك هــاوکارو پشــتیوانی کــورد بــن بــۆ ئــەم مەبەســتە.).

دوای ئــەوەی لەلایــەن ئامادەبــووان گفتوگۆیەکــی گــەرم لەســەر بابەتەکــە کــراو چەندیــن پرســیاریش ئاراســتەی مەخمــووری کــران، ئەویــش وەڵامــی پرســیارەکانی دانــەوە، هەروەهــا ژمارەیەکــی زۆر لــە ئامادەبــووان بەگرنگییــەوە باســیان لــە بابەتەکــە کــرد و بیــروڕاو ســەرنجی خۆیــان خســتەڕوو.

شــایانی بەڕێــز ســەقەر مەســاروە بەبۆنــەی ســەردانی غەفــوور مەخمــووری بــۆ پارێــزگای کــەرەک نیوەڕۆخوانێکــی بــۆ تــەواوی میوانــەکان رێکخســتبوو.




غەفوور مەخمووری لە پانزەهەم جڤاتی گشتیی KNK:

# پێویستە بەیەکدەنگی کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکەین

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK لە ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ و ٢٠١٥/٩/٢٧ ئامادەی پانزەهەم جڤاتی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK بوو، کە لە شاری (برۆکسل) ی پایتەختی بەلجیکا بەسترا، غەفوور مەخمووری لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا وتارێکی پێشکەشکرد و، داوایکرد هەموو لایەك پارێزگاری لەدەستکەوتەکانی باشووری کوردستان بکەن و، ستراتیژێکی یەکگرتوو بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان دابڕێژرێت و بە یەکدەنگی کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکرێت. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێزان بەشدارانی پانزەهەمین کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK

خوشکان ... برایان ... میوانانی ئازیز ...

ڕۆژتان باش و سڵاوی سەرخۆن و ئازادیتان لێبێت ...

بەناوی خۆمان و کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و تەواوی هەڤاڵانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK، بەبۆنەی بەستنی پانزەهەم کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتن و پێشڤەچوونتان بۆ دەخوازین.

بێگومان پانزەهەمین کۆبوونەوەی گشتیی KNK لەکاتێکدا دەبەسترێ کە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ڕەوشێکی زۆر ناسك و هەستیاردان و، دۆزی گەلی کوردستان پێشڤەچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە جێگەی دڵخۆشی هەموو لایەکمانە.

لــە باکــووری کوردســتان؛ خەباتــی نەتەوەکەمــان پێشــڤەچوونێکی مەزنــی بەخۆیــەوە بینیــوە، ڕۆژ بــە ڕۆژیــش بەرەوپێشــەوە دەچێــت، پێویســتە هەمــوو لایەکــمان هــاوکارو پشــتیوانی نەتەوەکەمــان بیــن لــە باکــوور بۆئــەوەی لەداهاتــووی نزیکــدا بگاتــە ســەرکەوتن، لەهەمــان کاتــدا ئێمــە وای دەبینیــن کــەوا پێویســتە ڕژێمــی تورکیــا مــل بــۆ بەردەوامــی پرۆســەی ئاشــتی بــدات و، بــۆ خورتبوونــی هەنگاوەکانــی پرۆســەی ئاشــتی لــە باکــووری وڵات پێویســتە ڕژێمــی تورکیــا بەزووتریــن کات بەڕێــز عەبدوڵــڵا ئۆجــەلان ئــازاد بــکات، لەبەرئــەوەی بەڕێــز ئۆجــەلان بــە پراکتیــك دەتوانێــت ڕۆڵێکــی زۆر کاریگەرانــەی هەبێــت لــەو پرۆســـەیەدا.

بەڕێــزان: لــە ڕۆژئــاوای کوردســتان؛ دۆزی نەتەوەکەمــان پێشــڤەچوونی مەزنــی بەخۆیــەوە بینیــوەو ڕۆژانــە ســەرکەوتن و داســتانی مــەزن لەوێــوە تۆمــار دەکرێــن و ڕۆژئــاوا بۆتــە ســیمبۆڵی شــۆڕش و بەرخــودان و خۆڕاگــری، لــە ئەنجامــی ئــەو بەرخودانــەدا زۆربــەی شــارو شــارۆچکەکانی ئــەو بەشــەی وڵات ئازادبــوون و، لەلایــەن گەلــەوە بەڕێوەدەبرێــن، ئەرکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی هەمــوو لایەکمانــە هــاوکارو پشــتیوانی ڕۆژئــاوای وڵات بیــن و کار بــۆ پێشــڤەبردنی بکەیــن، لەهەمــان کاتــدا چاومــان لەوەیــە لەداهاتــووی نزیکــدا ڕژێمــی خوێنڕێــژی ســوریا بڕوخێــت و ئــەو بەشــەی وڵات بەتــەواوی ئــازادو ڕزگار بێــت.

هەروەهــا لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان؛ ســەرەڕای زوڵــم و ســتەمی ڕژێمــی ئێــران بەرامبــەر نەتەوەکەمــان خەبــات و تێکۆشــانی نەتەوەکەمــان لــە بەردەوامــە، بــۆ زیاتــر خورتبــوون و پێشــڤەچوونی خەبــاتی نەتەوەکەمــان لەیەکنزیکبوونــەوەی لایەنــە سیاســییەکانی ئــەو بەشــەی کوردســتان بــە پێویســتییەکی گرنــگ دەزانیــن و، هیواداریــن چەترێکــی هاوبــەش بــۆ تــەواوی هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی ئــەو بەشــەی وڵات پێکبهێرێــت و، لایەنــە سیاســییەکان بەیەکــەوە کارنامەیەکــی

ســەردەمییانە بــۆ کارو خەباتــی داهاتــووی رۆژهەڵاتــی کوردســتان دابڕێــژن، لەهەمـان کاتـدا لەسـەر هەمـوو لایەکمانـە هـاوکارو پشـتیوانی رۆژهەڵاتـی وڵات بیـن.

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانیـن ئەگـەر بەکورتیـش بێـت تیشـك بخەینـە سـەر رەوشــی باشــووی کوردســتان؛ ئێمــە وەکــو YNDK دەســکەوتەکانی باشــووری کوردســتان بـە دەسـکەوتی هەمـوو گەلـی کوردسـتان دەزانیـن، بۆیـە پاراستنیشـی بــە ئەرکــی خۆمــان و هەمــوو هێــزو لایەنــە سیاســییەکان و هــەر تاکێکــی کوردســتان دەزانیــن، وای دەبینیــن کــە ئــەم دەســکەوتانە بناخەیەکــی پتــەون بــۆ بیناکردنــی کیانــی نەتەوەییــمان، هەربۆیــە YNDK بــە بایەخــەوە لــە رەوشــی ئەمـڕۆی باشـووری وڵات دەڕوانێـت و وای دەبینێـت کـە کوردسـتان لـە رەوشـێکی هەسـتیار و ناسـکدایە، لەلایـەک شـەڕی تیرۆریسـتانی داعـش و لەلایەکـی دیکـەوە هەڕەشــەکانی حکومــەتی تائیفــی عێــراق و، لــە زۆر لاوەش هەوڵدەدرێــت بــە ســوود وەرگرتــن لــەم رەوشــە بارودۆخــی باشــووری کوردســتان ئاڵــۆز بکرێــت، ئەمــەش زیانێکــی زۆر بــە بــاری ئاسایشــی نەتەوەیــی کوردســتان دەگەیەنێــت و مەترســییەکی گەورەشــە بــۆ ســەر ئایینــدەی نەتەوەییــمان، بۆیــە لەســەر هەمــوو لایەکمانــە کار بــۆ پێشخســتن و پاراســتنی دەســکەوتەکانی باشــووری کوردســتان بکەیـن، پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کار بـۆ پێشخسـتنی سیسـتەمی بەڕێوەبـردنو بیناکردنــی کۆمەڵگەیەکــی مەدەنــی بکەیــن.

بێگومــان ســەردەم ســەردەمی دیالــۆگ و لەیەکترگەیشــتنە، لەســەر لایەنــە ناکۆکــەکانی باشــووری کوردســتانە کــەوا کێشــەکانی نێوانیــان لەســەر بنەمــای دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتن چارەسـەر بکـەن، زۆربـەی کێشـەکانی دنیایـش لەسـەر مێــزی دیالــۆگ چارەســەر کــراون و یەکلایــی کراونەتــەوە، بــەو ئومێدەیــن کــە



ئێمەی کوردیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکامنان بە زمانی سەردەم زمانی دیالۆگ لەگەڵ یەکتر بدوێین و کێشەکامنان چارەسەر بکەین و لەجیاتی سازانی حزبی بگەین بە سازانێکی نیشتمانی و، لەسەر بنەمای سیستەم خۆمان بەڕێوەببەین و دەزگاو دامەزراوەکامنان بکەین بە دەزگاو دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرەو پێشەوەیان ببەین، ئێمە قۆرخکردنی کایەکانی سیاسەت و ژیان لە باشووری کوردستان رەتدەکەینەوە، لەبەرئەوەی باشووری وڵات بە تەنها موڵکی چەند لایەنێکی سیاسی نییە، بەڵکو موڵکی هەموو گەلی کوردستانە بە تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانەوە.

نەتەوەو پێکهاتەکانی کوردستان هاوبەشی ئێمەن و ئازادی ئەوان بە ئازادی کوردستانەوە گرێدراوە، ئێش و ئازاری ئەوان ئێش و ئازاری ئێمەن، سەبارەت بەو زوڵمەی لە خوشک و برایانی ئێزدی کرا زوڵمێک بوو لە تەواوی کورد

کـرا، ئـەو زوڵمــەی لـە شـاری موسـڵ و دەشـتی نەینـەوا لـە خوشـک و برایـانی ئاشــووری کــرا زوڵمێکــی گەورەبــوو لــە تــەواوی گــەلی کوردســتان کــرا، لەســەر ئێمەیـە کـەوا پشـتیوانیان بیـن و دژی ئـەو زوڵمانـە بوەسـتینەوە.

لەلایەکـی دیکـەوە ؛ دەمانـەوێ ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـەوا ناوچـە دابڕێـنراوەکانی کوردســتان لــە رەوشــێکی زۆر خراپــدان لــە هەمــوو رووێکــەوە، بۆیــە پێویســتە کۆمسـیۆنێکی تایبـەت هەبێـت بـۆ بەدواداچـوونی ناوچـە دابڕێـنراوەکانی کوردسـتان وەک کەرکـوک و مەخمـوور و شـنگاڵ و شـێخان و زمـمار و خانەقیـن و ناوچـەکانی دیکـە.

بەڕێـزان: کوردسـتانی مـەزن لـە رەوشـێکی وادایـە و، شـۆڕش و راپەڕینەکانـی گەلانــی رۆژهەڵاتــی ناڤینیــش بــۆ رزگاربــوون لــە دکتاتۆرییــەت و ژێردەســتەیی بەردەوامـەو هەمـوو ناوچەکـەو کوردسـتان لەبـەردەم ئەگـەرو پێشـهاتی مەزنـدان و گۆڕانــکاری خێــرا لــە رۆژهەڵاتــی ناڤینــدا روودەدەن، بۆیــە پێویســتە ئێمــەی کــورد لــە رەوشــێکی وادا کاربکەیــن بــۆ داڕشــتنی بەرنامەیەکــی نەتەوەیــی بــۆ ئــەو ئەگــەرو پێشــهاتانەی کــە دێنــە پێشــەوە.

بەبـاوەڕی ئێمـە بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی بـۆ تـەواوی هێزولایەنـە سیاســییەکانی هــەر چــوار پارچــەی کوردســتان ئەرکێکــی بــە پەلــەی ئــەم قۆناخــەی خەباتــی بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتانەو دواخســتنی لــە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتاندا نییـە، دەبـوا پێـش چەنـد سـاڵێك ئـەم کۆنگرەیـە ببەسـترابووایە نـەك تـا ئەمـڕۆ بمابووایـە، لەسـەر هەمـوو لایەکمانـە کار بـۆ بەسـتن و سەرخســتنی ئــەم کۆنگرەیــە بکەیــن، لەبەرئــەوەی بەســتنی ئــەم کۆنگرەیــە لــەم کاتــەدا خزمەتێکــی زۆر بــە دۆزی رەوای گەلــی کوردســتان دەگەیەنێــت، لەهەمــان کاتــدا دەبێتــە فاکتەرێــك بــۆ داڕشــتنی ســتراتیژییەتێکی نەتەوەیــی یەکگرتـوو بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان و، داڕشـتنی بەرنامەیەکـی گونجـاو

بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات بـۆ هـەر پارچەیەکـی کوردسـتان بـە ڕەچاوکردنـی تایبەتمەنـدی پارچەکانـی کوردسـتان، ئەنجامدانـی ئـەم کارە ئەرکێکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە و پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کاری بـۆ بکەیـن و دوای نەخەیـن و بیکەیـن بـە چەترێکـی نەتەوەیـی و لەوێـوە بـە یەکدەنگـی کار بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان بکەیـن، لەبەرئـەوەی تاکـە چارەسـەری پرسـی کـورد دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانەو، بـێ دامەزراندنـی دەوڵـەت بـۆ گەلـی کوردسـتان زۆر زەحمەتـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن ئـەو هێمنـیو ئارامییـە بەخۆیـەوە ببینێـت کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەیخوازێـت، بۆیـە پێویسـتە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـش بـە گرنگییـەوە لـەم پرسـە بڕوانێـت، ئەگـەر سـەیر بکەیـن زۆر ناوەنـدی نێودەوڵەتـی ئێسـتا گەیشـتونەتە ئـەو بـاوەڕەی کـە چارەسـەری پرسـی کـورد دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە، هـەر بۆیـە دەبێـت ئێمەیـش وەکـو کـورد بـەو ئاراسـتەیەدا کار بکەیـن و بـەرەو دواڕۆژێکـی گـەش هەنـگاو بنێیـن، لێـرەوە پێشـنیار و داوا دەکەیـن کـەوا نەخشـە ڕێگایـەک بـۆ چۆنییـەتی کارکـردن بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان ئامـادە بکـرێ و، ببێتـە کارنامـەی ئـەم قۆناخـەی کارو خەبـاتی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان و KNK، پێویسـتە لـە م پێنـاوەدا ئـۆرگان و کۆمسـیۆنەکانی KNK خـورت بکرێـن و ئاراسـتەی کار و خەبـات بکرێـن، هەروەهـا بـۆ کارکـردن بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان، لێـرەوە داوا دەکـەم کـەوا بۆردێکـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی پێکبهێنیـن بـۆ پەیوەندیکـردن بـە کەناڵـە نێودەوڵەتییـەکان و گەیانـدنی پەیامـی خواسـتی سـەربەخۆیی کوردسـتان بـە هەمـوو لایـەک.

ئامادەبووانی بەڕێز ...

ئێمـەی گـەلی کوردسـتان سـاڵەهایە لەپێنـاو وەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکانمان تێدەکۆشـین، دیالـۆگ یەکێـک بـووە لـە شـێوازەکانی تێکۆشـانمان، پێشـنیاردەکەم کـەوا کۆمسـیۆنی دیالۆگـی نەتـەوەکان لـە KNK هەبێـت بـۆ

دیالـۆگ کـردن لەگـەڵ تـورک و فـارس و عـەرەب و نەتـەوەکانی دیکـە، بۆئـەوەی بگەینـە تێگەیشـتنی هاوبـەش سـەبارەت بـە پـرسی گـەلی کوردسـتان و، بنیاتنـانی پەیوەندییەکـی باشـتر لەگـەڵ ئـەو نەتەوانـە.

هەڤاڵانی ئازیز و خۆشەویست ...

خاڵێکـی گرنـگ کـە دەمـەوێ لێـرەدا بـاسی بکـەم پێکهێنـانی (هێـزی پاراسـتنی نەتەوەیـی) یـە، هێـزەکانی پێشـمەرگە و گەریـلا و شـەڕڤانان سـێ هێـزی پاراسـتنی نەتەوەییـن، لێـرەوە داوا دەکـەم کـەوا فەرماندەییەکـی هاوبـەش لـە نێـوان ئـەو سـێ هێـزە پێکبهێنرێـت، بۆئـەوەی لەداهاتـووی نزیکـدا بتوانیـن ئـەو هێزانـە یەکبخەیـن و بیانکەیـن بـە هێـزی پاراسـتنی نەتەوەیـی، لـە مـاوەی رابـردوودا هەرسـێ هێـز بەکـردەوە لـە شـەڕی تیرۆریسـتانی داعـش بەیەکـەوە بەرەڤانییـان لـە کوردسـتان کـرد، دەکـرێ وەکـو سـەرەتایەک بـاش چـاو لـەو هەماهەنگییـە بکرێـت و پێشـبخرێت، ئەمـەش ئەرکێکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە.

لـە کۆتاییـدا جارێکـی دی هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازیـن و چاومـان لەوەیـە بـە بڕیـارو راسـپاردەی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات سـەرکەوتووانە کۆتایـی بـە پانزەهەمیـن کۆبوونـەوەی گشـتیی KNK بێنیـن.

هەر بژین و سەرکەوتووبن بۆ کوردو کوردستان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٥/٩/٢٥ برۆکسل - بەلجیکا



غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی ASMAL لە لاهای:

# چارەسەری پرسی کورد سەربەخۆیی کوردستانە

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK لە رۆژانی ٢٠١٥/١١/٢١ ئامادەی سێیەمین کۆنگرەی سیاسی بزووتنەوەی خەباتی رزگاریخوازی عەرەبی ئەحواز ASMAL بوو، کە لە شاری (لاهای)ی هۆلەندا بەسترا، غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەکەدا وتارێکی پێشکەشکرد و، رایگەیاند کەوا تاکە چارەسەری پرسی کورد سەربەخۆیی کوردستانە. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێز کاك ئەحمەد مەولا سەرۆکی بزووتنەوەی خەباتی رزگاریخوازی عەرەبی ئەحواز

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی سێیەمی بزووتنەوەی خەباتی رزگاریخوازی عەرەبی ئەحواز

سڵاوێکی گەرم ...

بەڕێزان، بەناوی خۆمان و مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی هەڤاڵانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی بزووتنەوە تێکۆشەرەکەتان (ASMAL) جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی ئازیزو خۆشەویست دەکەین و، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین و ئومێد دەکەین ئەم کۆنگرەیەتان ببێتە فاکتەری پێشڤەچوون و خاڵی وەرچەرخان و سەرکەوتنی زیاتر لە پێناو خزمەتکردنی دۆزی رەوای گەلەکەتان.

بەڕێزان، کۆنگرەکەتان لە کاتێکدا دەبەسترێت کە رۆژهەڵاتی ناڤین بەشێوەیەکی گشتیی لە رەوشێکی زۆر ناسك و هەستیاردایە و چاوەڕوانی هاتنە پێشی زۆر ئەگەرو پێشهات دەکرێت، بۆیە لەسەر ئێمەی نەتەوە



بندەســـتەكان پێویســـتە كار بـــۆ هەماهەنگـــی و بەیەكـــەوە كاركـــردن بكەیـــن، بۆئـەوەی وەك ژمارەیەكـی بەهێـزی نێـو هاوكێشـە سیاسـییەكانی ناوچەكـە بوونـی كاریگـەری خۆمـان بسـەلمێنین و، كار بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییەكانمـان بكەیـن، بەبـاوەڕی ئێمـە لـەم پێنـاوەدا یەكڕیـزی نەتـەوەكان فاكتـەری سـەرەكی سـەركەوتنیانە، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو لایەكـمان لـەم پێنـاوەدا تێبكۆشـین.

لەرابـردوودا نەتـەوەكان بنیاتنـەری ئیمپراتۆرییەتـەكان بـوون، لەئێستاشـدا نەتـەوە بندەسـتەكان دەتوانـن فاكتـەری هەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتۆریـەت و دەوڵەتـە چەوسـێنەرەكان بـن، وەك ئـەوەی كەبینیـمان چـۆن یەكێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو و یوغسـلافیا و چیكۆسـلوڤاكیا هەڵوەشـانەوە، بێگومـان زەوتكردنـی مافـی نەتەوەیـی نەتـەوە بندەسـتەكان لـەو وڵاتانـە هـۆكاری هەڵوەشـانەوەیان بـوو،

دەکــرێ ئەمــە بــۆ زۆر وڵات ببێتــە پەنــد و وانــە، ئێمــە وەکــو YNDK چــۆن چارەسـەری پرسـی کـورد لـە سـەربەخۆیی کوردسـتاندا دەبینینـەوە، بەهەمـان شـێوە پشـتیوانی نەتـەوە بندەسـتەکان دەبیـن بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییەکانیـان بــە راگەیاندنــی ســەربەخۆیی خۆشــیانەوە.

لەکۆتاییـدا، سـڵاو لـە خەبـات و بەرخودانـی گەلـی عەرەبـی خۆڕاگـری ئەحـواز دەکەیــن و بــە چــاوی رێــزەوە لێــی دەڕوانیــن و، ئومێــد دەخوازیــن لەداهاتــووی نزیکـدا سـوود لـەو پێشـهات و گۆڕانکارییانـەی ناوچەکـە وەربگـرن و بـە مافـە رەواکانتــان بگــەن، دووبــارە هیــوای ســەرکەوتن بــۆ کۆنگرەکەتــان دەخوازیــن و، جەختدەکەینــەوە ســەر پتەوکــردن و پێشــڤەبردنی پەیوەنــدی دۆســتانەی نێوانمــان لــە پێنــاو زیاتــر خزمەتکــردن و پێشــڤەبردنی دۆزی رەوای گەلــی کوردســتان و گەلــی عەرەبــی ئەحــواز و گەیشــتنمان بــە مافــە رەواکانمــان.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستی دووبارەماندا .

هەر بژین و سەرکەوتووبن.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٥/١١/٢١ لاهای - هۆڵەندا



غەفوور مەخمووری

بۆ کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# پشتیوانی تەواوی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین

***غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نەتەوەیـی دیموکــراتی کوردســـتان YNDK، پێشـــنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٦/٢/٦ سـکرتێری گشـتیی YNDK لـە شـاری کۆیـە بەشـداری ڕێوڕەسـمی کردنـەوەی کۆنگـرەی شـازدەهەمی (حیـزبی دێموکـراتی کوردسـتان) ی کـردو لـە پەیامێکیـدا وێـرای هیـوای سـەرکەوتن خواسـتن بـۆ کۆنگرەکـە، داوای کـرد هەمـوو لایـەک بـۆ یەکێتیـی کـوردان کاربکـەن. ئەمـەش دەقـی پەیامەکەیـە:***

بەڕێـزان کۆمیتـەی ئامـادەکاری کۆنگـرەی شـازدەهەمی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان

بەڕێـزان خوشـک و برایـان ئەندامانـی کۆنگـرەی شـازدەهەمی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان

بەڕێزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

سڵاوێکی گەرمتان لێبێت ...

بەڕێـزان، بەنـاوی خۆمـان و مەکتەبـی سیاسـی و ئەندامانـی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی و تـەواوی هەڤاڵانـی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK جوانتریـن پیرۆزبایـی ئاراسـتەی ئێـوەی ئازیـزو خۆشەویسـت دەکەیـن، بەبۆنـەی بەسـتنی کۆنگـرەی شـازدەهەمی حیزبـە تێکۆشـەرەکەتان حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان و هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخوازیـن و ئومێـد دەکەیـن ئـەم کۆنگرەیەتـان ببێتـە فاکتـەری پێشـڤەچوون و خاڵـی وەرچەرخـان و سـەرکەوتنی زیاتـر لـە پێنـاو خزمەتکردنـی دۆزی ڕەوای گەلەکەمـان.

بەڕێـزان، کۆنگرەکەتـان لـە کاتێکـدا دەبەسـترێت کـە کوردسـتان و ڕۆژهەڵاتـی



ناڤیـن بەشـێوەیەکی گشـتیی و بەتایبـەت ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە ڕەوشـێکی زۆر ناسـك و هەسـتیاردان و چاوەڕوانـی هاتنـە پێشـی زۆر ئەگـەرو پێشـهات دەکرێـت، بۆیــە لەســەر هەمــوو لایەکــمان پێویســتە کار بــۆ یەکێتــی کــوردان بکەیــن، بۆئـەوەی وەك ژمارەیەکـی بەهێـزی نێـو هاوکێشـە سیاسـییەکانی ناوچەکـە بوونـی کاریگــەری خۆمــان بســەلمێنین و، کار بــۆ وەدەســتهێنانی مافــە نەتەوەییەکانمــان بکەیــن، بەبــاوەڕی ئێمــە لــەم پێنــاوەدا بەســتنی کۆنگــرەی نەتەوەیــی کــورد دەبێتــە فاکتــەری ســەرەکی یەکڕێزیــمان، بێگومــان یەکڕیــزی و یەکێتیــمان زامنــی ســەرکەوتنمانە، بۆیــە پێویســتە هەمــوو لایەکــمان لــەم پێنــاوەدا تێبکۆشــین.

لێــرەوە، ســڵاو لــە خەبــات و بەرخودانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان دەکەیــن و بــە چــاوی ڕێــزەوە لێــی دەڕوانیــن و، هــاوکاری پشــتیوای خۆمــان بــۆ خەباتــی نەتەوەکەمــان لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان رادەگەیەنیــن و هیــوای پێشــڤەچوون و

سـەرکەوتنی بـۆ دەخوازیـن.

لەکۆتاییـدا دووبـارە هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخوازیـن و، جەختدەکەینـەوە سـەر پتەوکـردن و پێشـڤەبردنی پەیوەنـدی برایانـەی نێوانمـان لـە پێنـاو زیاتـر خزمەتکـردن و پێشـڤەبردنی دۆزی رەوای گەلـی کوردسـتان و گەیشـتنمان بـە مافـە رەواکانمـان.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستی دووبارەماندا .

هەر بژین و سەرکەوتووبن بۆ کوردو کوردستان.

برای دڵسۆزتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٦/٢/٦ هەولێر - کوردستان



غەفووور مەخمووری لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان:

# فاکتەری سەرەکی بۆ گەیشتنمان بە دوارۆژێکی گەش یەکڕیزی و یەکدەنگیمانە

پێشـــنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٢٦ لــە شــاری هەولێــر، غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتیی YNDK لەلایــەن یەکێتــی پەرلەمانتــارانی کوردســتان میوانــداری کــرا و، بابەتێکــی ســەبارەت بــە خســتنەڕووی کتێبەکــەی (کۆنگــرەی نەتەوەیــی کــورد) پێشکەشــکرد.

پێشـــنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشـــەممە لــە شــاری هەولێــر، غەفــوور مەخمــووری ســـکرتێری گشــتیی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســـتان YNDK لەلایـــەن یەکێتــی پەرلەمانتــارانی کوردســـتان میوانــداری کــراو، بــە ئامادەبوونــی بەڕێــزان ســەرۆک و جێگــری ســەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتــارانی کوردســتان و ژمارەیەکــی زۆری کەســایەتی ســیاسی و ئەکادیمــی و نووســەرو ڕۆشــنبیرو ڕۆژنامەڤــان ڕێوڕەســمێکی بــۆ واژۆکــردن و خســـتنەڕووی کتێبــی (کۆنگــرەی نەتەوەیــی کــورد) ڕێکخســـت، ســـەرەتا مەخمـــووری بابەتێکــی ســیاسی بەنــاوی (کۆنگــرەی نەتەوەیــی کــورد ... ئامانجــە هەنووکەیــی و ســتراتیژییەکانی) پێشکەشــکرد، لەســەرەتای ڕێورەســمەکەدا بەڕێــز کەریــم بەحــری بەنــاوی یەکێتــی پەرلەمانتــارانی کوردســـتان بەخێرهاتنــی ئامادەبووانــی کــردو، باســی لــە گرنگــی بابەتــی کۆڕەکــەی مەخمــووری کــرد، ئنجــا مەخمــووری وێــڕای بەخێرهاتنکردنــی میوانــان خۆشــحاڵی خــۆی بــۆ ئــەو میوانــداری و ئامادەبوونــی میوانــان دەربــڕی و سوپاســی یەکێتــی پەرلەمانتــارانی کوردســتانی کــرد بــۆ ڕێکخســتنی ئــەو دیــدارە لەگــەڵ ئامادەبــووان، دواتــر هاتــە ســەر پێشکەشــکردنی بابەتەکــەی و باســی لــە گرنگــی بەســتنی کۆنگرەی نەتەوەیــی کــورد لــەم قۆناخــەی بەبــاتی بزاڤــی ڕزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســـتان کــرد و، هەروەهــا ســەبارەت بــە ئەرکــە هەنووکەیــی و ئامانجــە ســتراتیژییەکانی کۆنگــرەی نەتەوەیــی ڕوانینــی خــۆی خســتەڕوو.

غەفــوور مەخمــووری لــە کۆڕەکــەدا بــاسی لــە ڕەوشی ڕۆژهــەڵاتی ناڤیــن کــردو، وتــی: (ئێســـتا ڕۆژهەڵاتــی ناڤیـــن هەرهەمـــووی لـــە ڕەوشـــێکی زۆر هەســـتیارو



ناسـك و لەبـەردەم هاتنـە پێشـی کۆمەڵـێ ئەگـەرو پێشـهات و گۆڕانـکاری گرنگدایـە، بۆیـە لەسـەر هەمـوو لایەکـمان پێویسـتە بیـر لـە بەرژەوەنـدی نەتەوەییـمان بکەینـەوەو خۆمـان ئامـادە بکەیـن بـۆ ئـەو ئەگـەرو پێشـهات و گۆڕانکارییانـەی کـە دێنەپێشـەوە، بـۆ ئەمـەش دەبـێ هەمـوو لایەکـمان کار بـۆ یەکێتـی و یەکڕیـزی کـوردان بکەیـن)، هەروەهـا وتی: (فاکتـەری سـەرەکیش بـۆ گەیشـتنمان بـە دواڕۆژێکـی گـەش یەکێتـی و یەکڕیـزی و یەکدەنگیمانـە.)، بـۆ یەکدەنگـی و یەکڕیـزی کـوردان بـاسی لـە گرنگـی بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـرد و، وتی: (بێگومـان بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی بـۆ خۆئامادەکردنـی کـوردان لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی و داڕشـتنی سـتراتیژێکی نەتەوەیـی بـۆ بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان یەکێکـە لـە ئەرکـە بەپەلەکانـی ئـەم قۆناخـەی خەباتـی کـوردان.)، سـەبارەت بـە ئەرکـە هەنووکەیـی و ئامانجـە سـتراتیژییەکان

لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی چەندیـن سـەرنج و پێشـنیاری خسـتەڕوو، دوای ئـەوەی مەخمـووری بابەتەکـەی پێشکەشـکرد، دەرگای گفتوگـۆ بـۆ ئامادەبـووان کرایـەوەو، ژمارەیەکـی زۆر لـە ئامادەبـووان بەگرنگییـەوە باسـیان لـە بابەتەکـە کـرد و بیـروڕاو سـەرنجی خۆیـان خسـتەڕوو.

شـایانی باسـە دوای تەواوبوونـی کۆڕەکـە ڕێورەسـمێك بـۆ ئیمزاکردنـی کتێبـی ((کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد ... ئامانجـە هەنووکەیـی و سـتراتیژییەکانی)) لـە نووسـینی غەفـوور مەخمـووری سـازکرا، مەخمـووری کتێبەکـەی پێشـکەش بـە ئامادەبـووان کـردو بـۆی ئیمزاکـردن، ئەمـەو کۆڕەکـە کـە دوو کاتژمێـری خایانـد بـووە جێـی خۆشـحاڵی ئامادەبـووان.



غەفوور مەخمووری لە کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردانی ئوردەن:

# پێویستە هەموو لایەك هاوكارو پشتیوانی كورد بن بۆ سەربەخۆیی كوردستان

ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠١٦/٦/٤ لـە عەمانـی پایتەختـی ئـوردەن، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK لەلایـەن کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری کـوردانی ئـوردەن میوانـداری کـرا و، بابەتێکـی سـەبارەت بـە ڕەوشی سـیاسی کوردسـتان و کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد پێشکەشـکرد.

ئێـوارەی ڕۆژی شـەممە لـە عەمانـی پایتەختـی ئـوردەن، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەلایـەن کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری کـوردانی ئـوردەن میوانـداری کـراو، بـە ئامادەبوونـی ژمارەیەکـی زۆری کەسـایەتی سیاسی و ئەکادیمـی و نووسـەرو ڕۆشـنبیرو ڕۆژنامەڤـان کۆڕێکـی سیاسـی لەژێـر نـاوی (کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد ... ئامانجـە هەنووکەیـی و سـتراتیژییەکانی) بـۆ ڕێکخـرا، لەسـەرەتادا د. ڕەزوان کـوردی سـەرۆکی کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری کـوردانی ئـوردەن بەخێرهاتنـی ئامادەبووانـی کـردو، باسـی لـە گرنگـی بابەتـی کۆڕەکـەی مەخمـووری کـرد، ئنجـا مەخمـووری وێـڕای بەخێرهاتنکردنـی میوانـان خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ ئـەو میواندارییـە و ئامادەبوونـی میوانـان دەربـڕی و سوپاسـی کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری کـوردانی ئـوردەنی کـرد بـۆ ڕێکخسـتنی ئـەو دیـدارە لەگـەڵ ئامادەبـووان، سـەرەتا پوختەیەکـی سـەبارەت بـە ڕەوشی سـیاسی کوردسـتان خسـتەڕوو، دواتـر هاتـە سـەر پێشکەشـکردنی بابەتەکـەی و باسـی لـە گرنگـی بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد لـەم قۆناخـەی خەبـاتی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان کـردو، هەروەهـا سـەبارەت بـە ئەرکـە هەنووکەیـی و ئامانجـە سـتراتیژییەکانی کۆنگـرەی نەتەوەیـی ڕوانینـی خـۆی خسـتەڕوو.

غەفـوور مەخمـووری لـە کۆڕەکـەدا بـاسی لـە ڕەوشی ڕۆژهـەڵاتی ناڤیـن کـردو، وتـی: (ئێسـتا ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن هەرهەمـووی لـە ڕەوشـێکی زۆر هەسـتیارو ناسـك و لەبـەردەم هاتنـە پێشـی کۆمەڵـێ ئەگـەرو پێشـهات و گۆڕانـکاری گرنگدایـە، بۆیـە لەسـەر ئێمـەی کـورد پێویسـتە بیـر لـە بەرژەوەنـدی نەتەوەییـمان



بکەینــەوەو خۆمــان ئامــادە بکەیــن بــۆ ئــەو ئەگــەرو پێشــهات و گۆڕانکارییانــەی کــە دێنەپێشــەوە، بــۆ ئەمــەش دەبــێ هەمــوو کار بــۆ یەکێتــی و یەکڕیــزی کــوردان بکەیــن)، هەروەهــا وتی: (فاکتــەری ســەرەکیش بــۆ گەیشــتنمان بــە دواڕۆژێکــی گــەش یەکێتــی و یەکڕیــزی و یەکدەنگیمانــە.)، بــۆ یەکدەنگــی و یەکڕیــزی کــوردان بــاسی لــە گرنگــی بەســتنی کۆنگــرەی نەتەوەیــی کــردو، وتی: (بێگومــان بەســتنی کۆنگــرەی نەتەوەیــی بــۆ خۆئامادەکردنــی کــوردان لەســەر ئاســتی نەتەوەیــی و داڕشــتنی ســتراتیژێکی نەتەوەیــی بــۆ بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان یەکێکــە لــە ئەرکــە بەپەلەکانــی ئــەم قۆناخــەی خەباتــی کــوردان.)، ســەبارەت بــە ئەرکــە هەنووکەیــی و ئامانجــە ســتراتیژییەکان لەســەر ئاســتی نەتەوەیــی چەندیــن ســەرنج و پێشــنیاری خســتەڕوو.

غەفــوور مەخمــووری لــە کۆڕەکــەدا داوای لــە رۆشــنبیرانی ئــوردەن کــرد

کـەوا هـاوکارو پشـتیوانی گەلـی کوردسـتان بـن و رێـز لـە قوربانیدانـی نەتـەوەی کـورد بگـرن و وتـی: (پێویسـتە رۆشـنبیرانی عـەرەب خوێندنـەوەی دروسـتیان بـۆ پرسـی کـورد هەبێـت و بـە ئاگاییـەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکـەن.)، هەروەهـا بـۆ دووبارەنەبوونـەوەی ئـەو کارەسـاتانەی بەسـەر کـوردا هاتـوون وتـی: (تەنهـا سـەربەخۆیی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کورسـتان زامنـی دووبارەنەبوونـەوەی ئـەو کارەسـاتانەن، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو لایـەك هـاوکارو پشـتیوانی کـورد بـن بـۆ ئـەم مەبەسـتە.)، دوای ئـەوەی مەخمـووری بابەتەکـەی پێشکەشـکرد، دەرگای گفتوگـۆ بـۆ ئامادەبـووان کرایـەوەو، ژمارەیەکـی زۆر لـە ئامادەبـووان بەگرنگییـەوە باسـیان لـە بابەتەکـە کـرد و بیـروڕاو سـەرنجی خۆیـان خسـتەڕوو.

شـایانی باسـە دوای تەواوبوونـی کۆڕەکـە رێوڕەسـمێك بـۆ ئیمزاکردنـی کتێبـی (کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد ... ئامانجـە هەنووکەیـی و سـتراتیژییەکانی) لـە نووسـینی غەفـوور مەخمـووری سـازکرا، ئەمـەو مەخمـووری کتێبەکـەی پێشـکەش بـە ئامادەبـووان کـردو بـۆی ئیمزاکـردن، ئەمـەو کۆڕەکـە کـە زیاتـر لـە دوو کاتژمێـری خایانـد بـووە جێـی خۆشـحاڵی ئامادەبـووان.



غەفوور مەخمووری لە کۆبوونەوەی فراوانی حیزبە کوردستانییەکاندا:

# کارکردنمان بۆ یەکێتی نەتەوەیی و یەکڕیزی نیشتمانی زامنی سەرکەوتنمانە



ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠١٦/٩/٢١، سـکرتێری گشـتیی YNDK ئامـادەی کۆبوونـەوەی فـراوانی حیزبـە کوردسـتانییەکان بـوو، کـە لـە شـاری هەولێـر بەڕێوەچـوو، لـە کۆبوونەوەکـەدا داوایکـرد کـەوا هەمـوو لایەنـەکان کار بـۆ یەکێتـی نەتەوەیـی و یەکڕیـزی نیشـتمانی بکـەن.

ئێـوارەی ڕۆژی چوارشـەممە، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK، ئامـادەی کۆبوونـەوەی فـراوانی حیزبـە کوردسـتانییەکان بـوو، کـەوا لـە هوتێـلی چوارچـرا لـە شـاری هەولێـر بەڕێوەچـوو، شـایانی باسـە کۆبوونەوەکـە لەسـەر بانگهێشـتی پـارتی دیموکـراتی گـەلان HDP ڕێکخرابـوو، بەڕێـز سـەلاحەددین دەمیرتـاش هاوسـەرۆکی HDP و ژمارەیـەک لـە ئەندامـانی سـەرکردایەتی پـارتی ناوبـراو، هەروەهـا ژمارەیەکـی زۆری حیزبـەکان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن ئامـادەی کۆبوونەوەکـە بـوون.



غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی YNDK کـــە بـــە نوێنەرایـــەتی YNDK ئامـادەی کۆبوونەوەکـە بـوو، لـە وتەیەکیـدا وێـڕای بەخێرهێنـانی میوانـان روانینـی YNDK ی سـەبارەت بـەڕەوشی سـیاسی کوردسـتانی مـەزن خسـتەڕوو و، وتی: (ئەمـڕۆ بارودۆخـی نێودەوڵـەتی بـۆ گـەلی کوردسـتان زۆر گونجـاوە لـەڕووی خەبـاتی سـیاسی و دبلۆمـاسی، بـەڵام بەداخـەوە بارودۆخـی ناوخۆیـی کوردسـتان بـاش نییـەو پەیوەنـدی نێـوان پارچـەکانی کوردسـتان و حیزبـەکان لـە ئاسـتێکی خراپدایـە، لایەنـە سیاسـییەکانی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن کێشـەیان هەیـە، بۆیـە پێویسـتە بـە هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی نەتەوەیـی و نیشـتمانی هەمـوو لایەکـمان بگەڕێینـەوە سـەر مێـزی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتن و کێشـەکانمان چارەسـەر بکەیـن، بەداخـەوە سـەرەڕای پێشـڤەچوونی خەبـات و تێکۆشـان یەکڕیـزی و هەماهەنگـی نییـە، بۆیـە پێویسـتە بـۆ دەربازکـردنی ئـەم رەوشـە

نالەبـارە هەمـوو لایەکـمان بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەبەرچـاو بگریـن و کاربـۆ یەکێتـی نەتەوەیـی و یەکڕیـزی نیشـتمانی بکەیـن.).

مەخمـووری لـە درێـژەی وتەکەیـدا داوایکـرد کـەوا لـە نزیکتریـن کاتـدا کۆبوونەوەیەکـی فراوانـتر ئەنجامبدرێـت بـۆ داڕشـتنی نەخشـە رێگایـەک بـۆ دەربازکـردنی کوردسـتان لـە قەیرانەکانـدا و، وتی: (بارودۆخـی کوردسـتان لـە هەمـوو لایەکـمان دەخـوازێ کـەوا نزیکـی یەکـدی بیـن، بۆیـە پێویسـتە لـە نزیکتریـن کاتـدا کاربکەیـن بـۆ ئەنجامـدانی کۆبوونەوەیەکـی فـراوان بـۆ تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکان، بۆئـەوەی لـە کۆبوونەوەکـەدا نەخشـە رێگایـەک بـۆ دەربازبـوون لـە قەیرانـەکان دابڕێژیـن و بیـر لـە پێکهێنـانی چەترێکـی نەتەوەیـی هاوبـەش بکەینـەوە.).




**غەفوور مەخمووری**

**لە کۆبوونەوەی راوێژی نەتەوەیی لەسەر بارودۆخی باشووری کوردستان:**

# پێویستە لایەنە ناکۆکەکان بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو بگرن

***غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتی YNDK لـە ڕۆژانـی ٢٤ و ٢٠١٦/٩/٢٥ ئامـادەی لـە کۆبوونـەوەی ڕاوێـژی نەتەوەیـی لەسـەر بارودۆخـی باشـووری کوردسـتان (هەڵوێسـت و پشـتگیری) بـوو، کـە لـە شـارۆچکەی (قەرەهەنجیـر)ی سـەر بـە پارێـزگای کەرکـوک بەسـترا، غەفـوور مەخمـووری لـە کۆبوونەوەکـەدا وتارێکـی پێشکەشـکرد و، داوایکـرد کـەوا هێـزو لایەنـە سیاسـییە ناکۆکـەکان لەجیـاتی بەرژەوەنـدی حـزبی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەبەرچـاو بگـرن. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:***

بەڕێزان هاوسەرۆکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ....

بەڕێز پارێزگاری کەرکوک ....

بەڕێزان نوێنەرانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ....

ئامادەبووانی بەڕێز ... میوانانی خۆشەویست ....

ڕۆژتان باش ...

بەڕێـزان: ئـەم کۆبوونەوەیەمـان لـەم کاتـەدا بایـەخ و گرنگـی خـۆی هەیـە، لەبەرئـەوەی کوردسـتان و ناوچەکـە لـە ڕەوشـێکی ناسـک و هەسـتیاردان و، گـەلی کوردسـتان بـە قۆناخێکـی زۆر چارەنووسـازدا دەربـاز دەبێـت، ئـەم قۆناخـە چارەنووسـازە پێویسـتی بـە یەکێتـی نەتەوەیـی یەکڕیـزی نیشـتمانی هەیـە، ئەمـڕۆ بارودۆخـی نێودەوڵـەتی بـۆ گـەلی کوردسـتان زۆر گونجـاوە لـەڕووی خەبـاتی سـیاسی و دبلۆمـاسی، هەمـوو جیهـان بـە چـاوی هیـواوە سـەیری کوردسـتان دەکـەن، بـەڵام بەداخـەوە بارودۆخـی ناوخۆیـی کوردسـتان بـاش نییـەو پەیوەنـدی نێـوان پارچـەکانی کوردسـتان و حیزبـەکان لـە ئاسـتێکی خراپدایـە، لایەنـە

سیاسییەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان ناکۆکن و ئەوەندەی ڕەچاوی بەرژەوەندی حیزبی دەکەن نیو ئەوەندە ڕەچاوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی ناکەن، لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کێشەیان هەیە و ڕێکناکەون، لە باکووری کوردستان رژێمی تورکیا پرۆسەی ئاشتی بە بنبەست گەیاندووە و، خەباتی گەلی کوردستان لە باکووردا لە هەڵکشان و پێشڤەچووندایە، بەڵام بەداخەوە هەماهەنگی نەتەوەیی بۆ پشتیوانی و هاوکاری وەکو پێویست نابینرێت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای پێشڤەچوونی خەبات و تێکۆشان، یەکڕیزی و هەماهەنگی و کارنامەیەکی هاوبەش نییە، بۆ دەربازکردنی ئەم ڕەوشە نالەبارە پێویستە هەموو لایەکمان بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو بگرین و کاربۆ یەکێتی نەتەوەیی و یەکڕیزی نیشتمانی بکەین. بێگومان ئەم بارودۆخەی کوردستان لە هەموو لایەکمان دەخوازێ کەوا نزیکی یەکدی بین، بۆیە پێویستە لە نزیکترین کاتدا کار بکەین بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکان و بۆئەوەی لە کۆبوونەوەکەدا نەخشە ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان دابڕێژین.

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز:

لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکەمان تایبەتە بە ڕەوشی باشووری کوردستان، بە پێویستی دەزانین لەم ڕووەوە ڕوانینی خۆمان سەبارەت بەم پرسە بخەینەڕوو؛ باشووری کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بە کۆمەڵێ هەورازو نشێودا تێپەڕیوە، وەکو ئەزموونی حوکمداری گەلی کوردستان بێ کێشەو بێ گرفت نەبووە، بەڵام سەرەڕای ئاستەنگەکان توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێ، بێگومان لە تەواوی جیهاندا حکومەت نیە بێ گرفت و بێ کێشە بێت، بەڵام کێشەو گرفتەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە

جیـان، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئاسـتی تێگەشـتن لـە سیسـتەمی حوکمـداری لـە هــەر کۆمەڵگایەکـدا.

کێشــەو گرفتــەکانی ئێســتای کوردســتان باکگراوندێکــی ســیاسی و مێژووییــان هەیــە، رەنگدانــەوەی واقیعــی دووبەرەکــی وناکۆکــی ســیاسی نێــوان لایەنــە سیاسـییەکانی کوردسـتانن، بۆیـە چارەسـەری ئـەم پرسـە پەیوەسـتە بـە چارەسـەری گرفــت و ناکۆکــی مێــژووی نێــوان لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان، بۆئەمــەش پێویسـتە لایەنـە سیاسـییە ناکۆکـەکان بـە دیدگایەکـی سـەردەمییانە سیاسـەتی نوێـی جیهـان بخوێننـەوە و لەجیـاتی بەرژەوەنـدی تەسـکی حیـزبی رەچـاوی بەرژەوەنـدی نەتەوەیــی و نیشــتمانی بکــەن.

ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK ؛ لێـرەوە بانـگ لــە هەمــوو لایەنــە ناکۆکــەکانی باشــووری کوردســتان دەکەیــن، کــەوا رەچــاوی هەســتیاری بارودۆخــی کوردســتان بکــەن و، وەکــو ریزگرتــن لــە خوێنــی پاکــی شــەهیدان و قارەمانێتــی پێشــمەرگە و خۆڕاگــری گــەلی کوردســتان؛ ناکۆکییەکانیــان بخەنــە لاوەو بگەڕێنــەوە ســەر مێــزی دیالــۆگ و لەیەکترگەیشــتن، لەبەرئــەوەی ســـەردەم ســـەردەمی دیالـــۆگ و لەیەکترگەیشـــتن و لەهەڤهاتنـــە، لـــەم پێنـــاوەدا پێشــنیار دەکەیــن کــەوا:

یەکــەم: بــۆ رێکخســتنەوەی ناوەنــدی ســیاسی کوردســتان و دەربازکــردنی لــەو پــەرش و بڵاوییــەی کــە تێیدایــە پێویســتە بەزووتریــن کات (ئەنجوومــەنی بــاڵای ســیاسی کوردســتان) لەتــەواوی هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی باشــووری کوردســتان پێکبهێندرێــت و، ئــەم ئەنجوومەنــە وەکــو پاڵپشــتێکی ســیاسی بــۆ دەســەڵاتی سـیاسی کوردسـتان لـە کاردابێـت و رۆڵـی راوێـژکاری ببینێـت و، لـە کاتی هاتنەپێـشی قەیرانەکانــدا بــە پــرۆژەو کارنامــەی هاوبــەشی ســیاسی هاوکاربێــت.

دووەم: ئەنجامــدانی کۆنگرەیەکــی راوێــژکاری بــۆ شــارەزا و پشــپۆڕان بــۆ

داڕشــتنی نەخشــەڕێگایەکی گشــتگیر بــۆ دەربازکــردنی باشــووری کوردســتان لــەو قەیرانانــەی کــە تێیکەوتــووە.

ســێیەم: سیســتمانیکردنی دەزگا و دامــەزراوەکانی کوردســتان، دوورخســتنەوەی کاری حیــزبی لــە دەزگاو دامــەزراوەکان، بۆئــەوەی حکومــەتی کوردســتان ببێتــە حکومــەتی خەڵکــی کوردســتان نــەک حکومــەتی ئــەم حیــزب و ئــەو حیــزب.

چــوارەم: قوڵکردنــەوەی گیــانی یەکــدی قبوڵکــردن و ڕەتکردنــەوەی خۆســەپاندن و قۆرخــکاری لــە ناوەنــدی ســیاسی کوردســتان و تــەواوی بــوارەکانی ژیانــدا.

پێنجەم: کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان.

شەشــەم: گوێگرتــن لــە داخوازییــەکانی خەڵکــی کوردســتان و باشــترکردنی ژیــان و گوزەرانیــان.

حەوتــەم: یەکخســتنەوەی هێــزەکانی پێشــمەرگە بــە کردەیــی و باشــترکردنی ژیــان و گوزەرانیــان.

هەشــتەم: یەکخســتنەوەی دەزگا ئەمنــی و هەواڵگرییــەکان بەکردەیــی و کردنیــان بــە دامــەزراوەی نەتەوەیــی و نیشــتمانی و دوور لــە دەســتێوەردانی حیــزبی و، دەوڵەمەندکردنیــان بــە کەســانی پســپۆڕ و شــارەزا.

نۆیــەم: بەشــدارکردنی تــەواوی لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان لــە داڕشــتنی بڕیــاری ســیاسی و وازهێنــان لــە پەراوێزخســتنی ئــەم لایــەن و ئــەو لایــەن.

دەیــەم: پێویســتە لایەنــە ناکۆکــەکان واز لەیەکــدی ناشــیرینکردن و شــەڕی ڕاگەیانــدن بهێنــن و بــە زمــانی ســەردەم زمــانی لۆژیــک لەگــەڵ یەکــدی بدوێــن.

یازدەهــەم: پێکهێنــانی (بــۆردی ســەربەخۆیی کوردســتان) کــەوا کار بــکات بــۆ ڕێکخســتنی ریفرانــدۆم و چۆنیــەتی هەنگاونــان بــەرەو ســەربەخۆیی کوردســتان، ئــەم پرســە پرســێکی نەتەوەیــی و نیشــتمانییە و پێویســتە هەمــوو لایەکــمان لەســەری هــاوکار و یەکدەنــگ بیــن.

دوانزەهــەم: دیپلۆماســییەتی کــوردی دیپلۆماســییەتێکی حیزبییــە و هــەر حیزبــەی بەپێــی بەرژەوەنــدی خــۆی هەڵیدەســووڕێنێت، پێویســتە ئــم پرســە لــەم چوارچێوەیــە دەربچێــت و چوارچێوەیەکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی وەربگرێــت، لــەم پێناوەشــدا پێویســتە هەمــوو لایەکــمان کاربکەیــن بۆئــەوەی دیپلۆماســییەتی کوردســتان نەتەوەیــی و نیشــتمانی بێــت و حیــزبی نەبێــت.

ئامادەبــووانی بەڕێــز: ئــەم خاڵانــە وەکــو هەنگاوێــک بــەرەو هێورکردنــەوەی ناکۆکــی لایەنــەکانی دەســەڵات دەخەینــەڕوو، بۆئــەوەی ببێتــە فاکتەرێــک بــۆ لەهەڤهاتــن و ئاشــتبوونەوەی نیشــتمانی و ئەنجامــدانی چاکســازی بــۆ دەربازکــردنی باشــووری کوردســتان لــەو قەیرانانــەی تێیکەوتــووە، ئەمــەش پێویســتی بــە نیــەت پاکــی و هــاوکاری و کاری هاوبــەشی هەمــوو لایەکمانــە.

لەگــەڵ رێــزی دووبارەمانــدا ... هــەر بژیــن و ســەرکەوتووبن و کوردســتان ئــاوەدان.

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٦/٩/٢٤ کەرکووک - کوردستان




### غەفوور مەخمووری لە شانزەمین جڤاتی گشتیی KNK:

# سەرکەوتنمان لە یەکێتی نەتەوەیی و یەکڕیزی نیشتمانیماندایە

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتی YNDK لـــە ڕۆژی ٢٠١٦/١٠/١ ئامـــادەی شـــانزەهەم جڤـــاتی گشـــتیی کۆنگـــرەی نەتەوەیـــی کوردســـتان KNK بـــوو، کـــە لـــە شـــاری (برۆکســـل) ی پایتەختـــی بەلجیـــکا بەســـترا، غەفـــوور مەخمـــووری لـــە ڕۆژی یەکەمـــی کۆنگـــرەدا وتارێکـــی پێشکەشـــکرد و، ڕایگەیانـــد کـــەوا ســـەرکەوتنمان لـــە یەکێتـــی نەتەوەیـــی و یەکڕیـــزی نیشـــتمانیماندایە. ئەمـــەش دەقـــی وتارەکەیـــە:***

بەڕێـــزان بەشـــدارانی شـــانزەمین کۆبوونـــەوەی گشـــتیی کۆنگـــرەی نەتەوەیـــی کوردســـتان ...

خوشکانی ئازیز ..... برایانی بەڕێز ....

میوانانی خۆشەویست ...

ڕۆژتان باش و سڵاوتان لێبێت ...

بەنـــاوی خۆمـــان و کۆمیتـــەی ســـەرکردایەتی و مەکتەبـــی سیاســـی و تـــەواوی هەڤاڵانـــی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDK، بەبۆنـــەی بەســـتنی شـــانزەهەم کۆبوونـــەوەی گشـــتیی کۆنگـــرەی نەتەوەیـــی کوردســـتان جوانتریـــن پیرۆزباییتـــان ئاراســـتە دەکەیـــن و هیـــوای ســـەرکەوتنتان بـــۆ دەخوازیـــن.

بێگومـــان شـــانزەمین کۆبوونـــەوەی گشـــتی KNK لەکاتێکـــدا دەبەســـترێ کـــە کوردســـتان و ناوچەکـــە لـــە ڕەوشـــێکی زۆر ناســـك و هەســـتیاردان، بەتایبـــەت لـــەم کاتـــەدا کـــە گۆڕانـــکاری خێـــرا لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناڤینـــدا ڕوودەدەن، ئـــەم قۆناخـــە چارەنووســـازە پێویســـتی بـــە یەکێتـــی نەتەوەیـــی و یەکڕیـــزی نیشـــتمانی هەیـــە، ئەمـــڕۆ بارودۆخـــی نێودەوڵـــەتی بـــۆ گـــەلی کوردســـتان زۆر گونجـــاوە لـــەڕووی خەبـــاتی سیاسی و دبلۆماسی، هەمـوو جیهـان بـە چـاوی هیـواوە سـەیری کوردسـتان دەکـەن،

بـەڵام بەداخـەوە بارودۆخـی ناوخۆیـی کوردسـتان بـاش نییـە و پەیوەنـدی نێـوان پارچـەکانی کوردسـتان و حیزبـەکان لـە ئاسـتێکی خراپدایـە، لایەنـە سیاسـییەکانی بەشـدار لـە دەسـەڵاتی باشـووری کوردسـتان ناکۆکـن و ئەوەنـدەی رەچـاوی بەرژەوەنـدی حیـزبی دەکـەن نیـو ئەوەنـدە رەچـاوی بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوەیـی و نیشـتمانی ناکـەن، کـە پێویسـتە رەچـاوی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بکـەن و بگەڕێنـەوە سـەر مێـزی دیالـۆگ و لەیەکـتر گەیشـتن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەو گرفتەکانیـان و دەبازکـردنی باشـوور لـە قەیرانەکانـدا، لایەنـەکانی رۆژئـاوای کوردسـتان کێشـەیان هەیـە و رێکناکـەن، پێویسـتە ئەوانیـش بگەڕێنـەوە سـەر مێـزی دیالـۆگ و بـە زمـانی لۆژیـک لەگـەڵ یەکـتر بدوێـن و بگەنـە رێککەوتنێـک بۆئـەوەی بەهەمـوو لایـەک دەسـتکەوتەکانی رۆژئـاوا بپارێـزن و پێشـیبخەن، لـە باکـووری کوردسـتان رژێمـی تورکیـا پرۆسـەی ئاشـتی بـە بنبەسـت گەیانـدووە، رژێمـی تورکیـا ئەگـەر نیـەتی ئاشـتی هەبـووا دەبـوا بـەر لەهـەر شـتێک بەڕێـز (عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان)ی ئـازاد کردبـووا، بـە بـاوەڕی ئێمـە تـا بەڕێـز (ئۆجـەلان) لـە زینـدان دابێـت شـتێک نیـە نـاوی پرۆسـەی ئاشـتی بێـت، بۆیـە ئەگـەر تورکیـا ئاشـتی دەخوازێـت پێویسـتە دەسـتبەجێ بەڕێـز (عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان) ئـازاد بـکات، بێگومـان سـەرەڕای ئاسـتەنگەکان خەبـاتی گـەلی کوردسـتان لـە باکـووردا لـە هەڵکشـان و پێشـڤەچووندایە، بـەڵام بەداخـەوە هەماهەنگـی نەتەوەیـی بـۆ پشـتیوانی و هـاوکاری وەکـو پێویسـت نابینرێـت، بۆیـە پێویسـتە پشـتیوانییەکی نەتەوەیـی و نیشـتمانی هەبێـت، لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتانیش سـەرەڕای پێشـڤەچوونی خەبـات و تێکۆشـان، یەکڕیـزی و هەماهەنگـی و کارنامەیەکـی هاوبـەش نییـە، پێویسـتە لایەنـەکانی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان زیاتـر لەیەکـدی نزیکببنـەوەو کارنامەیەکـی هاوبەشـیان بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات هەبێـت.

ئامادەبووانی بەڕێز ...

بـۆ دەربازکـردنی ئـەم ڕەوشـە نالەبـارە و ڕێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان و داڕشـتنی وتـار و سـتراتیژێکی نەتەوەیـی، پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەبەرچـاو بگریـن و کاربـۆ یەکێتـی نەتەوەیـی و یەکڕیـزی نیشـتمانی بکەیـن. بێگومـان بارودۆخـی نێودەوڵـەتی و ڕەوشی هەسـتیاری کوردسـتان لـە هەمـوو لایەکـمان دەخـوازێ کـەوا نزیکـی یەکـدی بیـن، بۆیـە پێویسـتە لـە نزیکتریـن کاتـدا کاربکەیـن بـۆ بەسـتن و سەرخسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی سەرتاسـەری بـۆ تـەواوی هێزولایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان، ئەمـەش ئەرکێکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بەپەلـەی ئـەم قۆناخـەی خەبـاتی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتانە و دواخسـتنی لـە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتاندا نییـە، هەرچەنـدە دەبـوا پێـش چەنـد سـاڵێك ئـەم کۆنگرەیـە ببەسـترابووایە نـەك تـا ئەمڕۆ ماببووایـە، لەسـەر هەمـوو لایەکـمان پێویسـتە بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی لەبەرچـاو بگریـن و بـۆ ئـەم مەبەسـتە کار بکەیـن، لەبەرئـەوەی بەسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە لـەم کاتـەدا خزمەتێکـی زۆر بـە دۆزی ڕەوای گەلـی کوردسـتان دەگەیەنێـت بـۆ داڕشـتنی سـتراتیژییەتێکی نەتەوەیـی یەکگرتـوو بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان و، داڕشـتنی کارنامەیەکـی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات لەهـەر پارچەیەکـی کوردسـتاندا، بـۆ ئەمـەش پێویسـتە ڕەچـاوی تایبەتمەنـدی پارچەکانـی کوردسـتان بکرێـت، پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان لـەم پێنـاوەدا کار بکەیـن و دوای نەخەیـن و بیکەیـن بـە چەترێکـی نەتەوەیـی و لەوێـوە بـە یەکدەنگـی کار بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان بکەیـن، لەبەرئـەوەی تاکـە چارەسـەری پرسـی کـورد دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە و، بـێ دامەزراندنـی دەوڵـەت بـۆ گەلـی کوردسـتان زۆر زەحمەتـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن ئـەو هێمنـی و ئارامییـە بەخۆیـەوە ببینێـت کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەیخوازێـت.



خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

بێگومان ئێمە لە YNDK وەك هەمیشە جارێکی دیکە پشتیوانی خۆمان بۆ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان لەهەموو بەشەکانی کوردستان رادەگەیەنین، هەروەها لێرەوە بانگ لە تەواوی لایەنە ناکۆکەکانی کوردستان دەکەین کەوا کێشەو گرژی نێوانیان لەسەر بنەمای دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن چارەسەربکەن، لەبەرئەوەی سەردەم سەردەمی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتنە و زۆربەی کێشەکانی دنیایش لەسەر مێزی دیالۆگ چارەسەرکراون و یەکلایی کراونەتەوە، بەو ئومێدەین کە ئێمەی کوردیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکامنان بە زمانی سەردەم زمانی دیالۆگ لەگەڵ یەکتر بدوێین و کێشەکامنان چارەسەر بکەین.

لەکۆتاییدا جارێکی دی هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و چاومان لەوەیە بە بڕیارو راسپاردەی گونجاو بۆ ئەم قۆناخەی خەبات سەرکەوتووانە کۆتایی

بــە شــانزەمین کۆبوونــەوەی گشــتیی KNK بێنــین.
هەر بژین و سەرکەوتووبن و کوردستان ئاوەدان.

براتان
غەفوور مەخمووری
سکرتێری گشتیی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
٢٠١٦/١٠/١ برۆکسل - بەلجیکا




**غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی حەوتەمی بزووتنەوەی (فەتح):**

# چارەسەری پرسی گەلی کوردستان و گەلی فەلەستین تەنها سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتە

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتی YNDK لـــە ڕۆژی ٢٠١٦/١١/٢٩ ئامـــادەی حەوتەمیـــن کۆنگـــرەی بزووتنـــەوەی ڕزگاریخـــوازی نیشـــتمانی فەلەسـتین (فەتـح) بـوو، کـە لـە شـاری (ڕامەڵـڵا)ی لـــە فەلەســـتین بەســـترا، غەفـــوور مەخمـــووری لـــە کۆنگرەکـەدا وتارێکـی پێشکەشـکرد و، ڕایگەیانـد کـەوا چارەسـەری پرسـی گـەلی کوردسـتان و گـەلی فەلەسـتین تەنهـا سـەربەخۆیی و دامەزرانـــدنی دەوڵەتـــە. ئەمـــەش دەقـــی وتارەکەیـــە:***

بەڕێـز جەنـابی سـەرۆک مەحمـوود عەبـاس سـەرۆکی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی فەلەسـتین (فەتـح)

بەڕێـزان ئەندامانـی کۆنگـرەی حەوتەمـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی فەلەسـتین (فەتـح)

ئامادەبووانی بەڕێز ... خوشکان ... برایان ...

سڵاوێکی گەرم ...

بەڕێـزان، بەنـاوی خۆمـان و مەکتەبـی سیاسـی و کۆمیتـەی سـەرکردایەتی و تـەواوی هەڤاڵانـی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK بەبۆنـەی بەسـتنی کۆنگـرەی حەوتەمـی بزووتنـەوە تێکۆشـەرەکەتان بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی فەلەسـتین (فەتـح) جوانتریـن پیرۆزبایـی ئاراسـتەی ئێـوەی ئازیـزو خۆشەویسـت دەکەیـن و، هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخوازیـن و ئومێـد دەکەیـن ئـەم کۆنگرەیەتـان ببێتـە فاکتـەری پێشـڤەچوون و خاڵـی وەرچەرخـان و سـەرکەوتنی زیاتـر لەپێنـاو خزمەتکردنـی دۆزی ڕەوای گـەلی خۆڕاگـری فەلەسـتین.

بەڕێــزان، کۆنگرەکەتــان لەکاتێکــدا دەبەســترێت کــە رۆژهەڵاتــی ناڤیــن بەشــێوەیەکی گشــتیی لــە رەوشــێکی زۆر ناســك و هەســتیاردایە و چاوەڕوانــی هاتنەپێشــی زۆر ئەگــەرو پێشــهات دەکرێــت، بۆیــە لەســەر ئێمــەی نەتــەوە بندەســتەکان پێویســتە کار بــۆ هەماهەنگــی و پێکــەوە کارکــردن بکەیــن، بۆئــەوەی وەك ژمارەیەکــی بەهێــزی نێــو هاوکێشــە سیاســییەکانی ناوچەکــە بوونــی کاریگــەری خۆمــان بســەلمێنین و، کار بــۆ وەدەســتهێنانی مافــە نەتەوەییەکامنــان بکەیــن، بەبــاوەڕی ئێمــە لــەم پێنــاوەدا یەکڕیــزی نەتــەوە بندەســتەکان فاکتــەری ســەرەکی ســەرکەوتنیانە، بۆیــە پێویســتە هەمــوو لایەکــمان لــەم پێنــاوەدا تێبکۆشــین، هــەردوو گــەلی کوردســتان و فەلەســتین لــە رابــردوودا هــاوکار و هاوخەبــاتی یەکــدی بوویــن، بێگومــان رزگارکــردنی قــودس لەلایــەن ســەرکردەی کــورد (ســەلاحەددینی ئەیــوبی) باشــترین منوونــەی ئــەو هــاوکاری و هاوخەباتییــە، هەروەهــا لــە مێــژووی نوێشــدا دەیــان پاڵــەوانی کــورد وەکــو خۆبەخــش لەگــەڵ گیانفیدایــانی فەلەســتین لــە خەباتــدا بــوون و بەشێکیشــیان لەســەر خاکــی فەلەســتین شــەهید بــوون، ســەرەڕای ئەمانــە چەنــدان شــتعیر و نووســەری کــورد خەبــات و بەرخــودانی گــەلی فەلەســتینیان کردۆتــە هەوێنــی نووســینی شــیعر و رۆمــان و چیــرۆک و بابەتــە ئەدەبییەکانیــان، ئــەو رابــردووە ئەوەمــان پێدەڵێــت کــەوا ئێمــەی کوردســتانی و فەلەســتینی دەکــرێ لــە ئێســتا و داهاتووشــدا هــاوکارو هاوخەبــاتی یەکــدی بیــن.

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرە ...

میوانانی بەڕێز .....

لەرابــردوودا نەتــەوەکان بنیاتنــەری ئیمپراتۆرییەتــەکان بــوون، لەئێستاشــدا نەتــەوە بندەســتەکان دەتوانــن فاکتــەری هەڵوەشــاندنەوەی ئیمپراتۆریــەت و دەوڵەتــە چەوســێنەرەکان بــن، وەك ئــەوەی بینیــمان کــە چــۆن یەکێتــی ســۆڤیەتی پێشــوو و یوغســلافیا و چیکۆســلوڤاکیا هەڵوەشــانەوە، بێگومــان زەوتکردنــی مافــی

نەتەوەیـــی نەتـــەوە بندەســـتەکان لـــەو وڵاتانـــە هـــۆکاری هەڵوەشـــانەوەیان بـــوو، دەکـــرێ ئەمـــە بـــۆ زۆر وڵات ببێتـــە پەنـــد و وانـــە، ئێمـــە وەکـــو YNDK چـــۆن چارەســـەری پرســـی گـــەلی کوردســـتان لـــە ســـەربەخۆیی و دامەزرانـــدنی دەوڵـــەتی کوردســـتاندا دەبینینـــەوە، بەهەمـــان شـــێوە چارەســـەری پـــرسی گـــەلی فەلەســـتین لـــە ســـەربەخۆیی و دامەزرانـــدنی دەوڵـــەتی فەلەســـتین دا دەبینینـــەوە، واتـــە چارەســـەری پرســـی گـــەلی کوردســـتان و گـــەلی فەلەســـتین تەنهـــا و تەنهـــا ســـەربەخۆیی و دامەزرانـــدنی دەوڵەتـــە، لـــەم پێناوەشـــدا پێویســـتە هـــەردوو لا پشـــتیوانی یەکـــدی بیـــن.

ئامادەبووانی بەڕێز ...

خوشکان ... برایان ...

گـــەلی کوردســـتان و گـــەلی فەلەســـتین وەکـــو دوو گـــەلی چەوســـاوەو هاوخەبـــات چەندیـــن ســـاڵە لـــە خەبـــات و بەرخـــودان دان و رووبـــەڕووی زوڵـــم و چەوســـانەوە دەبنـــەوە، دەتوانیـــن بڵێیـــن ئێمـــە مەزلوومتریـــن دوو گـــەلی ســـەر رووی زەویـــن، ئەوەتـــا گـــەلی فەلەســـتین رۆژانـــە لەلایـــەن ئیسرائیـــلی داگیرکـــەرەوە رووبـــەڕووی زوڵـــم و گرتـــن و کوشـــتن و مـــاڵ وێرانکـــردن دەبێتـــەوە، ئێمـــەی گـــەلی کوردســـتانیش رۆژانـــە لەلایـــەن داگیرکـــەران (عێـــراق و ئێـــران و تورکیـــا و ســـوریا) رووبـــەڕووی زوڵـــم و چەوســـاندنەوە دەبینـــەوە، ئەوەتـــا حکومـــەتی عێـــراق سیاســـەتی برســـیکردن لـــە دژی باشـــووری کوردســـتان جێبەجێـــدەکات، هەروەهـــا ئێـــران رۆژانـــە لـــە رۆژهـــەڵاتی کوردســـتان گەنجەکانمـــان لـــە ســـێدارە دەدات، تورکیـــا سیاســـەتی قڕکـــردنی خەڵـــک و وێرانکـــردنی گونـــد و شـــارەکانمان لـــە باکـــووری کوردســـتان پیـــادە دەکات، ســـوریاش بـــەم حاڵـــە خراپـــەی ئێستاشـــییەوە ئامـــادە نیـــە دان بـــە بـــوونی گـــەلی کوردســـتان بنێـــت، لـــە رۆژئـــاوای کوردســـتان لەلایـــەن ســـوریاوە هەمـــوو شـــتێک لـــە کـــورد قەدەخـــە کـــراوە، ســـەرەڕای زوڵمـــی ئـــەو چـــوار دەوڵەتـــە داگیرکـــەرە، تیرۆریســـتانی



داعــش ئەوانیــش لەلایــەن خۆیانــەوە شــەڕێکی نەخوازراویــان ســەپاندە ســەر گــەلی کوردســتان، بــەڵام ســوپاس بــۆ خــوا هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان تــوانی کوردســتان بپارێزێــت و تیرۆریســتان تێکبشــکێنێت.

بەڵــێ؛ ئــەوە ڕەوشی کوردســتان و دڕندەیــی دەوڵەتــە داگیرکــەرەکانی کوردســتانە، ســەرەڕای هەمــوو ئــەو ناخــۆشی و هێرشــانە خەبــات و بەرخــودانی گــەلی کوردســتان لــە هــەر چــوار بــەشی کوردســتان بەردەوامــەو لــە پێشــڤەچووندایە و، دڵنیاییــن لــە داهاتــووی نێزیکــدا ئاهەنگــی ســەرکەوتن دەگێڕیــن.

لەکۆتاییــدا، ســڵاو لــە خەبــات و بەرخودانــی گەلــی خۆڕاگــری فەلەســتین دەکەیــن و بــە چــاوی ڕێــزەوە لێــی دەڕوانیــن و، ئومێــد دەخوازیــن لەداهاتــووی نزیکــدا ســوود لــەو پێشــهات و گۆڕانکارییانــەی ناوچەکــە وەربگــرن و بــە مافــە ڕەواکانتــان بگــەن، دووبــارە هیــوای ســەرکەوتن بــۆ کۆنگرەکەتــان دەخوازیــن و،

جەختدەکەینــەوە ســەر پتەوکــردن و پێشــڤەبردنی پەیوەنــدی دۆســتانەی نێوانمــان لەپێنــاو زیاتــر خزمەتکــردن و پێشــڤەبردنی دۆزی رەوای گەلــی کوردســتان و گەلــی فەلەســتین و گەیشــتنمان بــە مافــە رەواکانمــان.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستی دووبارەماندا .

هەر بژین و سەرکەوتووبن.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی


یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٦/١١/٢٩ رامەڵلا - فەلەستین




غەفوور مەخمووری لە سەردانی کوردانی فەلەستین دا:

# کوردانی فەلەستین کەسوکاری ئێمەن و مایەی شانازیمانن



پێشـــنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/١، ســـکرتێری گشـــتیی YNDK بەمەبەســـتی ســـەردان و بەســـەرکردنەوەی کـوردانی فەلەسـتین سـەردانی شـاری خەلیـلی کـردو، لەگـەڵ ژمارەیـەک لـە کەسـایەتی و ریـش سـپیانی کـورد کۆبـۆوە.

پێشـــنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشـــەممە، غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDK، بەمەبەســـتی ســـەردان و بەســـەرکردنەوەی کـوردانی فەلەسـتین سـەردانی شـاری خەلیـلی کـردو، بەگەرمـی لەلایـەن بەڕێـزان (ئەندازیـار خالیـد عسـێلی سـەرۆکی شـارەوانی خەلیـل و ژمارەیـەک لـە کەسـایەتی و ریـش سـپیانی کـوردی فەلەسـتین) بەگەرمـی پێشـوازی کـرا، سـەرەتا ئەندازیـار خالیـد عسـێلی بەنـاوی ئامادەبووانـەوە بەگەرمـی بەخێرهاتنـی هەڤـاڵ غەفـوور مەخمـووری کـرد و گـوتی: (بـۆ ئێمـەی کـوردانی فەلەسـتین ئەمـڕۆ ڕۆژێکـی مێژووییـە، کـەوا کوردێـک لـە کوردسـتانەوە هاتۆتـە فەلەسـتین و سـەردانی ئێمـە



دەکات و لێمان دەپرسێت، ئێمەی کوردانی فەلەستین بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز و تێکۆشەر غەفوور مەخمووری دەکەین و ئەو سەردانەی بەرز دەنرخێنین و لەبیری ناکەین.)، سکرتێری گشتیی YNDK لەلایەن خۆیەوە سوپاسی میوانداری و پێشوازیکردنی کردن و وتی: (زۆر خۆشحاڵ کەوا ئەمڕۆ لەگەڵ کەس و کار و هاوخوێنەکانم لە فەلەستین کۆدەبمەوە، ئێوەی مایەی شانازی ئێمەن و پێتانەوە سەر بڵندین.)، هەروەها مەخمووری وتی: (ئێوەی کوردانی فەلەستین رۆڵێکی بەرچاوو کاریگەرتان لە بزاڤی رزگاریخوازی فەلەستین و پێشخستنی بوارەکانی ژیان لە فەلەستین هەیە، ئەوەش مایەی شانازی هەموو کوردێکە لەهەر کوێیەک بێت، ئێمە ئێوە بە کەسوکاری خۆمان دەزانین، ئەو سەردانەشمان بۆ بەسەرکردنەوەو نوێکردنەوەو پێشخستنی پەیوەندییەکانمانە، ئومێد دەکەین ئێوەش سەردانی کوردستانی ئازاد بکەن، بۆئەوەی لەسەر هەموو ئاستەکاندا



پەیوەندییەکانمــان زیاتــر قوڵبکەینــەوەو پێشــیانبخەین.).

هــەر لەدیدارەکــەدا بــاس لــە ڕەوشــی سیاســی کوردســتان و ڕەوشی کــوردانی فەلەســتین و، پەیوەنــدی مێژوویــی نێــوان گەلــی فەلەســتین و گەلــی کوردســتان و کــراو، زیاتــر پێشــڤەبردن و چەســپاندنی ئــەو پەیوەندییانەیــان لەســەر هەمــوو ئاســتەکان بــە گرنــگ وەســفکران.

شــایانی باســە بەڕێــز خالیــد عسـێلی بــە بۆنــەی ســەردانی مەخمــووری بــۆ خەلیــل نیــوەڕۆ خوانێکــی لــە ماڵــی خــۆی بــۆ ســکرتێری گشــتیی YNDK و میوانــان ئامادەکردبــوو.

پاشـنیوەڕۆی هەمـان ڕۆژ هــەر لــە خەلیـل ســکرتێری گشـتیی YNDK ســەردانی حەرەمــی ئیبراهیمــی و دیــوانی کــوردانی ئەیــوبی کــردو، دواتــر ســەردانی بەڕێــز (ســامر یــوسری زاهــدە) ئەســیری ئازادکــراو لــە زیندانــەکانی ئیسرائیــلی کــردو، بەخێرهاتنــەوەی کــردو هیــوای ســاخی و ســەلامەتی بــۆ خواســت.




غەفوور مەخمووری

له ڕێوڕەسمی یەکگرتنی سێ پارتی ڕۆژئاوای کوردستان:

# داوا له هێزو لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین کارنامەیەکی هاوبەش بۆ کارو خەباتی داهاتوویان دابڕێژن

*غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK، ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠١٧/١/٢٥، ئامـادەی ڕێورەسـمی یەکگرتنـی سـێ پـارتی ڕۆژئـاوای کوردسـتان (پـارتی ئـازادی کوردستان و پـارتی ئـازادی کـورد- سـوریا و شـەپۆلی بەیەکگەیشـتن) بـوو، کـەوا لـە هۆڵـی شـەهید سەربەسـت مەحمـوود لـە بـارەگای مەکتـەبی سـیاسی YNDK بـە ئامادەبـوونی نوێنـەرانی بەشـێکی زۆری هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار بـەشی کوردسـتان و کۆمەڵـێ کەسـایەتی و ڕۆشـنبیر بەڕێوەچـوو، لێژنـەی سەرپەرشـتی مەراسـیمەکە داوایـان لـە غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK کـرد کـەوا بـەم بۆنەیـەوە وتارێـک پێشـکەش بـکات، مەخمـووری لـە وتارەکەیـدا وێـڕای پیرۆزبایـی هیـوای سـەرکەوتنی بـۆ خواسـتی و جەختیکـردەوە سـەر یەکڕیـزی و یەکدەنگـی گـەلی کوردسـتان. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:*

خوشک و برایانی ئازیز ...

ئامادەبووانی بەڕێز ...

سـەرەتا بـە گەرمـی بەخێرهاتنـی هەمـوو لایـەک دەکەیـن، وێـڕای پیرۆزبایـی گەرمـمان بـۆ هەڤـاڵانی هـەر سـێ پـارتی دۆسـت (پـارتی ئـازادی کوردسـتان و پـارتی ئـازادی کـورد- سـوریا و شـەپۆلی بەیەکگەیشـتن) بـۆ ئـەم هەنـگاوە گرنگەیـان کـە بڕیـاری یەکگرتنیـان داوە هیـوای سـەرکەوتنیان بـۆ دەخوازیـن، سـەربڵندین کـەوا مەراسـیمی ئـەو یەکگرتنـەش لـە بـارەگای مەکتـەبی سیاسـیی YNDK بەڕێوەدەچێـت.

وەک هەمـوو لایـەک دەزانـن کوردسـتان و ناوچەکـە لـە ڕەوشـێکی

هەستیاردان، کۆمەڵێ پێشهات و گۆڕانکاری بەڕێوەن، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناوچەکەدا روودەدەن و ئەو پێشهاتانەی دێنە پێشەوە لە هەموو لایەکمان دەخوازن یەکڕیزو یەکدەنگ بین و کارنامەیەکی هاوبەشمان هەبێت، بۆ ئەمەش لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ تەواوی هێزو لایەنە کوردستانییەکان بە فاکتەری سەرەکی یەکێتی کوردان دەزانین، لەهەمان کاتدا بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان و داڕشتنی ستراتیژێک بۆ بەڕێوەردنی رۆژئاوای کوردستان بە گرنگ دەزانین، لەبەرئەوەی ئێستا هەڵ رەخساوە بۆ ئەوەی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵات خەباتی خۆی خورت بکات و بگات بەمافە رەواکانی خۆی بۆ ئەمەش هاوکاری و پشتگیری کردارەکی کوردانە پێویستە، لێرەوە ئێمە وەکو یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK داوا لە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای وڵات دەکەین کە لەم قۆناخەدا کارنامەیەکی هاوبەش بۆ کارو خەباتی داهاتوویان دابڕێژن و، خۆیان لە ململانێی حزبایەتی بە دوور بگرن و جلی تەنگی حزبایەتی لەبەر خۆیان دابکەنن و جلی کوردایەتی بپۆشن، لەبەرئەوەی ئەم قۆناخە و رۆژئاوای کوردستان پێویستیان بە کوردایەتییە نەك حزبایەتی.

ئامادەبووانی بەڕێز؛ ئێمە لە YNDK جەختدەکەینەوە سەر ئەوەی کە یەکێتی کوردان زامنی سەرکەوتن و گەیشتنمانە بە سەربەخۆیی و ئازادی، بۆیە هەرچی زووترە دەبێ هەموو لایەکمان لەم پێناوەدا تێبکۆشین و هاوکارو پشتیوانی یەکدی بین.

لە کۆتاییدا ئومێد دەکەین ئەم یەکگرتنەی هەر سێ پارتی رۆژئاوای کوردستان (پارتی ئازادی کوردستان و پارتی ئازادی کورد- سوریا و شەپۆلی

بەیەکگەیشـتن) ببێتـە سـەرەتایەک بـۆ یەکگرتـن و یەکخسـتنی توانـا سیاسـییەکان لـە رۆژئـاوای وڵات و، زۆر لایـەنی دیکـەی هاوئامانـج و نزیـک لەیەکـتر هەمـان هەنگاوبنێـن.

نەمری بۆ شەهیدانی رێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان.

هەموو لایەک بەخێربێن ... سەرکەوتن بۆ دۆزی رەوای گەلی کوردستان

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

١٥ – ١ - ٢٠١٧




غەفوور مەخمووری لە یەکێتی نووسەرانی کورد:

# کورد بەهۆی فۆڵکلۆری رەسەنی خۆیەوە شارستانێتی و داب و نەریت و کلتورو مێژووی خۆی پاراستووە

ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠١٧/٣/٢ لـە شـاری هەولێـر، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK لەلایـەن دەزگای سـەما بـۆ چانـدو هونـەر میوانـداری کـرا و، بابەتێکـی سـەبارەت بـە خسـتنەڕووی کتێبەکـەی (حەیـران ... چـەک، نـاوەڕۆک، سـەرهەڵدان) پێشکەشـکرد.

ئێـوارەی ڕۆژی پێنجشـەممە لـە هۆڵـی کۆنگـرەکانی هوتێـل کاپیتـۆڵ لـە شـاری هەولێـر، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەلایـەن دەزگای سـەما بـۆ چانـدو هونـەر میوانـداری کـراو، بـە ئامادەبوونـی بەڕێـزان سـەرۆکی دەزگای سـەما بـۆ چانـدو هونـەر و ژمارەیـەك کەسـایەتی سـیاسی و ئەکادیمـی و نووسـەرو رۆشـنبیرو رۆژنامەڤانـانی رۆژئـاوای کوردسـتان و حەیرانبێـژان ڕێوڕەسـمێکی بـۆ واژۆکـردن و خسـتنەڕووی کتێبـی (حەیـران ... چـەک، نـاوەڕۆک، سـەرهەڵدان) (الحـیران ... مفهومـا و مضمونـا وظهـورا) ڕێکخسـت، ئـەم کتێبـە یەکـەم جـار بـە زمـانی کـوردی چاپکـراوەو ئێسـتاش لەلایـەن نووسـەرو وەرگێـڕ د. کەمـال غەمبـار وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی، ئەمـەش دەبێتـە یەکـەم کتیـب لـە دیرۆکـی ئـەدەبی کـوردی و عـەرەبی کـەوا بـە زمـانی عـەرەبی لەسـەر حەیـران بڵاوبێتـەوە.

لەسـەرەتای ڕێورەسـمەکەدا بەڕێـز زۆراب عەزیـز بەنـاوی دەزگای سـەما بـۆ چانـدو هونـەر بەخێرهاتنـی ئامادەبووانـی کـردو، باسـی لـە گرنگـی بابەتـی کۆڕەکـەی مەخمـووری کـرد، ئنجـا مەخمـووری وێـڕای بەخێرهاتنکردنـی میوانـان خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ ئـەو میواندارییـە و ئامادەبوونـی میوانـان دەربـڕی و سوپاسـی دەزگای سـەما بـۆ چانـدو هونـەر کـرد بـۆ ڕێکخسـتنی ئـەو دیـدارە لەگـەڵ ڕۆشـنبیرانی رۆژئـاوای کوردسـتان و ئامادەبـووان، دواتـر هاتـە سـەر پێشکەشـکردنی بابەتەکـەی و باسـی لـە گرنگـی حەیـران لـە ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی کـرد و روانینـی خـۆی سـەبارەت بـە چەمـک و نـاوەڕۆک و سـەرهەڵدانی حەیـران



خســتەڕوو.

غەفــوور مەخمــووری لــە کۆڕەکەیــدا ســەبارەت بــە بابەتەکــەی، وتــی: (حەیــران؛ بەشــێکی هیــژای فۆڵکلــۆرەو تــا ئیســتا زۆر کەمــی لەبــارەوە نــووسراوەو وەکــو پێویســت لێینەکۆڵراوەتــەوەو بایەخــی تــەواوی پێنــەدراوە، بۆیــە هەوڵمــداوە کــەوا لەڕێــی ئــەم لێکۆڵنەوەیەمــدا خزمەتێکــی بچوکــی ئــەو بــوارە بکــەم.)، هەروەهــا وتی: (نەتــەوەی کــورد وەک هــەر نەتەوەیەکــی دیکــەی ســەر رووی زەوی خــاوەن فۆڵکلــۆری زینــدوو و رەســەنی خۆیــەتی و یەکێکــە لــە نەتــەوە دەوڵەمەنــدەکانی جیهــان لــە فۆڵکلــۆردا، بەهــۆی ئــەو فۆڵکلــۆرە رەســەنە شارســتانێتی و داب و نەریــت و مێــژوو و کلتــوری خــۆی پاراســتووە.).

دوای ئــەوەی مەخمــووری بابەتەکــەی پێشکەشــکرد، ئنجــا د. کەمــال غەمبــار ســەبارەت بــە وەرگێــرانی کتێبەکــە بــۆ زمــانی عــەرەبی چەنــد خاڵێکــی

بـــۆ ئامادەبـــووان خســـتەڕوو، پاشـــان دەرگای گفتوگـــۆ بـــۆ ئامادەبـــووان کرایـــەوەو، ژمارەیـــەك لـــە ئامادەبـــووان بەگرنگییـــەوە باســـیان لـــە بابەتەکـــە کـــرد و بیـــروڕاو ســـەرنجی خۆیـــان خســـتەڕوو، هەروەهـــا ژمارەیـــەک حەیرانبێـــژ چەنـــد حەیرانێکیـــان پێشکەشـــکرد.

شـــایانی باســـە دوای تەواوبوونـــی کۆڕەکـــە ڕێوڕەســـمێك بـــۆ ئیمزاکردنـــی کتێبـــی ((حەیـــران ... چـــەک، نـــاوەڕۆک، ســـەرهەڵدان)) لـــە نووســـینی غەفـــوور مەخمـــووری ســـازکرا، مەخمـــووری کتێبەکـــەی پێشـــکەش بـــە ئامادەبـــووان کـــردو بـــۆی ئیمزاکـــردن، ئەمـــەو کۆڕەکـــە بـــووە جێـــی خۆشـــحاڵی ئامادەبـــووان.



غەفوور مەخمووری بۆ رۆشنبیرانی رۆژئاوای کوردستان:

# فۆلکلۆر بەردی بناغەی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکە

ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠١٧/٣/٢ لـە شـاری هەولێـر، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشــتیی YNDK لەلایــەن دەزگای ســەما بــۆ چانــدو هونــەر میوانــداری کــرا و، بابەتێکــی ســەبارەت بــە خســتنەڕووی کتێبەکــەی (حەیــران ... چــەک، نــاوەڕۆک، ســەرهەڵدان) پێشکەشــکرد.

ئێـوارەی ڕۆژی پێنجشـەممە لـە هۆڵـی کۆنگـرەکانی هوتێـل کاپیتـۆڵ لـە شـاری هەولێـر، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەلایـەن دەزگای سـەما بـۆ چانـدو هونـەر میوانـداری کـراو، بـە ئامادەبوونـی بەڕێـزان سـەرۆکی دەزگای سـەما بـۆ چانـدو هونـەر و ژمارەیـەك کەسـایەتی سـیاسی و ئەکادیمـی و نووسـەرو رۆشـنبیرو رۆژنامەڤانـانی رۆژئـاوای کوردسـتان و حەیرانبێـژان رێوڕەسـمێکی بـۆ واژۆکـردن و خسـتنەڕووی کتێبـی (حەیـران ... چـەک، نـاوەڕۆک، سـەرهەڵدان) (الحـيران ... مفهومـا و مضمونـا وظهـورا) رێکخسـت، ئـەم کتێبـە یەکـەم جـار بـە زمـانی کـوردی چاپکـراوەو ئێسـتاش لەلایـەن نووسـەرو وەرگێـڕ د. کەمـال غەمبـار وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی، ئەمـەش دەبێتـە یەکـەم کتێـب لـە دیرۆکـی ئـەدەبی کـوردی و عـەرەبی کـەوا بـە زمـانی عـەرەبی لەسـەر حەیـران بڵاوببێتـەوە.

لەسـەرەتای رێورەسـمەکەدا بەڕێـز زۆراب عەزیـز بەنـاوی دەزگای سـەما بـۆ چانـدو هونـەر بەخێرهاتنـی ئامادەبووانـی کـردو، باسـی لـە گرنگـی بابەتـی کۆڕەکـەی مەخمـووری کـرد، ئنجـا مەخمـووری وێـڕای بەخێرهاتنکردنـی میوانـان خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ ئـەو میوانداریيـە و ئامادەبوونـی میوانـان دەربـڕی و سوپاسـی دەزگای سـەما بـۆ چانـدو هونـەر کـرد بـۆ رێکخسـتنی ئـەو دیـدارە لەگـەڵ رۆشـنبیرانی رۆژئـاوای کوردسـتان و ئامادەبـووان، دواتـر هاتـە سـەر پێشکەشـکردنی بابەتەکـەی و باسـی لـە گرنگـی حەیـران لـە ئـەدەبی فۆڵکلـۆری کـوردی کـرد و روانینـی خـۆی سـەبارەت بـە چەمـک و نـاوەڕۆک و سـەرهەڵدانی حەیـران



خەســتەڕوو.

غەفـوور مەخمـووری لـە کۆڕەکەیـدا سـەبارەت بـە بابەتەکـەی، وتـی: (حەیـران؛ بەشـێکی هیـژای فۆڵکلـۆرەو تـا ئیسـتا زۆر کەمـی لەبـارەوە نـووسراوەو وەکـو پێویسـت لێینەکۆڵراوەتـەوەو بایەخـی تـەواوی پێنـەدراوە، بۆیـە هەوڵمـداوە کـەوا لەڕێـی ئـەم لێکۆڵنەوەیەمـدا خزمەتێکـی بچوکـی ئـەو بـوارە بکـەم.)، هەروەهـا وتی: (نەتـەوەی کـورد وەک هـەر نەتەوەیەکـی دیکـەی سـەر رووی زەوی خـاوەن فۆڵکلـۆری زینـدوو و رەسـەنی خۆیـەتی و یەکێکـە لـە نەتـەوە دەوڵەمەنـدەکانی جیهـان لـە فۆڵکلـۆردا، بەهـۆی ئـەو فۆڵکلـۆرە رەسـەنە شارسـتانێتی و داب و نەریـت و مێـژوو و کلتـوری خـۆی پاراسـتووە.).

دوای ئـــەوەی مەخمـــووری بابەتەکـــەی پێشکەشـــکرد، ئنجـــا د. کەمـــال غەمبـــار ســـەبارەت بـــە وەرگێـــرانی کتێبەکـــە بـــۆ زمـــانی عـــەرەبی چەنـــد خاڵێکـــی

بــۆ ئامادەبــووان خســتەڕوو، پاشــان دەرگای گفتوگــۆ بــۆ ئامادەبــووان کرایــەوەو، ژمارەیــەك لــە ئامادەبــووان بەگرنگییــەوە باســیان لــە بابەتەکــە کــرد و بیــروڕاو ســەرنجی خۆیــان خســتەڕوو، هەرەهــا ژمارەیــەک حەیرانبێــژ چەنــد حەیرانێکیــان پێشکەشــکرد.

شــایانی باســە دوای تەواوبوونــی کۆڕەکــە ڕێوڕەســمێك بــۆ ئیمزاکردنــی کتێبــی ((حەیــران ... چــەک، نــاوەڕۆک، ســەرهەڵدان)) لــە نووســینی غەفــوور مەخمــووری سازکرا، مەخمووری کتێبەکەی پێشــکەش بــە ئامادەبــووان کــردو بــۆی ئیمزاکــردن، ئەمــەو کۆڕەکــە بــووە جێــی خۆشــحاڵی ئامادەبــووان.




غەفوور مەخمووری

لە بیست و دووەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

# پشتیوانی هەموو هەوڵێك دەبین بۆ سەربەخۆیی کوردستان

***غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتی YNDK ڕۆژی ٢٠١٧/٣/١٩ لــە ڕێوڕەســمی نەتەوەیــی بیســت و دووەم ســاڵیادی دامەزراندنــی YNDK دا، کــە لــە بــارەگای مەکتــەبی سیاســیی YNDK لــە شــاری (هەولێــر)ی پایتەختــی کوردســتان بەڕێوەچــوو، لــە ڕێــی دەزگاکانی ڕاگەیاندنــەوە وتارێکــی پێشکەشــکرد و، ڕایگەیانــد کــەوا پێوســتە نێــو ماڵــی کــورد ڕێکبخرێتــەوە و ئەنجوومەنێکــی سیاســی پێکبهێنرێــت، هەروەهــا وتی پشــتیوانی هەمــوو هەوڵێــك دەبیــن کــە کار بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان بــکات. ئەمــەش دەقــی وتارەکەیــە:***

گەلی کوردستانی خۆڕاگر و وڵاتپارێز ...

بنەماڵەو کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...

هێزو لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

سـڵاوتان لێبێـت، سـەرەتا بەبۆنـەی جەژنەکانـی ئـادار و نـەورۆزەوە پیرۆزباییەکـی گـەرم لەتـەواوی گەلـی کوردسـتان و لەبنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدان و لەهەمـوو پێشـمەرگە قارەمانەکانـی کوردسـتان دەکەیـن، ئومێـد دەکەیـن نـەورۆزی ئەمسـاڵمان نـەورۆزی خێـرو خۆشـی بێـت بـۆ هەموولایـەك.

ئەمـڕۆ بیسـت و دوو سـاڵ بەسـەر تەمـەنی پـڕ لـە خەبـات و بەرخـودانی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان تێدەپەڕێـت و پێدەنێینـە تەمەنـی بیسـت و سـێ ساڵە، لەمـاوەی ڕابـردوو ئـەوەی کـە توانیـمان وەکـو لایەنێکـی نەتەوەیـی لـە گۆڕەپانـی سیاسـی کوردسـتان لـە کارو خەباتـی خۆمانـدا بـەردەوام بوویـن و، بەهەڵوێسـتی نەتەوەیـی و نیشـتمانی خۆمـان توانیـمان خزمەتـی کێشـەی ڕەوای گەلـی کوردسـتان بکەیـن، ئێسـتاش وەک هەمیشـە بـەردەوام دەبیـن لەسـەر خەبـات و تێکۆشـانی خۆمـان، بەهەمـان بـاوەڕو لەسـەر هەمـان ڕێبـاز ؛ ڕێبـازی کوردایـەتی و سـەربەخۆییخوازی.



ئێمــە لەکاتێــدا کــە یــادی دامەزرانــدنی YNDK دەکەینــەوە، هەمــوو لایــەک دەزانــن کــەوا باشــووری کوردســتان لەرەوشــێکی زۆر ناســك و هەســتیاردایە، لەلایەکــەوە قەیرانــی ئابــووری و لەلایەکــی دیکــەوە شــەڕی نەخــوازراوی تیرۆریســتانی داعــش و، لەلایەکیشــەوە ئــەو گەمــارۆ ئابوورییــەی کــە حکومەتــی عێراقــی خســتویەتییە ســەر باشــووری کوردســتان، ئەمانــە هەمــوو وایانکــردووە کــە ناوخــۆی کوردســتان لــەرووی سیاســی و لــەرووی ئیــداری و ســەربازییەوە بەرەوشــێکی ناســك و هەســتیاردا تێپەڕێــت، ئــەو بارودۆخــە لەهەمــوو لایــەك دەخوازێــت کــە ئێمــە هاوکاربیــن و بەیەکــەوە کاربکەیــن، لایەنــە سیاســییەکان و لایەنــی دەســەڵاتیش پێویســتە هاوکاربــن بۆئــەوەی بەهەمــوو لایەکــمان بتوانیــن ناوەنــدی سیاســی کوردســتان ڕێکبخەینــەوە و ئــەم قۆناغــە ســەختە دەربــاز بکەیــن، بــۆ ئەمــەش ئێمــە وەکــو یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK لەگــەڵ ئەوەدایــن کــە ئەنجوومەنێکــی سیاســی

پێکبێـت و تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بگرێتەخـۆ، بۆئـەوەی هـەر کێشـە وگرفتێـك کـە دێتـە پێشـەوە لەچوارچێـوەی ئـەو ئەنجوومەنـەدا گفتوگـۆی لەسـەربکرێت و چارەسـەری بـۆ بدۆزرێتـەوە.

سـەبارەت بـە پـرسی سـەربەخۆیی کوردسـتان ؛ ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەسـەرەتای دامەزرانـدنی YNDKەوە کارمـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان کـردووە، بۆیـە ئێمـە وەک هەمیشـە پشـتیوانی هەمـوو هەولێـك دەبیـن کـە کار بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بـکات و هەوڵـی بیناکردنـی دەوڵەتـی کوردسـتان بـدات، بـەرای ئێمـە چارەسـەری بنەڕەتـی پرسـی کـورد لەهـەر بەشـێکی کوردسـتان سـەربەخۆیی کوردسـتانە و هـەر هەنگاوێکـی دیکـە و هـەر چارەسـەرێکی دیکـە، چارەسـەرێکی کاتی و قۆناغییـە و هەنگاوێکـە بـەرەو سـەربەخۆیی کوردسـتان، ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان سـەبارەت بـەم پرسـە لەرابـردووش بەرنامـەی خۆمـان هەبـووەو ئێسـتاش بەرنامـەی خۆمـان هەیـە و پشـتیوانی هەمـوو لایـەن و هەولێـك دەکەیـن کـە لەپێنـاو سـەربەخۆیی کوردسـتان لـەکارو خەبـات دابێـت.

لێـرەوە سـڵاوو رێـز دەنێریـن بـۆ زیندانیـانی سـیاسی کوردسـتان لـە زینـدانی داگیرکـەرانی کوردسـتان و خەبـات و خۆڕاگرییـان بـەرز دەنرخێنیـن.

بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات.

نەمری سەربەرزی بۆ تەواوی شەهیدانی رێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

١٩ - ٣ – ٢٠١٧ هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری لە پانێڵی (کوردستان و هەڵبژاردنەکانی ئێران)دا:

# پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی گرنگی ئەم قۆناخەی خەباتە

پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٧/٥/١٧، سـكرتێری گشـتیی YNDK ئامـادەی پانێڵـی (كوردسـتان و هەڵبژاردنـەكانی ئێـران و پێگـەی ئۆپۆزسـیۆنی كـورد) بـوو، كـە لـە شـاری هەولێـر بـە بەشـداری لایەنـە سیاسـییەكانی رۆژهـەڵاتی كوردسـتان بەڕێوەچـوو، لـە پانێڵەكـەدا داوایكـرد كـەوا هەمـوو لایەنـەكان كار بـۆ پێكهێنـانی بەرەیەكـی كوردسـتانی بـۆ رۆژهـەڵاتی كوردسـتان بكـەن.

پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە، غەفـوور مەخمـووری سـكرتێری گشـتیی یەكێتـی نەتەوەیـی دیموكراتـی كوردسـتان YNDK، ئامـادەی پانێڵـی (كوردسـتان و هەڵبژاردنـەكانی ئێـران و پێگـەی ئۆپۆزسـیۆنی كـورد) بـوو، كـەوا لـە شـاری هەولێـر بەڕێوەچـوو، شـایانی باسـە هـەر یـەك لـە بەڕێـزان (مسـتەفای هیجـری سـكرتێری گشـتیی حـزبی دیموكـراتی كوردسـتانی ئێـران و مسـتەفای مەولـودی سـكرتێری گشـتیی حـزبی دیموكـراتی كوردسـتان و ئیبراهیمـی عەلیـزادە سـكرتێری گشـتیی حـزبی كۆمۆنیسـتی ئێـران رێكخـراوی كوردسـتان «كۆمەڵـە» و عەبدوڵـڵای موهتـەدی سـكرتێری گشـتیی كۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتكێشـانی كوردسـتانی ئێـران و عومـەری ئێلیخانـزادە سـكرتێری گشـتیی كۆمەڵـەی زەحمەتكێشـانی كوردسـتان و بابشـێخ حوسـێنی سـكرتێری گشـتیی سـازمانی خەبـاتی كوردسـتانی ئێـران) و، هەروەهـا ژمارەیەكـی زۆری كەسـایەتی سـیاسی و ئەكادیمـی لەسـەر ئاسـتی كوردسـتانی مـەزن ئامـادەی پانێڵەكـە بـوون.

غەفـوور مەخمـووری سـكرتێری گشـتیی YNDK كـە ئامـادەی پانێڵەكـە بـوو، لـە وتەیەكیـدا وێـڕای بەخێرهێنـانی میوانـان روانینـی YNDK ی سـەبارەت بـەڕەوشی سـیاسی كوردسـتانی مـەزن خسـتەڕوو و، وتی: (ئەمـڕۆ بارودۆخـی نێودەوڵـەتی بـۆ گـەلی كوردسـتان زۆر گونجـاوە لـەڕووی خەبـاتی سـیاسی و دیبلۆمـاسی، بـەڵام بەداخـەوە بارودۆخـی ناوخۆیـی كوردسـتان بـاش نییـە و پەیوەنـدی نێـوان پارچـەكانی كوردسـتان و حیزبـەكان لـە ئاسـتێكی خراپدایـە، لایەنـەكانی



باشوور ناکۆکن، لایەنەکانی رۆژئاوا کێشەیان هەیە، لە باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای پێشڤەچوونی خەبات یەکڕیزی و هەماهەنگی نییە، بۆ دەربازکردنی ئەم رەوشە نالەبارە پێویستە هەموو لایەکمان بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو بگرین و کاربۆ یەکێتی نەتەوەیی و یەکڕیزی نیشتمانی بکەین.)، مەخمووری لە درێژەی وتەکەیدا داوایکرد کەوا لە نزیکترین کاتدا کۆبوونەوەیەکی فراوانتر ئەنجامبدرێت بۆ دارشتنی نەخشە رێگایەک بۆ خورتکردن و پێشڤەبردنی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان و، وتی: (کوردستان لە رەوشێکی زۆر ناسک و هەستیاردایە، کۆمەڵێ ئەگەر و پێشهاتی گرنگ بەرێوەن و کاریگەری راستەوخۆیان دەبێت بۆ سەر رەوشی سیاسی و ئەمنی و ئابووری کوردستان، ئەمەش وادەکات کوردستان بچێتە بارودۆخێکی نوێوە، ئەم بارودۆخەی کوردستان لە هەموو لایەکمان دەخوازێ کەوا نزیکی

یەکـدی بیـن، بۆیـە پێویسـتە لـە نزیکتریـن کاتـدا کار بکەیـن بـۆ ئەنجامـدانی کۆبوونەوەیەکـی فـراوان بـۆ تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکانی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان، بۆئـەوەی لـە کۆبوونەوەکـەدا نەخشـە رێگایـەک بـۆ خورتکـردن و پێشـڤەبردنی خەبـات لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان دابڕێـژن.).

مەخمـووری لـە درێـژەی وتەکەیـدا بانگـی لـە لایەنـە سیاسـییەکانی رۆژهـەڵاتی وڵات کـرد کـەوا بەرەیەکـی سـیاسی لەنێـوان خۆیانـدا پێکبهێنـن و، وتی:( داواکارم کـەوا لایەنـە سیاسـییەکانی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان هەوڵبـدەن بەزووتریـن کات ریـزەکانی خۆیـان یەکبخـەن و بەرەیەکـی سـیاسی لەنێـوان خۆیانـدا پێکبهێـن و وەک پێویسـتییەکی گرنگـی ئـەم قۆناخـەی خەبـات لێیبڕوانـن.).




**غەفوور مەخمووری**

**لە (کۆڕبەندی جیهانی ئاوەدانکردنەوەو دواڕۆژی بنیاتنانەوەی وڵاتانی ململانێ):**

# لە ٢٠١٧/٩/٢٥ دا، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدەدرێت و باشووری کوردستان بەرەو بە (دەوڵەت) بوون هەنگاودەنێت

***غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK، ڕۆژانی ١٧ تـا ٢٠١٧/٩/١٩، ئامـادەی (کۆڕبەنـدی جیهـانی ئاوەدانکردنـەوەو دوارۆژی بنیاتنانـەوەی وڵاتـانی ململانـێ) بـوو، کـە لـە شـاری عەمـانی پایتەختـی ئـوردەن بـە بەشـداری کۆمەڵـێ کەسـایەتی جیهـانی و عـەرەبی و نوێنـەری چەندیـن وڵات و کۆمپانیـای بیـانی و عـەرەبی بەڕێوەچـوو، لـە کۆڕبەندەکـەدا داوایکـرد کـەوا هەمـوو لایـەک هاوکاربـن بـۆ ئاوەدانکردنـەوەو بیاتنانـەوەی کوردسـتان.***

غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK، لـە کۆڕبەندەکـەدا وتارێکـی پێشکەشـکردو تیشـکی خستەسـەر ڕەوشی سـیاسی کوردسـتان و ئـەو کارەسـاتانەی بەسـەر کوردسـتاندا هاتـوون و، هەروەهـا لـە درێـژەی وتارەکەیـدا بـاسی لـە بەردەوامـی پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان کـرد و وتی: (سـەرەڕای ئاسـتەنگ و گرفتـەکان توانیومانـە وڵاتێـک سـەرلەنوێ ئـاوەدان بکەینـەوەو بنیـات بنێینـەوە و، وێنەیەکـی جـوان لـە ئـاوەدانی و خۆشـگوزەرانی و دابینکـردنی ئاسـایش و ئارامـی پێشـکەش بکەیـن، ئـەم پرۆسـەیەش بەردەوامـە و ئومێـد دەخوازیـن خێراتـر بـەرەو پێشـەوە بچێـت.)، هەرەهـا ئامـاژەی بـە پرۆسـەی ئەنجانـدانی ریفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان کـرد و، داوای وڵاتـان و کۆمپانیـا بیلنـی و عەرەبییـەکان کـرد کـەوا هـاوکاری کوردسـتان بـن و بێـن لـە کوردسـتان کاری وەبەرهێنـان و سـەرمایەگوزاری بکـەن وتی: (لـە وڵاتـان و کۆمپانیـا عـەرەبی و نێودەوڵەتییـەکان و هەمـوو لایـەک دەخوازێـت کـەوا هـاوکاری زیاتـری کوردسـتان بکـەن بۆئـەوەی پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەو وەبەرهێنـان و سـەرمایەگوزاری بـە شـێوازێکی گەرمـتر لەجـاران بـەرەو پێشـەوە بچێـت، بەتایبـەت لـە ئێسـتادا کـەوا باشـووری کوردسـتان

خـۆی ئامـادە کـردووە لـە ٢٠١٧/٩/٢٥ دا، پرۆسـەی ریفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان ئەنجامبـدات، واتـە باشـووری کوردسـتان بـەرەو بـە (دەوڵـەت) بـوون هەنـگاو دەنێـت، هـەر وڵات و کۆمپانیـا و لایەنێـک هاوکاربێـت لـە بیناکـردنی دەوڵـەتی کوردسـتان داهاتوویەکـی گـەش بۆخـۆی لـە کوردسـتان تۆمـار دەکات، لێـرەوە داوا لـە هەمـوو لایـەک دەکەیـن کـەوا هـاوکار و پشـتیوانمان بـن بـۆ زیاتـر ئاوەدانکردنـەوەو بنیاتنانـەوەی کوردسـتان، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەرگای کوردسـتان بـۆ هەمـوو لایـەک کراوەیـە.)

سـەرەڕای ئـەوە غەفـوور مەخمـووری لـە کۆڕبەندەکـەدا چەندیـن دیـداری لەگـەڵ نوێنـەری وڵاتـان و کەسـایەتییە بەشـداربووەکان ئەنجامـدا، هەروەهـا ئـەو ماوەیـە چەندیـن لێـدوان و دیـداری رۆژنامـەوانی لەگـەڵ کەناڵـەکانی راگەیانـدن ئەنجامـدا لەوانـە کەناڵـە ئاسـمانییەکانی (الاردن، رؤيـا، الاردن اليـوم) ئێزگـەی رادیـۆی فەرمـی ئـوردەن (الاذاعـة الاردنيـة)، لـە تـەواوی دیـدارو هەڤپەیڤینەکانـدا بـاسی لـە رەوشی سـیاسی کوردسـتان و ئەنجامـدانی پرۆسـەی ریفراندۆمـی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان کـرد. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:

# ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان و ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی وەبەرهێنان لە کوردستان

نووسینی: غەفوور مەخمووری

**دەروازە:**

دوای ئـــەوەی گەلـــی کوردســـتان لـــە ١٩٩١/٣/٥ دەســـتی بـــە راپەڕینێکـــی جەمـــاوەری کـــرد و توانـــی لـــە ماوەیەکـــی کەمـــدا شـــارو شـــارۆچکەکان و بەشـــی هـــەرە زۆری خاکـــی باشـــووری کوردســـتان ئـــازاد بـــکات، ئەوەبـــوو رژێمـــی رووخـــاوی بەعـــس لـــە عێـــراق بـــە دڕندانەتریـــن شـــێوە هێـــرش هێنایـــەوە ســـەر کوردســـتان و گەلـــی کوردســـتان بـــۆ رەتکردنـــەوەی ژێـــر دەســـتی تـــەواوی شـــار و شـــارۆچکەکانی کردســـتانیان چۆلکـــرد و کۆچـــڕەوی ملیۆنـــی خەڵـــك بـــەرەو چیـــاکانی کوردســـتان دەســـتی پێکـــرد و بـــە ملیۆنـــان کـــەس ئـــاوارەو دەربـــەدەر بـــوون و بـــە هـــەزاران کـــەس شـــەهید و برینـــدار بـــوون و ئەمـــەش بـــووە هـــۆی کارەســـاتێکی مرۆیـــی گـــەورە و ئەنجوومەنـــی ئاسایشـــی نێودەوڵەتـــی ناچـــار بـــوو لـــە ١٩٩١/٤/٥ کۆببێتـــەوەو بڕیـــاری ٦٨٨ بـــۆ پاراســـتنی کوردســـتان لـــە هێرشـــی فڕۆکەکانـــی عێـــراق دەربـــکات و، ناوچـــەی کوردســـتان بکاتـــە ناوچـــەی (دژەفڕیـــن)، ئەمـــە وایکـــرد خەڵـــك دوای ئـــەو مەرگەســـاتە مرۆییـــە بگەڕێنـــەوە ســـە مـــاڵ و حاڵـــی خۆیـــان.

دواتـــر ســـەرکردایەتی (بـــەرەی کوردســـتانی) بڕیاریـــدا کـــەوا دەســـەڵات لـــە شـــەرعییەتی شۆڕشـــگێڕییەوە بگوازێتـــەوە بـــۆ شـــەرعییەتی خەڵـــك و پەرلەمانـــی، ئـــەوە بـــوو لـــە ١٩٩٢/٥/١٩ یەکـــەم پەرلەمانـــی کوردســـتان هەڵبژێـــردرا و، دواتـــر پەرلەمـــان متمانـــەی بـــە یەکـــەم کابینـــەی حکومەتـــی کوردســـتان دا. لەمـــەوە یەکـــەم کابینـــەی حکومەتـــی کوردســـتان هاتـــە ســـەر وڵاتێکـــی وێـــران کەوتـــە بـــەردەم

ئەرکێکــی مێژوویــی قــورس، لەبەرئــەوەی حکومەتــی عێــراق لەڕێــی پیلانــی بەعەرەبکردنــی کوردســتان و ســوتماککردنی خاکــی کوردســتان و کیمیابارانکردنــی هەلەبجــەو ناوچەکانــی گەرمیــان و بادینــان و شــوێنەکانی دیکــەی کوردســتان و زینــدە بەچاڵکــردن و بێسەروشــوێنکردنی ١٨٢٠٠٠ ســەد و هەشــتاو دووهــەزار مرۆڤــی کــورد لــە ژن و منــداڵ و پیــرو گەنــج لــە شــاڵاوەکانی ئەنفالــی ١٩٨٨ و ٨٠٠٠ هەشــت هــەزار بارزانــی و ١٢٠٠٠ دوانــزە هــەزار کــوردی فەیلــی، وێرانکردنــی ٤٥٠٠ چــوار هــەزار و پێنجســەد شــارۆچکەو گونــدی کوردســتان و ســوتماککردنی خاکەکــەی و چەنــدان تاوانــی دیکــەی دژ بــە مرۆڤایەتــی ئەمانــە هەمــووی بوونــە هــۆی ئــەوەی کــەوا بــاری حکومەتــی کوردســتان قــورس بێــت، حکومەتــی کوردســتان لــە لایــەك کەوتــە ئاوەدانکردنــەوەی کوردســتان و لــە لایەکــی دیکــە کاری کــرد بــۆ دابینکردنــی بژێــوی ژیانــی خەڵــك و فەرمانبــەران و بنەماڵــەی شــەهیدان و، لەمــاوەی چەنــد ســاڵێدا ســەرەڕای ئاســتەنگ و زەحمەتییــەکان، بــە توانــای کەمــی حکومــەت و هــاوکاری دۆســتان و ڕێکخــراوە مرۆییــەکان توانــرا بەشــێکی زۆری کوردســتان ســەرلەنوێ بنیاتبنرێتــەوە.

لــەدوای رووخانــی رژێمــی بەعــس لــە بەهــاری ٢٠٠٣ دا، ئەوانــەی لــە عێــراق دەســەڵاتیان گرتــە دەســت، ئــەوەی توانیــان لــە دژایەتــی گەلــی کوردســتان ئەنجامیانــدا و بەردەوامــن، ســەرەڕای هەمــوو گرفــت و ئاســتەنگەکان کوردســتان رۆژانــەو لــە بــرەو پێشــەوە چــوون دابــوو، واتــە کاری ئێمــەی کوردســتانیان ئــەوە بــووە ســەر لەنــوێ وڵاتێــك بینــا بکەینــەوە، دەســەڵاتی عێــراق ئــەو بــەرەو پێشــەوەچوونەی کوردســتانی پــێ هــەرس نەکــرا، ئــەوە بــوو تاوانێکــی گەورەیــان دژی خەڵکــی کوردســتان ئەنجامــدا، کــە ئەویــش بڕینــی بەشــە بودجــەی کوردســتان بــوو، کــەوا لــە ســەرەتای ســاڵی ٢٠١٤ ەوە بودجــەی کوردســتانیان بــڕی و، کەوتنــە جێبەجێکردنــی (سیاســەتی برســیکردن)ی خەڵکــی کوردســتان، کــە ئەمــەش تاوانێکــە

چــی كەمــتر نیــە لــە تاوانــی بەعەرەبكــردن و كیمیابارانكــردن، لەبەرامبــەر ئــەم تاوانــە و تــەواوی تاوانەكانــی دیكــەدا دیســان وەكــو پێشــوو تــەواوی لایەنــە عێراقــی و مەرجەعــە ئاینییەكانــی عێــراق بێدەنگیــان هەڵبــژارد!!

ســەرەڕای هەمــوو ئــەو ئاســتەنگانەش پرۆســەی وەبەرهێنــان و ســەرمایەگوزاری لــە كوردســتان بەردەوامــە، بــەڵام لــە هەڵكشــان و داكشــاندایە.

لێــرەدا بــە كورتــی ئامــاژە بــە خاڵــە بەهێــزەكان و ئاســتەنگەكانی بــەردەم پرۆســەی ئاوەدانكردنــەوەو وەبەرهێنــان لــە كوردســتان دەكەیــن:

## خاڵە بەهێز و ئاستەنگەكانی بەردەم پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەو وەبەرهێنان لە كوردستان

خاڵــە بەهێزەكانــی پرۆســەی ئاوەدانكردنــەوەو وەبەرهێنــان لــە مــاوەی ١٠ ســاڵی رابــردوو:

- یاســای وەبەرهێنــان (یاســای ژمــارە ٤ ی ســاڵی ٢٠٠٦ - یاســای وەبەرهێنــان لــە هەرێمــی كوردســتان) ؛ گرەنتیەكــی بەهێــزە بــۆ راكێشــانی وەبەرهێنەرانــی بیانــی و راكیشــانی بەرژەوەندیەكانیــان بــۆ نــاو كوردســتان و بەگەڕخســتنی ســەرمایەكانیان ئەمــەش لــە دوو ڕووەوە گرنگــە:

  یەكــەم: هێنانــی شــارەزای و تەكنیــك و تەكنەلۆژیــای ســەردەم بــۆ نــاو كوردســتان.

  دووەم: لەكاتــی بوونــی بەرژەوەنــدی وڵاتــان لــە كوردســتان و لەكاتــی رووبەڕووبوونــەوەی هــەر كیشــەیەكی ئابــووری یــان ئەمنــی یــان هــەر جــۆرە هەرەشــەیەكی تــر، ئــەوا ئــەو وڵاتانــە

پاڵپشــت دەبــن و یارمەتــی کوردســتان دەدەن بــۆ پاراســتنی بەرژەوەندییەکانــی خۆیــان، واتــە وەبەرهێنــان رۆڵــی هەبــووە لــە بەهێزکردنــی پەیوەنــدی سیاســی و بازرگانــی وڵاتــان لەگــەل کوردســتان و راکیشــانی بەرژەوەنــدی وڵاتــان بــۆ نــاو هەرێمــی کوردســتان.

- دوای دەرکردنــی یاســای وەبەرهێنــان چەندیــن برانــدی نێودەوڵەتــی و جیهانــی ســەرمایەکانیان لــە کوردســتان لــە زۆربــەی ســێکتەرەکان خســتەگەڕ .
- وەبەرهێنــان رۆڵێکــی ســەرەکی هەبــووە لــە دابینکردنــی خۆشــگوزەرانی خەڵکــی کوردســتان بــۆ نموونــە: (لــە بــواری پیشەســازی بەرهەمهێنانــی بەرهەمــی خۆماڵــی زیادیکــردووە، لــە بــواری خزمەتگوزاریــدا بەرهەمهێنانــی کارەبــا و گەیانــدن و خزمەتگــوزاری دیکــەی گەشــتیاری بەرزکراوەتــەوە، لەبــواری فێرکـردن و کردنـەوەی چەندیـن زانکـۆ و، لەبـواری نیشـتەجیبووندا بیناســازی و ئەندازەیــی نــوی ئەنجامــدراوە لەپــاڵ کارپێکردنــی صندوقــی نیشــتەجیبوون بــۆ کەمدەرامەتــەکان.
- وەبەرهێنـان رۆڵـی هەبـووە لـە بەهێزکردنـی جموجۆڵـی بـازاڕی ناوخۆیـی بەرهەمـە خۆماڵییـەکان و پـرۆژە تەواوکارییـەکان .
- وەبەرهێنـان رۆڵـی کارای هەبـووە لـە پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان .
- رەخساندنی هەزارەها هەلی کار .

**ئاستەنگەكانی بەردەم پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەو وەبەرهێنان لە كوردستان:**

١. نەبــوونی كەلتــوری وەبەرهێنــان و لاوازی ڕۆشــنبیری وەبەرهێنــان (ضعــف الثقافــة الاســتثماریه) لــە كوردســتان. هــەر بۆیــەش بەشــێك لــە دام و دەزگاكانــی حكومــەت پابەنــد نابــن بــە یاســای وەبەرهێنــان و ئــەو ڕێنماییانــەی كــە لەلایــەن ئەنجوومەنــی بــاڵای وەبەرهێنــان دەردەكرێــت بــۆ نموونــە تۆمــار نەكــردن و نەكوژاندنــەوەی زەوییــەكان بەنــاوی دەســتەی وەبەرهێنــان یــان وەرنەگرتنــی خزمەتگــوزاری نــاو پرۆژەكانــی نیشــتەجێ لەلایــەن وەزارەتــە پەیوەندارەكانــی تر....هتــد. ئەمــەش كێشــەیەكی گــەورەی هێناوەتــە پێــش پرۆســەی وەبەرهێنــان و بەڕێوەچــوونی كارەكانــی دەســتەی وەبەرهێینــان .

٢. نەبــوونی نەخشــەی وەبەرهێنــان (الخارطــة الاســتثمارية - Investment Map) بۆتــە هــۆی دیارنەكــردنی ئەولەویــاتی حكومــەتی كوردســتان بــۆ پــڕۆژەكانی وەبەرهێنــان بەپێــی پێویســتی كوردســتان، بــۆ نموونــە بەشــێك لــە وەزارەتــەكان (شــارەوانی گەشــت و گــوزار، وەزارەتی كشــتوكاڵ و ئاودێــری، وەزارەتی دارایــی و ئابــوری، وەزارەتی ســامانە سروشــتییەكان) دەســتبەرداری خاوەندارییــەتی زەوییــەكان نابــن بــۆ دەســتەی وەبەرهێنــان و، هەروەهــا هیــچ بــڕە پارەیــەك تەرخــان نەكــراوە لــە لایــەن حكومەتــەوە بــۆ قەرەبۆكردنــەوەی خــاوەن ئــەو زەویانــەی بــۆ پرۆژەكانــی وەبەرهینــان تەرخــان دەكرێــن.

٣. نەبــوونی پــلانی تۆكمــەی درێژخایــەن یاخــود كورتخایەنــی بەشــێك لــە وەزارەتــەكانی حكومــەتی كوردســتان بۆتــە هۆكارێــك بــۆ نەبــوونی پــلانی وەبەرهێنــان، بۆیــە پــڕۆژەكانی (وەبەرهێنــان) بەپێــی خواســتی وەبەرهێنەرانــە نــەك بەپێــی ئەوەلیــاتی حكومــەت.

٤. جێبەجێنەكــردنی سیســتەمی یــەك پەنجــەرە (One-stop Shop) بــۆ پێــدانی مۆڵــەتی وەبەرهێنــان وایكــردووە وەرگرتنــی مۆڵــەتی پرۆژەیــەك زیاتــر لــە ســاڵێك

بخایەنێــت بەمەبەســتی وەرگرتنــی رەزامەنــدی لایەنــە پەیوەنــدارەکان، ئــەم رۆتینــە زۆرەش وایکــردووە کــە خواســتی وەبەرهێنەرانــی بیانــی کــەم بکاتــەوە بــۆ ئەنجامدانــی وەبەرهینــان لــە کوردســتان.

٥. دەســتەی بــاڵای وەبەرهێنــانی کوردســتان لــە مــاوەی (١٠) ســاڵی ڕابــردوو رووبــەرووی گرفتــی سەرپەرشــتیکردنی پڕۆژەکانــی وەبەرهێنــان بۆتــەوە بەهــۆی نەبــوونی ســتافی پێویســت و هــاوکاری نەکــردنی وەزارەتــە پەیوەنــدارەکان بــۆ ئــەم مەبەســتە.

٦. لـە دوای سـاڵی ٢٠١٣ چەنـد گرفتێکـی دیکـە هاتەپێـش پرۆسـەی وەبەرهێنـان لـە کوردسـتان لەوانـە:

- بڕینــی بوودجــەی کوردســتان لەلایــەن حکومەتــی عیراقــی فیدرالــەوە کــە ئەمــەش بەگشــتی کاری لەبــازاڕی کوردســتان کــرد و قەیرانــی دارایــی دروســتکرد و لــەم ماوەیــەش ئاســتەنگ هاتەپێــش دەســتەی وەبەرهێنــان و حکومەتــی کوردســتان بــۆ گەیاندنــی خزمەتگــوزاری بــۆ پرۆژەکانــی وەبەرهێنــان.

- شــەڕی تیرۆرســتانی داعــش کاریگــەری راســتەوخۆی هەبــوو لەســەر پرۆســەی وەبەرهێنــان کــە ئەمــەش وایکــرد زۆرێــک لــە کۆمپانیــا بیانیــەکان لــە هەمــوو بــوارەکان کوردســتان جیبێڵــن بــۆ پاراســتنی کارمەنــد و ســەرمایەکانیان (لــە ئێســتادا بەهــۆی نزیــک بوونــەوەی کۆتایــی شــەڕ بەشــی هــەرەزۆری ئــەو کۆمپانیایانــە گەڕاونەتــەوە کوردســتان)، هەروەهــا زۆرێــک لــەو پرۆژانــەی کــە نزیــک بــوون لــە ســنوورەکانی شــەڕ کارکــردن تیایانــدا وەســتێندرا.

- هاتنــی نزیکــەی ٢ ملیــۆن ئــاوارە کاریگــەری زۆری لەســەر ژێرخانــی خزمەتگــوزاری کوردســتان کــرد لــە پاریزگایەکــی وەک دهــۆک ژمــارەی ئــاوارەکان زیاتــرن لــە دانیشــتوانی ئــەم شــارە .

بۆیــە ریــژەی بێــکاری لــە ٦٪ ەوە بەرزبــۆوە بــۆ ١٤٪ و خزمەتگوزارییــە

گشـــتییەکان کەمبوونـــەوە وەک (ئـــاو و کارەبـــا و ...هتـــد) و ڕێـــژەی ســـەرمایەی وەبەرهێنـــان بـــە بـــەراورد لەگـــەڵ ســـاڵی ٢٠١٣ بـــە ڕێـــژەی زیاتـــر لـــە ٢٠٠٪ کەمـی کـرد، جگـە لـەوەی کـە ئـەو ناوچانـەی کـە شـەڕیان تێـدا کـرا توشـی وێرانکارییەکـی زۆر بـوون و لـە هەندیـک لـەم ناوچانـە زیاتـر لـە ٧٠٪ شـارەکان وێـران بـوون.

ئـــەو ناوچانـــەی لەگـــەڵ هێـــرشی تیرۆریســـتانی داعـــش زۆرتریـــن زیانیـــان بەرکـەوت بریتیـن لـە ناوچـەی شـنگاڵ و گونـدەکانی دەوروبـەری مەخمـوور و دەشـتی نەینـەوا و گونـدەکانی دەوروبـەری کەرکـوک، بێگومـان دەشـتی نەینـەوا لانکـەی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییەکانـە، لـە ئەنجامـی هێـرشی تیرۆریسـتاندا ٢٠٠ دووسـەد هـەزار مەسـیحی و ٩٠ هـەزار ئێـزدی دەربـەدەرو ئاوارەبـوون و، ژێرخـانی گونـد و شـارو شـارۆچکەکانی ئـەو ناوچانـە بەتـەواوی وێـران بـوون، هاوڵاتیـانی ئـەو ناوچانـە بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی ناوچەکانیـان و گەڕاندنـەوەی ئـاوارەکان بـۆ سـەر مـال و حاڵـی خۆیـان داوای بەسـتنی کۆنگرەیەکـی جیهـانی وڵاتـانی کۆمەکبەخـش دەکـەن، لەبەرئـەوەی حکومـەتی عێـراق بەهـۆی ئـەوەی لـە قەیرانێکـی ئابـووری گەورەدایـە ناتوانـێ ئـەم کارە ئەنجامبـدات.

### چارەسەر بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەکان:

ئـەو خاڵانـەی کـەوا لەسـەرەوە وەکـو ئاسـتەنگی بـەردەم پرۆسـەی وەبەرهێنـان لـە کوردسـتان باسـمان کـردوون پێویسـتە چارەسـەربکرێن، ئەمـەش بـەوە دەکـرێ کـــەوا کارەکانی وەبەرهێنـــان سیســـتماتیک بکـــرێ و کاربکـــرێ بـــۆ بڵاوکردنـــەوەی ڕۆشـــنبیری وەبەرهێنـــان و، دانـــانی نەخشـــەیەکی ســـتراتیژی بـــۆ وەبەرهێنـــان، هەروەهـا پێویسـتە بەرنامـەی کورتخایـەن و پلانێکـی تۆکمـەی درێژخایـەن بـۆ بـــواری وەبەرهێنـــان دابڕێژرێـــت.

بێگومـــان جێبەجێکـــردنی سیســـتەمی یـــەک پەنجـــەرە (One-stop Shop) ئەویـــش فاکتەرێـــک دەبێـــت بـــۆ کەمکردنـــەوەی رۆتیـــن و خێراکـــردنی راپەڕانـــدنی کاری پـــڕۆژەکانی وەبەرهێنـــان، بۆیـــە پیویســـتە حکومـــەتی کوردســـتان ئـــەم خاڵـــە بـــە گرنـــگ وەربگرێـــت.

چارەســـەرێکی دیکـــە بـــۆ دەربازکـــردنی ئاســـتەنگەکان پێویســـتە دەســـتەی بـــاڵای وەبەرهێنـــانی کوردســـتان راســـتەوخۆ و بەپێـــی بەرنامەیەکـــی ســـەردەمانە سەرپەرشـــتی تـــەواوی پـــڕۆژەکانی وەبەرهێنـــان بـــکات.

**داتای پرۆژەکانی وەبەرهیێنان لە کوردستان:**

لەگـــەڵ ئـــەم باســـەدا خشـــتەو داتـــای پـــرۆژەکانی وەبەرهێنـــان لـــە کوردســـتان خراوەتـــەڕوو، بـــە تایبـــەت ئـــەو پڕۆژانـــەی کـــەوا لـــە مـــاوەی ١٠ ســـاڵی رابـــردوودا (٢٠٠٦ تـــا ٢٠١٧) کاریـــان تیـــدا کـــراوە، کـــە بەشـــێکیان تەواوبـــوون و بەشێکیشـــیان کاریـــان تێدادەکـــرێ و بەشـــێکی دیکەشـــیان بەهـــۆی رەوشی دارایـــی لـــە کوردســـتان بەشـــێوەیەکی کاتی وەســـتاون.

**ئەنجام و سەرنج:**

ئەمـــەی لـــەم باســـەدا پێشکەشـــمانکرد کورتەیەکـــی رەوشی پرۆســـەی وەبەرهێنانـــە لـــە کوردســـتان، ســـەرەڕای ئاســـتەنگ و گرفتـــەکان توانیومانـــە وڵاتێـــک ســـەرلەنوێ ئاوەدانبکەینـــەوەو بنیاتبنێینـــەوە و، وێنەیەکـــی جـــوان لـــە ئـــاوەدانی و خۆشـــگوزەرانی و دابینکـــردنی ئاســـایش و ئارامـــی پێشـــکەش بکەیـــن، ئـــەم پرۆســـەیەش بەردەوامـــە و ئومێـــد دەخوازیـــن خێراتـــر بـــەرەو پێشـــەوە بچێـــت.

جێگـــەی ئاماژەپێکردنـــە کۆمپانیـــا بیانییـــەکان و کۆمپانیـــا تورکییـــەکان لـــە پێشـــەوەی کۆمپانیـــا عەرەبییەکانـــەوە دێـــن، پێویســـتە کۆمپانیـــا عەرەبییـــەکان زیاتـــر روو لـــە کوردســـتان بکـــەن و شـــان بەشـــانی کۆمپانیـــا بیانییـــەکان بەشـــداربن لـــە

پرۆسـەی وەبەرهێنـان و سـەرمایەگوزاری لـە کوردسـتان.

ئـوردەن رۆڵـی هەبـووە لـە پرۆسـەی وەبەرهێنـان لـە کوردسـتاندا، بەشـێک لـە کۆمپانیـا ئوردەنییـەکان چەنـد پڕۆژەیەکیـان لـە کوردسـتان ئەنجامـداوە بەتایبـەت لـە سـێکتەری تەندروسـتی و گەیانـدن و گەشـتوزار و بـواری راوێـژکاری بـۆ پێشخسـتنی توانـا مرۆیـی و ئیدارییـەکان، هەروەهـا کۆمپانیـا ئیماراتییەکانـش رۆڵـی خۆیـان هەبـووە لـە پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەو وەبەرهێنـان لـە کوردسـتاندا.

بێگومـان ئـەم واقیعـە لـە وڵاتـان و کۆمپانیـا عـەرەبی و نێودەوڵەتییـەکان و هەمـوو لایـەک دەخوازێـت کـەوا هـاوکاری زیاتـری کوردسـتان بکـەن بۆئـەوەی پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەو وەبەرهێنـان و سـەرمایەگوزاری بـە شـێوازێکی گەرمـتر لەجـاران بـەرەو پێشـەوە بچێـت، بەتایبـەت لـە ئێسـتادا کـەوا باشـووری کوردسـتان خـۆی ئامـادە کـردووە لـە ٢٠١٧/٩/٢٥ دا، پرۆسـەی ریفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان ئەنجامبـدات، واتـە باشـووری کوردسـتان بـەرەو بـە (دەوڵـەت) بـوون هەنـگاو دەنێـت، هـەر وڵات و کۆمپانیـا و لایەنێـک هاوکاربێـت لـە بیناکـردنی دەوڵـەتی کوردسـتان داهاتوویەکـی گـەش بۆخـۆی لـە کوردسـتان تۆمـار دەکات، لێـرەوە داوا لـە هەمـوو لایـەک دەکەیـن کـەوا هـاوکار و پشـتیوانمان بـن بـۆ زیاتـر ئاوەدانکردنـەوەو بنیاتنانـەوەی کوردسـتان، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەرگای کوردسـتان بـۆ هەمـوو لایـەک کراوەیـە.



غەفوور مەخمووری

لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی یەکێتی دیموکرات PYD دا:

# پێویستە باشوورو رۆژئاوای کوردستان لەیەکتر نزیکببنەوە هاوکاری یەکتر بن

***غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتی YNDK لـە ڕۆژانـی ٢٠١٧/٩/٢٧ ئامـادەی ڕێوڕەسـمی کردنـەوەی کۆنگـرەی حەوتەمـی پارتی یەکێتـی دیموکـرات PYD بـوو، کـە لـە شـاری (ڕمێلان)ی سـەر بـە پارێـزگای حەسـەکەی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بەڕێوەچـوو، غەفـوور مەخمـووری لـە کۆنگرەکـەدا وتارێکـی پێشکەشـکرد و، ڕایگەیانـد کـەوا پێویسـتە باشـوورو ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەیەکـتر نزیکببنـەوە هـاوکاری یەکـتر بکـەن. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:***

- بەڕێزان کاك ساڵح موسلم و خاتوو ئاسیا عەبدوڵڵا هاوسەرۆکانی PYD
- بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD
- بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان
- بنەماڵەو کەس و کاری سەربەرزی شەهیدانی کوردستان
- خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ... ئامادەبووانی خۆشەویست

ڕۆژتان باش و سڵاوێکی گەرمتان لێبێت ...

بەڕێـزان، بەنـاوی خۆمـان و مەکتەبـی سیاسـی و ئەندامانـی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی و تـەواوی هەڤاڵانـی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK جوانتریـن پیرۆزبایـی ئاراسـتەی ئێـوەی ئازیـزو خۆشەویسـت دەکەیـن، بەبۆنـەی بەسـتنی کۆنگـرەی حەوتەمـی پارتـە تێکۆشـەرەکەتان PYD و، هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخوازیـن و ئومێـد دەکەیـن ئـەم کۆنگرەیەتـان ببێتـە فاکتـەری پێشـڤەچوون و خاڵـی وەرچەرخـان و سـەرکەوتنی زیاتـر لـە پێنـاو خزمەتکردنـی دۆزی ڕەوای گەلەکەمـان.

بەڕێـزان، کۆنگرەکەتـان لـە کاتێکـدا دەبەسـترێت کـە کوردسـتان و ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن بەشـێوەیەکی گشـتیی و بەتایبـەت باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە ڕەوشـێکی زۆر ناسـك و هەسـتیاردان و چاوەڕوانـی هاتنـە پێشـی زۆر ئەگـەرو پێشـهات دەکرێـت،

وەک ئـاگادارن گەلەمـان لـە باشـووری کوردسـتان رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ لەڕێـی ئەنجامـدانی پرۆسـەی ریفرانـدۆم بڕیـاری لـە چارەنـووسی خۆیـدا و سـەربەخۆیی هەڵبـژارد نـەک مانـەوە لـە چوارچێـوەی عێراقـدا، ئـەم هەنـگاوەی گەلەکەمـان لـە باشـووری کوردسـتاندا وەرچەرخانێکـی مێژوویـی گرنگـە و پێویسـتە هەمـوو لایەکمان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن و رەڤەنـدی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات پشـتیوانی لـە هەنگاوە مەزنەی باشـووری وڵات بکەیـن، لـە رۆژئـاوای کوردستانیشـدا پێشـکەوتنی مـەزن روویانـداوەو زۆربـەی دەڤـەرەکان ئازادکـراون و خۆرێڤەبەرییەکـی دیموکـرات بەبەشـداری پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاینییـەکان پێکهاتـووەو بـەرەو پێشـەوە دەچێـت و، شـەڕڤانانی یەکینـەکانی پاراسـتنی گـەل YPG و یەکینـەکانی پاراسـتنی ژن YPJ رۆژانـە سـەرکەوتنی مـەزن تۆمـار دەکـەن، هەروەهـا ئـەوەی مایـەی خۆشـحاڵییە ژن لـە رۆژئـاوای کوردسـتاندا رۆڵێکـی کاریگـەرو بەرچاویـان لـە تـەواوی بوارەکانـدا هەیـە، ئـەوەش بۆتـە سـیمایەکی جـوانی رۆژئـاوا، ئـەو پێشـکەوتنانەی باشـوور و رۆژئـاوا ئـەوە بـە هەمـوو جیهـان دەڵێـن کـەوا گەلەمـان چـۆن لـە رابـردوودا بەشـێکی کاریگـەر بـووە لـە بیناکـردنی شارسـتانییەتی ناوچەکـە، ئەگـەر بـواری پێبدرێـت لەداهاتووشـدا رۆڵێکـی کاریگـەر دەگێـڕێ لـە بیناکـردنی کۆمەڵگایەکـی مۆدێـرن و دیموکـرات، ئـەم پێشـەکەوتنانە وایانکـردووە داگیرکـەران بـەردەوام لـە پیلانگێڕاندابـن لەدژمانـدا، ئەوەتـا دەبینیـن لـەدوای ئەنجامـدانی پرۆسـەی ریفراندۆمـی باشـووری کوردسـتان چـۆن هەمـوو داگیرکـەران هەڕەشـەمان لێدەکـەن.

ئامادەبووانی بەڕێز ...

لـە رەوشـێکی وادا و بـۆ پاراسـتنی دەسـکەوتەکانی گەلەکەمـان لـە باشـوور و رۆژئـاوای کوردسـتان و، بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی هەڕەشـەی داگیرکـەرو دوژمنـانی کوردسـتان لەیەکـتر نزیکبوونـەوەی باشـوورو رۆژئـاوای کوردسـتان زۆر بـە پێویسـت دەزانیـن، ئـەم رەوشـە لەهەمـوو لایەکـمان دەخوازێـت کار بـۆ یەکێتی کـوردان بکەین و زیاتـر لەیەکـدی نزیـک ببینـەوە، بۆئـەوەی وەك ژمارەیەکـی بەهێـزی نێـو هاوکێشـە

سیاسـییەکانی ناوچەکـە بوونـی کاریگـەری خۆمـان بسـەلمێنین و دەسـکەوتەکانی گەلەکەمـان بپارێزیـن، بەبـاوەڕی ئێمـە لـەم پێنـاوەدا بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن دەبێتـە فاکتـەری سـەرەکی بـۆ یەکڕێزیـمان و پاراسـتنی دەسـکەوتەکانمان، بێگومـان یەکڕیـزی و یەکێتیـمان زامنـی سـەرکەوتنمانە، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان لـەم پێنـاوەدا تێبکۆشـین، داگیرکـەرو دوژمنـانی کوردسـتان سـەرەڕای ناکۆکییەکانیـان لەسـەر دژایەتیکـردنی ئێمـە ڕێککەوتـوون، ئـەی باشـە ئێمـە بـۆ پاراسـتنی خۆمـان بـۆ ڕێککنەویـن، لێـرەوە داوا لـە تـەواوی هێـزە کوردسـتانییەکان دەکەیـن کـەوا ناکۆکییەکانیـان بخەنـەلاوەو بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەبەرچـاو بگـرن و لـە جیـاتی حزبایـەتی کوردایـەتی بکـەن.

لـە کۆتاییـدا، سـڵاو لـە خەبـات و بەرخودانی ڕۆژئاوای کوردسـتان دەکەین و بە چاوی ڕێزەوە لێـی دەڕوانیـن و، ڕێـزو حورمەتمـان بـۆ ماڵباتـی شـەهیدان هەیـە و هیـوای زووچاکبوونـەوەش بـۆ برینـداران دەخوازیـن و، چـاوی یەکـە یەکـەی کـچ و کـوڕە شـەڕڤانەکانی YPG و YPJ مـاچ دەکەیـن و هیـوای پێشـڤەچوون و سـەرکەوتنی زیاتـر بـۆ هەمـوو لایەکتـان دەخوازیـن.

دووبـارە هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخوازیـن و، جەختدەکەینـەوە سـەر پتەوکـردن و پێشـڤەبردنی پەیوەنـدی برایانـەی نێوانمـان لەپێنـاو زیاتـر خزمەتکـردن و پێشـڤەبردنی دۆزی ڕەوای گەلـی کوردسـتان و گەیشـتنمان بـە تـەواوی مافـە ڕەواکانمان.

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی دووبارەماندا .

هەر بژین و سەرکەوتووبن بۆ کوردو کوردستان.

برای دڵسۆزتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٧/٩/٢٧ ڕمێلان - ڕۆژئاوای کوردستان



غەفوور مەخمووری لە کۆبوونەوەی KNK لە دوکان:

# پێویستە لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و هاوهەڵوێست بن

***غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتی YNDK لـــە ڕۆژانـــی ٢٠١٧/١٢/٨ ئامـادەی کۆبوونـەوەی فـراوانی حـزب و لایەنـەکانی ئەنـدام لـە کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان KNK بـوو، کـە لـە هاوینەهـەواری (دوکان)ی سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانی بەسـترا، غەفـوور مەخمـووری لـە کۆبوونەوەکـەدا وتارێکـی پێشکەشـکرد و، داوایکـرد هێـزو لایەنـە سیاســییەکان یەکدەنــگ و یەکڕیزبــن و، وتی تەنهـا یەکڕیــزی و یەکدەنگیـمان دەردەکانمـان دەرمـان دەکـەن و لـە سـەرکەوتن نزیکـمان دەکەنـەوە، بۆیـە پێویسـتە بـە یەکدەنگـی کار بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان بکەیـن. ئەمـەش دەقـی وتارەکەیـە:***

- بەڕێزان هاوسەرۆکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK
- بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان
- بنەماڵەو کەس و کاری سەربەرزی شەهیدانی کوردستان
- خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ... ئامادەبووانی خۆشەویست

ڕۆژتان باش و سڵاوێکی گەرمتان لێبێت ...

بەڕێــزان، بەنــاوی خۆمــان و مەکتەبــی سیاســی و ئەندامانــی کۆمیتــەی ســەرکردایەتی و تــەواوی هەڤاڵانــی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK بەبۆنـەی بەسـتنی ئـەم کۆبوونەوەیـە، جوانتریـن پیرۆزبایـی ئاراسـتەی ئێـوەی ئازیـزو خۆشەویسـت دەکەیـن و، هیـوای سـەرکەوتن بـۆ هەمـوو لایـەک دەخوازیـن و ئومێـد دەکەیــن ئــەم کۆبوونەوەیــە ببێتــە فاکتــەری پێشــڤەچوون و خاڵــی وەرچەرخــان و ســەرکەوتنی زیاتــر لــە پێنــاو خزمەتکردنــی دۆزی ڕەوای گەلەکەمــان.

بەڕێــزان، کۆبوونەوەکەمــان لەکاتێکــدا دەبەســترێت کــە کوردســـتان و ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن بەشــێوەیەکی گشــتیی لــە ڕەوشــێکی پــڕ ناســك و هەســتیارو

ئاڵۆزدایـەو رۆژ بـە رۆژ ئەگـەرو پێشـهاتی نـوێ دێنـە پێشـەوەو، ئـەو ئەگـەرو پێشـهاتانە کاریگـەری خۆیـان دەبێـت بـۆ سـەر رەوشی ئێسـتای کوردسـتان و بزاڤـە رزگاریخوازەکانـی ناوچەکـە، بۆیـە پێویسـتە ئێمـەش وەکـو گـەلی کوردسـتان سـوود لـەو دەرفەتـە وەربگریـن، هەروەهـا پێویسـتە برایانمـان لـە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان کارو خەباتـی خۆیـان خـورت بکـەن و بـەرەو رزگاری و ئـازادی هەنـگاو بنێـن، ئێمـە وەکـو YNDK لـە کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی سـەرکردایەتیی YNDK لـە رۆژی ٢٠١٧/١١/٢٥ لـە هەولێـر، زۆر راشـکاوانە لەسـەر رەوشی سـیاسی کوردسـتان هەڵویسـتی خۆمـان خسـتەڕوو، لێرەشـدا بەپێویسـتی دەزانیـن کـەوا روانینـی خۆمـان سـەبارەت بـە رەوشی کوردسـتان بەشـێوەیەکی گشـتی و بـەم شـێوەیە بـۆ ئێـوەی بەڕێـزو هەمـوو لایـەک بخەینـەڕوو:

باکـووری کوردسـتان: خۆشـحاڵین بەپێشـڤەچوونەکانی خەباتـی نەتەوەکەمـان لـە باکـووری وڵات و، وەک هەمیشـە پشـتیوانی تـەواوی بـۆ خەبـاتی باکـوور رادەگەیەنـین و، دەسـتدرێژییەکانی تورکیـا بـۆ سـەر پەرلەمانتـارانی کـورد و سـەرۆک و ئەندامـانی ئەنجوومـەنی شـارەوانییەکانی باکـووری کوردسـتان شـەرمەزار دەکەیـن و، داوا لـە کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی دەکەیـن ئەگـەر خوازیـاری ئاشـتین بـۆ باکـووری کوردسـتان ئـەوا پێویسـتە کاربکـەن بـۆ ئازادکردنـی بەڕێـز (عەبدوڵـڵا ئوجـەلان) رێبـەری پـارتی کرێـکارانی کوردسـتان PKK، بێگومـان هەنگاوێکـی وا دەبێتـە فاکتـەری سـەرەکی پێشـڤەچوون و سـەرکەوتنی پرۆسـەی ئاشـتی و چەسـپاندنی بنەماکانـی مافـی مـرۆڤ و هێنانـەدی هێمنـی و ئارامـی بـۆ ناوچەکـە.

رۆژهەڵاتـی کوردسـتان: هەوڵـەکان بـۆ لەیەکـدی نزیکبوونـەوەی لایەنـە سیاسـییەکانی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان بـەرز دەنرخێنـین و، بـە گرنگـی دەبینـین کـە تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی رۆژهەڵاتـی وڵات کار بکـەن بـۆ یەکخسـتنی هێـزو تواناکانیـان و، چەترێکـی سیاسـی لـە نێـوان خۆیانـدا پێکبهێنـن، بۆئـەوەی ئامـادە بـن

بـۆ ئـەو ئەگـەرو پێشـهاتانەی کـە لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـەدا روودەدەن و دێنـە پێشـەوە، لەهەمـان کاتـدا سـڵاوو رێـز دەنێریـن بـۆ زیندانییانـی سیاسـی لـە زیندانەکانـی ئێـران و خەبـات و بەرخودانیـان بـەرز دەنرخێنیـن و، داوا لـە رێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ دەکەیـن کـەوا هەوڵبـدەن گیانـی زیندانیـان لـە مـردن رزگار بکـەن.

رۆژئـاوای کوردسـتان: لـە رۆژئـاوای کوردسـتاندا پێشـکەوتنی مـەزن روویانـداوەو زۆربـەی دەڤـەرەکان ئـازاد کـراون و خۆرێڤەبەرییەکـی دیموکـرات بـە بەشـداری پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاینییـەکان پێکهاتـووەو بـەرەو پێشـەوە دەچێـت و شـەڕڤانانی یەکینـەکانی پاراسـتنی گـەل YPG و یەکینـەکانی پاراسـتنی ژن YPJ رۆژانـە سـەرکەوتنی مـەزن تۆمـار دەکـەن، ئێمـە وەک چـۆن لـە رابـردوودا پشـتیوان بوویـن؛ لـە ئێستاشـدا پشـتیوانی خۆمـان بـۆ خەبـات و بەرخودانـی رۆژئـاوای کوردسـتان رادەگەیەنـین و، پێشـڤەچوون و سـەرکەوتنەکانی رۆژئـاوای کوردسـتان بـەرز دەنرخێنـین و، بـە گرنگـی دەزانـین تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی ئـەو رۆژئـاوای وڵات یەکڕیـزو یەکدەنـگ بـن و بەیەکـەوە کاربکـەن و خۆیـان لـە ململانێـی حزبایەتـی بـەدوور بگـرن، جارێکـی دیکـە داوایـان لێدەکەیـن؛ لەجیاتـی حزبایەتـی کوردایەتـی بکـەن و بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی لەبەرچـاو بگـرن و خۆیـان لەهـەر گـرژی و ناکۆکییـەك بپارێـزن.

باشـووری کوردسـتان: ئێمـە وەکـو YNDK وایدەبینـین کـەوا نەبـوونی عەدالـەتی سـیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و پەراوێزخسـتنی بەشـێکی زۆری لایەنـە سیاسـییەکان لـە پرۆسـەی سـیاسی و بڕیارەوەرگرتـن لـە کوردسـتان، بۆتـە هـۆی دووبەرەکـی و لێکـترازانی سـیاسی و کۆمەڵایـەتی کوردسـتان، پێویسـتە ئـەم خاڵـە بەهەنـد وەربگیرێـت و چارەسـەر بکرێـت، چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتـە کلیـلی کردنـەوەی زۆربـەی دەرگا داخراوەکانـەو فاکتەرێکـی بەهێزیشـە بـۆ رێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان، بـۆ ئەمـەش پێویسـتیمان بـە بڕیـاری سـیاسی بوێرانـە

و خۆنەویستانە هەیە، بۆ ئەمەش بە پێویستی دەزانین کە بەزووترین کات ناوەندی سیاسی و ناوماڵی کورد ڕێك و یەکبخرێتەوەو، وای دەبینین کە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بین، بەتایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا، کەوا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە کوردستانیان گەمارۆداوە، بێگومان ئەم پیلان و هەڕەشانەی کە لەسەر گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی بەڕێوەدەچێت، پیلانێکی ناوچەیی بەرنامە بۆ دارێژراوی گەورەیە دژ بە گەلی کوردستان، ئەم پیلانانە دەمێکە کاری لەسەر دەکرێت و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت، هەموو لایەک باش دەمانزانی دوای شەڕی داعش هێزە عێراقییەکان رووی چەکەکانیان لە کوردستان دەکەن، ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ رێگرتن بوو لەو پیلانانە، ئەو پیلانانە بەر لە ریفراندۆم هەبوون، واتە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان و ناوچەکە دەگوزەرێ پیلانێکی پێشوەختە بووەو سەرکردایەتی گەلی کوردستان درکی بەو پیلانە کردووە بۆیە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی داوە، پێشووتریش هێزەکانی هاوپەیمانان لەو مەترسییانە ئاگادارکراونەتەوە، بەڵام بێهەڵوێست بوون، بێهەڵوێستی هێزەکانی هاوپەیمانان بەرامبەر دەستدرێژی و لەشکرکێشی میلیشیا و هێزە عێراقییەکان وایکرد کەوا گەلی کوردستان پشت بەخۆی ببەستێت و رووبەڕووی لەشکرکێشی و دەستدرێژییەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان ببێتەوە، لێرەوە بەرخودان و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرز دەنرخێنین کەوا لە (پردێ و مەخموور و زوممار) قارەمانانە رووبەڕووی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان بوونەوە.

ریفراندۆم: ئەنجامدانی ریفراندۆم لەلایەن گەلی کوردستان وەرچەرخانێکی دیرۆکی بوو لە خەباتی گەلەکەماندا و، سەرکەوتووانە ئەنجامدراو گەلی کوردستان بەرێژەی ٩٢,٧٣٪ بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگیدا،

بێگومـان ریفرانـدۆم وەکـو پرۆسـەیەکی دیموکراسـییانە بەپێـی پرەنسـیپەکانی (مـافی مـرۆڤ و مـافی چـارەی خۆنووسـین و بنەمـا دیموکراتییـەکان) ئەنجامـدراوە، واتـە گـەلی کوردسـتان پرۆسـەیەکی دیموکراسـییانەی ئەنجامـداوەو تاوانێکـی نەکـردووە تاکـو سـزا بدرێـت و پشـتی تێبکرێـت، نابـووا رێ بـە عێـراق و وڵاتـانی ناوچەکـە بدرابـووا کـەوا گەلەکۆمەکـی لـە گـەلی کوردسـتان بکـەن و سـزای بـە کۆمەڵـی بەسـەردا بسـەپێنن و کۆمەڵـگای نێودەوڵەتیـش سـەیرکەر بێـت و بێهەڵوێسـت بمێنێتـەوە، بێدەنگـی کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتی بەرامبـەر بـەو زوڵمـەی لـە گـەلی کوردسـتان دەکرێـت ئەوەمـان پێدەڵێـن کـەوا پرەنسـیپەکانی (مـافی مـرۆڤ و مـافی چـارەی خۆنووسـین و بنەمـا دیموکراتییـەکان) لەلایـەن ئـەو وڵات و لایەنانـەی بانگەشـەی بـۆ دەکـەن تەنهـا دروشـمەو هیچـی دیکـە!!

ئـەم رەوشـەی کـەوا ئێسـتا عێـراق پێیـدا گـوزەر دەکات بەرەنجامـی عەقلیەتـی تاکـڕەوی و دکتاتۆرییەتـە کـە حکومەتـی نـوری مالیکـی لـە سـاڵانی رابـردوودا و حکومـەتی حەیـدەر عەبـادی لـە ئێسـتادا هـۆکاری هێنانـە ئـارای ئـەم عەقلیـەت و رەوشـە نەخـوازراوە بـوون، بێگومـان دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای عێـراق دەیانـەوێ هەمـان سیاسـەتی هەڵـەی حکومەتـەکانی پێشـووی عێـراق دووبـارە بکەنـەوە، روانینـی دەسـەڵاتی ئێسـتای عێـراق هەمـان روانینـی دەسـەڵاتەکانی پێشـووە، ئەمـەش ئـەو راسـتییە دەسـەلمێنێت کـەوا عەقلیـەتی دەسـەلاتداری عێراقـی چەقبەسـتووەو ناگۆڕێـت و، روانینـی حەیـدەر عەبـادی و سـەددام حوسـین بـۆ چارەسـەری پـرسی کـورد هەمـان روانینـە! هـەردوو لۆژیکـی سـەربازی دەخەنـە پێـش لۆژیکـی دیالـۆگ و لەیەکـتر گەیشـتن، بـە بەپێـی ئـەم واقیعـەی ئێسـتاو بەپێـی ئەزموونـی کـورد لەگـەڵ رژێمەکانـی پێشـووی عێـراق دەگەینـە ئـەو راسـتییەی کـەوا نـە ئێسـتا و نـە لـە داهاتـوودا متمانـە بـە دەسـەڵاتەکانی عێـراق نەکەیـن، ئـەم روانـین و هێـرش و پەلامارانـە پەیامێکـن بـۆ هەمـوو لایـەک کـەوا

تائێستاش گەلی کوردستان هەڕەشەی لەسەرە و پێویستی بە پاراستن هەیە بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە ناکۆکی و دووبەرەکی بخەینە لاوەو بە یەکڕیزی و یەکدەنگی ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشانە ببینەوە.

بەڕێزان؛ وەک هەموو لایەک ئاگادارن حکومەتی عێراق ڕۆژانە بڕیاری سزا ئامێز لە دژی گەلی کوردستان وەردەگرێت، بێگومان تەواوی بڕیار و سزاکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر کوردستان سیاسین نەک یاسایی و دەستووری و لەژێر هەژموونی سیاسی وەردەگیرێن، لەوانەش بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق سەبارەت بە ریفراندۆم ئەم بڕیارە سیاسییە و هیچ بەهایەکی یاسایی نییە، خواستی گەلی کوردستان بەهیچ دادگا و لایەنێك هەڵناوەشێتەوە، بۆیە ئەم بڕیارەو تەواوی بڕیار و سزاکانی عێراق لەسەر کوردستان جێگەی شەرمەزارین و لای ئێمە ڕەتکراوەن، بێگومان سزاکانی حکومەتی عێراق و گەمارۆدانی کوردستان لە لایەن (عێراق و ئێران و تورکیا)وە و، داخستنی فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنوورییە نێودەوڵەتییەکان بەسەر کوردستاندا؛ وایکردووە کەوا ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان قورستر بێت، ئەو حاڵەتەش دەچێتە خانەی سزادانی بە کۆمەڵ و دژ بە تەواوی بەها مرۆڤایەتییەکانە و، بێدەنگبوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، لێرەوە جارێکی دیکە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی UN دەکەین کەوا چیتر بەرامبەر بە سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بێدەنگ نەمێنن.

بۆیە لە ڕەوشێکی وادا کارکردن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆمی گەلی کوردستان ئەرکێکی بەپەلەی ئەم قۆناخەی کار و خەباتی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەزانین، بۆ ئەمەش پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) پێکبهێنێت، بۆئەوەی ئەم

بــۆرده بتوانێــت کارنامەیەکــی گشــتگیر دابڕێژێــت بــۆ چۆنییــەتی کارکــردن و هەنگاونــان بــەرەو ســەربەخۆیی کوردســتان.

کۆنگــرەی نەتەوەیــی کوردســتان: ئێمــە وەکــو YNDK لێــرەدا جارێکــی دیکــە جەختدەکەینــەوە ســەر بەســتنی کۆنگــرەی نەتەوەیــی بــە بەشــداری تــەواوی لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتانی مــەزن و، بەســتنی کۆنگــرەی نەتەوەیــی کوردســتان لــەم کاتــە هەســتیارەدا بەئەرکێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی دەزانــین، بێگومــان بەســتنی کۆنگـــرەی نەتەوەیـــی دەبێتـــە هەنگاوێـــك بـــۆ یەکڕیـــزی و یەکدەنگـــی گەلـــی کوردســتان لەســەر ئاســتی کوردســتانی مــەزن.

لــە کۆتاییــدا و، لەژێــر تیشــکی ئــەو راســتییانەی کــەوا ئاماژەمــان پێکــردن، دەگەینــە ئــەو ئەنجامــەی کــەوا تەنهــاو تەنهــا یەکڕیــزی و یەکدەنگیــمان دەردەکانمــان دەرمــان دەکــەن و لــە ســەرکەوتن نزیکــمان دەکەنــەوە، بۆیــە لەســەر هەمــوو لایەکــمان پێویســتە وەک چــۆن دوژمــن و داگیرکــەرانی کوردســتان بــە جیــاوازی ئایدۆلــۆژی و بەرژەوەندییەکانییــان لــەدژی ئێمــە یەکیــان گرتــووە، پێویســتە ئێمــەش بــۆ پاراســتنی خۆمــان و بەرگرتــن لــە هەڕەشــەکان یەکبگریــن و ڕەچــاوی بەرژەوەنــدی بــاڵای نەتەوەییــمان بکەیــن و جــلی تەنگــی حزبایــەتی فڕێبدەیــن.

- سەرکەوێ ئیرادەی هەقخوازانەی گەلی کوردستان.

- نەمری و سەربەرزی بۆ تەواوی شەهیدانی رێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان.

- مردن و رووڕەشی بۆ داگیرکەرو دوژمنانی کوردستان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٧/١٢/٨ شارۆچکەی دوکان - باشووری کوردستان



غەفوور مەخمووری بۆ ماڵباتی شەهیدانی کەمپی مەخموور:

# شەهیدانی کەمپی مەخموور بە تەنیا شەهیدی کەمپی مەخموور نین بەڵکو شەهیدی تەواوی کوردستانن

***ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٢، سـکرتێری گشـتیی YNDK سـەردانی کەمپـی ئـاوارەکانی باکـووری کوردسـتانی لـە مەخمـوور کـردو، سـەرەخۆشی و هاوخەمـی بـە ماڵبـاتی شـەهیدان و دانیشـتووانی کەمپـی مەخمـوور ڕاگەیانـد.***

غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK بـە یـاوەری هەڤـاڵ فاخیـر نانەکـەلی کارگێـڕی مەکتـەبی ناوەنـدی پەیوەندییـەکانی YNDK و، هەروەهـا شـاندێکی بـاڵای حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان و کەسـایەتییەکانی باشـووری کوردسـتان کـەوا ئەندامـن لـە کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان KNK، بەمەبەسـتی دەربڕینـی هاوخەمـی و سـەرەخۆشی بـۆ ماڵبـاتی شـەهیدان و هەواڵپرسـینی ئـەو بریندارانـەی کـەوا ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٦ لـە ئەنجامـی هێـرشی ئاسـمانی ڕژێمـی تورکیـا بـۆ سـەر کەمپـی مەخموور(کـەوا بـە وارگـەی شـەهید ڕۆسـتەم جـودی نـاسراوە) شـەهید و برینـدار ببـوون کـە ژمارەیـان ٥ شـەهید و ١٢ برینـدار بـوون، سـەردانی کەمپـی ئـاوارەکانی باکـووری کوردسـتانیان لـە مەخمـوور کـردو، زۆر بەگەرمـی لەلایـەن بەڕێـزان (هاوسـەرۆکانی ئەنجوومـەنی گـەل و هاوسـەرۆکانی ئەنجوومـەنی شـارەوانی و ماڵبـاتی شـەهیدان و ژمارەیەکـی زۆر لـە دانیشـتووانی کەمپـی مەخمـوور) پێشـوازیکران و، هاوسـەرۆکی ئەنجوومـەنی گـەلی کەمپـی مەخمـوور لـە وتەیەکیـدا بەخێرهاتنـی هەمـوو لایەکـی کـردو خۆشـحاڵی خۆیـانی بـۆ ئـەو سـەردان و بەسـەرکردنەوەیە دەبـڕی.

غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK، لـە سـەردانەکەدا سـەرەخۆشی و هاوخەمـی گەرمـی خـۆی و سـەرکردایەتیی YNDK ی بـە ماڵبـاتی شـەهیدان ڕاگەیانـد و هیـوای زووچاکبوونـەوەشی بـۆ برینـدارانی ئـەو کارەسـاتە خواسـت و، وتی: (ئـەو شـەهیدانەی لـەم کارەسـاتەدا شـەهید بـوون بـە تەنیـا



شـەهیدی کەمپـی مەخمـوور نیـن بەڵکـو شـەهیدی تـەواوی کوردسـتانن، هـەر بۆیەشـە تـەواوی کوردسـتان بۆیـان خەمبـارەو هاوخەمـی ئێوەیـە، لەبەرئـەوە مـن لێـرەوە لـە پێشـەوە سـەرەخۆشی لـە خـۆم دەکـەم ئینجـا لـە ئێـوەی ئازیـزو خۆشەویسـت، ئێمـە بـە تونـدی ئـەو کارەسـاتە دژ بـە مرۆڤایەتییـە شـەرمەزار دەکەیـن، بـە بـاوەڕی ئێمـە باشـترین وەڵام و تۆڵـە بـۆ خوێنـی شـەهیدانی ئـەو کارەسـاتە و لـە بەرامبـەر دوژمنـان و داگیرکـەرانی کوردسـتان یەکڕیـزی و یەکێتـی نەتەوەییمانـە، بۆیـە لەسـەر هەمـوو لایەکمانـە بـەو ئاراسـتەیەدا کار بکەیـن.).
دواتـر سـەردانی شـوێنی کارەسـاتەکەیان کـرد و لـە نزیکـەوە وێرانکارییەکانیـان بینـی کـەوا لـە ئەنجامـی هێـرشی ئاسـمانی فڕۆکـەکانی تورکیـا بـۆ سـەر کەمپـی مەخمـوور وێـران ببـون.

شـایانی باسـە پێشـتریش رۆژی ٢٠١٧/١٢/٧ سـکرتێری گشـتیی YNDK سـەبارەت

بـەم کارەسـاتە پەیامێکـی ڕاگەیاندبـوو، کـە ئەمـە دەقەکەیـەتی:

پەیامـــی هاوخەمـــی غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی YNDK بـــۆ دانیشـــتوانی کەمپـــی مەخمـــوور

دانیشتوانی کەمپی مەخموور هاوخەمتانین

سڵاو و ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو لایەکتان هەیە ...

دەسـتی پیرەمێـردو پیرەژنەکانتـان و چـاوی گـەشی منداڵەکانتـان مـاچ دەکەیـن، دەسـتی کـچ و خـورت و یەکەیەکـەی دانیشـتوانی کەمـپ بـە گەرمـی دەگوشـین، هێـرش و پەلامـاری دوێنـی شـەو بـۆ ئێـوەی ئازیـز لەناخـەوە ئێمـەی هەژانـد و دڵتەنگـی کردیـن، ئـەو هێـرش و پەلامـارە بـۆ سـەر ئێـوەی خوشـک و برایانـی باکـووری کوردسـتان لـە کەمپـی مەخمـوور بەتونـدی ئیدانـەو مەحکـوم دەکەیـن و، سـەری ڕێـز بـۆ شـەهیدەکان دادەنەوێنیـن و هیـوای زووچاکبوونـەوەش بـۆ برینـدارەکان دەخوازیـن.

بێگومـان ئێـوە کـەس و کار و ئازیـزی ئێمـەن و هێـرش بـۆ سـە ر ئێـوە هێرشـە بـۆ سـەر ئێمـەو تـەواوی مەخموورییـەکان و خەڵکـی کوردسـتان.

_ نەمـری و سـەربەرزی بـۆ شـەهیدانی ئـەم کارەسـاتە و تـەواوی شـەهیدانی ڕێـی سـەرخۆبوون و ئـازادی کوردسـتان.

_ سڵاو لە خۆڕاگریتان.

دڵسۆزتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٧/١٢/٧ هەولێر _ کوردستان



غەفوور مەخمووری لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان:

# چارەسەری بنەڕەتی پرسی گەلی کوردستان تەنها سەربەخۆیی کوردستانە

پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٣ لـە شـاری هەولێـر، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK لەلایـەن یەکێتـی پەرلەمانتـارانی کوردسـتان میوانـداری کـرا و، بابەتێکـی سـەبارەت بـە خسـتنەڕووی کتێبەکـەی (نحـو حريـة واسـتقلال کوردسـتان) پێشکەشـکرد.

پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە لـە شـاری هەولێـر، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەلایـەن یەکێتـی پەرلەمانتـارانی کوردسـتان میوانـداری کـراو، بـە ئامادەبوونـی بەڕێـزان سـەرۆک و جێگـری سـەرۆکی یەکێتـی پەرلەمانتـارانی کوردسـتان و ژمارەیەکـی زۆری کەسـایەتی سـیاسی و ئەکادیمـی و نووسـەرو ڕۆشـنبیرو ڕۆژنامەڤـان ڕێوڕەسـمێکی بـۆ خسـتنەڕوو و واژۆکـردنی کتێبـی (نحـو حريـة واسـتقلال کوردسـتان) ڕێکخسـت، لەسـەرەتای ڕێورەسـمەکەدا بەڕێـز کەریـم بەحـری بەنـاوی یەکێتـی پەرلەمانتـارانی کوردسـتان بەخێرهاتنـی ئامادەبووانـی کـردو، باسـی لـە گرنگـی بابەتـی کۆڕەکـەی مەخمـووری کـرد، ئنجـا مەخمـووری وێـڕای بەخێرهاتنکردنـی میوانـان خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ ئـەو میوانـداری و ئامادەبوونـی میوانـان دەربـڕی و سوپاسـی یەکێتـی پەرلەمانتـارانی کوردسـتانی کـرد بـۆ ڕێکخسـتنی ئـەو دیـدارە لەگـەڵ ئامادەبـووان، دواتـر هاتـە سـەر پێشکەشـکردنی بابەتێـک سـەبارەت بـە ناوەڕۆکـی کتێبەکـەی و بـاسی لـەوە کـرد کـەوا تایبەتـە بـە پـرسی سـەربەخۆیی کوردسـتان ئاراسـتەیە بـۆ ناوەنـدی عـەرەبی بۆئـەوەی زیاتـر ئاشـنای پـرسی گـەلی کوردسـتان بـن، ئامـاژەی بـەوەدا کـەوا چارەسـەری بنـەڕەتی پـرسی گـەلی کوردسـتان تەنهـا سـەربەخۆیی کوردسـتانە و، وتی: (بێگومـان ئەزموونـی نزیکـەی سـەد سـاڵ بەیەکـەوە ژیانمـان لەگـەڵ عەرەبـی عێـراق ئـەوەی بـۆ هەمـوو لایـەك سـەلماند کـەوا گەلـی کوردسـتان چیـتر ناتوانێـت لـە چوارچێوەی نەخشـەی تـاشراوی عێراقـدا بمێنێتـەوە، لەبەرئـەوەی دەسـەڵاتی عەرەبـی سـوننەی عێـراق لەمـاوەی نزیکـەی هەشـتا سـاڵی حوکمـی خۆیـدا ئـەوەی توانـی لـە دژی کـورد ئەنجامیـدا، لـەدوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعسـیش لـە بەهـاری ٢٠٠٣ دا، کـە عەرەبـی شـیعەی عێـراق دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت، دیـارە دەسـەڵاتی شـیعەش ئـەوەی توانیـان لـە دژایەتـی گەلـی

کوردستان ئەنجامیاندا و بەردەوامن، بۆیە ئەو مێژووە پێماندەڵێت کەوا چارەسەری بنەڕەتی پرسی گەلی کوردستان تەنها سەربەخۆیی کوردستانە.).

مەخمووری لە درێژەی بابەتەکەیدا؛ ڕەخنەی لە دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق گرت و، وتی: (دەسەڵاتی ئێستای عێراق ئەگەر هەمان دەسەڵاتی بەعسی فاشی هەبێت، تاوانی زۆر گەورەتر بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامدەدەات، ئێستا کە دەسەڵاتی تەواوی نیە ئەو تاوانانە ئەنجامدەدات، ئەی باشە کە بەهێز بوو و دەسەڵاتی هەبوو دەبێ چی بکات؟! بێگومان کارەساتەکان و تاوانەکان دژ بە گەلی کوردستان دووبارە دەبنەوە، بەڵێ ئەمە ڕەوشی کورد بووە و ڕەوشی کوردە لەژێر دەسەڵاتی عەرەبی عێراق بە سوننەو شیعەوە و، ئەو زوڵم و دژایەتییانەش بەرامبەر گەلی کوردستان تا ئێستا بەردەوامن، ئەم زوڵمانە وایانکردووە کەوا گەلی کوردستان بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوەو بەرەو سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێت، لەبەرئەوەی جگە لەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەم گەلی کوردستان نەماوەتەوە.).

مەخمووری لە درێژەی بابەتەکەیدا جەختی کردەوە سەر یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستانی وەک دەرمانی هەموو دەردەکان وەسفکرد و، وتی: (تەنهاو تەنها یەکڕیزی و یەکدەنگیمان دەردەکانمان دەرمان دەکەن و لە سەرکەوتن نزیکمان دەکەنەوە، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە وەک چۆن دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان بە جیاوازی ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندییەکانییان لەدژی ئێمە یەکیان گرتووە، پێویستە ئێمەش بۆ پاراستنی خۆمان و بەرگرتن لە هەڕەشەکان یەکبگرین و ڕەچاوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییمان بکەین و جلی تەنگی حزبایەتی فڕێبدەین.).

غەفوور مەخمووری سەبارەت بە خستنەڕووی ناوەڕۆکی کتێبەکەی (نحو حرية واستقلال كوردستان)، وتی: (ئەم کتێبە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم چەند وتارێکە کەوا پێشووتر بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا

بڵاومکردوونەتـەوە، بەشـی دووەم بریتییـە لـە چەنـد وتارێـك کـەوا لـەو کۆبوونـەوەو کۆنگـرەو کۆنفرانسـانەدا پێشکەشـم کـردوون کـە لـە کوردسـتان و وڵاتانـی عەرەبـی و ئەوروپـی بەسـتراون و، هەوڵمـداوە پرسـی کـورد و سـەربەخۆیی کوردسـتان بخەمـە بەرچـاوی بەشـدارانی ئـەو کۆنگـرەو کۆنفرانسـانە، بێگومـان بەشـداری دەیـان کۆنگـرەو کۆنفرانسـمان کـردووە لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و ناوچەکـەو جیهـان، بـەڵام لێـرەدا چەنـد نموونەیەکـی کەمـمان هێناوەتـەوە، بەشـی سـێیەم بریتییـە لـە چەنـد چاوپێکەوتنێکـی رۆژنامەگـەری کـەوا لەگـەڵ دەزگاکانـی راگەیانـدن ئەنجاممـداون و جەختـم لەسـەر پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان کردۆتـەوە، ئەمانـەی دەیخوێننـەوە مشـتێکە لـە خەروارێـك، یاخـود دەتوانـم بڵێـم گۆڵمێکـە لـە رەوسـەی نووسـین و کارو خەباتـم لەپێنـاو سـەربەخۆیی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان، بەشـی چوارەمـی ئـەم کتێبـە بریتییـە لـە پاشـکۆیەکی وێنەیـی، لەجیاتـی نووسـین هەوڵمـداوە بـە وێنـە بـاس لـە کار و چالاکـی و دیـدارە سیاسـییەکانم بکـەم، کـەوا بێگومـان لـە زۆربـەی ئـەو دیدارانەشـدا لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆو وڵاتانـی عەرەبـی و وڵاتانـی ئەوروپـی پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان یەکێـك بـووە لـە تەوەرەکانـی گفتوگۆکانمـان، لێـرەدا وێنـەکان فراوانـی پەیوەنـدی و ئاسـتی پەیوەندییـەکان بـۆ خوێنـەر دەخەنـەڕوو، لـە راسـتیدا زمانـی وێنـە هیچـی لـە زمانـی نووسـین کەمـتر نیـە ئەگـەر زیاتـر نەبێـت، هیـوادارم بـەم کارەم توانیبێتـم خزمەتێکـی بچوکـی گەلـی کوردسـتان و پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان بکـەم و، خوێنـەری عەرەبیـش زیاتـر ئاشـنای پرسـی گـەلی کوردسـتان بکـەم.).

شـایانی باسـە دوای تەواوبوونـی کۆڕەکـە رێورەسـمێك بـۆ ئیمزاکردنـی کتێبـی ((نحـو حريـة واسـتقلال كوردسـتان)) لـە نووسـینی غەفـوور مەخمـووری سـازکرا، مەخمـووری کتێبەکـەی پێشـکەش بـە ئامادەبـووان کـردو بـۆی ئیمزاکـردن، ئەمـەو کۆڕەکـە بـووە جێـی خۆشـحاڵی ئامادەبـووان.



لەسەر بانگهێشتی غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK
٤٢ حزب و لایەنی سیاسی سەبارەت بە هێرشی تورکیا بۆ سەر عفرین کۆدەبنەوە

غەفوور مەخمووری:

# هێرش بۆ سەر عفرین و رۆژئاوا
# هێرشە بۆ سەر تەواوی کوردستان

***پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە ٢٢ـی ١ـی ٢٠١٨ سـکرتێری گشـتیی YNDK پێشـوازی لـە نوێنـەرانی ٤٢ لایـەنی سـیاسی بـۆ کۆبوونـەوەی فـراوانی حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان کـرد، سـەبارەت بـە هێـرش و دەسـتدرێژییەکانی تورکیـا بـۆ سـەر کانتـۆنی عفریـن و رۆژئـاوای کوردسـتان گفتوگۆیانکـرد.***

پاشـنیوەڕۆی دووشـەممە، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK لـە بـارەگای مەکتـەبی سیاسـیی YNDK لـە شـاری هەولێـر، بـە ئامادەبـوونی هەڤـاڵان (د. شـاخەوان خالیـد کارگێـڕی مەکتـەبی سیاسـیی و قەهـار تاهیـر ئەندامـی مەکتـەبی سـیاسی و فاخیـر نانەکـەلی کارگێـڕی مەکتـەبی ناوەنـدی پەیوەندییـەکانی YNDK )، پێشـوازی لـە نوێنـەرانی ٤٢ لایـەنی سـیاسی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن کـرد، کـە ئامـادەی کۆبوونـەوەی فـراوانی حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بـوون، کـەوا تایبـەت بـوو بـە هێـرش و دەسـتدرێژییەکانی تورکیـا بـۆ سـەر کانتـۆنی عفریـن و رۆژئـاوای کوردسـتان، شـایانی باسـە ئـەم کۆبوونەوەیـە بەدەستپێشـخەری و لەسـەر بانگهێشـتی سـکرتێری گشـتیی YNDK ئەنجامـدرا، دوای بەخێرهێنـانی نوینـەرانی لایەنـە سیاسـییەکان بـۆ کۆبوونەوەکـە کورتەیەکـی سـەبارەت بـە هێرشـەکانی تورکیـا بـۆ سـەرعفرین و رۆژئـاوای کوردسـتان و مەترسـییەکانی ئـەم هێـرش و دەسـتدرێژییانە بـۆ ئامادەبـووان باسـکرد و، وتی: (هێـرش بـۆ سـەر عفریـن و رۆژئـاوای کوردسـتان واتـە هێـرش بـۆ سـەر تـەواوی کوردسـتان، باشـترین وەڵام بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ئـەم هێرشـە و تـەواوی پیـلانی داگیرکـەرانی کوردسـتان یەکدەنگـی و یەکڕیمانـە.).

پاشـان سـکرتێرو نوێنـەری حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان وێـڕای دەربڕینـی سـوپاس و پێزانینیـان بـۆ بانگهێشـت و ڕێکخسـتنی کۆبوونەوەکـە،



تەئکیدیـان کـردەوە کـە خەڵکـی کوردسـتان بـە یەکڕیـزی و یـەک ئیرادەییـەوە دەتوانـێ تـەواوی پیـلانی داگیرکـەرانی کوردسـتان لـە گۆڕبنێـت و، لـەم ڕێگەیەشـەوە دەتوانێـت داکۆکـی لـە مافەکانـی خـۆی بـکات، تەئکیدیشـیان کـردەوە کـە ئێسـتا گەلەکەمـان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان خاوەنـی بڕیـار و ئیـرادەی خۆیەتـی، ئـەوەش بەرهەمـی خەبـات و قوربانیدانـی چەندیـن سـاڵەی گەلەکەمانـە و لەژێـر هیـچ گوشـارێکدا دەسـتبەرداری نابێـت، لایەنـە سیاسـییەکان وێـڕای ئیدانەکـردنی هێـرش و پەلامـارەکانی تورکیـا بـۆ سـەر عفریـن، پشـتیوانی خۆیـان بـۆ خەبـات و بەرخـودانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەربـڕی.

لــە کۆتایــی کۆبوونەوەکەشــدا؛ لایەنــە سیاســییەکان لــە بەیاننامەیەکــدا هەڵوێســتی خۆیــان بــۆ ڕای گشــتی خســتەڕوو، کــە ئەمــە دەقەیەکەتــی:

## راگەیانـدنی کۆتایـی کۆبوونـەوەی حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان سـەبارەت بـە هێـرشی تورکیـا بـۆ سـەر عفریـن

- جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان ...

- کەس و کارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...

پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە رێکـەوتی ٢٠١٨/١/٢٢، ئێمـە ئـەو حـزب و لایەنـە سیاسـییانەی کوردسـتان کـەوا لـە خـوارەوە ناومـان هاتـووە سـەبارەت بـە هەڕەشـەو هێرشـەکانی تورکیـا بۆسـەر شـاری عفریـن و رۆژئـاوای کوردسـتان و هاتنەپێـشی ئەگـەر و پێشـهاتەکان، لـە شـاری هەولێـر لـە بـارەگای مەکتـەبی سیاسـیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK کۆبووینـەوە، لـە کۆبوونەوەکـەدا بـەوردی هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەم پرسـە کـرا و شرۆڤەکـرا.

بـە بـاوەڕی ئێمـە؛ هەڕەشـەو هێـرشی رژێمـی تورکیـا بـۆ سـەر شـاری عفریـن و رۆژئـاوای کوردسـتان، رۆژئـاوای کوردسـتانی خسـتۆتە رەوشـێکی زۆر دژوار، بەتایبـەت ئـەوەی ئێسـتا کـەوا بەرامبـەر کانتـۆنی عفریـن دەگـوزەرێ لـە جینۆسـایدێکی دیکـە نزیکدەبێتـەوە، تاوانێکـە بەرامبـەر تـەواوی پێکهاتـەکانی رۆژئـاوای کوردسـتان ئەنجامدەدرێـت، بۆیـە ناکـرێ لـە ئاسـت ئـەو کارەسـاتە چاوەڕوانکـراوەدا بێدەنـگ بیـن، ئـەو هێـرش و موشـەکبارانکردنە دڕندانەیـەی کـەوا لەلایـەن تورکیـاوە دەکرێتـە سـەر هاوڵاتیـانی سـڤیلی عفریـن پیلانێکـی داڕێـژراوەو درێژکـراوەی ئـەو پیلانەیـە کـەوا بەرامبـەر باشـووری کوردسـتان ئەنجامـدرا، ئێمـە لـە کاتێکـدا ئـەو هەڕەشـەو هێرشـانە بەتونـدی ئیدانـە و مەحکـووم دەکەیـن، لەهەمـان کاتـدا پشـتیوانی تـەواوی خۆمـان بـۆ خەبـاتی رەوای گـەلی رۆژئـاوای کوردسـتان و بەرخـودانی دلێرانـەی یەکینـەکانی پاراسـتنی گـەل YPG و یەکینـەکانی پاراسـتنی ژن YPJ رادەگەیەنیـن و، بەهەمـوو لایەکـی رادەگەیەنیـن کـەوا بێدەنـگ



نامێنیــن و هەمــوو هەولێکــمان دەخەینــە گــەڕ و هەمــوو رێگایــەك دەگرینەبــەر بۆئــەوەی فشاری مەدەنییانــە دروســت بکەیــن تــا کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی بەهانــای خەڵکــی (عفریــن)ەوە بێــن و لــەو مەرگەســاتە چاوەڕوانکــراوەدا رزگاریــان بکــەن.

لێــرەوە بانــگ لــە کۆمەڵــگای نێودەوڵــەتی و نەتــەوە یەکگرتــووەکان UN و ئەنجوومــەنی ئاســایشی نێودەوڵــەتی و تــەواوی رێکخــراوە نێودەوڵەتییــەکان و، بەتایبــەت رێکخــراوەکانی مــافی مــرۆڤ دەکەیــن کــەوا بــە هانــای خەڵکــی (عفریــن)ەوە بێــن و بێدەنــگ نەمێنــن، ناکــرێ لــەوێ شــارێك وێــران بکرێــت و خەڵکەکــەی جینۆســاید بکرێــت و کۆمەڵــگای نێودەوڵەتیــش بێهەڵوێســت بێــت، هەروەهــا داوا لــە وڵاتــانی زلهێــزو کۆمەڵــگای نیودەوڵــەتی دەکەیــن کــەوا بەپیــر داوای فەرەنســاوە بێــن بــۆ کۆبوونــەوەی ئەنجوومــەنی ئاســایشی نێودەوڵــەتی، بۆئــەوەی ســنوورێک بــۆ دەســتدرێژییەکانی تورکیــا گــەلی رۆژئــاوای کوردســتان دابنرێــت، بێگومــان

بێدەنگبـــوونی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان UN و کۆمەڵـــگای نێودەوڵـــەتی بەرامبـــەر هەڕەشـەو هێرشـەکانی سـەر گـەلی کوردسـتان دژی بنەمـاکانی پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و جاڕنامـەی جیهـانی مـافی مـرۆڤ و تـەواوی پرەنسـیپ و بەهـا دیموکراتییەکانــە، ریــز لــەو پەیماننامــەو جاڕنامــە نیودەولەتییانــە بگــرن کــەوا خۆیـان ئیمزایـان کـردووە، بۆیـە ئەگـەر کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتی رێـز لـە مـرۆڤ دەگرێــت پێویســتە مرۆڤــی کوردســتان لــەو هەڕەشــەو هێــرش و مەترســییانە بپارێزێـت کـەوا رووبەڕوویـان بۆتـەوە.

- سەرکەوێ ئیرادەی هەقخوازانەی گەلی کوردستان.

- نەمـری و سـەربەرزی بـۆ تـەواوی شـەهیدانی رێـی سـەرخۆبوون و ئـازادی کوردســتان.

- مردن و رووڕەشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

ناوی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشداربووی کۆبوونەوە:

١. یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٢. بزووتنەوەی گۆڕان
٣. حزبی شیوعی کوردستان
٤. یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
٥. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
٦. حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
٧. پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان
٨. بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
٩. کۆما جڤاکێن کوردستان KCK

١٠. پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی)
١١. حزبی پێشڤەڕۆی دیموکراتی کورد لە سوریا
١٢. پارتی یەکێتی دیموکرات PYD
١٣. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
١٤. هەڤبەندی نیشتیمانی کورد لە سوریا (HEVBENDI )
١٥. کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران
١٦. حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن
١٧. حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
١٨. ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری
١٩. پارتی ئازادی کوردستان PAK
٢٠. حزبی دیموکراتی کوردستان
٢١. پارتی ویفاقی دیموکراتی کورد لە سوریا
٢٢. پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (الپارتی)
٢٣. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
٢٤. پارتی دیموکراتی گەلان HDP
٢٥. پارتی گەلی تورکمان
٢٦. کۆمەڵەی لیبرالی تورکمان
٢٧. تەڤگەری ئازادی کوردستان
٢٨. تەڤگەری کۆمەڵگای دیموکرات TEVDEM
٢٩. حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان
٣٠. بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان
٣١. بزووتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان
٣٢. پارتی نەتەوەیی کوردستان

٣٣. پارتی برایەتی کوردستان PBK

٣٤. پارتی ئازادی کوردستان لە سوریا PAK.S

٣٥. حزبی رزگاری کوردستان

٣٦. پارتی سەربەخۆیی کوردستان

٣٧. تەڤگەری نوژەنی کوردستان – سوریا

٣٨. دەستەی سەرۆکایەتی حزبی رزگاری کوردستان

٣٩. پارتی کۆماری کوردستان

٤٠. پارتی سەربەستی کوردستان

٤١. کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC

٤٢. بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق

٢٠١٨/١/٢٢

هەولێر _ کوردستان




## غەفوور مەخمووری لە هەژدەمین جڤاتی گشتیی KNK:

# پەرتەوازەییمان وایکردووە لە هەموو لایەکەوە بە لاوازی سەیر بکرێین

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK لە رۆژانی ٢٦ و ٢٠١٨/١٠/٢٧ ئامادەی هەژدەمین جڤاتی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK بوو، کە لە شاری (بارلۆ)ی هۆلەندا بەسترا، غەفوور مەخمووری لە رۆژی یەکەمی کۆنگرەدا وتارێکی پێشکەشکرد و، رایگەیاند کەوا تاکە چارەسەری پرسی کورد دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێزان بەشدارانی هەژدەمین جڤاتی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ...

خوشکانی ئازیز ..... برایانی بەڕێز ....

میوانانی خۆشەویست ...

رۆژتان باش و سڵاوتان لێبێت ...

بەناوی خۆمان و کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و تەواوی هەڤاڵانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، بەبۆنەی بەستنی هەژدەمین جڤاتی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بێگومان هەژدەمین جڤاتی گشتی KNK لەکاتێکدا دەبەسترێ کە کوردستان و ناوچەکە لە رەوشێکی زۆر ناسك و هەستیاردان، بەتایبەت لەم کاتەدا کە گۆڕانکاری خێرا لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا روودەدەن، ئەم قۆناخە چارەنووسسازە پێویستی بە یەکێتی نەتەوەیی و یەکڕیزی نیشتمانی هەیە، ئەمڕۆ بارودۆخی نێودەوڵەتی بۆ گەلی کوردستان زۆر گونجاوە لەڕووی خەباتی سیاسی و دبلۆماسی، هەموو جیهان بە چاوی هیواوە سەیری کوردستان دەکەن، لە دوای شانزەمین

و حەڤدەمیــن جڤــاتی گشــتیی KNK چــاوەڕوانی ئــەوە بوویــن لایەنــە سیاســییە کوردســتانییەکان زیاتــر لێــک نزیکببنــەوەو هاوخەبــات و هــاوکاری یەکــدی بــن، بەداخــەوە وایــان نەکــرد، لەگــەڵ ئــەوەی بارودۆخــی نێودەوڵــەتی بــۆ کارو خەبــات گونجــاوە، بــەڵام بارودۆخــی ناوخۆیــی کوردســتان بــاش نییــە و پەیوەنــدی نێــوان بەشــەکانی کوردســتان و حیزبــەکان لــە ئاســتێکی زۆر خراپدایــە، ئەمــەش وایکــردووە نەتوانیــن لەســەر ئاســتی نێودەوڵــەتی کاری مــەزن ئەنجــام بدەیــن.

لــە باشــووری کوردســتان؛ لایەنــە سیاســییەکانی بەشــدار لــە دەســەڵات ناکۆکــن و ئەوەنــدەی رەچــاوی بەرژەوەنــدی حیــزبی دەکــەن نیــو ئەوەنــدە رەچــاوی بەرژەوەنــدی بــاڵای نەتەوەیــی و نیشــتمانی ناکــەن، کــە پێویســتە رەچــاوی بەرژەوەنــدی نەتەوەیــی و نیشــتمانی بکــەن و بگەڕێنــەوە ســەر مێــزی دیالــۆگ و لەیەکــتر گەیشــتن بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەو گرفتەکانیــان و دەبازکــردنی باشــوور لــە قەیرانەکانــدا، لــە رۆژئــاوای کوردســتان؛ لایەنــە سیاســییەکان کێشــەیان هەیــە و لەهــەڤ نایــەن، پێویســتە ئەوانیــش بگەڕێنــەوە ســەر مێــزی دیالــۆگ و بــە زمــانی لۆژیــک لەگــەڵ یەکــتر بدوێــن و بگەنــە رێککەوتنێــک بۆئــەوەی بەهەمــوو لایــەک دەســتکەوتەکانی رۆژئــاوا بپارێــزن و پێشــیبخەن، لــە باکــووری کوردســتان؛ رژێمــی تورکیــا بەردەوامــە لــە دژایەتیکــردنی نەتەوەکەمــان و پرۆســەی ئاشــتی بــە بنبەســت گەیانــدووە، رژێمــی تورکیــا ئەگــەر نیــەتی ئاشــتی هەبــووا دەبــوا بــەر لەهــەر شــتێک بەڕێــز (عەبدوڵــڵا ئۆجــەلان)ی ئــازاد کردبــووا، بــە بــاوەڕی ئێمــە تــا بەڕێــز (ئۆجــەلان) لــە زینــدان دابێــت شــتێک نیــە نــاوی پرۆســەی ئاشــتی بێــت، بۆیــە ئەگــەر تورکیــا ئاشــتی دەخوازێــت پێویســتە دەســتبەجێ بەڕێزیــان ئــازاد بــکات، بێگومــان ســەرەڕای ئاســتەنگەکان خەبــاتی گــەلی کوردســتان لــە باکــووردا لــە هەڵکشــان و پێشــڤەچووندایە، لــێ مخابــن هەماهەنگــی نەتەوەیــی بــۆ پشــتیوانی و هــاوکاری وەکــو پێویســت نابینرێــت، بۆیــە پێویســتە پشــتیوانییەکی نەتەوەیــی و

نیشـتمانی هەبێـت، لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانیش؛ سـەرەڕای پێشـڤەچوونی خەبـات و تێکۆشـان، یەکڕیـزی و هەماهەنگـی و کارنامەیەکـی هاوبـەش لـە نێـوان لایەنـە سیاسـییەکاندا نییـە، پێویسـتە لایەنـەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان زیاتـر لـە یەکـدی نزیکببنـەوە و کارنامەیەکـی هاوبەشـیان بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات هەبێـت.

ئامادەبووانی بەڕێز ...

قوڵبوونـەوەی ناکۆکییەکانمـان بۆتـە هـۆی پەرتەوازەییـمان، ئەمـەش وایکـردووە لـە هەمـوو لایەکـەوە بـە لاوازی سـەیر بکرێیـن، ناکۆکـی پەرتەوازەییـمان وایکـرد کـەوا عێـراق کەرکـوک و مەخمـوورو چەندیـن ناوچـەی دیکـەی کوردسـتان داگیـر بـکات، تورکیـا عفریـن داگیـر بـکات، ئێـران موشـەکبارانی بـارەگاکانی حـزبی دیموکـراتی کوردسـتانی ئێـران و حـزبی دیموکـراتی کوردسـتان لـە کۆیـە بـکات، بێگومـان ئـەم هێـرش و پەلامـارەی داگیرکـەران بۆتـە هـۆی شـەهید و بریـندار بـوونی ژمارەیەکـی زۆر لـە تێکۆشـەران و هاوڵاتیـان و دەربەدەربـوونی هـەزاران هـاوڵاتی لەسـەر مـاڵ و حاڵـی خۆیـان، سـوریاش سـەرەڕای ڕەوشی نالەبـاری هەوڵـدەدات دەسـەڵاتی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان سـنووردار و لاواز بـکات، بەڵـێ داگیرکـەرانی کوردسـتان بـۆ لێـدانی گـەلی کوردسـتان یەکهەڵوێسـت و یەکدەنگـن، ئـەرێ گەلـۆ کات نەهاتـووە ئێمـەی گـەلی کوردسـتانیش بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی دوژمنـان و داگیرکـەرانی کوردسـتان یەکدەنـگ و یەکهەڵوێسـت بیـن و جـلی تەنگـی حزبایـەتی فرێبدەیـن و جـلی کوردایـەتی و کوردسـتانیبوون بپۆشـین؟ بێگومـان کات هاتـووەو زۆر درەنگیـش کەوتـووە، بۆیـە لەسـەر هەمـوو لایەکمانـە بـۆ دەربازکـردنی ئـەم ڕەوشـە نالەبـارە و ڕێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان و داڕشـتنی وتـار و سـتراتیژێکی نەتەوەیـی؛ بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەبەرچـاو بگریـن و کار بـۆ یەکێتـی نەتەوەیـی و یەکڕیـزی نیشـتمانی بکەیـن، بێگومـان بارودۆخـی نێودەوڵـەتی و ڕەوشی هەسـتیاری کوردسـتان لـە هەمـوو لایەکـمان دەخـوازێ کـەوا نزیکـی یەکـدی بیـن، بۆیـە پێویسـتە لـە

نزیکترین کاتدا کار بکەین بۆ بەستن و سەرخستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ تەواوی هێزولایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەمەش خواستی چەندین ساڵەی هەموو لایەکمانە و، لەهەمان کاتدا ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەپەلەی ئەم قۆناخەی خەباتی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانە و دواخستنی لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا نییە، هەرچەندە دەبوا پێش چەند ساڵێك ئەم کۆنگرەیە ببەسترابووایە نەك تا ئەمڕۆ ماببووایە، لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرین و بۆ ئەم مەبەستە کار بکەین، لەبەرئەوەی بەستنی ئەم کۆنگرەیە لەم کاتەدا خزمەتێکی زۆر بە دۆزی رەوای گەلی کوردستان دەگەیەنێت و، دەبێتە فاکتەرێک بۆ دارِشتنی ستراتیژییەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو بۆ هەر چوار بەشی کوردستان و، دارِشتنی کارنامەیەکی گونجاو بۆ ئەم قۆناخەی خەبات لەهەر بەشێکی کوردستاندا، بۆ ئەمەش پێویستە رەچاوی تایبەتمەندی پارچەکانی کوردستان بکرێت، پێویستە هەموو لایەکمان لەم پێناوەدا کار بکەین و دوای نەخەین و بیکەین بە چەترێکی نەتەوەیی و لەوێوە بە یەکدەنگی کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکەین، لەبەرئەوەی تاکە چارەسەری پرسی کورد دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە و، بێ دامەزراندنی دەوڵەت بۆ گەلی کوردستان زۆر زەحمەتە رۆژهەڵاتی ناڤین ئەو هێمنی و ئارامییە بەخۆیەوە ببینێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیخوازێت.

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەرِێز ...

بێگومان ئێمە لە YNDK وەك هەمیشە جارێکی دیکە پشتیوانی خۆمان بۆ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان لەهەموو بەشەکانی کوردستان رادەگەیەنین، هەروەها لێرەوە بانگ لە تەواوی لایەنە ناکۆکەکانی کوردستان دەکەین کەوا کێشەو گرژی نێوانیان لەسەر بنەمای دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن چارەسەربکەن،

لەبەرئـەوەی سـەردەم سـەردەمی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتنە و زۆربـەی کێشـەکانی دنیایــش لەســەر مێــزی دیالــۆگ چارەســەرکراون و یەکلایــی کراونەتــەوە، بــەو ئومێدەیــن کــە ئێمــەی کوردیــش بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانمان بــە زمانــی سـەردەم زمانـی دیالـۆگ لەگـەڵ یەکـتر بدوێیـن و کێشـەکانمان چارەسـەر بکەیـن.

ئامادەبووانی بەڕێز و خۆشەویست ...

لـە راسـتیدا ئێمـە وەکـو YNDK سـەرنج و تێبینـی زۆرمـان لەسـەر شـێوازی کاری KNK و چۆنیــەتی بەڕێوەچــوونی جڤاتــە گشــتییەکانی KNK هەیــە، بــەڵام بـۆ کاری نەتەوەیـی و لـە پێنـاو یەکێتـی نەتەوەیـی کـوردان و یـەک گوتـاری و یەکڕیـزی گـەلی کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن ئامـادەی هـەر جـۆرە هـاوکاری و پشـتیوانییەکین، بێگومـان ئەگـەر KNK بیەوێـت ببێتـە ماڵێکـی گشـتی بـۆ کـوردان و چەترێکـی هاوبـەش بـۆ کۆکردنـەوەی تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکان و سـازییەکانی کۆمەڵـگای مـەدەنی لـە کوردسـتانی مـەزن، پێویسـتە لەژێـر هەژمـوونی هیـچ لایەنێکـی سیاسـیدا نەبێـت و هەمـوو لایەنـەکان وەک یـەک سـەیر بـکات.

لەکۆتاییــدا جارێکــی دیکــە هیــوای ســەرکەوتنتان بــۆ دەخوازیــن و چاومــان لەوەیـە بـە بڕیـارو راسـپاردەی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات سـەرکەوتووانە کۆتایــی بــە هەژدەمیــن جڤــاتی گشــتیی KNK بێنــین.

هەر بژین و سەرکەوتووبن و کوردستان ئاوەدان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٨/١٠/٢٦ بارلۆ - هۆڵەندا



غەفوور مەخمووری لە رۆژنامەی (الدستور)ی ئوردەنی:

# سەرۆك مەسعود بارزانی رێبەرو مەرجەعی باڵای گەلی کوردستانە

ئێــوارەی ڕۆژی ٢٠١٩/١/٢٦ لــە عەمانــی پایتەختــی ئــوردەن، غەفــوور مەخمــووری سـکرتێری گشـتیی YNDK لەلایــەن ڕۆژنامــەی (الدسـتور)ی ئـوردەنی میوانــداری کــرا و، بابەتێکــی ســەبارەت بــە ڕەوشی ســیاسی کوردســتان و ڕۆڵــی ســەرۆک مەسـعود بـارزانی وەک ڕێبــەری گــەلی کوردســتان لـە ئێسـتاو داهاتـوودا پێشکەشــکرد.

ئێــوارەی ڕۆژی شــەممە؛ لــە عەمانــی پایتەختــی ئــوردەن، غەفــوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەلایــەن ڕۆژنامــەی (الدســتور) و (مونتــەدای ڕۆشــنبیری دســتوور)ی میوانــداری کــراو، بــە ئامادەبوونــی ژمارەیەکــی زۆر لــە کەســایەتی ســیاسی و ئەکادیمــی و نووســەرو ڕۆشــنبیرو ڕۆژنامەڤــان کۆڕێکــی سیاســی لەژێــر نــاوی (ڕەوشی ســیاسی کوردســتان و ڕۆڵــی ســەرۆک مەسـعود بــارزانی وەک ڕێبــەری گــەلی کوردســتان لــە ئێسـتاو داهاتـوودا) بـۆ ڕێکخـرا، لەسـەرەتادا ڕۆژنامەنـووس (ڕەنـا حـەداد) بەنـاوی ڕۆژنامــەی (الدســتور) ومونتــەدای ڕۆشــنبیری دەســتوور بەخێرهاتنــی مەخمــووری و ئامادەبووانــی کــردو، باســی لــە گرنگــی بابەتــی کۆڕەکــەی مەخمــووری کــرد، دواتــر ڕاگەیاندنــکار (دامــا کــوردی) بەنــاوی کــوردانی ئوردەنــەوە بەخێرهاتنــی غەفــوور مەخمــووری و ئامادەبــووانی کــرد و وتی: (بەنــاوی کــوردانی ئوردەنــەوە بەخێرهاتنــی میــوانی بەڕێزمــان کاک غەفــوور مەخمــووری و تــەواوی ئامادەبــووان دەکەیــن، بــۆ ئێمــەی کــوردانی ئــوردەن جێگــەی شــانازییە کــەوا نووســەر ئەمــڕۆ بــاس لــە ڕۆڵــی گرنگــی ســەرۆک و ڕێبــەری کــوردان کاک مەســعوود بــارزانی دەکات، لەهەمــان کاتــدا کتێبێکــی تایبەتیــش لەســەر کەســایەتی ســەرۆک بــارزانی بەدیـاری دەبەخشـێتە ئامادەبـووان)، ئینجـا مەخمـووری وێـڕای بەخێرهاتنکردنـی میوانــان خۆشــحاڵی خــۆی بــۆ ئــەو میواندارییــە و ئامادەبوونــی میوانــان دەربــڕی و سوپاســی ڕۆژنامــەی (الدســتور) و مونتــەدای ڕۆشــنبیری دەســتووری کــرد بــۆ

ڕێکخستنی ئەو دیدارە لەگەڵ ئامادەبووان، سەرەتا پوختەیەکی سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی کوردستان خستەڕوو، دواتر هاتە سەر پێشکەشکردنی بابەتەکەی و باسی لە گرنگی ڕۆڵی سەرۆک مەسعود بارزانی وەک ڕێبەری گەلی کوردستان لە قۆناخی ئێستا و داهاتووی خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان کرد.

غەفوور مەخمووری لە کۆڕەکەدا باسی لە ڕەوشی سیاسی کوردستان کردو، وتی: (پرسی گەلی کوردستان لە پێشڤەچوونێکی بەردەوامدایە و قۆناخی پێشووی دەربازکردووەو بۆتە پرسێکی جیهانی و لە چوارچێوەی سنووری دەستکردی «عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا» دەرچووەو، هەموو جیهان بە بایەخەوە مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکەن، لە هەمان کاتدا کوردستان بۆتە وێستگەیەکی دیبلۆماسی گرنگ لە ناوچەکەدا، ئەمەش مایەی خۆشحاڵی و هەنگاونان بەرەو دواڕۆژێکی گەشە.)، مەخمووری سەبارەت بە پرسی ریفراندۆمیش وتی: (سەرۆک مەسعود بارزانی بە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەوا بۆ پاراستنی کوردستان و بەرگرتن لە پیلانەکان و کۆتایی هێنان بە زوڵم و چەوسانەوەو پەراوێزخستن، بە پشتبەستن بە پرەنسیپی «مافی چارەنووس» و بنەماکانی «مافی مرۆڤ» بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بدەن، بۆئەوەی گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات، ئەمەشیان بڕیارێکی دروست بوو، دەتوانین بڵێین لە مێژووی ژیانی سیاسی سەرۆک مەسعوود بارزانی ئەم بڕیارە یەکێکە لە کارە هەرە باشەکانی کە جێگەی شانازییە ئەویش ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو.)، هەروەها مەخمووری وتی: (ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم سەرکەوتوو بوو، بێ کێشە بە ئەنجام گەیشت و زۆربەی هەرەزۆری گەلی کوردستان بە تەواوی پێکهاتەکانەوە بە جۆش و خرۆشەوە ڕوویان لە سندۆقی دەنگدان کردو، گەل بە ڕێژەی

٩٢.٧٣٪ دەنگیـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتاندا، ئەمـەش گەورەتریـن سـەرکەوتن بـوو بـۆ گـەلی کوردسـتان و پرۆسـەی ریفرانـدۆم.)، مەخمـووری ئـەوەشی وت کـەوا: (لـە پرۆسـەی ریفراندۆمـدا؛ سـەرۆک بـارزانی و گـەلی کوردسـتان زۆر باشـتر دۆسـت و دوژمنەکەکانیـان نـاسی، لێـرەدا دەبـێ ئـەوە بزانیـن کـەوا سـەرۆک مەسـعود بـارزانی لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆو ناوچەیـی و نێودەوڵـەتی خیانـەتی لێکـرا، ئەگـەر خیانـەت لـە سـەرۆک بـارزانی نەکرابـووا ئـەوا ئێسـتا زۆر شـتی گرنـگ لـە ناوچەکـەدا روویدابـوو، ئەگـەر خیانـەتی ١٦ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ نەبـووا ئـەوا گفتوگـۆی سـەرۆک بـارزانی و سـەرکردایەتی کوردسـتان لەگـەڵ هەمـوو لایـەک لـە دیاریکـردنی سـنوور و کات و چۆنیـەتی راگەیانـدنی دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کوردسـتان دەبـوو. ).

غەفـوور مەخمـووری سـەبارەت بـە رۆڵ و ئەرکـی سـەرۆک مەسـعوود بـارزانی وەک رێبـەری گـەلی کوردسـتان لـە ئێسـتاو داهاتـووی کوردسـتان بـۆ ئامادەبـووان دواو وتی: (ئێسـتایش دوای ئـەوەی کـەوا جەنـابی سـەرۆک بـارزانی رازینەبـوو پەرلەمـانی کوردسـتان مـاوەی سـەرۆکایەتی بـۆ درێژبکاتـەوە، لـەم کاتـەدا وەک رێبـەری بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان دەمێنێتـەوەو دەتوانێـت کاری گرنـگ بـۆ گەیانـدنی گـەلی کوردسـتان بـە کەنارێکـی ئـارام ئەنجـام بـدات، لێـرەوە دەمەوێـت بـە هەمـوو لایەکـی رابگەیەنـم کـەوا سـەرۆك مەسـعود بارزانـی وەکـو رێبـەرو و مەرجەعـی بـاڵای گـەلی کوردسـتان لەنـاو کایـەی سیاسـی کوردسـتاندا دەمینێتـەوە، بێگومـان کەسـایەتی کاریزمـی سـەرۆک بارزانـی چـۆن لـە رابـردوو و لـە ئێسـتادا کاریگـەری هەبـووە لەداهاتووشـدا کاریگـەری زیاتـری خـۆی دەبێـت، لـە رۆژانی داهاتووشـدا هەمـوو لایـەک ئـەو راسـتییە دەبینـن.).

غەفـوور مەخمـووری لـە کۆڕەکـەدا داوای لـە رۆشـنبیرانی ئـوردەن و عـەرەب کـرد کـەوا هـاوکارو پشـتیوانی گەلـی کوردسـتان بـن و رێـز لـە قوربانیدانـی




نەتــەوەی کــورد بگــرن و وتــی: (پێویســتە رۆشــنبیرانی عــەرەب خوێندنــەوەی دروســتیان بــۆ پرســی کــورد هەبێــت و بــە ئاگاییــەوە مامەڵــەی لەگەڵــدا بکــەن.)، هەروەهــا بــۆ دووبارەنەبوونــەوەی ئــەو کارەســاتانەی بەســەر کــوردا هاتــوون وتــی: (تەنهــا ســەربەخۆیی و دامەزراندنــی دەوڵەتــی کورســتان زامنــی دووبارەنەبوونــەوەی ئــەو کارەســاتانەن، بۆیــە پێویســتە هەمــوو لایــەك هــاوکارو پشــتیوانی کــورد بــن بــۆ ئــەم مەبەســتە.)، دوای ئــەوەی مەخمــووری بابەتەکــەی پێشکەشــکرد، دەرگای گفتوگــۆ بــۆ ئامادەبــووان کرایــەوەو، ژمارەیەکــی زۆر لــە ئامادەبــووان بەگرنگییــەوە باســیان لــە بابەتەکــە کــرد لەوانــە (بیرمەنــدی عــەرەب د. مونــزر حــەوەرات، بالیــۆز د. فــاروق العــزە، پەرلەمانتــار حەمــادە فراعنــە، رۆژنامەنــووس عــەونی داود جێگــری ســەرنووســەری «الدســتور» و چەنــد کەســایەتییەکی دیکــە) بیــروڕاو ســەرنجی خۆیــان خســتەڕوو.



بیرمەنـدی گـەورەی عـەرەب (د. مونـزر حـەوارات) سـەبارەت بـە بابەتەکـەی مەخمـووری روانینـی خـۆی خسـتەڕوو وتی: (پێـش ئامادەبوونـم لـەم کـۆڕەدا کتێبـی «مسـعود البـارزاني رمـز الپێشـمەرگایەتی والمقاومـة القومیـة»ی مەخموورییـم خوێنـدەوە کـەوا بـاس لـە کەسـایەتی سـەرۆک مەسـعود بـارزانی وەک پێشـمەرگە و سـیمبۆلی بەرخـودانی کـوردان دەکات، مەخمـووری بـە ئینسـافەوە وەک وەفادارییـەک بـۆ ئـەو رێبـەرە مەزنـە زۆر شـتی ورد و گرنگـی خسـتۆتەڕوو، دەسـتخۆشی و پیرۆزبایـی لێدەکـەم.)، د. مونـزر حـەوارات لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتی: (پێـش سـەردانم بـۆ کوردسـتان وام بیردەکـردەوە کـەوا سـەرۆک مەسـعوود بـارزانی وەکـو سـەرۆکەکانی وڵاتـانی رۆژهـەڵات و ئاسـیا بـە حوکمـی دەسـەڵاتەکەی وایکـردووە خەڵـک خـۆشی بوێـت، بـەڵام کـە سـەردانی کوردسـتانم کـرد هەسـتم کـرد زۆربـەی هـەرە زۆری گـەلی کوردسـتان سـەرۆک مەسـعوود بـارزانی بـە رێبـەرو

سـەرۆکی خـۆی دەزانێـت و ئـەو خۆشەویسـتییەی خەڵکـی کوردسـتان بـۆ بـارزانی دەگەڕێتـەوە بـۆ خەبـات و تێکۆشـانی بـارزانی لەپێنـاو گـەلی کوردسـتان، گەیشـتمە ئـەو بـاوەڕەی کـەوا ئەگـەر بـارزانی لـە پێگـەی سـەرۆکایەتی بێـت یـا لـە ماڵـی خـۆی بێـت ئـەوا خەڵکـی کوردسـتان و هەمـوو لایـەک سـەرۆک مەسـعود بـارزانی وەک سـەرۆک و رێبـەری کـوردان دەناسـن و رێـزی لێدەگـرن، بۆیـە مـن لەگـەڵ بەڕێـز مەخمـووری هـاوڕام کـەوا بـارزانی هـەردەم خـاوەن کاریگـەری خۆیـەتی).

بالیـۆز (فـاروق ئەلعـزە) یەکێـک بـوو لەوانـەی کـەوا روانینـی خـۆی لەسـەر کۆڕەکـەی مەخمـووری و کەسـایەتی سـەرۆک بـارزانی خسـتەڕوو، ئەلعـزە وتی: (ئـەم ئێوارەیـە زۆر خۆشـحاڵم کـەوا لـە کۆڕێکـدام بـاس لـە رێبـەری نەتەوەیەکـی مەزلـوم و تێکۆشـەر دەکرێـت، کـە ئەویـش سـەرۆکی کـوردان جەنـابی مەسـعود بارزانی-یـە، سـەرۆک بـارزانی بـە خەبـات و تێکۆشـان و راسـتگۆیی و بوێـری و دڵسـۆزی بـۆ گـەلی کوردسـتان وایکـردووە کـەوا هەمـوو مرۆڤێکـی سـەر ئـەو زەوییـە رێـزی بگرێـت، بنەماڵـەی بـارزانی هەمـوو تەمەنـی خۆیـان لـە پێنـاو پـرسی گەلەیـان بەڕێکـردووە و قوربـانی زۆریـان داوە، بۆیـە دەبـێ بەڕێـزەوە سـەیر بکرێـن، لێـرەوە دەسـتخۆشی لـە بـرام غەفـوور مەخمـووری دەکـەم کـەوا ئـەم ئێـوارە هەموومـانی لـە خزمـەت سـەرۆک بـارزانی و گـەلی کوردسـتاندا کۆکـردەوە.)، هەروەهـا ئـەوەشی وت کـەوا: (پێویسـتە عـەرەب بـە چـاوی رێـزەوە لـە خەبـاتی کـوردان بڕوانـن و ئـەوەی بۆخۆیـانی بـە رەوا دەزانـن بـا هەمـان شـتیش بـۆ کـوردان بـە رەوا بزانـن.).

نووسـەرو لێکۆڵـەرو پەرلەمانتـار (حەمـادە فەراعنـە) یەکێکـی دیکـە بـوو لـە گفتوگـۆکاران، فەراعنـە وێـڕای راگەیانـدنی پشـتیوانی خـۆی بـۆ پـرسی گـەلی کوردسـتان بـاسی لـە رۆڵـی سـەرۆک بـارزانی کـردو وتی: (مـن دەڵێـم سـەرۆک مەسـعود بـارزانی بـاش گوێـم لێبگـرن مـن دەڵێـم «الرئیـس مسـعود البـارزاني»،

بـارزانی بـە مانـای وشـە سـەرۆکە و خـاوەن بڕیـاری خۆیـەتی، لـە کاتی ئەنجامـدانی پرۆسـەی ریفرانـدۆم زۆر لـە دۆسـتان و وڵاتـان داوایـان لێکـرد ریفرانـدۆم ئەنجـام نـەدات بـەڵام فەخامـەتی سـەرۆک بـارزانی خـاوەن بڕیـاری خـۆی بـوو، ئـەو بڕیـارەی کـە دابـووی جێبەجێیکـرد و، ئامـادەی هەمـوو جـۆرە قوربانییەکیـش بـوو لـە رێیـەدا، بۆیـە دەڵێـم ئـەوەی برامـان مەخمـووری سـەبارەت بـە سـەرۆک بـارزانی بـاسی کـرد راسـتییەکن و پێویسـتیان بـە بەڵگـە نیـە)، حەمـادە فەراعنـە لـە درێـژەی قسـەکانیدا پشـتیوانی خـۆی بـۆ پـرسی گـەلی کوردسـتان راگەیانـد و وتی: (مـن وەک ئوردەنییـەک و وەکـو عەرەبێـک لـە زووەوە ئاشـناییم لەگـەڵ پـرسی کـورد هـەو بـاوەڕی تـەواوم بـە مـافی چـارەی خۆنووسـین بـۆ گـەلی کوردسـتان هەیـە، کـورد وەکـو گەلێکـی رەسـەنی ناوچەکـە رووبـەڕووی زۆر زوڵـم بۆتـەوە، پێویسـتە رێزیـان لێبگیرێـت و پشـتیوانی بکرێـن).

رۆژنامەنـووس (عـەونی داود) جێگـری سەرنووسـەری رۆژنامـەی (الدسـتور)، سـەبارەت بـە میوانداریکـردن و کۆڕەکـەی مەخمـووری بـۆ ئامادەبـووان قسـەیکرد و وتی: (ئێمـە وەکـو خێـزانی رۆژنامـەی «الدسـتور» جارێکـی دیکـە بـە گەرمـی بەخێرهاتنـی برامـان غەفـوور مەخمـووری و هەمـوو لایەکتـان دەکەینـەوە و، سـەربڵندین کـەوا ئەمـڕۆ توانیـمان کارێکـی بـاش ئەنجامبدەیـن و، بانگهێشـت و میوانـداری مەخمـووری بکەیـن بـۆ ئـەوەی ببێتـە دەرفەتێـک بـۆ دیالۆگێکـی کـراوە سـەبارەت پـرسی گـەلی کوردسـتان و رۆڵـی سـەرۆک مەسـعود بـارزانی وەکـو رێبـەری گـەلی کوردسـتان، بێگومـان ئێمـە لـە منداڵییـەوە گوێـمان لـە نـاوی تێکۆشـەری مـەزنی کـوردان مـەلا مستەفای بـارزانی بـووە، سـەرۆک مەسـعود بـارزانی ئەویـش کـوڕی ئـەو تێکۆشـەرە مەزنەیـە، سـەرۆک مەسـعود بـارزانی بـە مانـدوو بـوون و خەبـات و تێکۆشـانی خـۆی وەک پێشـمەرگەیەک لـە دژی زوڵـم و چەوسـانەوە خەبـاتی کـردووە، خەبـاتی ئـەو لـە پێنـاو مرۆڤایـەتی بـووە، بـۆ ئازادکـردنی مـرۆڤ

بـووه لـه زوڵـم و چەوسـاندنەوه، بۆیـه سـەرۆک مەسـعود بـارزانی کەسـایەتییەکی مەزنــەو دەتوانیــن بڵێیــن تێکۆشــەرو رێبەرێکــی مرۆڤایەتییــە، پێویســتە هەمــوو لایەکــمان بەڕێــزەوە لــە خەبــات و خواســتی ئــەو رێبــەرە مەزنــە بڕوانیــن.)، هەروەهــا عــەونی داود لــە درێــژەی قســەکانیدا وتی: (کــورد گەلێکــی بــە وەفــان، ئـەم ئێـوارە کـۆڕە و ئـەم کتێبـەی کـەوا ئەمـڕۆ مەخمـووری بـە دیـاری پێشـکەشی ئێـوەی دەکات، وەفادارییەکـە لـە مەخمووریيـەوە بـۆ هاوخەبـاتی خـۆی و رێبـەری گەلەکــەی ســەرۆک مەســعود بــارزانی، مــن دەســتخۆشی لــە مەخمــووری دەکــەم بــۆ ئــەو وەفادارییــە.).

رۆژنامەنــووس (رەنــا حــەداد) بەرپــرسی کاروبــاری رۆشــنبیری رۆژنامــەی (الدســتور)، کــەوا کۆڕەکــەی مەخمــووری بەڕێــوە دەبــرد، روانینــی خــۆی بــەم شــێوەیە خســتەڕوو وتی: (رێــم پێبــدەن منیــش چەنــد قســەیەک ســەبارەت بابەتەکـەی مەخمـووری بکـەم، مـن هـاوڕام لەگـەڵ مەخمـووری کـەوا سـەرۆک مەسـعود بـارزانی لـە داهاتـوودا کاریگـەری زیاتـری دەبێـت، لەبەرئـەوەی ئـەوەی سـەرۆک بـارزانی رێبـەر و گـەورەی کوردانـە و بـە رێبـەری کوردانیـش دەمێنێتـەوە، منیــش وەک مەخمــووری دەڵێــم رۆڵــی بــارزانی بەردەوامــە وهەمیشــە کاریگــەری خــۆی دەبێــت، هیــوای تەمــەن درێــژی بــۆ ســەرۆک بــارزانی دەخــوازم و، پێتــان دەڵێـم هیـواو ئاواتـەکانی بـارزانی دێنـەدی.).

راگەیانــدکار (دامــا کــوردی) کــەوا کوردێکــی ئوردەنــەو یەکێکــە لــە راگەیاندنــکارە بەناوبانگــەکانی بــواری راگەیانــدنی عــەرەبی، وێــڕای ئــەوەی بەنــاوی کــوردانی ئوردەنــەوە بەخێرهاتنــی مەخمــووری و ئامادەبــوانی کــرد، وەک بەشـدارێکیش روانینـی خـۆی سـەبارەت بـە کۆڕەکـەو کەسـایەتی سـەرۆک بـارزانی خســتەڕوو و وتی:(ئێمــە کــوردانی ئــوردن لــە رووی هاوڵاتیبوونــەوە ئینتیمامــان بــۆ ئــوردەن هەیــە، لــەڕوی نەتەوەییشــەوە ئینتیمامــان بــۆ کوردبوونمــان هەیــە، ئێمــەی

کـوردانی ئـوردەن هەمـوو کات وەک ڕێبـەر و سـەرۆک سـەیری سـەرۆک مسـعود بـارزانی دەکەیـن و خۆشـمان دەوێـت، سـەرۆک بـارزانی جێگـەی شـانازی ئێمـەی کـوردانی ئوردەنـە و هیـوای سـەرکەوتن و تەندروسـتییەکی بـاش و تەمـەن درێـژی بـۆ دەخوازیـن، سـەرۆک بـارزانی لـە شـاخ بێـت یـا لـە شـار بێـت ئـەو سـەرۆک و ناسـنامەی کوردانـە.)، دامـا کـوردی لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتی: (ئەمـڕۆ بـۆ مـن ڕۆژێکـی زۆر خۆشـە و زیاتـر هەسـت بـە بـوونی خـۆم وەکـو کوردێـک دەکـەم، زۆر سـوپاسی کاک غەفـوور مەخمـووری دەکـەم کـە ئـەوە چەنـد جارێکـە لـە عەمـان سـەبارەت بـە کوردسـتان و سـەرۆک بـارزانی قسـەمان بـۆ دەکات، پێشـووتر لـە ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ئیسـتاش لـە ٢٠١٩، هیـوادارم ئـەو تێکەڵیانـە بەردەوامـبن.).

شـایانی باسـە دوای تەواوبوونـی کۆڕەکـە ڕێوڕەسـمێك بـۆ ئیمزاکردنـی کتێبـی (مسـعود البـارزاني رمـز الپێشـمەرگایەتی والمقاومـة القومیـة) لـە نووسـینی غەفـوور مەخمـووری سـازکرا، ئەمـەو مەخمـووری کتێبەکـەی بـە دیـاری پێشـکەش بـە ئامادەبـووان کـردو بـۆی ئیمزاکـردن، ئەمـەو کۆڕەکـە کـە زیاتـر لـە دوو کاتژمێـری خایانـد بـووە جێـی خۆشـحاڵی ئامادەبـووان.



غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی گشتیی پارتی پارێزگارانی کریستیانی نەرویج:

# تاکە چارەسەری پرسی گەلی کوردستان سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتە

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK لە رۆژانی ١ و ٢٠١٩/٦/٢ ئامادەی کۆنگرەی گشتیی پارتی پارێزگارانی کریستیانی نەرویج (Partiet De Kristne) بوو، کە لە شاری (ئۆسلۆ)ی پایتەختی نەرویج بەسترا، غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەدا وتارێکی پێشکەشکرد و، رایگەیاند کەوا تاکە چارەسەری پرسی گەلی کوردستان سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، هەروەها داوای کرد پشتیووان و هاوکاری گەلی کوردستان بن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێز ئیریک سەلە سەرۆکی پارتی کریستیانی نەرویج
بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی پارتی کریستیانی نەرویج
ئامادەبووانی بەڕێز ...

رۆژتان باش و سڵاوتان لێبێت ...

بەڕێزان، بەناوی خۆمان و مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی هەڤاڵانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی گشتیی پارتەکەتان (پارتی پارێزگارانی کریستیانی نەرویج) جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی ئازیزو خۆشەویست دەکەین و، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین و ئومێد دەکەین ئەم کۆنگرەیەتان ببێتە فاکتەری پێشڤەچوون و خاڵی وەرچەرخان و سەرکەوتنی زیاتر لەپێناو خزمەتکردنی پرسە مرۆڤایەتی و دیموکراتییەکان.

بەڕێزان، کۆنگرەکەتان لەکاتێکدا دەبەسترێت کە رۆژهەڵاتی ناڤین

بەشێوەیەکی گشتیی لە رەوشێکی زۆر ناسك و هەستیاردایە و چاوەڕوانی هاتنە پێشی زۆر ئەگەرو پێشهات دەکرێت، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئێمەی نەتەوە بندەستەکان و پێویستیمان بە هاوکاری پشتیوانی ئێوە دەبێت، ئێمەی گەلی کوردستان کەوا نیشتمانەکەمان دابەش و داگیرکراوە و زوڵمێکی مێژوویی‌مان لێکراوە، چەندین ساڵە لە خەبات و بەرخودان داین لە دژی داگیرکەران و، لەم پێناوەشدا قوربانی زۆرمان داوە.

خوشکان ... برایان ...

ئێمەی گەلی کوردستان رۆژانە لەلایەن داگیرکەران (عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا) رووبەڕووی زوڵم و چەوساندنەوە دەبینەوە، ئەوەتا حکومەتی عێراق تا ئێستاش سیاسەتی بەعەرەبکردن و پەراوێزخستن و برسیکردن لەدژی باشووری کوردستان جێبەجێ دەکات، هەروەها ئێران رۆژانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەنجەکانمان لە سێدارە دەدات، تورکیا سیاسەتی قڕکردنی خەڵک و وێرانکردنی گوندو شارەکانمان لە باکووری کوردستان پیادە دەکات، سوریاش بەم حاڵە خراپەی ئێستاشییەوە ئامادە نیە دان بە بوونی گەلی کوردستان بنێت، لە رۆژئاوای کوردستان و لەلایەن سوریاوە هەموو شتێک لە کورد قەدەخە کراوە، سەرەڕای زوڵمی ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرە، تیرۆریستانی داعش ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە شەڕێکی نەخوازراویان سەپاندە سەر گەلی کوردستان، بەڵام سوپاس بۆ خوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی کوردستان بپارێزێت و تیرۆریستان تێکبشکێنێت، بەڵێ؛ ئەوە رەوشی کوردستان و دڕندەیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانە، سەرەڕای هەموو ئەو ناخۆشی و هێرشانە خەبات و بەرخودانی گەلی کوردستان لە هەر چوار بەشی کوردستان بەردەوامە و لە پێشڤەچووندایە.

ئامادەبووانی بەڕێز ...

دوای ئـەوەی حکومـەتی عێـراق دەسـتووری عێراقـی پێشـێل کـردو بـەردەوام بـوو لـە دژایەتیکـردنی گـەلی کوردسـتان، سـەرکردایەتی سـیاسی کوردسـتان بڕیـاری ئەنجامـدانی ریفراندۆمـی دا بۆئـەوەی گـەلی کوردسـتان بڕیـاری خـۆی بـدات، ئەوەبـوو ریفراندۆمـمان ئەنجامـداو، رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ گـەلی کوردسـتان بـە تـەواوی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییـەکان روویـان لـە سـندوقەکانی دەنگـدان کـردو بـە رێـژەی ٩٢,٧٣٪ خەڵکـی کوردسـتان بـە (بەڵـێ) دەنگیـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان دا.

ئەنجامـدانی ریفرانـدۆم لەلایـەن گـەلی کوردسـتان وەکـو پرۆسـەیەکی دیموکراسـییانە بەپێـی پرەنسـیپەکانی (مـافی مـرۆڤ و مـافی چـارەی خۆنووسـین و بنەمـا دیموکراتییـەکان) ئەنجامـدرا، واتـە گـەلی کوردسـتان پرۆسـەیەکی دیموکراسـییانەی ئەنجامـداوەو تاوانێکـی نەکـردووە تاکـو سـزا بدرێـت و پشـتی تێبکرێـت، نابـووا کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتی رێـی بـە عێـراق و وڵاتـانی ناوچەکـە بدابـووا کـەوا گەلەکۆمەکـی لـە گـەلی کوردسـتان بکـەن و سـزای بـە کۆمەڵـی بەسـەردا بسـەپێنن و کۆمەڵـگای نێودەوڵەتیـش سـەیرکەربێت و بێهەڵوێسـت بمێنێتـەوە.

بێدەنگـی کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتی و نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ئەنجوومـەنی ئاسـایش و وڵاتـانی زلهێـز لـە ئاسـت تـاوان و دەسـتدرێژییەکانی حەشـدی شـیعی و سـوپای عێـراق بەرامبـەر بـە گـەلی کوردسـتان لـە ٢٠١٧/١٠/١٦ و داگیرکردنـەوەی کەرکـوک و مەخمـوور و خانەقیـن و شـوێنەکانی دیکـە و ئـەم هێـرش و دەسـتدرێژییانەی عێـراق بـۆ سـەر گـەلی کوردسـتان، باوەڕبـوونی کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتی و وڵاتـانی ئەنـدام لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و خـودی رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان UN ی بـە پرەنسـیپەکانی (مـافی مـرۆڤ و مـافی



چـارەی خۆنووسـین و بنەمـا دیموکراتییـەکان) خسـتە ژێـر پرسـیارەوە، بێدەنگـی ئـەو لایەنانـە بەرامبـەر بـەو زوڵمـەی لـە گـەلی کوردسـتان کـرا و دەکرێـت ئەوەمـان پێدەڵێـن کـەوا پرەنسـیپەکانی (مـافی مـرۆڤ و مـافی چـارەی خۆنووسـین و بنەمـا دیموکراتییـەکان) لەلایـەن ئـەو وڵات و لایەنانـەی بانگەشـەی بـۆ دەکـەن بنەمایەکـی پوچیـان هەیـە و تەنهـا دروشـمن و هیچـی دیکـە!!

ئـەو بێهەڵوێسـتییەی کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتی جارێکـی دیکـە ئـەو راسـتییەی سـەلماندەوە کـەوا ئێمـەی گـەلی کوردسـتان بێدۆسـتین و تەنهـا چیـاکان دۆسـتمانن، ئـەم واقیعـە تاڵـە لەسـەر سـەرکردایەتی سـیاسی کوردسـتان و هەمـوو لایەکـمان فـەرز دەکات کـەوا وردبینانەتـر لەجـاران بیربکەینـەوەو بـە مامەڵـەو سیاسـەتی خۆمـان بەرامبـەر بـە هەمـوو لایـەک دابچینـەوەو، کارنامەیەکـی نوێـتر بـۆ کارو خەبـاتی داهاتوومـان دابڕێژیـن و مامەڵەیەکـی تەندروسـت لەگـەڵ ئـەم واقیعـە



بکەیــن و بــۆ کاری داهاتوومــان ســوودی لێوەربگریــن.

ئێمــەی گــەلی کوردســتان لەکاتێکــدا کــەوا خراپــە و زوڵمــی هەنــدێ وڵات و ناوەنــد ڕەخنــە دەکەیــن لەهەمــان کاتــدا هیــچ کاتێــک چاکــەی دۆســتانمان لەبیــر ناکەیــن، بۆیــە لێــرەوە ســوپاسی هەمــوو ئــەو وڵات و ناوەنــد و کەســایەتییانە دەکەیــن کــەوا لــە کاتی ڕیفرانــدۆم پشــتیوان و هاوســۆزمان بــوون، بــە ناحەزانمــان دەڵێیــن خەبــاتی ئێمــە بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان بــەردەوام دەبێــت و، دۆستانیشــمان دڵنیــا دەکەینــەوە کــەوا بــەرەو داهاتوویەکــی گــەش هەنگاودەنێیــن و لــە کاتێکــی نێزیکــدا ئاهەنگــی ســەرکەوتن دەگێڕیــن.

میوانی ئازیز ...

ئێمــە وەکــو یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکــراتی کوردســتان YNDK بــاوەڕی تەواومــان بــە پێکەوەژیــان و ڕێزگرتنــی نێــوان گــەلان و پێکهاتــە نەتەوەیــی و



ئایینییەکان هەیە، داوا لە هەموو لایەک دەکەین کەوا دووربکەوینەوە لە رق و دووبەرەکی و کاربکەین بۆ چاندنی تۆوی خۆشەویستی و برایەتی لە نێوان گەلاندا، بێگومان تەنها بە بڵاوکردنەوەی کلتوری خۆشەویستی و برایەتی گەلان دەتوانین وابکەین ئاشتی و ئارامی باڵ بەسەر جیهاندا بکێشێت.

لێرەوە؛ دەمانەوێت راشکاوانە ئەوە بە هەموو لایەک رابگەیەنین کەوا چارەسەری پرسی رەوای گەلی کوردستان فاکتەری سەرەکییە بۆ هێنانەدی ئاشتی و ئارامی لە رۆژهەڵاتی ناڤین و تەواوی جیهاندا، بێگومان چارەسەری بنەڕەتی و ریشەیی پرسی گەلی کوردستان لە سەربەخۆیی کوردستاندا دەبینینەوە، بۆیە لێرەوە داوا لە هەموو لایەکتان دەکەین کەوا لەم پێناوەدا هاوکار و پشتیوانمان بن.

لەکۆتاییدا، سڵاو لە کار و تێکۆشانی پارتی کریستیانی نەریج دەکەین و بە

چـاوی ڕێـزەوە سـەیری هەڵوێسـتەکانتان بەرامبـەر پـرسی ڕەوای گـەلی کوردسـتان دەکەیـن و، دووبـارە هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەتـان دەخوازیـن و، جەختدەکەینـەوە سـەر پتەوکـردن و پێشـڤەبردنی پەیوەنـدی دۆسـتانەی نێوانمـان.

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی دووبارەماندا .

هەر بژین و سەرکەوتووبن.

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

ئۆسلۆ _ نەرویج ٢٠١٩/٦/٢




غەفوور مەخمووری لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان:

# پێویستیمان بە بەخۆداچوونەوە هەیە و پێویستە ڕەخنە لە شێوازی کاری ڕابردوومان بگرین

***پێشــنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٤ لــە شــاری هەولێــر، غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتیی YNDK لەلایــەن یەکێتیــی پەرلەمانتــارانی کوردســتان میوانــداری کــراو، بابەتێکــی ســەبارەت بــە خســتنەڕووی کتێبەکــەی (هــزر و رامــان) پێشکەشــکرد.***

پێشــنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشــەممە لــە شــاری هەولێــر، غەفــوور مەخمــووری ئەندامــی یەکێتــی پەرلەمانتــارانی کوردســتان و ســکرتێری گشــتیی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســـتان YNDK لەلایـــەن یەکێتـــی پەرلەمانتـــارانی کوردســـتان میوانــداری کــراو، بــە ئامادەبوونــی بەڕێــزان ســەرۆک و جێگــری ســەرۆکی یەکێتــی پەرلەمانتــارانی کوردســتان و ژمارەیەکــی زۆری کەســایەتی ســیاسی و ئەکادیمــی و نووســەرو رۆشــنبیرو رۆژنامەڤــان رێورەســمێکی بــۆ واژۆکــردن و خســتنەڕووی کتێبــی (هــزر و رامــان) رێکخســت، ســەرەتا مەخمــووری کورتەیەکــی ســەبارەت بــە ناوەڕۆکــی کتێبەکــەی بــۆ ئامادەبــووان پێشکەشــکرد، لەســەرەتای رێورەســمەکەدا بەڕێــز پەرلەمانتــار دلێــر محەممــەد شــەریف بەنــاوی یەکێتــی پەرلەمانتــارانی کوردســتان بەخێرهاتنــی ئامادەبووانــی کــردو، باســی لــە گرنگــی بابەتــی کۆڕەکــەی مەخمــووری کــرد، ئنجــا مەخمــووری وێــڕای بەخێرهاتنکردنــی میوانــان خۆشــحاڵی خــۆی بــۆ ئــەو میوانــداری و ئامادەبوونــی میوانــان دەربــڕی و سوپاســی یەکێتــی پەرلەمانتــارانی کوردســتانی کــرد بــۆ رێکخســتنی ئــەو دیــدارە لەگــەڵ ئامادەبــووان، دواتــر هاتــە ســەر ناســاندن و خســتنەڕووی کتێبەکــەی و باســی لــە ناوەڕۆکــی کتێبەکــەی کــرد و، وتی: (ئــەم کتێبــەی بەردەســتتان «هــزر و رامــان»؛ کۆمەڵــێ وتــاری ســیاسی و هزرییــە، رامــان و خوێندنەوەیەکــی واقیعبینانەیــە بــۆ ئــەو رووداو و بویەرانــەی کــە لــە چەنــد ســاڵی رابــردوودا لــە کوردســتاندا روویانــداوە، لەهەمــان کاتــدا هەوڵێکــە بــۆ هێنانــەدی یەکڕیــزی و یەکدەنگــی کــوردان لەســەر



ئاستی نەتەوەیی، بۆئەوەی بتوانین لە بەرامبەر رووداو پێشهات و ئەگەرەکاندا خوێندنەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی دروستمان هەبێت و وەک کورد و وەک کوردستانییەک بۆ پرسەکان بڕوانین)، هەروەها ئەوەشی وت: (کە ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە بۆت رووندەبێتەوە کەوا زۆربەی پێشبینییەکانمان بۆ رووداوەکان راست دەرچوون، ئەو چارەسەرییانەی کە بۆ کێشە و گرفتە سیاسییەکان خستوومانەتەڕوو چارەسەری گونجاوی کێشەو گرفتەکان بوون، بەڵام لایەنی بڕیار بەدەستی کوردستان لەبەر ململانێی سیاسی وەک پێویست کاری لەسەر نەکردوون، ئەمەش وایکردووە کێشەکان زیاتر قوڵببنەوە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەمەودوا رامان و بۆچوونی کەسانی دڵسۆز و شارەزا بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکان بەهەند وەربگرێت و کاریان لەسەر بکات.).

غەفــوور مەخمــووری لــە کۆڕەکــەدا زیاتــر لــە ســەر گرنگــی و ئامانجــی چاپکــردن و بڵاوکردنــەوەی کتێبەکــەی دوا و، وتــی: (ئێمــە لەســەر هەمــوو ئاســتەکاندا پێویســتیمان بــە بەخۆداچوونەوەیــە بــۆ چۆنییــەتی مامەڵەکــردن لەگــەڵ یەکــتر و لەگــەڵ بوویــەر و رووداوەکانــدا، پێویســتە رەخنــە لــە شــێوازی کاری رابردوومــان بگریــن و، رەخنــە وەک میکانیزمــی پێشــکەوتنی پرۆســەی ســیاسی و کۆمەڵایــەتی ســەیر بکەیــن، کــە راشــکاوانە رەخنەمــان گــرت کێشــە و ناتەواوییــەکان دەبینیــن، کــە کێشــە و ناتەواوییەکانمــان بینــی بــەدوای چارەســەردا دەگەڕێیــن، بەمــەش دەتوانیــن پەیوەندییەکــی تەندروســت و کۆمەڵگایەکــی تەندروســت بینــا بکەیــن، ئــەم کتێبەمــان هەوڵێکــە بــەم ئاراســتەیە و لــە دیدگایەکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی شرۆڤــەی پرســەکانمان کــردووە، ئومێــد دەکەیــن هەنگاوێــک بێــت بــۆ راســتە رێــی یەکڕیــزی و یەکدەنگــی گــەلی کوردســتان و زیاتــر قوڵکردنــەوەی گیــانی برایــەتی و بەیەکــەوە ژیــان و یەکــتر قبوڵکــردن و گــوێ لەیەکترگرتــن). دوای ئــەوەی مەخمــووری بــاسی لــە کتێبەکــەی خــۆی کــرد، دەرگای گفتوگــۆ بــۆ ئامادەبــووان کرایــەوەو، ژمارەیەکــی زۆر لــە ئامادەبــووان بەگرنگییــەوە باســیان لــە کتێبەکــە کــرد و بیــروڕاو ســەرنجی خۆیــان خســتەڕوو.

شــایانی باســە دوای تەواوبوونــی کفتوگــۆکان رێوڕەســمێك بــۆ ئیمزاکردنــی کتێبــی (هــزر و رامــان) لــە نووســینی غەفــوور مەخمــووری ســازکرا، مەخمــووری کتێبەکــەی پێشــکەش بــە ئامادەبــووان کــردو بــۆی ئیمزاکــردن.



غەفوور مەخمووری

لە دەزگای رۆشنبیری عەبدولحەمید شومان لە ئوردەن:

# کورد رەسەنترین نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن

ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٧ لـە عەمانـی پایتەختـی ئـوردەن، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK لەلایـەن دەزگای ڕۆشـنبیری عەبدولحەمیـد شـومان ئـوردەنی میوانـداری کـرا و، بابەتێکـی سـەبارەت بـە ڕۆڵـی کلتـور و فۆلکلـۆری کوردسـتان لـە بیناکـردنی شارسـتانیەتی ناوچەکـە پێشکەشـکرد.

ئێـوارەی ڕۆژی چوارشـەممە؛ لـە عەمانـی پایتەختـی ئـوردەن، غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەلایـەن دەزگای ڕۆشـنبیری عەبدولحەمیـد شـومان ئـوردەنی میوانـداری کـراو، بـە ئامادەبوونـی ژمارەیەکـی زۆر لـە کەسـایەتی سـیاسی و ئەکادیمـی و نووسـەرو ڕۆشـنبیرو ڕۆژنامەڤـان کۆڕێکـی سیاسـی لەژێـر نـاوی (ڕۆڵـی کلتـور و فۆلکلـۆری کوردسـتان لـە بیناکـردنی شارسـتانییەتی ناوچەکـە) بـۆ ڕێکخـرا، لەسـەرەتادا ڕاگەیاندنـکاری نـاسراوی ئـوردەنی (دامـا کـوردی) بەخێرهاتنـی ئامادەبووانـی کـردو، باسـی لـە گرنگـی بابەتـی کۆڕەکـەی مەخمـووری کـرد، ئنجـا مەخمـووری وێـڕای بەخێرهاتنکردنـی میوانـان خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ ئـەو میوانداریيـە و ئامادەبوونـی میوانـان دەربـڕی و سوپاسـی دەزگای ڕۆشـنبیری عەبدولحەمیـد شـومانی کـرد بـۆ ڕێکخسـتنی ئـەو دیـدارە لەگـەڵ ئامادەبـووان، سـەرەتا پوختەیەکـی سـەبارەت بـە ڕەوشی ڕۆشـنبیری کوردسـتان پیشکەشـکرد و، ئەنجـا هاتـە سـەر بابەتەکـەی.

غەفـوور مەخمـووری بـاسی لـە ڕەسـەنایەتی کلتـور و فۆلکلـۆری کوردسـتان و ڕۆلیـان لـە بیناکـردنی شارسـتانییەتی میسـۆپۆتامیا کـردو، وتـی: (ڕەسـەنایەتی هـەر نەتەوەیـەك لەدەوڵەمەنـدی کلتـورو فۆلکلۆرەکەیدایـە، دەوڵەمەنـدی کلتـور و فۆلکلـۆری کـورد ڕەسـەنایەتی نەتـەوەی کـورد لەڕۆژهەڵاتـی ناڤینـدا دەخاتـەڕوو، ئەگـەر سـەیری تێکسـتە فۆلکلۆرییـە کوردییـەکان بکەیـن ڕۆڵـی نەتـەوەی کوردمـان لەبیناکردنـی شارسـتانییەتی دەڤەرەکـە بـۆ وەدەردەکەوێـت، بەتایبـەت لـە چیـرۆك و داسـتان و بەیـت و لاوکـە مێژووییەکانـدا، هەروەهـا

هونـەری بیناسـازی و دەفرسـازی و گەلێـك پاشـماوەی کۆنـی دیکـە لەمیزۆپۆتامیـا ڕەسـەنایەتی کـورد لەدەڤەرەکـەدا دەسـەلمێنن و سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتییەن کـە کـورد ڕەسـەنترین نەتـەوەی ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـە و هـەر کوردیـش بنیاتنـەری بەشـێکی زۆری شارسـتانیەتی ناوچەکەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەدرێژایـی مێـژوو زوڵـم لـە کـوردان کـراوەو هەوڵـی لەناوبردنیـان بەخـاك و خەڵکـەوە دراوە، ئـەو ڕابـردووەش لەتێکسـتە فۆلکلۆرییەکانـدا بەباشـی ڕەنگـی داوەتـەوە.)، هەروەهـا مەخمـووری بـاسی لـە تایبەتمەنـدی کلتـور و فۆلکلـۆری کوردسـتان کـرد و، وتی: (کلتـور و فۆلکلـۆری کـورد خـودان تایبەتمەنـدی خۆیانـن و بوونەتـە تۆمـاری خۆشـی و ناخۆشـییەکانی کـورد، چیـرۆك و داسـتان و ئەفسـانە و سـتران و لاوك و حەیـران و بەیـت و مۆسـیقا و سـەمای کـوردی خـودان تایبەتمەنـدی و ڕەسـانەیەتی خۆیانـن، ئـەوەی لای کـورد هەیـە لای نەتەوەکانـی دیکـە نییـە، ئەمـەش وایکـردووە کلتـور و فۆلکلـۆری کـورد لـە فۆلکلـۆری نەتەوەکانـی دیکـەی دەڤەرەکـە جیـا بێـت.).

دواتـر لـە بەشـێکی دیکـەی بابەتەکەیـدا مەخمـووری بـاسی لـە بـواری هونـەر و ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی کـرد و، لـەم ڕووەوەش تیشـکی خسـتە سـەر حەیـران و لاوک وەک دوو بابـەتی تایبـەت بـە هەونـەرو ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی و، وتی: (لاوك و حەیـران کـە دوو جـۆرە مەقامـی تایبـەت بەنەتـەوەی کـوردن، نەتەوەکانـی دیکـەی دەڤەرەکـە ئـەو جـۆرە مەقامەیـان بـەم شـێوەیە نییـە و، ڕەنگـە شـتی دیکەیـان هەبێـت، دەتوانیـن بـەم شـێوەیە لـە لاوك و حەیـران بڕوانیـن:

١- حەیران: تۆماری ئەڤین و دڵداری و سروشت و جوانی کوردستانە.

٢- لاوك: تۆمـاری مێژوویـی و داسـتانی ئەڤیـن و پاڵەوانێتـی و سـوارچاکی و بەرخودانـی نەتەوەیـی کـوردە بەپێـی قۆناخـە مێژوویيـەکان.

مـرۆڤ ئەگـەر بەسـەرنجەوە لـە تێکسـتەکانی لاوك و حەیـران وردبێتـەوە زۆر شـتی بـۆ ڕووندەبێتـەوە، لـە حەیرانـدا ڕاسـتگۆیی و میهـرو وەفـای کـوردان لـە

ئەڤینــداری و، جوانــی و رازاوەیــی سروشــتی کوردســتان بەرجەســتە دەکاتــن خــۆ ئەگــەر بەناخــی تێکســتەکانی لاوکیشــدا شــۆڕببینەوە ئــەوا هەســت بــەوە دەکەیــن کــەوا کــوردان چــۆن داســتانی ئەڤیــن و بەرخــودان و پاڵەوانێتــی خۆیــان لــە تێکســتی لاوکەکانــدا تۆمارکــردووە، ئەمــەش وایکــردووە کــەوا لاوك ببێتــە تۆمارێکــی دیرۆکــی بــۆ کــورد و وەکــو ســەرچاوەیەکی زارەکــی و ســەرەتایی بــۆ نووســینەوەی دیرۆکــی کــوردان ســەیر بکرێــت و کاری لەســەر بکرێــت.).

غەفــوور مەخمــووری لــە کۆتایــی بابەتەکەیــدا وتی: (لێــرەوە روو لــە تــەواوی رۆشــنبیرانی ئــوردەن و عــەرەب دەکــەم و دەڵێــم ئــەوەی ئێســتا بیســتتان چەنــد ســەردێرێکی کــورت بــوو لــە رۆڵــی کــورد لــە بیناکــردنی شارســتانییەتی ناوچەکــە، ئێمــە لــە ئەزەلــەوە لەســەر خاکــی خۆمــان و لــە ناوچەکــە دەژیــن، بــەردەوام هەوڵمانــداوە کوردســتان ببێتــە ســەنتەری بەیەکــەوە ژیــانی نەتــەوەو ئایینــەکان، ئێســتاش کوردســتان باخچەیەکــی رەنــگا و رەنگــی بەیەکەوەژیــانی نەتــەوەو ئایینەکانــە، پێویســتە ئێــوەی رۆشــنبیرانی عــەرەب خوێندنــەوەی دروســتتان بــۆ پرســی کــورد هەبێــت و بــە ئاگاییــەوە مامەڵــەی لەگەڵــدا بکــەن.)، دوای ئــەوەی مەخمــووری بابەتەکــەی پێشکەشــکرد، دەرگای گفتوگــۆ بــۆ ئامادەبــووان کرایــەوەو، ژمارەیەکــی زۆر لــە ئامادەبــووان بەگرنگییــەوە باســیان لــە بابەتەکــە کــرد و بیــروڕاو ســەرنجی خۆیــان خســتەڕوو.

شــایانی باســە دوای تەواوبوونــی کۆڕەکــە رێوڕەســمێك بــۆ ئیمزاکردنــی کتێبــی (الحـيران ... مفهومـاً ومضمونـاً وظهـوراً) لــە نووســینی غەفــوور مەخمــووری ســازکرا، مەخمــووری کتێبەکــەی پێشــکەش بــە ئامادەبــووان کــردو بــۆی ئیمزاکــردن، ئەمــەو کۆڕەکــە کــە نزیکــەی دوو کاتژمێــری خایانــد بــووە جێــی خۆشــحاڵی ئامادەبــووان.



### غەفوور مەخمووری بۆ نۆزدەمین جڤاتی گشتیی KNK:

# ڕەوشی کوردستان لەهەموو لایەکمان دەخوازێ هاوکارو پشتیوانی یەکدی بین

***هەڤاڵ فەخرەددین زیارەتی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی YNDK بە نوێنەرایەتی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتیی کوردستان YNDK، لە رۆژانی ١٨ و ١٩ و ٢٠١٩/١٠/٢٠ ئامادەی ئامادەی نۆزدەمین جڤاتی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK بوو، کە لە شاری (ئەیدنهۆڤن)ی لە هۆڵەندا بەڕێوەچوو، لە رۆژی یەکەمی کۆنگرەدا وتاری هەڤاڵ غەفوور مەخمووری پێشکەشکرد. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

- بەرێزان هاوسەرۆکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK
- بەڕێزان ئەندامانی نۆزدەهەم جڤاتی گشتیی KNK
- بەڕێزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان
- خوشکان ....برایان ... میوانانی خۆشەویست

سڵاوی سەرخۆبوون و ئازادیتان لێبێت....

بەناوی سکرتێری گشتی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و تەواوی هەڤاڵانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، بەبۆنەی بەستنی نۆزدەهەم جڤاتی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و، وتاری سکرتێری گشتیی YNDK تان پێشکەش دەکەین.

بێگومان بەستنی جڤاتی گشتیی نۆزدەهەمی KNK لەم کاتەدا رووداوێکی گرنگ و مێژووییە و لەکاتێکی زۆر هەستیاردا دەبەسترێ کە کوردستان و ناوچەکە لەبەردەم قەیران و گرفت و گۆڕانکاری گەورەدایە، تاوەکو

بتوانیــن بەشــێوەیەکی ســەردەمیانە دیالــۆگ و لەیەکگەیشــتن و قســە و بــاس لەســەر هەمــوو ئــەو پرســانە بکەیــن کەپەیوەنــدی بەچارەنووســی گەلــی کوردســتان و خاکەکەیــەوە هەیــە، دەبــێ راشــکاوانە گفتوگــۆ بکەیــن و کێماســییەکان دەستنیشــان بکەیــن و چارەســەری گونجاویــان بــۆ بدۆزینــەوە.

خوشکان ... برایان ...

ئەمــڕۆ کوردســتان و ناوچەکــە بەگشــتی بــە قۆناغێکــی هەســتیاردا تێپەڕدەبــن، بەتایبــەت ئێســتا کــەوا رژێمــی داگیرکــەری تورکیــا بــە شــێوەیەکی دڕندانــە هێــرشی کردۆتــە ســەر رۆژئــاوای کوردســتان و شــەڕێکی قــورس لــە باکــوور و رۆژئــاوای کوردســتان لەگــەڵ رژێمــی تورکیــا هەیــە و، پێویســتە بــۆ تێپەڕاندنــی ئــەم قۆناغــە ســەختە پشــتگیری و هەماهەنگــی لەنێــوان ســەرجەم هێــزو لایەنــەکان هەبــێ بــۆ ئــەوەی بتوانیــن ئــەو بەشــەی وڵات بەدەســتکەوتەکانیانەوە بپارێزیــن و پاڵپشــتی لــە رێڤەبــەری خۆســەر و کانتۆنەکانــی رۆژئــاوای کوردســتان بکەیــن کــە بەشــێکن لەدەســتکەوتەکانی نەتەوەکەمــان لەرۆژئــاوای کوردســتان، هێــرش و ســنوور بەزاندنــی دەوڵەتــی تورکیــا و هەڵهاتنــی ســەرانی داعــش لەنــاو بەندینخانــەکان زۆر مەترســیدارن و بــۆ ئەوەیــە ئــەو دەســتکەوتانە لەبارببــەن و لۆزانێکــی دیکــە بەســەر کــورد بهێنــن و دیمۆگرافیــای کوردســتان بشــێوێنن، لــە رۆژهەڵاتــی کوردســتانیش بارودۆخەکــە ئاڵــۆزە و بــۆ کپکردنــی دەنگــی گولــەی پێشــمەرگە رژێمــی ئێــران بــەردەوام ناوچــە ســنوورییەکان و گوندنشــینەکان تۆپبــاران دەکات و رەشــبگیری لەناوچــەکانی رۆژهــەڵاتی کوردســتان بەردەوامــە و رۆژانــە دەیــان لاوی کــورد لەژێــر ئەشــکەنجە و پەتــی ســیدارەی ئێــران شــەهید دەکرێــن، لــە باشــووری کوردســتانیش تــا ئێســتا مەتــرسی شــەڕی تیرۆریســتانی داعــش مــاوە، ئەمــە ســەرەڕای ئــەوەی کــەوا باشــووری کوردســتان لــە کۆمەڵــێ تەنگــژە و قەیراندایــە

لـە سـەرووی هەموویانـەوە قەیـرانی ئابـووری و کێشـە هەڵواسراوەکانـی نێـوان حکومەتـی کوردسـتان و عێـراق و نەبـوونی عەدالـەتی سـیاسی و کۆمەڵایـەتی، بۆیـە پێویسـتان بـە چارەسـەرێکی بەپەلـە هەیـە، لەهەمـان کاتـدا قەیـرانی سـیاسی و ناکۆکـی نێـوان بەشـێک لـە لایەنـە سیاسـییەکانی دەسـەڵات تـا رادەیـەک بۆتـە هـۆی نیگـەرانی خەڵکـی کوردسـتان، بـەڵام سـەرەڕای قەیرانـەکان هەوڵـەکانی سـەرکردایەتی سـیاسی کوردسـتان بەردەوامـن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان.

ئەمـڕۆ لەسـەر ئاسـتی نێوخۆیـی کوردسـتان کێشـە و گرفتـی زۆر لەنێـوان لایەنەکانـی هـەر بەشـێك و لـە لایەکـی دیکـە لـە نێـوان لایەنەکانـی بەشـەکانی دیکـە هەیـە و بووەتـە هـۆی ئـەوەی هەنـگاو بـۆ یەکێتـی نەتەوەیـی و کۆنگـرەی نەتەوەیـی سسـت بێـت، لەبەرئـەوە بارودۆخـی ناوخۆیـی کوردسـتان بـاش نییـە و پەیوەنـدی نێـوان پارچـەکانی کوردسـتان و حیزبـەکان لـە ئاسـتێکی خراپدایـە، و ناکۆکـن و ئەوەنـدەی رەچـاوی بەرژەوەنـدی حیـزبی دەکـەن ئەوەنـدە رەچـاوی بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوەیـی و نیشـتمانی ناکـەن، بۆیـە پێویسـتە رەچـاوی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لـە پیشـەوەی هەنـگاوەکان بـێ و بگەڕێینـەوە سـەر مێـزی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەو گرفتـەکان و رزگاربوونمـان لـە قەیرانەکانـدا، بـۆ ئـەوەی بەهەمـوو لایـەک دەسـتکەوتەکانی باشـوور و رۆژئـاوا بپارێزیـن و پێشـیانبخەین پێویسـتە هـاوکار و پشـتیوانی یەکـتر بیـن.

بـۆ دەربازکـردنی ئـەم رەوشـە نالەبارانـە و رێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان و دارشـتنی سـتراتیژێکی نەتەوەیـی، پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەبەرچـاو بگریـن و سـەرەڕای سـەختی قۆناخەکـە کار بـۆ یەکێتـی نەتەوەیـی و یەکڕیـزی نیشـتمانی بکەیـن، لەبەرئـەوەی بارودۆخـی نێودەوڵـەتی و رەوشی هەسـتیاری کوردسـتان لـە هەمـوو لایەکـمان

دەخـوازێ کـەوا لـە یەکـتری نزیـک بیـن، بۆیـە پێویسـتە لـە نزیکتریـن کاتـدا کار بکەیـن بـۆ بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی سەرتاسـەری بـۆ تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان، ئەمـەش ئەرکێکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بەپەلـەی ئـەم قۆناخـەی خەبـاتی بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتانە، لەبەرئـەوەی بەسـتنی ئـەم کۆنگرەیـە لـەم کاتـەدا خزمەتێکـی زۆر بـە دۆزی رەوای گەلـی کوردسـتان دەگەیەنێـت بـۆ دارِشـتنی سـتراتیژییەتێکی نەتەوەیـی یەکگرتـوو بـۆ کوردسـتان و، دارِشـتنی کارنامەیەکـی گونجـاو بـۆ ئـەم قۆناخـەی خەبـات لەهـەر پارچەیەکـی کوردسـتاندا، بـۆ ئەمـەش پێویسـتە رەچـاوی تایبەتمەنـدی پارچەکانـی کوردسـتان بکرێـت و، پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان لـەم پێنـاوەدا کاربکەیـن و دوای نەخەیـن و بیکەیـن بـە چەترێکـی نەتەوەیـی و لەوێـوە بـە یەکدەنگـی کار بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان بکەیـن، لەبەرئـەوەی تاکـە چارەسـەری پرسـی کـورد دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە و، بـێ دامەزراندنـی دەوڵـەت بـۆ گەلـی کوردسـتان زۆر زەحمەتـە رۆژهەڵاتـی ناڤیـن هێمنـی و ئارامـی بەخۆیـەوە ببینێـت.

ئامادەبووانی بەرِێز ... وڵاتپارێزان ..

ئێمـە لـە یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK وەك هەمیشـە و جارێکـی دیکـە پشـتیوانی خۆمـان بـۆ خەبـات و تێکۆشـانی نەتەوەکەمـان لەهەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان بەتایبـەت لـەم کاتـەدا بـۆ رۆژئـاوای کوردسـتان و کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان KNK رادەگەیەنـین و، لەهەمـان کاتـدا هێـرش و دەسـتدرێژی داگیرکـەران ئیدانـە و مەحکـووم دەکەیـن.

لەکۆتاییـدا جارێکـی دی هیـوای سـەرکەوتن بـۆ ئـەم جڤاتـە دەخوازیـن و، ئومێـد دەکەیـن گفتوگۆکانـی ئـەم جڤاتـە سـەرکەوتووانە ئامانجـی خـۆی بپێکـی لـە کۆکردنەوەمـان لـە ژێـر یـەك چەتـری نەتەوەیـی کوردسـتانی کەئەویـش

KNK یــە.

- نەمــری و ســەربەرزی بــۆ شــەهیدانی رێــی ســەرخۆبوون و ئــازادی کوردســتان.

- مردن و روو رەشی بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان.


- بێتە دی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات.

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠١٩/١٠/١٨



غەفوور مەخمووری

لە مەراسیمی سەد ساڵەی پەیماننامەی (سیڤەر) دا:

# سەربەخۆیی کوردستان فاکتەری چەسپاندنی ئارامییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

***غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK رۆژی ٢٠٢٠/٨/١٠ لە رێورەسمی یادکردنەوەی سەد ساڵەی پەیماننامەی (سیڤەر) دا، کە لە شاری (پاریس)ی پایتەختی فەرەنسا بەرێوەچوو، لە رێگەی ڤیدیۆ کۆنفراسەوە بەشداریکرد و وتارێکی پێشکەشکرد و، رایگەیاند کەوا جێبەجێنەکردنی پەیماننامەی سیڤەر بۆتە هۆکاری ئەوەی کە تا ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو ناوچەکە هێمنی و ئارامی بەخۆیەوە نەبینێت و شەڕو خوێنڕشتن درێژەی هەبێت، هەروەها وتی سەربەخۆیی کوردستان فاکتەری چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش و ئارامییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:***

بەڕێزان کۆمیتەی رێڤەبەری سەد ساڵەی پەیماننانەی (سیڤەر) ...

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

ئامادەبووانی خۆشەویست ...

سڵاوی سەرخۆبوون و ئازادیتان لێبێت و، هەموو لایەك بەخێربێن سەرسەرو سەرچاوان.

بەڕێزان ؛ ئەمڕۆ ئێمە کە هەمووومان لێرەدا لە کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگ و لە رۆژێکی دیرۆکیدا کۆبووینەتەوە، بۆئەوەی باس لە پەیماننامەیەکی گرنگ بکەین کە پەیوەست بووە بەداهاتووی کورد، ئەویش پەیماننامەی سیڤەرە، ئێستا و دوای سەد ساڵ بە هیواوە سەیری ئەو پەیماننامەیە دەکەین، ئەمڕۆ (٢٠٢٠/٨/١٠) ؛ رۆژێکی گرنگ و دیرۆکییە لە مێژووی گەلی کوردستاندا، سەد ساڵ بەسەر پەیماننامەی (سیڤەر)دا تێپەڕدەبێت، لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا لە (١٩٢٠/٨/١٠) پەیماننامەی سیڤەر مۆرکرا، لەو پەیماننامەیدا کۆمەڵێ ماف

کــە پەیوەســت بــوو بەداهاتــووی کــورد بــۆ گــەلی کوردســتان دیارکــرا، بــەڵام دواتــر پەیماننامەکــە وەک خــۆی جێبەجــێ نەکــرا و خەونــەکانی گــەلی کوردســتانیش لەباربــران، لەگــەڵ ئەوەشــدا تــا ئێســتا و دوای ســەد ســاڵ کــورد بــە هیــواوە ســەیری ئــەو پەیماننامەیــە دەکــەن.

وەکــو خۆتــان دەزانــن گەلــی کوردســتان بەدرێژایــی مێــژوو لــە خەبــات و تێکۆشــان و بەرخودانــدا بــووە لەپێنــاو وەدەســتهێنانی مافــە ڕەواکانــی خۆیــدا و، گەورەتریــن زوڵمــی مێژووییــش کــە لــە گەلــی کــورد کرابێــت ڕێکەوتننامــەی (ســایکس - پیکــۆ) بــووە لــە ســاڵی ١٩١٦دا، دوای ئــەوەی کوردســتان لــە ئەنجامــی شــەڕی چاڵدێــران دابــەشی ســەر هــەردوو ئیمراتۆریــەتی عوســمانی و ســەفەوەی کــرا، جارێکــی دیکــە و ســەرلەنوێ کوردســتان بەپێــی ڕێکەوتننامــەی (ســایکس - پیکــۆ) دابەشــی ســەر (عێــراق و تورکیــاو ســوریاو ئێــران) کــرا، راســتە ئــەو ریکەوتننامەیــە بــۆ داڕشــتنەوەی نەخشــەی سیاســی ئــەو ناوچەیــە بــوو، بــەڵام لەهەمــان کاتــدا زوڵمیکــی گــەورەش بــوو لــە کــورد و گــەلی کوردســتان کــرا، بێگومــان گەلــی کوردســتان هــەر لەســەرەتاوە ڕێکەوتننامــەی (ســایکس - پیکــۆ)ی ڕەتکــردەوەو پێــی ڕازی نەبــوو.

دوای چــوار ســاڵ لــە ڕێکەوتننامــەی (ســایکس - پیکــۆ) هەوڵێــك هاتــە ئــاراوە کــە ئەویــش پەیماننامــەی (ســیڤەر) بــوو، بەپێــی ئــەو پەیماننامەیــە لــە بەندەکانــی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤) کۆمەڵــێ مــاف بــۆ گەلــی کوردســتان دیارکرابــوو، بەپێــی ئــەو پەیماننامەیــە دەبوایــە دوای ســاڵێك گــەلی کوردســتان وەك هــەر گەلێکــی دیکــەی ناوچەکــە خــۆی خــۆی بەڕێوەببــات و، دواتــر هەوڵبــدات لەســەر خاکــی خــۆی بینــای وڵاتــی خــۆی بــکات و، هــەوڵ بــدات وەك چــۆن لــە رابــردوودا ڕۆڵێکــی کارای هەبــووە لــە بیناکردنــی شارســتانییەتی ناوچەکــەدا بەهەمــان شــێوە لەداهاتــوودا ڕۆڵێــکی کارا ببینێــت لــە بیناکردنــی کۆمەڵگایەکــی مۆدێــرن و پێشــکەوتوو لــە

رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بـەڵام بەداخـەوە ئـەو پەیماننامەیـە جێبەجێنەکـرا و، ئـەوە بـوو پەیماننامـەی لـۆزان کـە لەسـاڵی ١٩٢٣ هاتـە پێشـەوە ئـەو پەیماننامەیـە ئـەو خەونـەی کـوردی لەباربـرد کـە لـە سـیڤەر بەرنامەڕێـژی بـۆ کرابـوو، جارێکـی دیکـە لـە (لـۆزان) زوڵـم لـە گەلـی کوردسـتان کرایـەوە، کەمالییـەکان زوڵمێکـی گەورەیـان لەگەڵـی کوردسـتان کـرد کـە مافـی رەوای گەلـی کوردسـتانیان نـەدا و، نەیانهێشـت ویلایەتـی موسـڵ خۆبەڕێوەبـەری رابگەیەنـێ، دواتـر کـە ویلایەتـی موسـڵ لەسـاڵی ١٩٢٥ کـە بەعێراقـی عەرەبییـەوە لکێنـدرا جارێکـی دیکـە ئـەو خەونـەی کـورد لەباربـرا.

ئێمـە ئەگـەر تێبینـی بکەیـن لەمـاوەی سـەد ساڵی رابـردوودا، کـە پەیماننامـەی سـیڤەر جێبەجێنەکـرا، ئـەوە بۆتـە هـۆکاری ئـەوەی کـە تـا ئێسـتا رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و هەمـوو ناوچەکـە هێمنـی و ئارامـی بەخۆیـەوە نەبینێـت و شـەڕو خوێنڕشـتن لـە رۆژهـەڵاتی ناڤینـدا درێـژەی هەبێـت، جێبەجێکـردنی پەیماننامـەی (سـیڤەر) فاکتەرێکـی سـەرەکییە بـۆ چەسـپاندنی ئاشـتی و هێمنـی و ئارامـی لـە رۆژهـەڵاتی ناڤیـن و بگـرە جیهانیشـدا، بێگومـان پێویسـتە هەمـوو لایـەک ئـەو راسـتییە بزانـن کـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان و گەیشـتنی گەلـی کوردسـتان بەمافـە رەواکانـی خـۆی گەورەتریـن فاکتـەری چەسـپاندنی هێمنـی و ئارامییـە لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و، تەنهـا و تەنهـا لـەو رێگەیـەوە دەتوانـرێ ئـەو هێمنـی و ئارامییـەی کـە کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی دەیخوازێـت لەرۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بچەسـپێ وەدەسـت بهێنرێـت، واتـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان فاکتـەری چەسـپاندنی ئاشـتی و ئارامییـە لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا.

ئەگـەر ئێمـە تێبینـی بکەیـن دەبینیـن کـە ئـەو پەیماننامـە گرنگـەی سـیڤەر جێبەجـێ نەکـراوە، ئـەوە هـۆکاری سـەرەکی بـووە کـە ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناڤیـن هێمنـی و ئارامـی بەخۆیـەوە نەبینێـت، ئەمـەش شـەرمەزارییەکی گەورەیـە

بـۆ تـەواوی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی کـە ئەمـڕۆ نەتەوەیەکـی زیاتـر لـە (٥٠) ملیـۆن مـرۆڤ لەهەمـوو مافێکـی خـۆی بێبەشـکراوە و، لەلایـەن چـوار دەوڵەتـی ناوچەکـە (عێـراق و ئێـران و تورکیـا و سـوریا) دەچەوسـێندرێتەوەو مافەکانـی پێشـێل دەکرێـت، بۆیـە لەسـەر کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتی پێویسـتە جارێکـی دیکـە هەوڵبـدات بـۆ زیندووکردنـەوەو کاراکردنـەوەی پەیماننامـەی سـیڤەر و، هاوکاربێـت بـۆ ئـەوەی دەوڵەتـی کوردسـتان دامەزرێـت.

ئامادەبووانی بەڕێز ...

بـۆ زیندووکردنـەوەو کاراکردنـەوەی پەیماننامـەی سـیڤەر ؛ ئێمـە وەکـو گەلـی کوردسـتان پێویسـتیمان بـەوە هەیـە کـە لـە داهاتووێکـی نزیکـدا بۆردێکـمان هەبێـت و، وەک ئەرکێکـی نەتەوەیـی و بەپەلـە پێویسـتە (بـۆردی کاراکردنـەوەی پەیماننامـەی سـیڤەر) دامەزرێنیـن، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن لـە رێگـەی ئـەو بـۆردەوە کاربکەیـن و جارێکـی دیکـە ئـەو پەیماننامەیـە زیندووبکەینـەوەو هەوڵبدەیـن لـەو رێگەیـەوە داوای مافـە رەواکانـی خۆمـان بکەیـن، بۆئەمـەش پێویسـتە هەرسـێ مـاددەی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤)ی پەیماننامـەی سـیڤەر کارا بکەینـەوەو بەپێـی ئـەو ماددانـە داوای مافـە رەواکانـی خۆمـان بکەیـن، لـەو پێناوەشـدا پێویسـتە هەمـوو تاکێکـی کوردسـتان بـەو ئاراسـتەیە کار بـکات، لەهەمـان کاتـدا پێویسـتە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتیـش بزاڤێکـی خـورت بکەیـن، بۆئـەوەی بتوانیـن کاریگەریـمان لەسـەر ناوەنـدە بڕیاربەدەسـتەکانی ئەمریـکا و ئەوروپـا و وڵاتانـی دیکـەش هەبێـت، لـەم رووەوە رەڤەنـدی کـورد دەتوانێـت رۆڵێکـی کارا بگێڕێـت، لێـرەوە داوا دەکەیـن کـەوا رەڤەنـدی کـورد زیاتـر رێکبخرێـت و بەشـێوەیەکی ئۆرگانیزەکـراو ئاڕاسـتەی کارو خەبـات بکرێـت، هەروەهـا لەناوخـۆی کوردسـتانیش پێویسـتە هەموومـان پێکـەوە هەوڵبدەیـن و بـەو ئاراسـتەیە کاربکەیـن، لەبەرئـەوەی زیندووکردنـەوەی پەیماننامـەی (سـیڤەر) هۆکارێـکی گرنـگ دەبێـت بـۆ نزیکبوونەوەمـان لـە گەیشتن

بــە مافــە ڕەواکانمــان.

جارێکــی دیکــە هەمــوو لایــەك بەخێربێــن سەرســەرو ســەرچاوان، ئومێــد دەکەیــن لەچەنــد ســاڵی داهاتــوودا ئێمەیــش وەکــو نەتەوەکانــی دیکــە بــە ســەربەخۆیی خۆمــان بگەیــن و ببیــن بــە خاوەنــی دەوڵەتــی نەتەوەیــی خۆمــان.

بێتــەدی هیــواو ئــاواتی گــەلی کوردســتان، بێتــەدی کۆمــاری کوردســتان، لەگــەڵ ڕێــزو خۆشەویســتی دووبارەمــان بــۆ هەمــوو لایــەک.

بژی کورد.. بژی کوردستان.


براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٠٢٠/٨/١٠



- غەفوور تاهیر سەعید ناسراو بە (غەفوور مەخمووری).
- ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی کەندی قەلان (وادي الغراب)ی سەر بە قەزای مەخموور لە دایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی میجانی سەرەتایی لە گوندی (مشار) تەواوکردووە.
- خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە مەخموور و هەولێر تەواو کردووە.
- دەرچووی کۆلێژی ئادابی - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێرە.
- لە ساڵی ١٩٩٥ بە هاوکاری کۆمەڵێ کەسایەتی نەتەوەیی و وڵاتپارێز یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDKی دامەزراندووە.
- سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDKە.
- ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە لە خولی دووەم (٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩).
- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی کارای فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانە IFJ.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
- ئەندامی گەڕی یەکەمی دیالۆگی کوردی - عەرەبی بوو کە لە مایسی ١٩٩٨ لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەسترا.
- کارگێری لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستانە.
- ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە.
- ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ە.
- خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (میدیا)یە.
- سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی گۆڤاری (سەرخۆبوون)ە.
- ئەندامی زۆربەی زۆری کۆنگرە و کۆنفرانسە سیاسی و ئەکادیمییەکان بووە کە لە کوردستان و دەرەوە بەستراون.
- کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی هزری و رۆشنبیری و ئەدەبی لە گۆڤار و رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە.

● تا ئێستا ئەم کتێبانەی بە چاپ گەیاندووە، کە ئەمانەن:

١- سەرەتایەك بۆ حەیران کورتەیەك لە ژیانی حەمەد بەگی، چاپی یەکەم، ١٩٨٩

٢- بناری قەرەچووغ، چاپی یەکەم، ١٩٩٠ .

٣- سێ تیشك لە پەنجەرەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، ١٩٩١ .

٤- حوارات حول القضية الكوردية، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠ .

٥- حەیران (چەمك - ناوەرۆك - سەرهەڵدان)، چاپی یەکەم، ٢٠٠١ .

٦- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢ .

٧- تعريب كوردستان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦ .

٨- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٠٦ .

٩- بصراحة، الجزء الاول، الطبعة الأولى، ٢٠١٠ .

١٠- هەگبەی مەخمووری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٠ .

١١- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی سێیەم، ٢٠١٠ .

١٢- عومەر خامۆش (کۆشیعر)، چاپی یەکەم، ٢٠١٢ .

١٣- تعريب كوردستان، الطبعة الثانية، ٢٠١٣ .

١٤- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ... ئەرکە هەنووکەیی و ئامانجە ستراتیژییەکان، چاپی یەکەم، ٢٠١٦ .

١٥- الحيران (مفهوما ومضمونا وظهورا)، الطبعة الأولى، ٢٠١٧ .

١٦- نحو حرية واستقلال كوردستان، الطبعة الأولى، ٢٠١٧ .

١٧- مسعود البارزاني رمز الپێشمەرگايتي والمقاومة القومية، الطبعة الأولى، ٢٠١٨ .

١٨- هزر و رامان، چاپی یەکەم، ٢٠١٩ .

١٩- الإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK (اليوبيل الفضي ١٩٩٥ – ٢٠٢٠)، الطبعة الأولى، ٢٠٢٠ .

٢٠ – یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK (یۆبیلی زیوین ١٩٩٥ – ٢٠٢٠)، ٢٠٢٠ . (کوردیة).

٢١- استقلال كوردستان (الأفكار و التأملات)، الطبعة الأولى، ٢٠٢٠ .

٢٢- تعريب كوردستان، الطبعة الثالثة، ٢٠٢٠ .

٢٣- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی چوارەم، ٢٠٢٠ .

٢٤- لە پێناو کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.

Ghafour Makhmouri

# For Kurdistan

لەماوەی کارو خەباتماندا بانگهێشتی دەیان کۆنگرەو کۆبوونەوەو کۆنفرانسی کوردستانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی کراوین و، زۆر جاریش سمیناری تایبەتمان بۆ رێکخراوە، لە تەواوی ئەو کۆنگرە و کۆنفرانس و سمینارانەدا هەوڵمانداوە دوو پرسیار (ئێمە کێین ؟ و چیمان دەوێ ؟) بخەینەڕوو، راشکاوانە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەشمان داوەتەوە، کەوا ئێمە (کوردین و وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهان مافی خۆمانە سەربەخۆ بین و ببینە خاوەن دەوڵەتی خۆمان)، بە هەموو لایەکمان راگەیاندووە (ئێمە کوردین و سەربەخۆییمان دەوێت).

ئەم کتێبەی بەردەستتان گوڵبژێرێکە لەو پەیام و وتارانەی کەوا لە چەند کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆبوونەوەیەکی کوردستانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا پیشکەشمان کردوون، هەر لەم کتێبەدا چەند راپۆرتە هەواڵێک هەن تایبەتن بە بەشێک لە کۆڕو سمینارە تایبەتەکانمان کە لە کوردستان و دەرەوەدا ئەنجاممانداون.